

# دوکتۆری کوردوستان
# ئازایەتییەك لە ئێرانا

## بەسەرهاتی دوکتۆر سەعی کوردوستانی

# پزیشکی کوردستان

## ئازایەتییەک لە ئێرانا

١٢/٢ ٢٠١١

# باسی ژیانی پزیشکی کورد

له نووسینی جای م. رەسوڵی و کادی ھ. ئێلین

مافی چاپکردن © ساڵی ۱۹۵۷ لە لای

جای. م. ڕەسووڵی بووە.

یەکەم بلاوکراوەی بە عەرەبی لە ژێر ناونیشانی بەسەرهاتی دوکتۆر سەعی بووە.

لە نووسینی جای. م. ڕەسووڵی و کادی هـ. ئیلین.

وەرگێڕانی بە کوردی سۆرانی لە دەزگای بڵاوکردنەوەی ERF- Verlag ساڵی ۲۰۰۰ بڵاوکراوەتەوە

چاپی یەکەم

ISBN 3-89562-484-5

پێشکەش

بە باوکی خۆشەویست و دڵ سۆزم کاکەی رەسوڵی.

جای م. رەسوڵی

# پێشەکی

گێڕانەوەی ئەم باسە شتی خەیاڵی و دروستکراوی تیا نیە، ڕووداوەکان وەک خۆی نووسراونەتەوە، تەنانەت بۆ باسی کەسایەتی و دەروونی دوکتۆرحەمەسەعی، دوکتۆر خۆی ئاگاداری نووسینەکە بووە و سەرچاوە بووە، تاوەک ڕووداوەکان کەم و زۆری تیا نەبێت.

بەهۆی ئەوەوە کە دوکتۆر مامم بوو، توانیم زۆر لە نزیکەوە سەرنج لە شێوەی ژیانی و لە شێوەی ئیشەکەی بدەم.

تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە و بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی پێویستم پێی بوو بۆ نووسینی ئەم پەرتووکە، ماوەی شەش مانگێک بەردەوام لەگەڵیابووم. هەروەها بە مەبەستی ئەوەی خۆم بە گوێی خۆم گوێم لەو ڕوداوانە بێت کە بەسەری هاتووە و لە دەمی خۆیەوە بیبیسم.

شایانی باسە کە نووسینەوەی ئەم پەرتووکە کارێکی ڕۆحی و دەروونی بەرزی کردە سەر ژیانم.

جای م. ڕەسوڵی

## ناوەرۆک لاپەرە


بەشی یەکەم: گەڕان بەدوای دەرونا ............ ٩

بەشی دووەم: ئەنجامی گەڕان.................... ٣١

بەشی سێیەم: تاقیکردنەوە....................... ٤٨

بەشی چوارەم: لە هەمەدان ..................... ٧٤

بەشی پێنجەم: گەڕانی ناو ئێران و دەرەوە ........... ٩١

بەشی شەشەم: کاری پزیشکی لە بار و
دۆخێکی سەختا ............................ ١١٣

بەشی حەوتەم: بڕوا نامەی مەسیحی‌یەت........... ١٣٩

بەشی هەشتەم: لە نێو کۆچەراندا ................ ١٦١

بەشی نۆیەم: گەڕانەوە بۆ شاری سنە ............ ١٧٤

بەشی دەیەم: بەرەو هەورامان.................... ١٩٥

بەشی یانزەهەم: کەسایەتی دوکتۆر و باسی
خێزانەکەی ................................ ٢١٣

بەشی دوانزەهەم: ساڵانی دوایی.................. ٢٣٤




نەخشەی ئیران

# بەشی یەکەم
## گەڕان بەدوای دەرونا

ڕۆژ، ڕۆژی یەکی پووش پەڕی سـالّی ۱۸٦٣زاینیـە، لە یەکێ لە گەرەکەکانی شاری سنە (سنە ئەکەوێتە کوردوستان پارچەی لای ئێرانەوە)، کۆمەڵێک ژن و پیاو بە دەهۆڵ و زوڕناوە لەبەر دەرگای ماڵێکا بە گەرمی هەڵ ئەپەڕن. لەپڕ دەرگای ماڵەکە کرایەوە و مەلایەکی مێزەر سپی ڕوو بە خەندە بە سینییەکی پڕ لە مێوژ و نۆکی برژاوەوە هاتە دەرەوە. دەهۆڵ لێدەر و زورنا ژەن و خەڵکەکە، هەموو بەیەکەوە جۆشیان تێکەوت و هەڵپەرکێکەیان بە تەواوی گەرم کرد. لەناو خەڵکەکەوە بە دەنگی بەرز هاوار کرا:

بەدایک وباوک گەورەبێت و خوا دەست بەعەمریەوە بگرێت.

پاشان دەست کرا بە مێوژ و نۆک خواردن، لەدوایدا دەهۆڵ و زوڕناژەنیش پارەی خۆیان وەرگرت و وەک تۆز چۆن فووی لێبکەیت دیارنەمان.

بەم جۆرە بە پێی داب و نەریتی کوردەواری خۆمان ئاهەنگ و هەڵپەرکێی لەدایک بوونی کوڕی مەلا ڕەسوڵ کرا، خۆ ئەگەر کچ بوایە ئەوا نە دەهۆڵ و زوڕنا ئەبوو نە هەڵپەرکێ و مێوژ و نۆک، بە پێچەوانەوە ماتەمینی باڵی ئەکێشا بەسەر ماڵەکەدا.

دوای ئەوەی خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد مەلا ڕەسوڵ دەرگای داخست و هاتە ماڵەوە. ماڵەکەی وەک زۆر لە ماڵانی کوردەواری ئەوسای خۆمان بە قوڕ و بەرد و گەچ دروست کرا بوو. سێ ژوور و بەرهەیوانێک و حەوشەیەک حەوزێکی بچوکی تیا بوو بۆ دەست و دەم و چاو شتن و قاپ و قاچاغ شتن. ژووری ناوەڕاست ژووری دانیشتن و نان خواردن و خەوتن بوو، ژوورەکەی کەش ژووری میوان بوو، کتێبخانەکەی مەلا ئەوەی بریتی بوو لە چەند کتێبێک و نامیلکە و دەست نووسێک، لەم ژوورە بوو. ژوورەکە پاک و ڕاخراو دیواری بە گەچ سپی کراو بوو. دیوارەکان هیچ بابەتێکی ڕەنگا و ڕەنگ و بریقوباقی

پێدا هەڵنەواسرا بوو، تەنها تفەنگێک و دوو خەنجەر نەبێت. پەنجەرەکان لە تەختەی باریک دروست کرابوو وە نێوانی تەختەکە شووشەی بچوک بچوکی تیا دانرابوو، پارچە قاقەزی سپی ڕێک و خشت کرا بوون و خرا بوونە جێگای هەندێ لە شووشە شکاوەکان.

دوای چەند ڕۆژێک کاتی ئەوەهات ناوی منداڵەکە بنرێت، مەلا ڕەسوڵ منداڵەکەی خستە باوەشیەوە و چەند ئایەتێکی قورعانی بەگوێی ڕاستی منداڵەکەدا چرپان و هەندێکی کەشی بە گوێی چەپیدا، پاشان پارچەیەک خورمای بچوکی لە دەمیا جوو و دەری هێنا و خستیە دەمی منداڵەکەوە و ووتی:

ئەوا ناوم نایت (محمد سعید)

مەلا کە حەوتەم منالّی خێزانێکی دینی ناودار بوو، هەر بە منالّی هەتیو ئەکەوێت. مامی ئەیگرێتە لای خۆی و وەک جوتیارێک کاری پێ ئەکات و شەویش ئەبێتە پاسەوانی کێلّگە و باخی ئەو ناوە. رەسولّ دڵ خۆش نەبوو بەو ژیانە و تینوی زانیاری و زانست بوو، جا بۆیە لە رۆژ ئاوای کوردوستانەوە ئەوەی ئێستا پارچەی لای تورکیاوەیە، رۆیشت بۆ رۆژ هەلّاتی کوردوستان بۆشاری سنە، بێ ئەوەی گوێ بات بەو گیرو گرفتانەی کە لەوانەیە بێنە رێگای.

لەو سەردەمەدا شاری سنە شوێنی زانایانی ئیسلام بوو. رەسولّ زۆر جار بە رووتی و بە برسێتی شەوی لە بەر دەرگای ئەو مزگەوتە کردۆتەوە ئەوەی دەرسی ئیسلامی تیا ئەوترایەوە. زۆر شەو لە ژێر چرای بەر دەرگای مزگەوتەکەدا چاوی دائەچەقان بەسەر هەندێ دەست نووس و کتێبی کۆنا کە پێی بوو، هەتا بەم شێوەیە پلەی مەلایی بۆخۆی پچری.

پاش ماوەیەک مەلا رەسولّ لە پیاوانی ئاینی شارەوە رێگەی ئەوەی پێدرا دۆعا و ئایەت بنووسێ بۆ خەڵکی نەخۆش و ئازاردار و نوێژی سەر قەبرانیش بکات، ئەوەی تیایا مردوەکە فێری وەلّام دانەوەی ئەو پرسیارانە ئەکرێت کە لەوەدنیا لە رۆژی لێپرسینەوەدا لێی ئەکرێت.

مەلا رەسولّ سەرەڕای ئەمانەش بەهۆی هەندێ پەرتووک و نوسراوەوە ئەوانەی باسی گژوگیا و تێکەلّاو کردنیانی ئەکرد، داو و دەرمانی بۆ نەخۆش ئەگرتەوە و زۆر جاریش سەرکەوتوو ئەبوو تیایا. بەم شێوەیە پێویستی ژیانی خۆی بەدەست ئەهێنا.

پاش ماوەیەک کچێکی خوا ناس و ئازای لە خێڵی خۆیان هێنا، ناوی مەهناس بوو. مەهناس وەک دایکێکی باش مناڵەکانی پەروەردە ئەکرد و وەک ژنە مەلایەکیش هەڵئەستا بە کاری دینی و راوێژ و راوێژ کاری لە گەڵ ئەو ژنانەی ئەهاتن بۆلای.

ئەم ژن و مێردە هەشت مناڵیان بوو بەڵام یەک لەدوای یەک ئەمردن، تەنها کورێکیان بۆ مابووەوە ناوی کاکە بوو، کاتێ حەمەسەعی لە دایک بوو کاکە تەمەنی هەشتساڵ بوو.

مەلا رەسوڵ هەر لە منالیەوە نیشانەی زیرەکی و دانایی حەمەسەعی بۆ دەرکەوت و بریاریدا چی لە توانایا هەبێت بیکات بۆ فێرکردن و دەرس پێدانی ئەم کورەی. لە ناو قوتابیانی ئەو کاتەدا منال نەبوو بگاتە رێژەی ئەو لە زەوق و گەرمی و عەودال بوونا بەدوای خوێندن و فێربووندا. باوکیشی هیچ کات کەم تەرخەمی نەئەکرد لەگێرانەوەی چیرۆک و هیقایەت و باسی پالەوانان و گەورە پیاوانی ئیسلام بۆ ئەم دوو منالەی.

حەمەسەعی هێشتا تەمەنی پێنج ساڵ بوو، ئایەتی قورعانی بە لەبەر کردن لەبەر بوو، هەموو شەوێک پێش چوونی بۆ خەوتن لای باوکیەوە دائەنیشت و شتە گرنگەکانی بناغەی باوەڕی ئیسلامی بۆ باوکی ئەخوێنەوە و ئەیوتەوە: باوەڕکردن بە یەزدان بە مەلائیکەتەکانی بە کتێبەکانی بە پێغەمبەرانی بە دوارۆژ بە لێپرسینەوە و قەزا و قەدەر.

زیرەکی و دانایی حەمەسەعی وا بوو لێی ئەترسان بە

چاوەوە ببێت، گەر نوشتەیەک یا دۆعایەکی پێوە نەکەن، بۆیە باوکی نامەیەکی نووسی بۆ شێخ عوسمانی گەورە لە هەورامان تا دوعایەکی بۆ بنووسێت. شێخ عوسمانیش داواکەیانی جێ بەجێ کرد.

کەسێک دۆعای پێبێت کە بە دەستی شێخ عوسمان خۆی نووسرا بێت، ئەمە شتێکی کەم نیە بەڵکو جێی شانازییە بۆ ئەوکەسە و بۆ هەموو خێزانەکەی.

ڕۆژێ لە ڕۆژان منالێک کە لە حەمەسەعی گەورەتر بوو، خۆی بە باوکیەوە هەڵکێشا و باسی باوکی کرد، حەمەش هاتە قسە و ووتی:

بەڵام باوکم لە باوکت موهیم ترە.

هەواڵنامەی کتێب

منالەکە خێرا ووتی:

نە وانیە، باوکم هەموو پیاوە گەورەکانی شار ئەناسێ.

حەمەسەعیش کڵاوەکەی بۆ داگرت و پەنجەی ڕاکێشا بۆ ئەو قاقەزە چوارگۆشەییەی بە ناو کڵاوەکەیا دوررا بوو، ئینجا ووتی:

ئائەم قاقەزە ئەبینیت؟

ئەمە دۆعایە شێخ عوسمانی گەورە بەدەستی خۆی نووسیویەتی بۆ من، چونکە باوکم داوای لێ کردوە. گرەو

ئەکەم باوکت شێخ عوسمان هەر ناناسێت.

مناڵەکە چاوی بڕیە دزەکە و لە پڕ پەلاماری کڵاوەکەی داو فڕانی، حەمەسەعیش بە گریان و دزعا کردنەوە دوای مناڵەکە کەوت و هاواری ئەکرد:

کڵاوەکەم بەرەوە..... شێخ عوسمان شەل و گۆجتکا..... بمەرەوە..... کوڕە بیهێنەوە.... هیچ، نە هاوار نە گریان نە دزعا کاری نەکرد و دزە ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.

حەمەسەعی لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دەستی کرد بە خوێندن لەو حوجرەیەی مەلا ڕەسوڵی باوکی داینا بوو بۆ مناڵان بۆ فێرکردنی قورعان و زمانی عەرەبی و فارسی. بیست مناڵ هەتا سی مناڵ ئەهاتن بۆ لای بۆ فێربوون. هەندێ جار لە سوچێکی ئەو مزگەوتەی مەلا خۆی نوێژی لێ ئەکرد کۆمەڵ ئەبوون، زۆر جاریش لە ژوورێکی گەورەدا تایبەتی بە خۆیانەوە، بەزۆری لە وەرزی زستانا. ژوورەکە تەنها یەک پەنجەرەی بچوکی تیابوو، شووشەکەی شکا بوو، قاقەزێک کە بە ڕۆنی گەرچەک چەور کرابوو لە جێی شووشەکە دانرا بوو. هەر مناڵەو مەقەلێیەکی بچووکی پڕ لە خەڵوزی لەگەڵ خۆی ئەهێنا و لە ژوورەکەدا لای خۆیەوە دایئەگیرسان، سوتانی خەڵوزەکە هەوایەکی خراپ و زیانبەخشی لە ژوورەکەدا دروست ئەکرد. ماوەی دەرس خوێندن بە پشوو دانەوە لە ڕۆژێکا هەشت سەعات بوو، مناڵەکان لە دەرسا لەسەر ئەژنۆ یا چوار مەشقی لەسەر دۆشەکڵەیەکی بچوک کە لەماڵەوە لەگەڵ خۆیان هێنابویان دائەنیشتن. لە جێی خۆیانەوە بەدەنگی بەرز ئایەتی قورئان یا هۆنراوەیەکی

فارسی کەلەبەریان کردبوو هەریەکە بۆخۆی بە دانیشتنەوە و بە لەش جوولاننەوە بۆ پێشەوە و بۆ دواوە ئەیووت و ئەیووتەوە.

مەلای مامۆستاش لە سەرەوەی ژوورەکە لەسەر جێی تایبەتی خۆی دائەنیشت و منالەکانی یەکە یەکە بانگ ئەکردە لای خۆی، منالیش چی لەبەر کردبوو بۆ مامۆستای ئەوتەوە. حەمەسەعی لەم قوتابخانەیەدا فێری خوێندن بوو.

مەلا بۆ چەسپاندنی یاسای قوتابخانەکە ئەوەی حوجرەیان پێ ئەووت سزای فەلەقەی هەبوو، ئەمیش بریتییە لەوەی هەردوو پێ بە رووتی ببەسترێتەوە بەیەکەوە و بەرزکرێتەوە بۆ سەرەوە و بە دار یان بە شولکی تەر لێی بدرێ.

رۆژێکیان کاکە لە رووی بەغیلیەوە حەمەسەعی برای تاوانبارکرد بە شتێک کە ئەم بێ گوناه بوو تیایا. حەمەش کاتێ زانی هیچ چاری نیە و فەلەقە ئەکرێت، هەلسا و بەپێی رووتی رایکردە دەری دەرەوە بەلام ئەوەندەی نەبرد کاکە بەسەر سەریەوە بوو و گرتی و هێنایەوە. هەر دوو پێی تەزیوی حەمەی فەقیری بەیەکەوە بەستەوە و ئامادەی کرد بۆ فەلەقە، مەلا رەسولیش دەستی کرد بە لێدانی بنی پێکانی. مەلا هیچ جیاوازییەکی نەئەکرد لە نێوان دوو کورەکەیدا، مانای زیاتر خاتری حەمەسەعی بگرێ چونکە ئەم لە کاکەی برای زیرەکتر و داناترە.

حەمەسەعی پێشکەوتنێکی خێرای هەبوو لە قوتابخانە و لە خوێندنەکەیدا. زۆر جار کاتێ مەلا رەسول بە شێوەی یاری

کردن داوای لە قوتابییەکانی ئەکرد بەپێی ئەو پیتەی داوای ئەکات ئەبێ پارچە هۆنراوەیەک بڵێن، ئەوەش کە نەیزانێت ئەبێ لە یاریەکە بچێتە دەرەوە، مەلا بە سەرسامیەوە سەیری ئەکرد کورە بچکۆلەکەی پێشبرکێ لەگەڵ ئەو قوتابییانەدا ئەکات کە لەخۆی گەورەترن و ئەیانخاتە تەنگ و چەڵەمەوە.

زیرەکی حەمەسەعی تەنها هەر نەئەبووە هۆی نارەحەت کردنی ئەو قوتابییانەی لە خۆی گەورەترن، بەڵکو ئەبووە هۆی نارەحەت کردنی باوکیشی کاتێ حەمە پرسیاری قورس و گرانی لێ ئەکرد، چونکە زانیاری باوکی بۆ جیهان لە سنوری ئێران زیاتر دەرنەئەچوو.

ئەو رۆژەی مەلا بۆ یەکەم جار حەمەسەعی کوری تیا برد بۆ لای چەند مەلایەکی هاورێی خۆی، بریتی بوو لە رۆژە خۆشەکانی ژیانی حەمەسەعی. حەمە ئەڵێ:

ئای لە خۆشی و لێدانی دڵم کاتێ گوێم لە باوکم بوو بۆ مەلاکانی کە باسی گەورەپیاوانی ئیسلامی ئەکرد، ئای چەند تینوی ئەوە بووم رۆژێ لە رۆژان منیش ئاوها فێربم و ئەو شتانە بزانم.

تینوێتی حەمەسەعی بۆ زانین، برسێتی ئەو بۆ دۆزینەوەی راستی و پیرۆزی، ئەم دوو خاڵە وایان لە کورە کرد زۆر بە گەرمی و بە قووڵی لە شت بکۆڵێتەوە و بگەرێت بە دوایا.
مەلا رەسوڵی باوکیشی هیچ کەم تەرخەمییەکی نەئەکرد و پێشرەوی ئاینی و فێرکەری ئەخلاقی پاک و بەرز و مرۆڤانە

بوو بۆ کوڕەکەی.

لە نزیک گۆرستانی شارەوە شوێنێک کرا بوو بۆ ئەوانەی نەخۆشی گەڕی و گولیان هەبوو، چونکە وەک کەسانێکی پیس و گڵاو و نەخۆشی بڵاو کەرەوە تەنانەت وەک مردو سەیریان ئەکرا. تەنها هاوڕێیان مەلا رەسوڵ بوو کە جار جار سەری ئەدان بێ ئەوەی لە نەخۆشییەکەیان بترسێ. کاتێ ئەیانبینی وا دێت، هەموو کۆئەبونەوە بۆ ئەوەی بەخێرهاتنی بکەن، دەمووچاوی زەردی خەمباریان نیشانەی خۆشی و رووناکی تێ ئەکەوت، لە خۆشەویستیا وەک چۆن باوک بانگ ئەکرێ بەناوی بابە رەسوڵ بانگیان ئەکرد. مەلا بۆئەوان وەک نێرراوێکی یەزدانی وا بوو، وەک یەکێ هاتبێت بۆ کەم کردنەوەی ئازارەکانیان. کاتێ یەکێکیان لێ بمردایە مەلا بێ ئەوەی گوێ بدات بە نەخۆشیەکەیەوە جوان ئەیشت و ئەیناشت.

رۆژێ لەرۆژان مەلا حەمەسەعی کوڕی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوێ بۆ لایان. کاتێ مەلایان دی ئەمجارە کوڕەکەی لەگەڵ خۆی هێناوە، زۆر زیاتر بە گەرمیەوە بەخێرهاتنیان کرد و خیرا یەکێکیان هەڵسا و تاوەیەکی هێنا و دای بە دەستی ژنەکەیەوە تاکو هێلکە و رۆنی بۆ بکات، کاتێ هێلکە و رۆن هات حەمەسەعی دڵی لە خواردنەکە تێکەڵهات و خواردنەکەی بەلاوە پیس بوو، بەڵام باوکی کە زۆر رێزی لە هەست و نەستی ئەوان ئەگرت بە کوڕەکەی ووت:

کوڕم تۆزێکی لێ بخۆ، ئەها بزانە چەند جوان دروستکراوە.

حەمە لەبەر داواکردنی باوکی لە هێلکە و ڕۆنەکەی خوارد. ئەمەی لێرەدا حەمەسەعی کردی، خواردنی شتێک کە قێزی لێ ئەکاتەوە، تەنها لەبەر گوێ ڕایەڵی بوو بۆ باوکی. کاتێ باوک و کوڕ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و مەلا ژن ئەم هەواڵەی بیست، تووڕە بوو ووتی: باشە یەعنی چی تۆ ئەو منالەت بردوە بۆ لای ئەو نەخۆشانە و لەوێش خواردنی ئەوانت دەرخوارد داوە؟

مەلا زەردەخەنەیەکی بۆکرد و هیچ وەڵامێکی مەلا ژنی نەدایەوە.

ئەم کردارانەی مەلا کارێکی دوور لە خۆپەرستی و مرۆڤانە بوو بەرامبەر ئەو خەڵکە بێ چار و بێ دەرەتانە، ئەمە کارێکی گەورەی کردە سەر دەروونی حەمەی چاو کراوە و زیرەک.

حەمەسەعی هەر لە منالیەوە لە سەر یاسای ئیسلام ئەڕۆیشت، زۆر بە گەرمی و بە دەرون نوێژی ئەکرد و ڕۆژووی ئەگرت و ڕۆژانی هەینی لە مزگەوت بەشداری نویژی جومعەی ئەکرد.

کاتێ مانگی ڕەمەزان هات حەمەسەعی بڕیاریدا بەڕۆژوو بێت لەهەمان کاتا قوتابخانەشی هەبوو. هەرچەندە باوک و دایکی ئامۆژگاریان کرد بۆ ئەوەی شت بخوات و بەڕۆژوو نەبێ، بەڵام ئەو بەبێ خواردن وخواردنەوە ئەچوو بۆ قوتابخانە. ڕۆژێک کاتی گەرانەوەی بەرەو ماڵەوە کەوت و لە هۆشی خۆی چوو، دوای ئەوەی هێنایانە ماڵەوە، دایکی

نانی بۆ هێنا و پێی ووت:

بخۆ کوڕم، تۆزێ شۆربا بخۆ، ڕۆژوو گرتن بۆ منالّی وەک تۆ نیە. ئینجا پاش ماوەیەک بە زۆری دایکی تۆزێ شۆربای خوارد و ڕۆژووەکەی شکان.

ڕۆژێک لەڕۆژان حەمەسەعی تەمەنی هێشتا نۆ سالّ بوو، لە مزگەوت خەریکی دەست نوێژ گرتن بوو، لە پڕ کابرایەک خۆی کرد بە مزگەوتا و نامەیەکی بەدەستەوە بوو. هاتە لای مەلایەک کە ئەویش خەریکی دەست نوێژ گرتن بوو، کابراکە داوای لە مەلا کرد نامەکەی بۆ بخوێنێتەوە، مەلا سەیرێکی نامەکەی کردوو ووتی:

ئەم قاقەزە ناخوێنرێتەوە چونکە بە خەتێکی زۆر خراپ نووسراوە.

هەواڵنامەی کتێب

حەمەسەعی کە گوێی لەمە بوو داوای کرد نامەکە ببینێت، نامەکەی وەرگرت و هەمووی بۆ کابرا خوێندەوە، کابراش سەری هەلّبڕی و سەیری مێزەرە سپییەکەی مەلای کرد و پێی ووت:

ئەوەتا منالّەکە هەمووی خوێنەوە و منیش چاک تێگەیشتم.

مەلا: ئاخر ئەم خۆشی خەتی خراپ و ناخۆشە بۆیە توانی قاقەزەکە بخوێنێتەوە.

حەمەسەعی بەهۆی بەردەوامی لەسەر خوێندن و بەجێهێنانی

تەواوی یاسای پەرستنی یەزدانەوە، ناوبانگی بە هەموو شاری سنەدا بڵاو بووەوە.

ئەم منالە شارەزایی و پێشکەوتنێکی زۆری بەدەست هێنا لە زمانی عەرەبی و فارسیا، هەروەها لە ئاینی ئیسلاما، بە شێوەیەک جێی سەرسوڕمانی خەڵکەکە بوو. خۆی و ژیانی دانا بۆ خزمەتی ڕێگای ئیسلام. رانەئەوەستا لە کردنی هەر شتێک، گەر زۆر قورس و ناخۆشیش بوایە بۆ بەدەست هێنانی پاکی وپیرۆزی. سەرەڕای ئەمانەش دەنگی خۆش بوو، بۆیە داوایان لێکرد لەسەر سەربانی مزگەوتەوە رۆژانە بانگی مزگەوت بدات.

حەمە زۆر حەزی لە هۆنراوە و شیعر بوو و زۆر جار خۆی پێوە خەریک ئەکرد، بەتایبەت ئەو شیعرانەی بە کوردی باسی ژیانی پێغەمبەری ئەکرد.

دوای ئەوەی زانی خەڵکێکی زۆر هەن بەتەواوی تێناگەن لە مانای ئەو ئایەتە قورعانیانەی ئەیخوێننەوە و ئەیڵێن چونکە بە زمانی عەرەبییە، هەستا و دەستی کرد بە وەرگێڕانی هەندێکیان بە زمانی کوردی لەسەر شێوەی هۆنراوە، بەڵام لەم کارەدا هیچ پشتگیریەکی پیاوانی ئاینی بە دەست نەهێنا چونکە بە باوەڕی ئەوان وەرگێڕانی قورعان شتێکی گوناهە.

ئاسۆی پرشنگداری ژیانی حەمەسەعی پاش ماوەیەک پڕ بوو لە تەم و هەوری رەش. کاتێ لەو ناوچەیەی ئەوان نەخۆشی کۆلێرا بڵاو بوەوە. بەهەزاران خەڵکی کوشت و برسێتییەکی

زۆریشی دروست کرد بۆ ئەوانەی نەخۆشییەکە نەیگرتبوون و مابوون. هەموو رۆژێ خەڵکێکی زۆر شاریان بەجێ ئەهێشت و بە هیلاکی و دەردیسەریەکی زۆر خۆیان ئەگەیاندە دەرەوەی ناوچەکە بۆ ئەوەی خۆیان لە مردن رزگارکەن.

مەلا رەسوڵ وای لێ هات زۆر بە نارەحەتی ئەیتوانی نان پەیدا بکات بۆ خێزانەکەی، رۆژی وا هەبوو خۆی بە برسێتی ئەهێشتەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانی تێر بخۆن. زۆر لە قوتابییەکانی کە سەرچاوەی دەسکەوتی مانگانەی بوون، بە یەکەوە لەگەڵ خێزانەکانیانا شاریان بەجێ هێشتبوو.

لەو کاتی نەبوونی و ناخۆشی‌یەدا رۆژێک مەلا رەسوڵ پریاسکەیەک ئەدۆزێتەوە هەندێ پارەی تیا ئەبێت، پارەکە بەشی ئەوە ئەکات ماوەیەکی باش ماڵ و منداڵەکەی پێ بژێنێت بەڵام ئەم هیچ دەست کاری ناکات تا ئەو کەسەی لێی وون بووە سەر هەڵئەدات و دەرئەکەوێ، ئەوسا پارەکەی بێ کەم و کورِی بۆ ئەگەرِێنێتەوە.

برسێتیەکە وای لێهاتبوو هەندێ جار حەمە لە برسێتیا بێ دەنگ وە بێ پرس لەو پارەیەی ئەبرد، ئەوەی باوکی لەو یەک دوو قوتابییەی وەرئەگرت لەوانەی هێشتا لە شارا مابوون تا بیدات بە شتێک و بیخوات.

گیروگرفتی ئەم خێزانە زۆرتر بوو کاتێک دز هات و ماڵەکەیانی برِی. چییان هەبوو لە گەنم و جۆ، شتێ پارە، تەنانەت پاڵتۆ چەرمەکەی مەلا رەسوڵ هەمووی برا.

دوای ئەم بەسەرهاتە، مەلا بڕیاریدا لەگەڵ دوو کوڕەکەی کاکە و حەمەسەعی شار بەجێبهێڵێت، ژنەکەشی بە خواستی خۆی مایەوە لای منالێکیان کە تازە لە دایک بوو بوو، ئەم بڕیارەش کە دایکەکە دای، بڕیارێکی ئازایانە و پڕ لە خۆشەویستی بوو.

پاش ساڵێک دوای ئەوەی ترسی نەخۆشیەکە کەم بوو، لە بەهارا مەلا رەسوڵ و دوو کوڕەکەی گەڕانەوە بۆ شار. بەڵام ئەوەندەی نەبرد مەلا ژن نەخۆش کەوت و کۆچی دوایی کرد، دوای ئەویش منالە بچوکەکەی کە تەمەنی دوو ساڵ کەمتر بوو.

مەلا رەسوڵ گەرلەبەر دوو کوڕەکەی نەبوایە، ئەیویست بە بێ ژن بمێنێتەوە و ژن نەهێنێت، بەڵام لەبەر خزمەتی دوو کوڕەکەی ماڵەکەی سەر لە نوێ رێکخستەوە و ناوماڵی کرد و ژنێکی هێنا.

هەواڵنامەی کتێب

سێ ساڵ دوای ژن هێنان، لە ناوەراستی مانگی رەمەزانا لە ساڵی ١٨٧٦ز مەلا رەسوڵ تووشی تایەکی زۆر قورس بوو و رۆژ بە رۆژ خراپتر ئەبوو، بە شێوەیەک ترسی مردنی لێ ئەکرا. هەر لەو کاتەدا رۆژێکیان دیار بوو کە یەجگار زۆر نەخۆشە، خێرا چوون کاکەی کوڕی بانگ بکەنەوە، چونکە لەو کاتەدا رۆیشتبوو بۆ قورعان خوێندن لەسەر گۆڕی ناسیاوێکیان لە لادێیەکی نزیک شار.

حەمەسەعی لە ژوورێک لە تەنیشت ئەو ژوورەی باوکی لێی کەوتبوو هەنسکی ئەدا و ئەگریا بۆ باوکی، مەلا رەسوڵ

بانگی کرده لای خۆی و ووتی:

بۆ ئەگریت؟

حەمەسەعی بە چەناگە و دەم لەرزینەوە، زۆری لە خۆی کرد و زەردە خەنەیەکی بۆ باوکی کرد و هیچیکە. مەلا پێی ووت:

من ئەزانم بۆچی ئەگریت...... ئەگریت چونکە من لە سەرە مەرگام، ئەترسیت هەتیو کەویت.

مەلا داوای لە حەمە کرد نزیک بێتەوە لیی، دەستی گرت و ختسیە ناو دەستی خۆی و پێی ووت:

کوڕی خۆشەویستم، گەر ڕێگەی ڕاست و داناییت گرت دوای من هەتیو نابیت، بەڵام ئەگەر ڕێگەی خراپ و نەفامیت گرت، هەتیویت گەر باوکیشت هەبێت.

ئەم ووشانە دوا ووشەی مەلا ڕەسوڵ بوو بۆ کوڕەکەی ئەوەی زۆر زۆر خۆشی ئەویست. کوڕەش دوای ئەوەی زانی هیچ هیوایەک نیە بۆ چاک بوونەوەی باوکی، دەستی کرد بە دۆعا کردن بۆ بارەگای یەزدان:

خوایە گەر باوکم هەر ئەبێت بمرێت، با لە مانگی ڕەمەزانا بێت، مانگی پیرۆز، ئەو مانگەی خەلیفەی موسوڵمانان حەزرەتی عەلی تیا شەهید بوو، ئەو کەسەی دەرگای بەزەیی ئەکاتەوە تا خەڵکی پیا بڕوات، بێ ئەوەی ئازاریان

لە رۆژی ٢١ رەمـەزاندا لـە هەمـان بەرواری شـەهـيد بوونی حەزرەتی عـەليدا، مـەلا رەسـوڵ كـۆچی دوايی كرد. كاكەی كوڕی بە دوو كاژێر دوای مردنی باوكی گەيشتەوە ماڵەوە.

هەواڵی كـۆچكردنی مـەلا رەسـوڵ وەک بروسكە بەناو شارا بڵـاو بووەوە، بەسـەدان كـەس كـۆبونەوە بۆ ئەوەی لەگـەڵ تەرمەكەيا بڕۆن و لە كاتی ناشتنيدا ئامادەبن.

دوو برای ئيـمامی جومـعـەی شار هەسـتـان بە مـەراسيمی ناشتنەكە، دوای ناشتنەكە يەكێ لە براكانی ئيمام سەرنجی خەڵكەكەی بۆ لای حەمەسەعی راكێشا و بە خەڵكەكەی ووت:

ئەم كوڕە هەرچەندە منالە، بەڵام ئەشێت ببێتە مامۆستای قوتابخانە. شارەزايی لە فارسی و عەرەبی و قورئان لە من زياترە و ئەتوانم بڵێم زياتريشە لە شارەزايی برای گەورەمان ئيـمامی جومعە، جا لەبەر ئەمە مەنوارنە مناڵييـەكەی و رازی بن بەوەی لە جـێی باوكی ببـێـتـە مـامـۆسـتـای مناڵەكانتان.

خەڵكەكـە هەمـوو بە يەكـەوە رازی بوون بەم پێشنيـارە و بۆ رۆژی دوايی هەمـوو لە مـزگـەوت كـۆمـەڵ بوون و ئيـمـامی جومعەی شاری سنە خۆی بە دەستی خۆی مێزەری سپی لە سەری حـەمـەسـەعی‌يەوە پێـچـا، نيـشـانە بۆ ئەوەی ئيـتر حـەمـەسـەعی بە شـێـوەی رەسـمی بووە بە مـەلا. بەمە

حەمەسەعی لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا، دوای تێپەڕبوونی چلوهەشت کاژێر بە سەر مردنی باوکیا بوو بە مەلا و مامۆستای قوتابخانە، ئەم پلەیەش تا ئێستا کەس بەم تەمەنە منداڵیەوە پێی نەگەیشتوە و وەری نەگرتووە.

نزیکەی سێ مانگێک دوای ئەمە، کابرایەکی ئاشوری کاتۆلیک داوای لە مەلا حەمەسەعی کرد بەڵکو دەرسی فارسی بە کوڕەکەی بڵێت، ئەویش هەستا بەم کارە و پاش ماوەیەک زیرەکی و هەڵسوکەوتی کوڕەی چوو بەدڵا و ویستی رایکێشێ بۆ ئاینی ئیسلام.

ئێوارەیەک لەو ئێوارانەی مەلا حەمەسەعی خەریکی دەرس پێ دانی ئەم قوتابیەی بوو، لە ناکاو مامی کوڕەکە بە سەرخۆشی هاتە ژوورەوە و لە دۆڵابی ژوورەکەدا قاپێ عارەقی دەرهێنا و پێکێکی باشی لێکرد و نای بە سەریەوە. رووی کردە کوڕەکەی برازای و هەندێ عارەق کە لەبنی پێکەکەدا مابوو هەڵیدا بە رووی برازاکەیا و لەوێدا چەند قەترەیەک عارەق بەر جلەکانی مەلا کەوت. کاتێک مەلا حەمەسەعی دی جلەکانی بەعارەق پیس بووە و عارەقیش بە پێی قورعان لە بابەتی سەرخۆشیە و گڵاوکەرە، بە جارێ جامی توڕەیی رژا و دەستی کردە جنێودان بە کابرا. قوتابیەکەشی بەمە زۆر تێک چوو،

داوای لێبوردنی لە مامۆستاکەی کرد و خێرا رای کرد ئاوی هێنا تا مەلا حەمەسەعی شوێنی تکەی عارەقەکە بە ئاو بسڕێت. مەلا تکەی عارەقەکەی بە ئاو سڕی، بەڵام ئاو بەهیچ جۆرێک توانای سڕینەوەی بیر و رای خراپی مەلای

بەرامبەر بە مەسیحی یەت نەبوو.

دوای ماوەیەک ماڵەکە داوایان لە مەلا کرد ئێوارەیەک بۆ نان خواردن بێت بۆماڵیان، بەڵام مەلا داوای لێبوردنی لێ کردن. پاش پێ داگرتنێکی زۆر لە لایەنی ماڵەکەوە، مەلا رازی بوو، ئەو ئەترسا لەوەی گەر بێت و نەچێت بۆ ماڵەکە لەوانەیە هەستیان بریندار ببێت. هەروەها چوونی ئەم بۆ ئەو بانگ کردنە وەک نیشانەیەک وایە بۆ چاک بوونەوەی نێوانیان دوای ئەو عاجزی و تورەبوونەی پێش ماوەیەک رووی دابوو.

هەرچەندە مەلا نانی ماڵی مەسیحی بە پیس و گڵاو ئەزانی بەڵام کاتێک چووە ماڵیان و سفرە راخرا و نانیان هێنا، هەرچۆنێک بوو پارچەیەک مریشکی لەگەڵ خواردن. کاتێ گەرایەوە ماڵەوە و چوو بۆ خەوتن، نەی توانی بخەوێت چونکە باوەڕ و دەرونی ئازاریان ئەدا. خەوی لێنەکەوت تا هەڵنەسا و بە رشانەوە خواردنە گڵاوەکەی فرێنەدا.

مەلا حەمەسەعی کاتێ رای خۆی دەربڕی بەرانبەر مەسیحیە کاتۆلیکەکان ووتی:

سەرقاڵی ئەوان بەخواردنەوە، پەرستنیان بۆ رەسم و پەیکەر، نەشارەزاییان لە پەرتووکی پیرۆز(تەورات و ئینجیل) و نوێژ کردنیان بەزمانی کلدانی کۆن، ئەمانە هەمووی ئاینی ئیسلامی لە بەر چاوی من مەزنتر کردوە. زۆر جار سوپاسی خوا ئەکەم بۆ ئەوەی بە موسوڵمان دروست بووم و لە ژێر سایەی دینی راستا لە دایک بووم.

لێرەدا مەلا ئەوە دەرئەخات کە چاکەکە ئەگەرێتەوە بۆ پشت و بابە گەورەکانی ئەوانەی یەکەم جار بوون بە ئیسلام، دۆعای بۆ پشت و بابە گەورەکانی ئەکرد تا یەزدان ئەم کارەیان لای خۆی بە چاکە بۆ بنووسێت.

نوێژکردن و بانگدانی رۆژانەی مەلا لە مزگەوت، رۆژ بە رۆژ ئاوازێکی گەرمی تازە و هاندانێکی رۆحی و دەرونی زیاتری تێدا دروست ئەکرد. کاتی رەمەزان مەلا لە هەموو کات زیاتر ئاگاداری جێ بەجێ کردنی کاری ئاینی ئەکرد و هەموو شەوێک لە منارەی مزگەوتەوە تەراویحی ئەخوێنەوە، ئەوەی تایبەتی بۆ شەوانی رەمەزان ئەخوێنرێتەوە.

زۆری خەڵکەکە لە رەمەزاندا بە رۆژ خەریکی پشوودان و ئیسراحەت بوون، شەویش کاتی خواردن و قسەکردن یا نوێژ کردن بوو، بۆ هەندێکیشان خەوتنێکی کورت و هەستانەوە بۆ نان خواردنی پارشێو.

مەلا حەمەسەعی ئەوەندەی بەس بوو کە ئێواران شتێک بخوات و بەیانیانیش پێش بانگی بەیانی قومێک ئاو بخواتەوە بێ پارشێو کردن، مەلا ئەمەی ئەکرد تا پاداشت و خێری زیاتر وەرگرێت و بینێرێ بۆ دایک و باوکی و کەسوکاری.

ماوەی سێ ساڵ بەم شێوەیە رۆیشت، هیچ شتێک نەما مەلا بەدوایا نەگەرێ لە پێناوی زانین و دۆزینەوەی پیروزیا (قەداسەت)، بەڵام ئەم گەڕانە نەبووە مایەی رەزامەندی و ئاسودەیی دەرونی ئەو.

مەلا بەهۆی قوتابییەکەوە پەرتووکێکی ئینجیلی بە زمانی فارسی دەست کەوت، لە رووی زانیاری و تەنها بۆ شارەزایی دەستی کرد بەخوێندنەوەی. کاتێک سەیری کرد زۆر شتی تیایە لەوەی بەعەقڵا ناچێت، بە تورەییەوە فڕێی داو دوریخستەوە لە خۆی. هەستا پەیوەندی کرد بە کڵێسەی کاتۆلیکەکانەوە و لەگەڵیانا کەوتە باس و قسەکردنێکی گەرمی بێ ئەنجام. باوەڕی مەلا حەمەسەعی بە بەرزی و مەزنی ئیسلام دوای ئەم باس و قسەکردنانە زۆر لە جاران زیاتر بوو، کەواتە ئێستا ئەبێ بگەڕێت بۆ تێرکردنی داوا و سۆزی دەرونی، ئەمەش پێویستی بە لە خۆبوردنێکی زۆر بەهێز و رێک و رەوان هەیە.

هەندێک لە خێڵی نەقشبەندیەکان لە شاری سنە دەروێش بوون و بە کاری دەروێشیەوە خەریک بوون، مەلا حەمەسەعی بیستبووی ئەمانە دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵی رۆحی و رۆژو گرتنی دوورو درێژ، پێش بینی و کاری یەزدانی سەر سورهێنەر ئەبینن و بۆیان دەرئەکەوێت. مەلا بیری کردەوە لەوانەیە ئەم بەو شێوەیە بگات بە خواستی دەرونی خۆی، بۆیە داوای لێ کردن تا وەری بگرن لە ریزی خۆیان. ئیتر پاش ماوەیەک داواکاریەکەی پەسەندکرا و چووە کۆمەڵ و ریزیانەوە.

گەورە شێخی ئەم خێڵە کاتێ مەلا حەمەسەعی بینی، دەستی بۆ لای راستی لەشی مەلا

راکێشا و ووتی:

ئائەمە ئەو لایەیە کە حەز لە کاری خراپ ئەکات.

ئینجا دەستی بۆ لای چەپی لەشی مەلاوە راکێشا و ووتی:

ئەم لێـیـانـی دڵە لێـرا ئەڵێت (الله... الله)، تۆش ئەبێ لەگـەڵ هەمــوو جـارێکی لێـیـانـی دڵتـا (الله... الله... الله... الله) بڵـێیت و بڵـێیـتـەوە بۆ ئەوەی نیـعـمـەت و رەحمەتی خوات بۆ بێت.

ئەم کـۆمـەڵـە بە شـەو دوای نوێژی ئێـوارە لە مـزگـەوت کـۆئەبوونەوە، لە شـێـوەی بازنەدا بە بێـدەنگی بە یـەکـەوە دائەنیشتن تا سەرۆک و شێخی گەورە ئەهات. کاتێ شێخ ئەهات چەند ئایەتێکی تایبەتی بۆ ئەخوێندنەوە و ئەوانیش بەدوایا ئەیان ووتەوە، ئینجـا خـۆیان دەسـتـیـان ئەکـرد بە ئایەت خوێندنەوە و پاش ماوەیەک هەموو بێ دەنگ ئەبوون و ئەچوونە بیرکردنەوە و خەڵوەتەوە.

هەریەکـە لە لای خۆیەوە بیری ئەکردەوە و بە گـوناهی خۆیا ئەچوەوە، بە خـەیاڵ وای لە خـۆی ئەکـرد، نەخـۆشـە و لەسەرەمەرگایە و گیان ئەدات، دوایی ئەمرێت و بە خامی سپی ئەپێچرێتەوە و بە رێوەیە ئەبرێت بۆ سەرقەبران، ئینجا ئەنێژرێت و نوێژی لەسەر ئەکرێت، پاشان ئیزرائیل دێت و ئەمیش وەڵامی راستی پێ نادرێتەوە، بۆیە ئەی نێرن بۆ ناو دۆزەخ، لە دوایدا وا بیـرئەکـاتەوە کـە ئەوەتا بەئاگـر ئەسوتێت.

بیـرکـردنەوەکـان بە شـێـوەیەکی وا قـوڵ و راست ئەکـران

هەرلەوێدا هەمــوو دەنگیــان لێ بەرز ئەبووەوە و خــوڕ خوڕ فرمـێسـک بە چاویانا ئەهاتە خــوارەوە، دوایی شێخ سنگی یەکــێکی زۆر هیــلاک بووی رووت ئەکــردەوە و فــوویەکی پیــرۆزی بەسـەر دڵـیـا ئەکرد و ئیـتـر ئەوکـەسـەش بە خەیاڵ بەهەشـتی بۆ دەرئەکـەوت و دەسـتی ئەکـرد بە سـتـایش و سوپاسی یەزدان.

مەلا حـەمـەسـەعی مـاوەی سێ سـاڵ بەردەوام لەگەڵیـاندا ئامادەی نوێژ و زیکر کردن بوو، بۆ رازی کردنی دڵی خۆی، ئەو دڵەی زۆر ململانێی لەگەڵدا ئەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم
## ئەنجامی گەڕان

لە سەدەی دوو و سێدا ئاینی مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پەرەی سەند و لە ساڵی ٢٢٥ز لە چیاکانی کوردوستانەوە پەلی کێشا بەرەو کەنداوی فارسی.

کڵێسەی ڕۆژهەڵات لەوسەردەمەدا بە کڵێسەی (نستوری) ناوئەبرا، لەسەدەی چوار و پێنجدا هێرشی زەردەشتی وای لە هەندێ لە مەسیحیەکان کرد بڕۆن بەرەو کەنداوی فارسی و ناوچە تورک نشینەکان و وڵاتی چین.

دوای ئەمەهێرشی ئیسلامی و مەغۆلی هات و بووە هۆی بچوک کردنەوەی ئەم کڵێسەیە و دروست بوونی دوو کۆمەڵ، یەکێکیان لە باشوری هیندستان و ئەویکەشیان لەناو گەلی ئاشوریا کە لە باکوری ڕۆژئاوای ئێراندا بوون.

لە ساڵی ١٨٣٥ز یەکەم کۆمەڵەی باوەردارانی نێرراوانی ئینجیلی لە شاری رەزاییە (ئورمییە)ی ئێران دەستیان کرد بەکارکردن، ئەم شار و شوێنەش جێگای سەرەکی گەلی ئاشوری بوو. ئیش و کاری ئەم کۆمەڵە سەرکەوتوو بوو، کڵێسە و قوتابخانەیان لە لادێکانی دەشتی رەزاییە کردەوە، راهێنان و فێرکردنیان بە مامۆستا و پزیشکی ئەوناوچەیە کرد، هەر یەکە لە کار و ئیشی خۆیدا. مەسیحیە باوەردارەکان نامەی مزگێنی یان (ئینجیل) گەیاندە جێ و شوێنە دورەکانی ئێران.

له کۆتایی پایزی ساڵی ۱۸۷۹ز کە مەلاحەمەسەعی تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، سێ کەسی باوەردار بە ئەسپ سواری گەیشتنە شاری سنە. ئەمانەش دووانیان لەوانەبوون کە پەرتووکی پیرۆزیان لەناو خەڵکا دابەش ئەکرد، ئەوی کەشیان کابرایەکی قەشەی باوەردار بوو بەناوی یۆحانان (بە زمانی سریانی پێی ئەوترێ یۆحەننا، ئەمان هاتبوون بۆ ئەم شارە بۆ ئەوەی باسی باوەریان بکەن و بە خەڵکی بڵێن.

قەشە یۆحەنان ماوەیەکی زیاتر لەوان لە شار مایەوە و پێویستی بە کەمێ زۆرتر فێربوونی زمانی فارسی بوو. لەو ناوچەیەی ئەوی لێوەهاتبوو، خەڵکی ئەوەندە بە فارسی قسەیان نە ئەکرد. کاتێ بۆ مامۆستایەک گەڕا، پێیان ووت بڕوات بۆ لای مامۆستا مەلا حەمەسەعی.

مامۆستای لاو مەلا حەمەسەعی، باسی ئەم مەسیحی‌یە ئینجیلیانەی لەهەندی لە مەسیحی‌یە کاسۆلیکەکان بیستبوو، گوایە ئەمانە لە کڵێسەی رەسمی یاخود تەقلیدی جیا بوونەتەوە. مەلا خۆی رقی لە مەسیحی کڵێسە ئەبوەوە و پلەی زۆر کەم و نزمی لە دوای ئیسلامەوە بۆ دائەنان، ئێستاش ئەم وەک موسڵمانێکی باوەڕدار ئەبێت خۆی زۆر بە بەرزتر بزانێت لەمانەی لە ناو خۆیانا جیابونەتەوە، ئەمە بە بیر و بۆچوونی ئەو.

ئا بەم هەستەوە، بە شانازیەوە وەک شارەزایەکیش مافی ئەوەی هەیە بڕوات و لە دەرگای ماڵی یۆحانان بدات. مەلا حەمەسەعی رۆیشت و لە دەرگای ماڵی دا، کاتێ دەرگایان لێ کردەوە مەلا وەک پێویست بە (السلام علیکم) لە

گەڵیان نەکەوتە قسەکردن، چونکە بە بڕوای هەندێک موسوڵمانی توندڕەو و موسوڵمانی باوەڕدار، نابێت بەو ووشانە سڵاو لە کافر بکرێت، مەلا بە ڕۆژباش لەگەڵیان کەوتە قسەکردن.

یەکێ لەو کەسانەی هاتبوو بۆ ئەوێ بە نیازی بڵاو کردنەوەی ووشەی ئینجیلەوە، هەستی بەو شتەکردو و پێی ووت:

خۆ ئێمە بەحساب ئەهلی (کیتابین) باشە هەقی ئەوە نەبوو سەلامان لێ بکەیت؟

مەلا بەم قسەیەدا زانی ئەم مەسیحیانە شارەزاییان لە قورئانا هەیە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان مەلا حەمەسەعی چوو بۆماڵی قەشە یۆحانان، سەیری کرد ئەوان کۆمەڵ بوون بۆ خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز، لەوکاتەدا خەریکی خوێندنەوەی مەزمورەکانی داود بوون، پەرتووکێکیان دا بە مامۆستا و داوایان لێ کرد بەشداریان بکات تا بزانێت چی ئەخوێننەوە و لەکوێدان لە خوێندنەوەدا. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا یەکێک لەوان

دەستی کرد بە نوێژکردن، لەو شتانەی لە نوێژەکەدا کاری کردە سەر دەرونی مەلا حەمەسەعی، نویژکردن و داواکردن بوو لە یەزدان بۆ پیرۆزکردنی هاوڕێکانیان و هەروەها ئەوانەش کە بەربەرەکانیان لەگەڵدا ئەکەن.

لێرەدا مەلا ئەوەی بیرکەوتەوە کە چەند جار خەڵکی هاتوون بۆ لای و پارەیان داوەتێ تاوەک دۆعــا و نوشتــەیان بۆ بنووســێت بۆ بەهیــلاک بردن و لە ناوبردنی ئەوانەی رقەبەرایەتی و دوژمنایەتیان هەیە لەگەڵیاندا.

مەلا دەستی کرد بە بەراورد کردنی مەسەلەی قسە لەگەڵ کردار. بە بەردەوامی و ئاگاداری سەیری ئەم سێ پیاوەی ئەکــرد لە دوور و نزیکەوە، رۆژ بە رۆژ زیاتر هەستی بەوە ئەکرد، ئەوەی مەسیحی یەکانی پێ تاوانبار ئەکرێت ئەم سێ پیاوە ناگرێتەوە. ئەمانە لە هەڵسوکەوتیانا سەرڕاستن، لە قسەکردنیانا راستگۆن، بابەتی سەرخۆشی ناخۆنەوە، باسی دەورودراوسێ و خراپەی دەورودراوسێ ناکەن، چی بە قسە ئەیلێن بەکردار ئەیکەن.

خۆشەویستی مەلا بۆ ئەم سێ مەسیحی یە وورده دەستی پێ کــرد و ئەوەی بۆ دەرکــەوت مــەســیــحی یەکــان هەر هەموویان خراپ نین وەک جاران بیری لێ ئەکردنەوە.

پاش مــاوەیەک ئەو دووانەی کــاری دابەشکردنی پەرتووکی پیرۆزیان خستبووە سەر شانی خۆیان، شاری سنە یان بەجێ هێشت و چوون بۆ شاری بەغدا، یۆحانانیش لەوێ بەتەنها مــایەوە. یۆحــانان کــابرایەکی تەمــەن چل ساڵی باریکەلەی روو خــۆش بوو، ســادەیی و ســەرڕاســتی ئەم کــابرایە زۆر سەرنجی مەلا حەمەسەعی راکێشا.

زۆر جــار باس و قســەکــردنیــان لە فــێرکــردن و فــێربوونی زمــانەوە ئەچوو بۆ باسی ئاینی. هەر لەو کــاتەوە، مــەلا

هەستی کرد بە کەم بوونەوەی دووری دەروونی نێوانیان لەگەڵ قەشە یۆحانان. زۆر جار پرسیاری ئاراستەی دڵی خۆی ئەکرد، پرسیارێک ئەبوو بە هۆی خنکاندنی ئەو بیرەی ئەڵێت، پەرتووکی پیرۆز گۆڕراوە.

مەلا زۆر بایەخی دا بە درۆ و راستی ئەم باسە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەستی کرد بە

فێربوونی زمانی سریانی تازە و سریانی کۆن لە لای یۆحانانی قووتابی خۆی، تاکو بتوانێت بەراوردی نێوان پەرتووکی پیرۆز لەگەڵ پەرتووکەکانی کە بکات ئەوەی لێیەوە وەرگێڕراوە و سەرچاوە بووە.

قەشە یۆحانان پەرتووکێکی بەشی تازەی پەرتووکی پیرۆزی (ئینجیل) بە زمانی سریانی تازەی دا بە مەلا حەمەسەعی و هەندێ ئایەتی لە ئینجیلی یۆحەننا بە زمانی سریانی فێرکرد. مەلا پەرتووکەکەی بردەوە بۆ ماڵەوە و پیشانی کاکەی برای دا، ئینجا بە دوور و درێژی باسی ئەو قسانەی کرد ئەوەی لەگەڵ یۆحانانا کردوویەتی، کاکە بەتوڕەییەوە ووتی:

ئەو موشکیلە و زەرەری لەم کتێبەوە یەت لە حساب نایەت، کی ئەڵێ ناتبات بۆ کفر و گوناح و تاریکی. هەروەها ئاگاداری کردەوە بەوەی ئەم شتە یاری کردنە بە ئاگر و پێویستە ئەو بیری خۆی بخاتە سەر خویندنی باڵای شەریعەتی ئیسلامی.

مـەلا حـەمـەسـەعی ئەوەندە گـوێی نەدایە ئەم ئاگـاداری کـردنەوەیە و بە پـێـویـسـتـی زانی بەردەوام بێت لەسـەر ئەم لێکۆڵینەوە پر لە مـەترسـیـە بەڵام بێ ئەوەی کـاکـەی برای هەستی پێ بکات.

مـەلا کـاتێ قـەشـەیۆحـانانی فـێری زمـانـی فارسی ئەکرد پەرتووکی پیـرۆزیان بەکـارئەهێنا، (مـانای بەشی کـۆن و بەشی تازە. بەشی کۆن بریتیە لە تەورات پەرتووکی موسای نێـرراوی یەزدان، زەبور، پەرتووکی نێـرراوی یەزدان داوود، پەرتووکی نێـرراوی یەزدان سلێـمـان و پەرتووکی نێـرراوان (نەبیین).......... هەروەها بەشی تازەش ئینجـیلی پێ ئەوترێ و ووشـەکـە یۆنـانیـە، ئەو زمـانەش ئەوسـا زمـانی رەسمی ئیمـپراتۆریەتی رۆمانی بوەوە و ئینجیل بەوزمانە نووسراوە.

ئینجیل بەیۆنانی مانای (مزگێنییە بە پێی ئەو مزگێنییەی عـیـسا هێنای) ئەمـیش بریتـیـە لە چوار پەرتووک بە ناوی ئینجیلی مەتتا ئینجیلی مەرقۆس ئینجیلی لۆقا و یۆحەننا لەگەڵ نێرراوانی عیسا و چەندنامەیەکی ئەو نێرراوانە.)

مـەلاحـەمـەسـەعی و قـەشـە یۆحـانان وەک مـوسـوڵمـان و مەسیحی جار جار لەسەر هەندێ خاڵ و

شێوەی بەکارهێنانی ئەیان کرد بە قسەکردن و مشت و مڕ. قەشە یۆحانان زۆر جار لەگەڵ کەسانی جولەکەدا ئەکەوتە قسـەکردنەوە و داوای لە مـەلا حـەمـەسـەعی ئەکرد کـە لە پەرتووکی پیرۆزا ئەوەی بەزمانی فارسیە، سەر پشک بێت

له دۆزینەوەی ئەو شوێنانەدا ئەوەی پەیوەندی هەیە بەسەر قسە و باسەکەیانەوە. ئینجا قەشە یۆحانان هەوڵی ئەدا بە فارسی ئەو ئایەتانە بخوێنێتەوە ئەوەی دەری ئەخات عیسا بریتیە لە مەسیحی چاوەڕێ کراو، بەڵام جولەکەکان لەسەر قسە و دڵ رەقی خۆیان ئەمانەوە.

مەلا حەمەسەعی لەوێدا وەک حاکمێکی بێ لایەن بوو، زۆر جار قسەکانی قەشە یۆحانان کاری تێ ئەکرد و بێ ئەوەی بیەوێت لایەنی ئەگرت و گلەیی لە جولەکەکان هەبوو بۆ پشت گوێ خستنی ئەو بەڵگانەی یۆحانان ئەی هێنایەوە و ئەیووت، بێ ئەوەی پێچەوانەی قسەکانی یۆحانان بسەلمێنن.

کاتێ مەلا حەمەسەعی بە تەنها ئەبوو و بیری ئەکردەوە، بیری لەو پێش بینی‌یانە ئەکردەوە ئەوانەی پەیوەندی بە عیساوە هەیە، لە دڵی خۆیا ئەیووت:

باشە کێ بێجگە لە پێغەمەرمان، شایانی ئەم پێش بینیە مەزنانەی هەیە؟ ئایا ئەو شتانەی ئەشعیای پێغەمەر لە پەرتووکەکەیا بەشی ٤٢:١.٤ لەسەر حەزرەتی عیسا ئەیلێت، ئەگونجێت بۆ پێغەمەری ئێمەش؟

(((لێرەدا یەزدان بەهۆی ئەشعیاوە باسی عیسای پیرۆز ئەکات و ئەڵێت: ئەوەتا نێرراوی من ئەوەی پشتگیری لێ ئەکەم، ئەوەی هەڵبژاردەی خۆمە و دڵشادم پێی و رۆحی خۆمم تیا داناوە. بەبێ هاوار هاوار کردن لە ڕێگا و جادەکانا، بێ قیرە و دەنگ بەرز کردنەوە، دادپەروەری

یەزدان بەگەلان رائەگەیێنێت.... قامیشێکی چەماوەیە و ناشکێت، بلێسەیە و ناکوژێتەوە..... دادپەروەریەکەی بە پاکی بانگەواز ئەکات و هیلاک نابێت و ناکەوێت تا ئەو دادپەروەریە نەگەیێنێت...... دانیشتوانی نیوە دورگە دوورەکان چاوەڕێی ئەکەن تا بزانن چییان پێ ئەڵێت....)))))........ باشە ئیسلام شمشێری تیا بەکار هات، پێغەمەر(ص) خۆی سەر لەشکر بووە........ نا، ئەمە لەگەڵ ئەم پێش بینی یانەی ئەشعیادا بەیەکەوە رێک ناکەون.

مەلا حەمەسەعی پاش ماوەیەک بە ترسەوە پەرتووکی پیرۆزی لەگەڵ خۆی بردە ماڵەوە و پیشانی کاکەی برای داو باسی ئەو پێش بینیە گرنگانەی کرد کە لەوانەیە بە جۆرێک یان رێگەیەک مەبەست لە پێغەمەری ئیسلام بێت، هەروەها داوای لە کاکەی برای کرد، چونکە دوای مردنی باوکی وەک گەورەی ماڵ بوو، تا رێگای بدات بەردەوام بێت لە خوێندنی سریانیا بۆ ئەوەی لە دواییا بتوانێت شتێک بنووسێت بە پێچەوانەی ئەو خاڵانەی مەسیحی یەت پەنجەی بۆ رائەکێشێت.

ئەم هەواڵە دڵی کاکەی زۆر خۆش کرد و هەروەها دڵی کەسانی کەش چونکە خەڵکی ئەیانزانی مەلا حەمەسەعی چەند زیرەک و چالاکە. ئیتر لەو کاتەوە مەلا بە ئاشکرا پەرتووکی پیرۆزی لەگەڵ خۆی هەڵئەگرت.

لەکاتی خوێندنەوە و گەڕانی بۆ ئەم باسە زۆر بە لەسەرخۆیی و چاوێکی کراوەوە ئەرۆیشت و ئەیروانیە بابەتەکان و نەی

ئەهێشت هیچی بەسەرا بڕوات بێ ئەوەی چاک تێی نەڕوانێت. لە هەمان کاتیشا بە چاوی پشکنینەوە سەیری ژیانی قەشە یۆحانانی ئەکرد بەڵکو شتێکی لێ بدۆزێتەوە کە دوور بێت لەگەڵ قسەکانیا نەگونجێت لەگەڵ باوەڕەکەیا، ئەم کارە بۆ مەلا شتێکی زۆر گرنگ بوو.

لەدواییا ئەنووسێت و ئەڵێت:

لەدەرونا هەستم بەوەئەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە یۆحانان نزیک ئەبمەوە. خۆشەویستێکەی، ڕاستگۆیی، ژیانی پڕ لە باوەڕی، نەرمی و لەسەر خۆیی، ئەمانە هەمووی کاری تێ کرد بووم. گەر یۆحانان میوانی بهاتایە و لەو کاتەدا من لای بوومایە، زۆر بە باشی گوێم بۆ ڕائەگرت و قسەکانیم بە پێوانە ئەپێوا، لە ئەنجامدا بۆم دەرئەکەوت قسەکانی هەڵسەنگێندراون و بۆچوونەکانی ڕاستن، سەرەرای ئەمانەش ژیان و هەڵسوکەوتی وەک بڕوانامەیەک وا بوو بۆ ئەو شتانەی بە دەم ئەی ووت.

مەلا حەمەسەعی لەگەڵ یۆحانان دا زۆر کات باسی گوناهکاری و تۆبەکردن و ڕزگاربوونی ئەکرد، بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی بیر و ڕاو ڕێگای مەسیحی بۆ ئەو شتانە. بۆ نموونە ڕۆژێک مەلا باسی خوێن ئەکات، ئەڵێت:

ئەگەر جل و بەرگ خوێنی بەرکەوت، نوێژ کردن بەتاڵە و حساب نابێت، چونکە خوێنەکە جلەکان لە نوێژ ئەبات.

ئینجا یۆحانان پرسیاری لێ ئەکات و ئەڵێت:

ئەی باشە ئەو خوێنەی بە هەموو لەشتا هاتووچۆ ئەکات؟

دیسان یۆحانان: ئێمە لە نوێژ کردنا ئەوەندە بایەخ نادەین بە دەرەوەمـــان، چونـکە نوێژی راست لـەدڵ و دەرونەوەیە و ئەوشتانەی دەرەوە کاری تێ ناکات.

دوای چەند مـانگێک لە لێـدوان و قـسـەکردن دڵی مەلا حەمەسەعی کەوتە پرسیـار و گومـانەوە بەرامبەر باوەڕی خۆی و باوەڕی بابە گەورانی. بیر و دەرونی ئاسودەییان لە لەشی سەندبوو، بەردەوام ووشەکانی یۆحانان لە بیریا بوو و دوای ئەکەوت بۆ سەر شەقامەکان، بۆ ناو بازار، بۆ هەموو شوێنێک، تەنانەت بۆ کاتی نوێژ کردنیش.

مـەلا زۆر لۆمـەی خـۆی کـرد کـە بۆچی چوو بۆ لای ئەم مەسیحی‌یە، ئاخر بۆچی گوێی لەقسەکانی گرت تاوەک ئەو بیرە شەیتانیانە بێتە خەیاڵیەوە، دیسان بە خۆی ئەووت:

باشە ئاوها ئەبێت گوێ گرتن بۆ ئەو ئاگاداری کردنەوانەی لە ناو قـورعـانی پیـرۆزا نـووسـراوە و ئەڵێت: ئەی باوەڕداران باوەڕ بەو کەسانە مەکەن کە لە کۆمـەڵی خۆتان نین، ئەوان سەرتان لێ ئەشێوێنن (سورەتی ئال عـومـران ١١٧). مەلا دیسـان بە ووردی بە ناو قـورعـانەکـەیا گەڕا تا مـەرهەمێ بۆ کەم کردنەوەی ئازاری دڵی بدۆزێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو.

ئێوارەیەک مەلا بەکۆڵانێکی چۆڵی بێدەنگا ئەڕۆیشت بەرەو مـزگـەوت بۆ نوێژکـردن، لەپڕ بێ ئەوەی خـۆی بیـەوێت، پرسیارێک هات بە خەیاڵیا:

باشـه چۆنه ئەگـەر پێـغـەمـەرمـان نێـرراوی خـوا نەبێت.......... ؟

ئەم دوو دڵیە کافرانەیە بۆ چەند چرکەیەک گێژ و وورِی کرد، ئینجا بە هەردوو دەست کـێـشـای بە سـەری خـۆیا و لە دڵا خۆی بە پیس و گڵاو و نەفرەت لی کراو بانگ کرد و بە

دەنگی بەرز ووتی:

باشە بۆچی ئەم گوناه و بیره خراپانە یەت بە خەیاڵما..... ؟

مـەلا بەمـە سـەری هاتە ژان و لەبەر خـۆیەوە دەسـتی کـرد بە قسە کردن:

نەخـێـر ئیـسـلام رێگەی راسـتـە و رێگەی تەواوە..............

بەڵام لەگەڵ ئەمەشا دوو دڵیەکە هەر لەگەڵیا بوو، وازی لێ نەئەهێنا. بیری لە ژیانی یۆحانان ئەکردەوە و ووتی:

باشـە کـابرایەکی کـافـر چۆن ئاوا پاک و نورانی ئەبێت........ ؟

مـەلا دوای نوێژی ئێـوارە زۆر بە دڵ تەنگیـەوە گـەڕایەوە بۆ ماڵەوە، نانی ئێوارەی پێ نەخورا، زوو چووە سەر جێگای خەوتن بەڵکو خەوی لێکەوێت، لە جێگەکەدا هەندێ راست

وچەپی بە خۆی کرد بەڵام هیچ بێ سوود بوو نەیتوانی بخەوێت، دوایی هەستا و بڕیاری دا کۆتاییەک بۆ ئەم پرسیار و بیرکردنەوانە دابنێت.

هەر بەو شەوە ئاگرێکی کردەوە و پشکۆیەک ئاگری بە مەقاش هەڵگرت و خستیە سەر قاچێکی، ئینجا پشکۆیەکی کەشی هەڵگرت و خستیە سەر قاچەکەی تری، بە شێوەیەک پیاو گوێی لە قرچە قرچی برژاندنی گۆشتەکەی ئەبوو. مەلا بە بێ دەنگیەوە خۆی گرت و رازی بوو بەم ئازارە گەورەیە، بۆ دروست کردنی دوو برینی گەورە لە لەشیا، وا بن چاک بوونەوەیان ماوەیەکی زۆری بوێت.

مەبەست لە دروست کردنی ئەم دوو نیشانەیەش، لە بیر نەچوونەوەی ئەو دوو سوێند و پەیمانە بوو ئەوەی مەلا لەو شەوەدا لەگەڵ خۆیدا بڕیەوە.

برینی یەکەم ئەو سوێندەی بیرئەخاتەوە کە ئیتر نابێت لەگەڵ مەسیحیەکانا بە هیچ جۆرێک باسی دین بکات، برینی دووهەمیش ئەبێت هەموو کاتێ ئەم کار و بیرە خراپانەی خۆی بیر بخاتەوە و یارمەتی بێت بۆ دورکەوتنەوە لەم گوناهانە.

دوای ئەم رووداوە مەلا نامەیەکی نووسی بۆ قەشە یۆحانان و تیایا داوای لێ بوردنی کرد کە ئیتر لەمەودوا ناتوانێت بەردەوام بێت لە خوێندنی زمانی سریانیدا، سەرەرای ئەمەش، بە هۆی ئیش و کاریەوە ناتوانێ دوای قوتابخانە بێت بۆ لای دەرسی فارسی پێ بڵێتەوە.

مەلا حەمەسەعی لە نووسینێکی کەدا بۆ خۆی ئەنووسێت:
هەرچەندە پاش ماوەیەک برینەکانی قاچم ساڕێژ بوون و چاک بوو بوونەوە، بەڵام ئەو زام و برینەی ووشەکانی ئەو کابرایە دروستی کردبوو بۆم، هێشتا هەر خوێنی لێ ئەهات....... بڵێسەی دەرونم لە گڕی ئاگری ئەکرد، کاتێ هەستم بەوە کرد هەمووو ئەو هەوڵ و تەقەلایەی داومە بۆ چاککردنی خۆم سودێکی وای نەبووە، زۆر دڵ تەنگ بووم.

قەشە یۆحانان هەستی بەو جەنگ و مل ملانیە رۆحیەی دەرونی مەلا حەمەسەعی کرد و زۆر بەگەرمی دوعا و نوێژی بۆکرد. چەند جارێک هەوڵی دا بیبینێت، هەموو جارێکیش تێبینیەک یاخود ئایەتێکی پەرتووکی پیرۆزی بۆ بەجێ ئەهێشت، تاکو ئەو بڵێسەیەی لە دەرونیا هەڵگیرساوە بەردەوام بێت لە سوتاندنا.

شەوێک مەلا دوای نوێژی شەو لە مزگەوتەوە بەرەوماڵەوە ئەگەرایەوە، کاتێک گەیشتە لای ئەو کۆڵانە چۆڵەی دەرگای ماڵی خۆیانی لەسەرە، لە قوژبنێکی تاریکا بەڕوودا خۆی دابەزەویدا و چاو بە فرمێسک لە قوڵایی دڵەوە دەستی کرد بە نوێژ کردن و قسە کردن لەگەڵ یەزدان و ووتی:

**ئەی رێ پیشانەری وون بووان، بم بە بەرەو رێگەی راست، پەردە لەبەر چاوم لابە و ئیسراحەتی دەرونم پێ ببەخشە، نەجاتم بە لەم گێژاوە. رێگەیەکم بۆ برەخسێنە تا خزمەتت کەم خزمەتێ شایانی گەورەیی مەقامی تۆ بێت.**

**کاتێک مەلا تەواو بوو لەم نزاو پاڕانەوەیە، وەک چۆن**

قورساییەکی زۆر لەسەر شانی لابرابێ وا بوو. هەستا و بڕیاری ئەوەی دا دەست بکات بە پشکنین لە ناو قورعان و پەرتووکی پیرۆزا بە تەواوەتی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا ئەو ئامادەیە سەر لە نوێ دەست بکاتەوە بە دەرس پێدان وەک مامۆستایەکی یۆحانان، هەروەها دەرس خوێندن لە زمانی سریانیدا وەک قوتابییەکی یۆحانان.

مەلا حەمەسەعی زۆربەشەوق و گەرمیەوە ماوەی چوار پێنج مانگ خەریک بوو بە شیتەڵ کردن و لێکۆڵینەوە و بەراورد کردنی پەرتووکی پیرۆز و قورعان بە یەکەوە. لەم کارەدا هەندێ کۆسپ و تەگەرەی هاتە ڕێگە، ئەو کۆسپ و تەگەرانەی پەیوەندی بە پەرتووکی پیرۆزەوە هەبوو، بەهۆی ڕوون کردنەوەی یۆحانانەوە لە ڕێگەیدا نەمان.

هەرچەندە مەلا بەهۆی باشترین کتێبی تەفسیری قورعانەوە خەریکی لێکۆڵینەوەی قورعانەکەی بوو، ئەو کۆسپ و گیروگرفتانەی هەیبوو تیایا، لە لای بێ چارەسەر کردن مانەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا بۆی دەرکەوت پەرتووکی پیرۆز لە ڕوانگەی ڕۆحییەوە بەرزترە لە قورعان، سەرەرای ئەمەش بۆی دەرکەوت ئەو پێش بینیانە و ئەو پەیمانانەی لە بەشی کۆنی پەرتووکی پیرۆزدا باسیان کراوە، بەهۆی عیساوە هەمووی هاتۆتە دی.

مەلا حەمەسەعی لە دواییا لە نووسینەکانیا ئەنووسێت وئەڵێت:

لە فێرکردن و ژیانی محەمەدا ئەم دی شتێک برسێتی دەرونی برسی تێرکات و تینوێتی دەرونی تینو بشکێنێ.

دوای ئەمانە بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات، وردە وردە لە یۆحانان نزیک ئەبووەوە و خەریک بوو لە ناو خزم و کەسوکار و هاوڕێیانیا تەنانەت لای براکەشی، وەک غەریب و نامۆی لێ بێت. ئەم بارودۆخە دوو دێڕ هۆنراوەی کۆنی سەعدی شاعیری ئەهێنێتەوە یاد ئەوەی ئەڵێت: (لێرەدا تەنها شێوەی مانای هۆنراوەکە نووسراوە)

ئەو غەریبەی، دەستت ئەگرێ بۆ لای یەزدان
دیارە لات خۆشەویست ترە، لە هەزاران خزمان.

دوای ئەوەی کاکە هەستی بەوە کرد حەمەسەعی برای کاتێکی زۆر لە ماڵی قەشە یۆحانان بەسەر ئەبات و زۆر نزیک بۆتەوە لێی و هەڵسوکەوتی گۆڕاوە، قسەی پێ ووتو دەستی کرد بە هەڕەشە لێ کردنی و زۆر بە شانازیەوە باسی ئاینی خۆیانی کرد و دەستی کرد بە گاڵتە کردن بە مەسیحیە خوا نەناسە کافرەکان.

هەر لەسەر ئەم شتانە رۆژێکیان کاکە زۆر رقی لە مەلا حەمەسەعی برای هەستا و دەستی کرد بە شەر کردن لەگەڵیا و چەند دارێکی لە سەر و ناو شانیا شکان. کاکە بۆ شکاندنی حەمەسەعی بە زۆر داوای لێ کرد خۆڵی بەر پێی ماچ کات، ئەویش بێ وەڵام دانەوە داواکەی جێبەجێ کرد. دوای ئەوەی کاکە ژوورەکەی بەجێ هێشت، مەلا حەمەسەعی رووی کردە ئاسمان و دڵی بۆ یەزدان کردەوە و

ووتی:

ئەی یەزدانی بە بەزەیی، من لەبەر قاپی تۆی مەزنا کەم ترم لەو خۆڵەی لەسەری راکشاوم، گوناهبار بێ توانا و بێ هێز، تینوی بەزەییتم، دەبا فرمێسکی داواکاریم بۆ لێخۆش بوون دڵی پڕ لە خۆشەویستیت بجولێنێت. هەرچەندە من وەک مرۆڤێک گوناه بارم شایانی لێ پرسینەوە و سزام، بەڵام لێت ئەپارێمەوە و داوات لێ ئەکەم، پاکم کەرەوە لە گوناه وەرمگرە لە بارەگای خۆتا لەبەر خاتری عیسای لە رۆحی خۆت دروستکراو.

ماوەیەک دوای ئەم گۆران کاریانە، رۆژێک لە رۆژانی وەرزی پایز مەلا زۆر بە دڵتەنگیەوە لە ماڵی یۆحانان دانیشتبوو چونکە یۆحانان خەریکی خۆئامادە کردن بوو بۆ گەڕانەوە بەرەو شارەکەی خۆی. لەم کاتەدا لە پڕ خۆشییەکی بە دڵا هات ئەمەش بەهۆی ئەوەی بانگەوازیکی ئەشعیای نێرراوی یەزدانی هاتەوە بیر کە ئەڵێت:

شکۆی یەزدان لێت هەڵهاتووە......... هەستە روناکی بدەرەوە......... چونکە ساتی روناکی دانەوەت هاتووە............ (ئەشعیای ٦٠:١)

ئەم ووشانە لە قەفەزەی سنگیا دەنگی دایەوەو هەموو گیانی خستە سەر عارەق کردن. دوای ئەمە کاتێک لە پەنجەرەی ژوورەکەوە سەیری دەرەوەی کرد، دەرەوە لە بەر چاوی دیمەنێکی زۆر پرشنگدار و جوانی هەبوو، بە هۆی ئەو خۆشییەی کەوتبووە دەرونیەوە.

شكۆی یەزدان لێت هەڵهاتووە... هەستە روناکی بدەرەوە... چونکە ساتی روناکی دانەوەت هاتوو........... رەشی و تاریکی دێت بە سەر زەویا و گەلان دائەپۆشێت، بەڵام یەزدان ئەبارێنێت روناکی خۆی... ئەم رستە و ووشانە لە دڵ و دەرونی مەلادا دەنگی ئەدایەوە و

دووبارە ئەبوەوە. پاش ماوەیەکی دوور و درێژ لە گومان و بیرکردنەوە، ئەمە یەکەم جارە مەلا هەست بە خۆشی ئەکات لە دەرونیا، ئەمەش بە روونی لە دەموچاویا باش ئەخوێنرایەوە.

یۆحانان هەستی بەمە کرد و هۆکەی لێ پرسی. ئەویش باسی دەرون و هەست و بیری خۆی بۆکرد، هەردووکیان بە یەکەوە چوونە سەر ئەژنۆ و چۆکیان داداو دەستیان کرد بە نوێژ بۆ سوپاس کردنی یەزدان.

## بەشی سێیەم
## تاقی کردنەوە

پاش ئەوەی مەلا حەمەسەعی و قەشە یۆحانان چەند ڕۆژێکیان بە دۆعا و نوێژکردنەوە بەیەکەوە بەسەر برد، کاتی ڕۆیشتنی یۆحانان هات. یۆحانان کتێبێکی ئینجیلی بە دوو زمان نووسراوی پێشکەشی مەلا کرد و وەک هاندان و ئاگادار کردنەوە پێی ووت:

کوڕی خۆم، وا دیارە یەزدان لە نێوانی هەزاران کەسی ئەم شارەدا تۆی هەڵبژاردوە وەک کەسێکی دیاری کراو، ئێستاش وا روناکی عیسا لات هەڵهاتووە، لەبەر ئەوە بەردەوامبە لە نوێژکردنا، تا پارێزراوبیت لە تاقی کردنەوەی دەرونیا. لەوانەیە هەندێ جار خۆت بە خۆت بڵێیت:

باوک و باپیرانم لە من زیاتر زانا و زیرەکتر بوون وا باشترە منیش لەسەر ڕێگای ئەوان بڕۆم.

گەر ئەمەت کرد، کۆتاییت خراپتر ئەبێت لە دەست پێکردنت.

کاتێ یۆحانان ویستی شار بەجێ بهێڵێت، مەلا ماوەیەکی کورت لەگەڵی ڕۆی، ترسی ئەوەی هەبوو خەڵک بیبینن. دوای لە یەکتری جیا بوونەوە، مەلا هەستێکی زۆری بە تەنهایی کرد و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

کاتی گەڕانەوەی بەرەو ماڵەوە لە خۆی پرسی:

باشه چی بکەم لە گەڵ کاکەی برام، چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەم؟

هەر لەم کاتەدا کە ئەم پرسیارانە بە بیریا هاتووچۆی ئەکرد، منالێکی دی بەدار لە توتکە سەگێکی بچکۆلەی ئەدا، توتکە سەگیش لە ژێر دەستی منالەکەدا لەتاو ئازاری،

لێدان قروسکە قروسکی لێوە ئەهات.

ئەم رووداوە دیمەنێکی زۆر سەیری هێنا بە خەیاڵ و بەرچاویدا، لە خەیالی ئەم وەک توتکە سەگەکە کەوتوە و کاکەی براشی بەدار لێی ئەدات. لێرەدا بە خۆی ووت:

نەخێر، هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەمانە بە کاکەی برام بلێم.

مەلا حەمەسەعی سەیری کرد تووشی شتێکی ئاڵوزی پڕ لەئازار بووە. گەر بێتو ئەم باوەڕە تازەیەی خۆی ئاشکرا بکات، ئەوا بەمە بڕیاری کوشتنی خۆی دەرئەکات. راکردن و خۆشاردنەوەش، هەرچۆنێک بیری لێ ئەکردەوە، جێ بەجێ کردنی شتێکی زۆر قورس و گران بوو.

مەلا بەمە ناچار بوو لەسەر دوو شێوەی ژیان بڕوات، ئەمەش زۆر سەریەشە و ئازاری دەرونی بۆ دروست ئەکرد. هاتوو چۆکردنی مزگەوتی بەتەواوی کەم بوو بوەوە، بەڵام بەپێی ئیش و پایە و پلەی خۆی ئەبوایە کاری بانگدانی بەرێوە ببردایە.

کاتێ لە مزگەوت بانگی ئەدا، لە نێوان رستەیەک و رستەیەکی کەدا بۆی رائەوەستا و کەمێک بێ دەنگ ئەبوو، دوای ئەوەی ئەی ووت، (اشهد ان محمدا رسول الله) لە دڵیا نوێژی ئەکرد و ئەی ووت،

خوایە لێم ببورە.

بە هیوای ئەوەوە یەزدان ئاگای لەو بار و دۆخە خراپ و ناخۆشە بێت کە ئەوی تیایە و لێی ببورێت چونکە بە دوو رووی هەڵسوکەوت ئەکات.

دوای ئەوەی لە بانگ دانەکە تەواو ئەبوو، کەمێک لەسەربانی مزگەوتەکە خۆی دوا ئەخست تا مەلایەکی کە پێش نوێژییەکە دەست پێ بکات، ئیتر ئەمیش لەسەربان ئەهاتە خوارەوە و ئەچووە ناو ریزی خەڵکەکەوە. لە باتی خویندنی ئەو ئایەتانەی دانراوە و پێویستە بخوێنرێ، ئەم نوێژی مەسیحی یانەی ئەکرد و یاسای باوەڕی نێرراوانی لە دڵی خۆیدا ئەخوێندەوە، نەک هەر لێرەدا بەڵکو هەموو کاتێک کە تەنیا بوایە ئەم نوێژانەی تا سی جار دوو بارە ئەکردەوە، بەو باوەڕەوە پلەی یەزدان ناسینی زیاتر بەرز بێتەوە.

مەلا حەمەسەعی دوای ئەوەی بیستی هەندێ لە مەسیحی یە کاتۆلیکەکان رۆژانی هەینی دوور ئەکەونەوە لە گۆشت خواردن، ئەم بڕیاری ئەوەی دا کە ئیتر لە رۆژی هەینیدا هیچ شتێ نەخوات و بەرۆژو بێت، بۆ ئەوەی لەم بوارەدا کەس لەو پێشکەوتوتر نەبێت.

له مانگی ڕەمەزاندا خۆی وا دەرئەخست بەرۆژوە بەڵام کاتێ بەتەنها بوایە و دەور و پشتی چۆڵ بوایە، نانی خۆی ئەخوارد.

ئەم جێگا و شوێنانەی مەلا ئاوا دوو ڕوویی و دوو کەسایەتی خۆی تیا ئەنواند، لەدوییا هەر کاتێک پیایا بڕۆیشتایە و بی بینیایە، زۆر بە بێ دەنگی تاوان باریان ئەکرد، ئەمەش دەرونی تێک ئەدا و ئازاری ئەدا، ئینجا بەگریان داوای لێبوردنی لە یەزدان ئەکرد و پێی ئەووت:

خوایە ڕزگارم کە لەم ژیانە پڕ لە ئازارە.

دوای ئەوەی چەند هەفتەیەکی بەم شێوەیە بەسەر برد، ئاگری دەروونی وای لی کرد ئەوەی لە دڵیا هەیە بیهێنێتە دەرەوە و بیلێت. چەند هاورێیەکی خۆی هەبوو کە پەیوەندیان بەیەکەوە زۆر باش بوو، یەکێ لەو هاورێیانەی ناوی فەیزوڵا بوو، کورێکی زیرەکی ڕووخۆش بوو. ڕۆژێکی هەینی لە دوای نوێژ کاتێ لە سەربانی مزگەوتی گەورە ئەهاتنە خوارەوە، مەلا چی لە دڵیا بوو هەمووی بۆ فەیزۆڵا باس کرد.

دەربڕین و دەرخستنی ئەم نهێنیە دوای ماوەیەکی زۆر لە بیرکردنەوە و ترس و ئازاری دەرون، بوو بە هۆی شادی و خۆشی بۆی.

دوای ئەمە مەلا حەمەسەعی هەموو ڕۆژێک فەیزوڵای ئەگرت و باسی ئەم باوەڕە تازەیەی خۆی بۆ ئەکرد. فەیزوڵا

هەوڵیدا بیگەڕێنێتەوە بۆ باوەڕی جارانی خۆی بەڵام بێ سوود بوو. کاتێک زانی قسە کردن لەگەڵیا بەکەڵک نایەت، ویستی بە شێوەیەکی کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات.

لەگەڵ چەند هاوڕێیەکا سەیرانێکی پێکەوەنا بۆ لادێیەکی نزیک شاری سنە کە ماڵی باوکی لێ بوو، لەگەڵیانا مەلاشی بانگ کرد.

لە سەیران کاتێ کوڕان سەرقاڵی چا لێنان و گۆرانی و چەپلە لێدان بوون، بیر و هۆشی

مەلا حەمەسەعی بەشدار نەبوو لەگەڵیانا. پاش ماوەیەک هەستا و تۆزێ نانی لەگەڵ خوی برد و چووە ناو رەزێکەوە لەو ناوە، دانیشت و دەستی کرد بە نوێژ کردن، ئینجا تۆزێ نانی لەگەڵ چەند دەنکە ترێیەک خوارد و بیری لە مردنی عیسا کردەوە. ئەمەش لە راستیا بریتی بوو لە یەکەم نان خواردنی ئەو بۆ یادکردنەوەی مردنی عیسا، بە پێی ئەو داواکاریەی لە ئینجیلدا هەیە.

دوای ئەوەی قسە کردن و هەڵسوکەوتی مەلا لەگەڵ فەیزوڵای هاوڕێی بە ڕێکوپێکی رۆیشت، بڕیاری دا پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیەکی کەشیا بکات، ئەمیان ناوی حەبیب بوو. حەبیب دراوسێیان بوو و هاوڕێی مناڵی مەلا بوو.

کات کاتی رەمەزان بوو، مەلا لەگەڵ حەبیب دا بۆ گەڕان

چوون بۆ لادێیـــەک نزیک شـــاری سنە، لەوێ نزیک بە چەمێک دانیشتن، حەبیب بەڕۆژو بوو، مەلا لەبەر چاوی حەبیب دانەویەوە و کەمێک ئاوی خواردەوە، حەبیب کاتێ ئەمەی دی زۆر سەری سوڕما و هاواری کرد:

ئەوە شێت بوویت؟ بیرت چۆتەوە کە بەڕۆژویت؟

ئیـتـر ئەمـیش بە دوور و درێژی باسی ئەم باوەڕە تازەیەی خوی بۆ کرد و داوای لێ کـرد ئەم نهـێنیـە ئاشکرا نەکات نەوەک شـتـێکی لێ بکەن. حـەبیب زۆر بە گـەرمی و بەدڵ گوێی بۆ قسـەکانی مەلا راگرت و خەفەتی خوارد کە ئەم هاورێییەی لە دین وەرگەراوە.

دوای ئەمـە زۆر جـاری کـە بە یەکـەوە لەم باسـە دوان و قسەیان کرد، باس و قسەکان زۆر کاری کردبووە سەر دڵی حەبیب.

هاورێیانی مـەلا حـەمـەسـەعی لەوانەی بەم نهـێنیـیـەیان ئەزانی، ووردە ووردە ژمـارەیان زۆر بوو. مـەلا ترسی لەم هاورێ یانەی نەبوو بەڵام ترس لە لایەکی کـەوە رووی تێ کرد. دوکتۆرێکی جولەکە بیستی کەوا مەلا زمانی سریانی باش ئەزانێت، پرسـیـاری ئەوەی لێ کـرد ئایا ئەیەوێت لەگەڵیا عیبرانیش فێر ببێت؟ مەلا ئەم شتەی بە فرسەت زانی، دوکتۆر و مەلا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە دوکتۆر دەرسی عیبرانی پێ بڵێت و ئەویش

بەرامبەر بەمە دەرسی سریانی بە منالەکانی ئەو بڵێتەوە.

مەلا لەگەڵ هاوڕێیانی دوکتۆرا تووشی پرسیار و وەڵامی ئاینی بوو. تاوەک وەڵامی قسەکانیان بداتەوە، پێویست بوو هەندێک باس لە بەشی کۆنی پەرتووکی پیرۆزا زۆر بە باشی لەبەرکات. بەڵام مەلایەکی کورد هەستێت خۆی هەڵقورتینێ لە دینەکەیان و بە پێی پەرتووکەکەی خۆیان ڕەخنەیان لێ بگرێت، ئەمە رقی جولەکەکانی هەستان و بڕیاریاندا تۆڵەی لێ بکەنەوە. بۆ ئەمەش لەناو خەڵکا ئەیان ووت:

ئەزانن مەلاکەتان بووە بە مەسیحی.........

ئەم دەنگ و باسە بە شارا بڵاو بووەوە و وای لێ هات مەلا خۆی بە گوێی خۆی گوێی لێ ئەبوو کە خەڵکی پێیان ئەوت:

ئەوەتا ئەو کافری نەعلەتیە..........

جگە لەمەش هەندێ کەس روو بە رووی خۆی جنێویان پێ ئەدا. مەلا زۆر جار ئەو پەندەی بیر ئەکەوتەوە کە ئەڵێت: بۆ هەموو برینێک کە تیر دروستی بکات مەرهەم هەیە، بەڵام ئەو برینەی زمان دروستی ئەکات هیچ شتێ چارە سەری ناکات.

ئەو کەسی وای نەدۆزیەوە تێگەیشتنی هەبێت بۆ ئەو بار و دۆخەی تیایەتی و بەزەیی پیا بێتەوە، بۆیە زۆر جار بۆ شوێنێک ئەگەرا بە تەنهابێت.

لەو رۆژانەدا بازرگانێکی کاتۆلیک خەڵکی شاری سنە ناوی فەتاح بوو، تازە لە روسیاوە گەڕابووەوە بۆ سنە. ئەم کابرایە پیاوێکی یەزدان ناس بوو، زانیاریەکی فراوان و زۆری هەبوو لە ژیانا و هەروەها لە پەرتووکی پیرۆزا، زۆر هاورێی قەشە یۆحانان بوو. مەلا رۆی بۆ لای و سەردانی کرد، پاش ماوەیەک قسە و باس چووە سەر باسی یۆحانان کە هاورێی هەردووکیانە.

فەتاح زۆری لە خۆی کردوو ووتی:

هیچ رووناکـــیـــەکت بە هۆی یۆحـــانانەوە بە دەست هێناوە.......؟

مەلا حەمەسەعیش ئەوەی لە دڵیا هەبوو هێنایە دەرەوە، فەتاح بەم هەواڵە خۆشە زۆر

دڵ خۆش بوو و لێی پرسی:

ئایا بیرت کردۆتەوە لەو هەموو گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمانەی بە هۆی ئەم بڕیارەوە دێتە رێگات، تۆ ئامادەی واز لە خێڵ و کەس و کارت بهێنیت، واز بهێنیت لەو خۆشەویستیەی لە دڵی ئەوانا هەتە، هەروەها گەر پێویست بوو بەجێیان بهێڵیت؟ ئەگەر ئامادە نیت بۆ ئەم شتانە هەمووی، وا باشترە لە مەسیحی یەت دوورکەویتەوە.

دوای ئەم ئاگاداری کردنەوە پڕ مەترسییەی فەتاح، مەلا ووتی:

نە خۆشەویستیم لای کەس و کارم، نە ئەو خێر و خێراتەی لەم دنیایە وەری ئەگرم، نە ترسم لە کوشتن، ئەمانە هەمووی ناتوانن وام لێ بکەن واز لە عیسا بهێنم، ئەو رزگارکەر و رێبەری منە.

فەتاحی بازرگان بەم بروانامە بەهێزەی مەلا خۆشی و شادی کەوتە دڵیەوە و هەستا هەندێ پەرتووکی پێشکەش کرد و ووتی:

ئەمە دیارییەکی زۆر بە سوودە، بە ووردی بیخوێنەرەوە.

ئەویش پەرتووکەکانی وەرگرت بەڵام ئەبوایە لە شوێنێکی باشا بیان شارێتەوە، نەوەک کاکەی برای بیبینێت و لەگەڵیا گیروگرفتی زیاتر دروست ببێت. زۆر لە مەسیحیەکانی شار بە مەلایان ووت، هەر کاتێک بیەوێت ئەتوانێت سەردانی ماڵەکانیان بکات و هەروەها لایان بمێنێتەوە تا بێ ترس وە بە ئازادی بەردەوام بێت لەسەر خوێندن و لێکۆڵینەوەی خۆی. مەلا سوودێکی چاکی لەم یاریدەدانە وەرگرت.

هەرچەندە مەلا حەمەسەعی لای براکەی هێشتا دانی بەوەدا نەنابوو کە ئەم باوەڕی بە عیسا هێناوە، بەڵام ئەو گۆڕان کاریانەی لە ژیانی ئەودا رووی دابوو، وای لە کاکەی برای کرد هەست بکات بەوەی ئەم برایەی هەندێ بڕیاری تەواوی بۆ خۆی داوە، چونکە ئێستا وەکو جاران لە قورعانا ناخوێنێتەوە و نوێژەکانی ناکات.

کاکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیا هەوڵیدا بە زۆرەملی وا لە براکەی بکات وەکو جاران بەردەوام بێت لە کاری ئاینی خۆیدا. هەندێ جار بە هەڕەشە یا بە زەم کردن و رەخنە

گرتن لە مەسیحیەکان و بەکار هێنانی ووشەی (مەسیحیە سەگەکان)، هەندێ جاری کەش بە لێدان و ئازاردانی. جارێکیان رازیان کرد بێت لەگەڵیانا بۆ لای شێخێک کە ماوەی چل رۆژ بوو لە خەڵوەتا بوو و بەرۆژو بوو، ووتیان ئەم کابرایە چی نهێنی دڵ هەیە هەمووی ئەزانێت و ئەی خوێنێتەوە.

کاتێ شێخ چاوی بە مەلا حەمەسەعی کەوت دوای قسە کردنێکی زۆر کورت بە دەنگێکی رەقی بەرز ووتی:

هەورێکی تاریک سەری دڵتی گرتووە چونکە تێکەڵاوی کافران بوویت، ئاگات لە خۆت بێت، دورکەوەرەوە لەو سەگە کافرانە، مەحاڵە ئەم ئیشە ئەتبا بۆ ناو ئاگر.

پاش ئەوەی گیروگرفتی مەلا زۆر بوو، مەترسی بۆ ژیانی زیاتر بوو. ویستی لە شار رابکات بەڵام رێگە و پلانەکانی ئاشکرا ئەبوو و سەری نەئەگرت. زۆر جار بار و دۆخەکە تەماعی ئەخستە بەر تاوەک واز لە مەسیحی یەت بهێنێت، بەڵام بیرکردنەوەی لە ئەنجامی دەرونی و رۆحی ئەبووە بەرهەڵست بۆ ئەوکارە. لەم نێوانەدا چەند نامەیەکی بۆ قەشە یۆحانان نووسی بەڵام هیچ وەڵامێکی پێ نەگەیشتەوە. رۆژێکیان ئیمامی جومعە بانگی کرد و پێی ووت:

ئەمەویت هەندێ شت لەبارەی مەسیحی یەتەوە بزانم، کتێبەکەیان بێنە و ئەو شتانەم نیشانبدە ئەوەی باش لێی تێگەیشتویت. مەلا حەمەسەعیش هەستا و ئینجیلێکی بە زمانی فارسی لەگەڵ خۆی برد بۆ لای ئیمامی جومعە و سەرنجی بۆ هەندێ لایەنی ئینجیلەکە راکێشا. دوای ئەمە لە جاری دووهەمدا ئیمام پێی ووت:

لەم کتێبەدا هیچی وا نابینم کە سەبەبێک بێت بۆ رقی موسوڵمانان لە مەسیحی.

مەلا بەم قسەیە زۆر دڵ خۆش بوو، بەڵام نەی هێشت ئەم دڵ خۆشیەی زۆری بەسەرا بڕوات، هەڵەیەکی گەورەی کرد، ئەویش ئەوە بوو کە نەیهێشت یەزدان خۆی بدوێت و هەڵسو کەوت بکات. دەست بەجێ خێرا پەرتووکی (میزانی حەقی) لە نوسینی (فاندەر)

برد بۆ ئیمام، پەرتووکەکەش لێکۆڵینەوەی توند و تیژی تیایە بۆ ئیسلام. ئەمە زۆر رقی ئیمامی هەستان و بڕیاری دا ئەو پەرتووکە بەدرۆ بخاتەوە. دوای چەند رۆژێک، لە مزگەوت، بڵاوی کردەوە کە گوایە مەلایەکی بەرێز ئەم پەرتووکەی بۆ ناردوە تاوەک وەڵامی ئەو شتانە بداتەوە کە تیایا نووسراوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئیمام حەزی لە ناو دەرکردن و حەزی لەوە بوو باسی بکرێ، کابرایەکی زۆر رۆح سوک و باش بوو. چەند جار ئاگر و رقی خەڵکی بەرامبەر بە مەلا حەمەسەعی سارد کردەوە سەرەرای بەرهەڵستی خەڵکەکە و حاکمی

شاریش. جارێک هەندێ کەس هاتن بۆ لای بۆ ماڵەوە تاوەک فەتوایەک دەرکات بۆ کوشتنی حەمەسەعی، بەڵام ئەم لێیان تورە بوو و دەری کردن.

لەو بەینەدا مەترانێکی کاتۆلیکی ناودار هات بۆ شاری سنە ناوی (مارشەمعون) بوو، تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، مرۆڤێکی زۆر سادە و ساکار بوو، زانین و زانستیەکی قوڵی لە پەرتووکی پیرۆزا هەبوو. مەلا حەمەسەعی زۆر حەزی کرد نزیک بێتەوە لێی، بەڵام شتێکی ئاسان نەبوو بۆی بە رۆژی روناک بڕوات بۆ کڵێسە و سەری لێ بدات. ناچار لە دەرگای پشتەوەی کڵێسەکەوە بە دزیەوە خۆی ئەکرد بە کڵێسەکەدا یا بەسەر دیوارەکەدا ئەهات، جاری واش هەبوو بێ ئەوەی گوێی باتێ بە دەرگای دەرەوەدا ئەهاتە ژوورەوە و ئەچوو بۆ لای.

مەلا حەمەسەعی کاتێکی زۆری بەسەر برد بۆ خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز بە زمانی عەرەبی و سریانی بەیەکەوە لەگەڵ مارشەمعونا. حەمەسەعی ماوەیەکی کەم بوو باوەڕی تەواوی بە عیسا و بە پەرتووکی پیرۆز هێنا بوو، ئەم کارەش لە ئینجیلا پێی ئەوترێ (لەدایک بوونەوەی تازە) یا (لەدایک بوونەوە سەر لە نوێ)، چۆن منداڵێک تازە لە دایک بووبێت. هەموو ئەم کەسانەش پێویستیان بە یارمەتی و رێنمایی کردن و خۆراکی رۆحی هەیە بۆ نشونما کردن و گەورە بوونیان. حەمەسەعیش لێرەدا سوودێکی زۆری لە فێرکردنەکانی مارشەمعون وەرگرت.

پاش ماوەیەک ئیتر کاتی ئەوەهات کۆتایی بێت بەم

پەیوەندی و یەکتری بینینە. ڕۆژێکیان کاتێک مەلا حەمەسەعی چوو بۆ لای مار شەمعون، سەیری کرد خەریکە خۆی کۆئەکاتەوە بۆ بەیانی بۆ ڕۆیشتن.

مەلا بڕیاریدا شار بەجێبهێڵێت و رابکات، بەیانی زوو هەستا و بە پێ کەوتە ڕێ بەهەمان ڕێگادا ئەوەی مارشەمعون گرتبویە بەر. بێ پریاسکە و هەگبەی نان، بێ جل و شتی پێویست، لە گیرفان و باخەڵیشیا بیست و پێنج تمەن زیاتری پێ نەبوو، بە هیوای ئەوەی بگات بە مارشەمعون.

دوای ئەوەی پانزە کیلۆمەترێکی بە پێ بڕی، بۆی دەرکەوت ئیتر ناتوانێت مار شەمعون بگرێتەوە، وا دەرئەکەوت ئەو لە نیوەشەوا کەوتبێتە ڕێ. ناچار وەرچەرخا و بە هەمان ڕێگەدا گەڕایەوە، دڵ تەنگ و برسی، هەردوو پێ بریندار، پێ کانی ئەوەندە بڵقیان کردبوو تا ماوەیەک بە شەلە شەل ئەرۆیشت بەڕێوە.

زستان هات، ترسی مەلا حەمەسەعی زۆر تر بوو، چەوسانەوەی لەماڵەوە بەدەستی کاکەی برای، بە شێوەیەک پەرەی سەند زیاتر بوو لە سنوری دان بە خۆداگرتنی ئەو. ڕۆژێکیان کاکە و حەمەسەعی لە ماڵەوە دانیشتبوون، دراوسێیەکیان کتێبێکی دەست نووسی ئیسلامی پێ بوو، باسی لەدایک بوونی محەمەدی پێغەمبەر و جوبرائیل و ئادەم و حەوا و مریەمی ئەکرد. کابرا کتێبەکەی دا بە مەلا حەمەسەعی بۆی بخوێنێتەوە، لە کاتی خوێندنەوەدا کاکە زۆر شانازی کرد بە پێغەمبەرەوە کەوا پێغەمبەرێکی سەر

سورهێنەرە.

لێرەدا حەمەسەعی بێ ئەوەی بترسێت، پێشنیاری ئەوەی کرد بۆ کابراکە، ئەگەر بێت و بیەوێت، با بەیەکەوە سەیری پەرتووک و سەرچاوە یەزدانیەکانی کە بکەن تا بزانن لەبارەی لەدایک بوونی محەمەدەوە چی نووسراوە. بۆ نموونە پەرتووکی پیرۆز ئەوەی زۆر لە پێش قورعانەوە هاتووە.

کابرای دراوسێیان بەم پێشنیارە قایل بوو، بەڵام کاتێ کاکە ئەمەی بیست، بە تورەییەوە هەڵسا و پەلاماری تفەنگە هەڵواسراوەکەی خۆی دا و ئاراستەی حەمەسەعی برای کرد، حەمەسەعی بێ دەنگ راوەستا و هیچ جوڵەی بۆ نەکرد، کابرای دراوسێیان بە خێرایی خۆی دا بەسەر دەستی کاکەدا و تفەنگەکەی لەدەست سەنەوە.

لێرەدا مەلا بەتەواوی بۆی دەرکەوت کە لە شاری سنە بێجگە لە ترس و ریسوا کردن

هیچ شتێکی کەی بۆ نەماوەتەوە، باشە ئەم ئەبێت چی بکات؟

هەر لەم کاتەدا کاکەی برای خەریکی ئامادە کردنی شتی ژن هێنان بوو، مەلا حەمەسەعیش لە دڵی خۆیدا وا بیری کردەوە، گەر کاکە زوو ژنەکەی بهێنایە، ئەوا کەمێک خەریک ئەبوو بە ژنەکەیەوە و تۆزێکیش ئەوی لە بیر ئەچوەوە، بەڵام کاکە خۆی بەقەدەر حەمەسەعی پەلەی نەبوو لە ژن هێنانەکەیدا.

مەلا دیسانەوە بیری لە راکردن ئەکردەوە، بەڵام ئەوەتا دوو هەوڵدانی راکردن هەردووکیان سەری نەگرت، کەواتە بۆ ژیان لە ماڵەکەدا لەگەڵ کاکە هەر یەک رێگا ماوە، ئەویش ئەوەیە راستی هەموو شتێک بەتەواوی بە کاکەی برای بڵێت.......... نەک لەبەر ئەوەی کاکە شتەکە نازانێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کاکە خۆی گێل ئەکرد لە باوەڕی تازەی براکەی.

مەلا پاش ئەوەی بە ووردی شتەکانی لێکدایەوە، بیری کردەوە لە قورعان کە فرمانی داوە بە تێرۆکردن و کوشتنی ئەو کەسەی دینی ئیسلام بەجێ ئەهێڵێت و باوەڕ بە رێگا و ئاینێکی کە ئەهێنێ. لێرەدا ئەم باوەڕی وا بوو کە ئەبێت رۆژێک لە رۆژان بە دەستی کاکەی برای بکوژرێت، ئەوەتا بۆ ماوەیەک ئەچێ رۆژانە بەرەنگاری مردن ئەبێتەوە، جا بەمە ئەو پەندەی بیر کەوتەوە کە ئەڵێت:

دوای رەش، رەش تر نیە.

حەمەسەعی بڕیاری تەواوی خۆی دا بەوەی لای کاکەی برای دان بە هەموو شتێکا بنێت، بەڵام بە شێوەی نووسین، نەوەک کاکە لە کاتی قسەکردنی ئەما بورکانی رقی بتەقێت. بۆ ئەم کارەش هەستا نامەیەکی نووسی بۆ براکەی، وەک چۆن نامەی ماڵ ئاوایی ئەنووسرێت. نامەکەی بەم جۆرە دەست پێ کردبوو:

مەزنی بۆ یەزدانی داناو بێ شەریک، ئەوەی نابینرێت، ئەوەی خەڵاتی خۆی ئەبەخشێت بەوانەی ژیانی خۆیانی

پێشکەش ئەکەن..... مانەوەی من لەم شارەدا شتێکی مەحاڵە..... گەر ئەشم کوژی بەر لەوەی بیر و باوەڕی من بزانیت، خۆم بە شەهید ئەزانم، چونکە

دڵنیام لەوەی یەزدان لە بارەگای خۆیدا وەرم ئەگرێت. گەر وازیشت لێ هێنام، ئەوا تا من مابم خزمەتت ئەکەم........ لە کاتی رق و تورەییتا داوای سەلماندن و هۆی گۆرینی باوەڕم لێ مەکە............. بۆ ماوەیەک ئەچێت بووم بە مەسیحی......... باش ئەزانیت خەڵک چۆن بیر لە من ئەکەنەوە.......... مانەوەم لەم شارە بۆ ماوەیەکی کە ترسی هەیە بۆ ژیانم.

حەمەسەعی بە نووسینی ئەم نامەیە، بە دەستی خۆی حوکمی کوشتنی بۆ خۆی دەرکرد. لە نێوان ترس و هیوادا، بۆ ماوەی چەند رۆژێک ئەم دینامیتە خەتەرەی لە بەر باخەڵی خۆیدا هەڵگرت. شەوێک کاکە و مەلای برای لە ماڵی خۆیان لە گەڵ دراوسێیەکیانا دانیشتبوون خەریکی قسە و باس بوون، قسە هاتە سەر باسی دین، کاکە و میوانەکە دەستیان کرد بە رەخنەی بریندارکەر، بە شێوەیەکی وا حەمەسەعی نەیتوانی لە ژوورەکە بمێنێتەوە و ژوورەکەی بەجێ هێشت.

رۆیشت کەوت بەسەر زەویدا و دەستی کرد بە نوێژ کردن و پاڕانەوە لە یەزدان تاوەک لەم بار و دۆخە ئاڵۆزەدا رێگایەکی پیشان بدات.

پاش ماوەیەک هاتەوە ژوورەکە و نامەکەی دەرکرد و دایە

دەستی کاکەی برای. دراوسێکەیان بە گۆڕینی ڕەنگی دەم و چاوی کاکەدا و بە لەرزینی دەستیدا، هەستی بە شتەکە کرد و خێرا ئەویی بەجێهێشت.

هەردوو براکە لە ناوەوە قولپیان ئەدا، کاتێ کاکە باش سەیری ئەو ڕستەیەی کرد کە داوای لێ ئەکات و تکا ئەکات، لە کاتێ ڕق و توڕەییدا داوای سەلماندن و هۆی ئەم گۆڕان کاریەی لێ نەکات، هەستا و چووە لای چرای ژوورەکە و لە ڕقا قاقەزەکەی سووتاند، ئەمەش شتێکی زۆر باش بوو بۆ مەلاحەمەسەعی. ئێستا ئەو نامەیەی تیایا بە خەتی خۆی ئەی سەلمێنێت کە ئەم لەسەر ڕێگای ئیسلام ناڕوات و باوەڕی بە ڕێگایەکی کە هەیە، سوتا و لە ناو چوو.

دوو برا نزیک بە زۆڕپای ژوورەکە چوونە ناو جێگای خەوتن، بەڵام کەسیان خەوی لێ نەئەکەوت، یەکێکیان لە ڕق و توڕەییا ئەوی کەشیان لە ترسا. دوای ماوەیەک کاکە خۆی

بۆ نەگیرا و دەستی کرد بەقسە کردن بەڵام چۆن قسە کردنێک. لەگەڵ ووتنی هەموو ڕستەیەکا پلەی ڕق و شێوەی دەنگی زیاتر بەرز ئەبوەوە و بێ دەنگی بوونی حەمەسەعیش زیاتر شێتگیری ئەکرد. لە دواییدا بە تەواوی دەنگی لێ بەرز کردەوە و هاواری کرد و ووتی:

ئینسان لەگەڵ سەگا چۆن ئەتوانێت بژی..............
هەستە بڕۆرە دەرەوە. ماڵەکەیان کەوتبووە قەراغ شار، وەرز وەرزی زستانە، ئێواران هەر کە دنیا تاریک بوو، زۆر جار

گورگی برسی بەوناوەدا ئەهات بۆ دۆزینەوەی شتێک بیخوات. حەمەسەعی لە کاکە پاڕایەوە و ووتی: ئاخر بەشەوێکی ئاوها بۆ کوێ بڕۆم؟

کاکە: من هەقی ئەمەم نیە.

مەلاحەمەسەعی: بیەڵە ئەم شەو لێرەبم، بەیانی زووماڵەکە بەجێ دێڵم.

کاکە: بڕۆ دەرەوە هەی سەگی مەلعون.

مەلاحەمەسەعی خێرا جلی لەبەر کرد و بەو سەرما و تاریکیە ماڵی بەجێهێشت. چەند کەسێکی لە مەسیحی‌یە کاتۆلیکەکان ئەناسی، هەستا و چوو بۆ لایان بەڵام داوای لێبوردنیان لێ کرد، لە ترسی ئەوەی نەک بەهۆی جێگە کردنەوەی لە ئیسلام وەرگەڕاوێکی وەک ئەو تووشی گیروگرفت بێن، ئەمیش تێگەیشتنی خۆی دەرخست بۆ بارودۆخەکەیان و هیچ گلەییەکی لێ نە کردن. لێرەدا پێش بینیەکانی عیسای بیرکەوتەوە، کە تیایا باسی ئەو ئازار و دەردەسەریە ئەکات ئەوەی دێتە ڕێگای باوەڕدارانی بەهۆی باوەڕیانەوە.

پاشان پیرێژنێک کە لەکۆنا ئەم یارمەتی دابوو لە نامە خوێندنەوە و نامە نووسینا بۆی، دەرگای ماڵی بۆ کردەوە و هێنایە ماڵەوە.

کاکەی برای بەیانی زوو دەستی دایە تفەنگەکەی و لە

یەکێک لەو دوکانانەی بەرامبەر کڵێسەی شارەکە بوو، دانیشت بۆ حەمەسەعی برای، وای بیرکردەوە براکەی ئەم شەو چووە بۆ ئەوێ و لەوێ خەوتووە. کاتێک لێیان پرسی، بۆچی بە خۆی و تفەنگێکەوە لێرە دانیشتووە و چی ئەکات لێرە؟ لە وەڵامدا ووتی:

براکەم بۆتە کافر، لێرە چاوەڕێی ئەکەم بێت و بیکوژم.

کاتێ خەڵکەکە دییان برا گەورەی مەلاحەمەسەعی خۆی وا بە تفەنگەوە راوەستاوە و دەرچوونی مەلاحەمەسەعی لە دینی ئیسلام بڵاو ئەکاتەوە، ئاگاداری‌یەکیان وەرگرت و دەست کرا بە ڕێگە و پیلان دانان بۆ کوشتنی. کاکە خۆی ئامادە بوو بۆکوشتنی براکەی، بەڵام ئامادە نەبوو براکەی بداتە دەست ئەو خەڵکە توڕەیەی ئەوێ، ئەوان بی کوژن.

پاشان کاکە بەزەیی هاتەوە بە براکەیدا، هەستا و ڕۆیشت بۆ لای پوورێکی کە ژنێکی زۆر زیرەک و عاقڵ و دڵ نەرم بوو، ئەمیش بۆ ئەوەی راوێژی پێ بکات، هەردووکیان بە یەکەوە هەستان و چوون بە شوێن حەمەسەعی دا بگەڕێن.

دوای گەڕان سەیریان کرد لە قوتابخانەکەیە ئەوەی دەرسی تیا ئەڵێتەوە. لێرەدا کاکە لەگەڵ براکەی پەیمانی جۆرە ئاشتبوونەوەیەکیان بەست، بەو هۆیەوە حەمەسەعی دیسان گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئەم جارەیان وەک مەسیحی‌یەکی باوەڕدار.

لە ناو ماڵەکەیاندا جۆرە پاراستنێک هەبوو بۆ ژیانی ئەو،

بەڵام ئەم ترسی زۆری لە چوونە دەرەوە هەبوو، شـەوان بە هیچ جۆرێک نەئەڕۆیشتە دەرەوە، نەوەک لەپڕ لە لایەکەوە پەلاماری بدرێ. حـەبیب و فـەیزوڵا و چەند هاوڕێیـەکی کەی، تازەترین هەواڵی هەمـوو ئەو قـسـە و پلانانەی دژی ئەکرێت، بۆیان ئەهێنایەوە بۆ ماڵەوە. سەرنجیان بۆ شتەکان رائەکێشا و ئاگاداریان ئەکردەوە بۆ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت.

لە بەهاری ساڵی ١٨٨١ز لە سەر داواکردنی چەند جارەی حەمەسەعی، سێ باوەڕداری ئینجیلی لە هەمەدانەوە هاتن بۆ شاری سنە، بۆ بڵاو کردنەوەی ووتە و ووشەی ئینجیل. بینییان شار ئاڵۆزە و بۆنی دوژمنایەتی لێ دێت.

لە نەگبەتی ئەوانا خزمەت کارێکی ئەرمەنی کە بۆ ئەو سەفەرە لەگەڵیان بوو، هەندێ پارەی لە یەکێک لەوان دزی و شتەکە کەوتە پرس و پرس کاری و دادگاوە. کابرا لە دادگادا دانی بە دزینی پارەکەدا نا و ئەم هەواڵەش چۆن ئاگر لە پووشی ووشک بەر ئەبێت، ئاوها بە هەمـوو شارا بڵاو بووەوە، بەوەی ئەم مـەسـیـحـیـانەی هاتوون رێگەی راست پیشانی موسوڵمان بدەن، خۆیان لە ناو خۆیانا دزن، بەمە خەڵکەکە زیاتر وورووژا.

سـەرەرای ئەمـەش، هەواڵێک بە ناو خـەڵکەکـەدا بڵاو بووەوە، گوایە مەلاحەمەسەعی چووە کتێبی قورعانی داوەتە دەست مەسیحیەکان و حورمەتی ئیسلامی شکاندوە، بۆیە پێویستە دەستی راستی ببڕرێتەوە. دەست بەجێ هەندی کەس بە هاوار هاوار و خۆ شێت کردنەوە رۆیشتن بەرەو ئەو

ماڵەی مەلاحەمەسەعی و مەسیحیەکانی لێبوون، بۆ گرتنی تاوانبار. خوا کردی لەو کاتەدا برای ئیمامی جومعەی سنە لەو ناوە بوو، توانی بڵــاوە بە خــەڵکەکــە بکات و مەلاحەمەسەعیش بباتەوە بۆ ماڵەوە. لەبەر ئەم رووداوە ناخۆشە، مەسیحیەکان هەر سێکیان گەڕانەوە بۆ شاری هەمەدان.

یەکـێک لەم باوەڕدارانە هەسـتی بەو بارودۆخـە پڕ لە مەترسی‌یەی حەمەسەعی کرد، بانگی کرد بێت بۆ هەمەدان و هەر لەوێش لە باتی مامۆستا کۆنەکەی کە لە ناکاو کۆچی دوایی کردبوو، وانە و دەرسی بداتێ. ئەویش رای کاکەی برای وەرگرت و پێی ووت:

گەڕانەوەم بۆ ئیسلام بەهیچ شێوەیەک نابێت. مانەوەشم لێرە یەعنی مردن، بەزەبیت پیاما بێتەوە و وازبێنە برۆم.

دوای ئەوەی کاکە ئەم شتەی لەگەڵ خزمێکی خۆیاندا باس کرد، رازی بوو بەوەی حەمەسەعی برای بڕوات بۆ هەمەدان.

کـاکـە بڕیاری دا خـۆی سـەر پەرشـتی ناردن و دەرچوونی براکـەی بکات، تا ئەیگەێنێت بەو کـاروانانەی لە نزیک شارەوە تێپەر ئەبن. دوای نیوەڕۆ هەردوو براکە ماڵەوەیان بەجێهێشت، هەریەکەیان بە رێگایەکدا، بەمەرجێ دوایی لە شـوێنێک کـە خـۆیان دەست نیـشـانیـان کـردبوو بەیەک بگەنەوە. مەلاحەمەسەعی بە دەستی بەتاڵ و کـاکـەش بە هەندێ شتومەکی پێویستی براکەیەوە، ئەمەش بۆیە، تا ئەگـەر کـەسێ مـەلای بینی بە کـۆڵ و بارەوە نەبێـتـو بە

ڕۆیشتنەکەی نەزانرێت. لێرەدا حەمەسەعی زۆر سەرسام بوو بوو لە هەڵسوکەوتی کاکەی برای، ئەو نەک هەر رازی بوو بە سەفەرەکەی بەڵکو ئەوەتا یارمەتیشی ئەدات بۆ دەرچوون و ڕێکخستن و ڕەخساندنی سەفەرەکەی.

کاتێ دوو برا یەکتریان بینی لەو شوێنەی دایان نابوو و ویستیان بەیەکەوە بڕۆن، سەیریان کرد ئاوی ئەو چەمەی ئەبێت پیایا بپەڕنەوە بەهۆی بارانی بەهارەوە ئاوەکەی زۆر هەڵساوە، ئەمانیش نەیان ئەویست بە پردێکا بپەڕێنەوە کە لەسەر ئەم چەمە بوو تا خەڵکی نەیان بینن. ناچار ماوەیەک بە قەراغی چەمەکەدا سەر و ژووریان کرد تا شوێنێکیان دۆزیەوە، لەوە ئەچوو بتوانن پیایا بپەڕێنەوە. کاکە پێڵاوی داکەن و خۆی بۆ هەڵکرد و براکەی دا بەکۆڵیا و پەڕانیەوە بۆ بەری ئەوبەری چەمەکە، پەڕینەوەکەیان شتێکی وا ئاسان نەبوو چونکە ئاوەکە یەجگار خوڕبوو.

حەمەسەعی دوای چەند ساڵێک لە نووسینەکانی خۆیدا ئەنووسێت:

کاکەی برام بەم ئیشە پڕ لە خۆشەویستیەی، مەرهەمی خستە سەر هەموو ئەو برینانەی تیاما دروستی کردبوو. ئەو یادە تا ئێستاش هەر لە خەیاڵمایە، کاتێک کە بیری لێ ئەکەمەوە، فرمێسک ئەڕژێتە ناو چاوم.

دوو برا دەمەو ئێوارە گەیشتنە کاروانەکە. مەلاحەمەسەعی بە ڕێزەوە دەستی کاکەی ماچ کرد و ئینجا ئەملا و ئەولای ماچ کرد و بە چاوی فرمێسکاویەوە خواحافیزی لێ کرد،

کاکەووردە ووردە لێی دوور کەوتەوە بێ ئەوەی هیچ بڵێت.

کاروانەکە لە نیوە شەودا کەوتە رێ بە بێ راوەستان هەتا دنیـــا رووناک بووەوە و رۆژیان لێ هەڵهــــات، دوایی راوەستان تا کەمێ پشوو بەن و نانی بەیانی بخۆن، پاش ماوەیەک کاروانەکە کەوتەوە رێ و حەمەسەعی ووردە ووردە ترس لە دڵیا کەم ئەبووەوە و هەستی بە ئاسایی بوونەوەی دەرونی ئەکرد........ بەڵام لەپڕ ئەم خەوە خۆشەی لێ تێک چوو، سـەیری کـرد کـاکـەی برای و حـەبیبی هاورێی و خزمێکیان کە ناوی کەرەمە بەپێ دێن بەرەو لای ئەو، کاتێ ئەوانی دی ترس وەک بروسکە بەهەموو لەشیا هات.

کاکـە لێی نزیک بووەوە و دەسـتی گرت و بردیە ئەولاوە و پێی ووت:

خەڵکی شار هەموو ووروژاون و چوون بۆ لای حاکمی شار، ئەڵێن ئەبێ بگەڕێتەوە.... ئەگەر نەگەڕێتەوە ماڵەکە بە سەر براکەیا ئەروخێنن....برام بەزەیشت بە منا بێتەوە،

وەرە با بگەڕێینەوە...... داوای عەفو بکە...... بگەڕێرەوە بۆ ئیســـــلام...... لەبەر ژیانی خـــۆت، لەبەر ژیانی منیش......

لەم کاتەدا حەبیب و کەرەمیش هەمان شت داوایان لێ کرد بۆ ئەوەی بگەڕێتـــەوە. حـەمـەســەعی لە باس و بیری گەڕانەوەیدا بۆنی مردنی ئەکرد، رووی تێکردن و ووتی،

بمكوژن لێرا..... خۆتان بمكوژن.... من ناگەڕێمەوە.... بەهیچ شێوەیەک ناگەڕێمەوە و واز لە باوەڕی خۆشم ناهێنم.

لێرەدا کاکە دڵ تەنگی و غەمباریەکی زۆر دایگرت، حەبیب دەستی حەمەسەعی گرت ویستی رایکێشێت، ئەویش خۆی خستە بەر پێی کاکە و هاواری لێ کرد:

هەرئێستا لێرا بمکوژە.......

کاکە وەک دوا هەوڵ دانێک، دەستی دایە کۆڵەکەی حەمەسەعی ئەوەی پەرتووکەکانی تیابوو، هەڵیگرت و ڕۆیشت، ئەویش بە پاڕانەوەوە دوای کەوت و پێی ووت:

هەموو شتەکانم بەرە، بەڵام ئینجیلەکەم بەرەوە.

دوای ئەوەی کاکە گوێی بۆ ئەم داواکاریە رانەگرت، مەلاحەمەسەعی گەڕایەوە بۆ لای کاروانەکە. کاتێ کاکە زانی نەخێر ئەمەش سوودی نیە، شتەکانی لە سەر زەویەکە بۆ دانا، کە هات شتەکانی ببات، دەستی کردە ملی و دواییش رووی وەرگێڕا و لەگەڵ حەبیب و کەرەم ملی رێگای گرت بەرەو سنە بەڵام بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە. مەلاحەمەسەعیش لەولاوە بێ ئەوەی بیەڵێت خەڵکی کاروانەکە پێی بزانن، گریانێکی چاک بۆی گریا.

کاتێ هاتەوەسەرخۆی لە دڵی خۆیا ووتی:

سەیرکە براکەت بە دڵ شکاوی گەڕانەوە......... کێ

ئەزانیێت بە دەستی ئەو تورە و توندڕەوانە چی بەسەر دێت.... ؟ کێ ئەزانیێت خۆت چیت بەسەر دێت لە هەمەدان.... ؟ هەستە واز لەم باوەڕە بێنە....... بڕۆ بۆخۆت بە ئاسودەیی و بێ موشکلە.

لێرەدا گۆڕانێکی زۆر سەیر بە سەریا هات، وەک دەنگێ لە ناوەرۆکیا ئەم ووتانەی عیسای بۆ بلێ: گەر یەکێک بێتە لای من و من لە هەموو شتێک گرنگتر نەبم لای، لە باوک و دایک ژن و منالّ و خوشک و برای، بگرە لە خۆشی،ئەوا ناتوانێ قوتابی من بێت(مزگێنی لۆقا)

لە باوک و دایک لە ژن و منالّ و خوشک و برای، بگرە لە خۆشی، ئەوادیسان هەر ئەو دەنگە: کەس دایک و باوکی و ژن و منالی و خوشک و برای و مالّ و کێلگەی خۆی بەجێ نەهێشتووە لەبەر من و هەر لەم دنیایەدا سەد ئەوەندەی وەرنەگرتبێتەوە و لە داهاتووشا ژیانی جاوێدانی..........(ئینجیل مەرقۆس) حەمەسەعی بەمە توانا و هێزی تازەی وەرگرت و بەردەوام بوو لە سەفەرەکەیدا.

بۆ رۆژی دوایی کاتێ کاکە گەڕایەوە بۆ ناو شار، هەندێ خەلکی تورە و توندڕەو لیی کۆمەلّ بوون و بە هەڕەشە لێکردنەوە پێیان ووت:

ئەزانین بۆ حەمەسەعیت نەهێنایەوە و هێشتت بروات....... بەریشوەت..... ئەجنەبییەکان پارەیان داویتەتێ..........

ئینجا کۆمەڵەکە بەیەکەوە بڕیاریاندا ماڵەکەی کاکە بروخێنن. حاکمیش ئەگەر ئیمامی جومعە نەبوایە، بۆ هێواش کردنەوەی خەڵکەکە خەریک بوو بڕیاری روخاندنی ماڵەکە و دوورخستنەوە و دەرکردنی کاکە بدات. لێرەدا ئیمامی جومعە بە حاکمی ووت:

جەنابتان ئاگاداری ئەو شتەن کە مەلاحەمەسەعی بۆ زانین و زانیاری لە بارەی مەسیحیەتەوە یارمەتی منی ئەدا، ئێستاش من خۆم ناردوومە بۆ هەمەدان تاوەکو زانیاری زیاتر لە سەر ئەم باسە بەدەست بهێنێت. ئیتر کاکە هیچ گلەیی لە سەر نیە.

کاکە لێرەدا بەم فێڵە رزگاری بوو بەڵام خەڵکەکە زۆر داخ لە دڵ بوون بۆ دەرچوون و دەرباز بوونی حەمەسەعی. چەند کەسێک هەستان و داوایان لە کابرایەک کرد بە ناوی فەیزوڵاوە ئەمیش کابرایەکی سوار چاک بوو، تاوەک بڕوات و سۆراغی حەمەسەعی‌یان بۆ بکات و بە زیندوویی بێ یا بە مردوویی بۆیان بهێنێتەوە.

کاتێ فەیزوڵا خۆی ئامادە ئەکرد بۆ ئەم کارە و ئەیویست بڕوات، کابرایەک بە هەناسە برکێوە هات و داواکارییەکی خێرای بە فەیزوڵا راگەیاند، ئەم داواکاریەش لە شێخی سەرەک خێڵی فەیزوڵا خۆیەوە هاتبوو. داوای ئەوەی لێ ئەکات، بە پەلە بڕوات بۆ دێیەک لە دێکانی خۆیان، مانای ئەم کارە بەتەواوەتی دوای ئەخات و ناتوانێت بە کاروانەکەی مەلا بگات. مەلاحەمەسەعی پاش پێنج رۆژ گەیشتە شاری هەمەدان.

# بەشی چوارەم
# لە هەمەدان

دوای گەیشتنی مەلاحەمەسەعی بۆ هەمەدان، پەیوەندی کرد بەو قوتابخانەیەی تایبەتی بوو بە باوەردارانەوە، هەندێک لەو کەسانەی ئەرکی بڵاوکردنەوەی ووشەی یەزدانیان خستۆتە سەر شانی خۆیان، لە مەسیحی و ئەرمەن و جولەکە بە مەسیحی بووەکان، لەم قوتابخانەیەدا ئەیان خوێند. حەمەسەعی لێرە بە ئازادی هەڵسوکەوتی خۆی ئەکرد و لەگەڵیانا پەیوەندی ئەکرد.

زۆر جار مەلا هۆنراوەیەکی لە هۆنراوەکانی (جامی) شاعیری بیر ئەکەوتەوە و لە دڵی خۆیا ئەیووتەوە، ئەوەی تیایا ئەڵێت: ئەی یەزدان، من بەخەبەرم یا خەو ئەبینم. . .

مەلا دوای ماوەیەک جلێکی ئەرمەنی لەبەر کرد و مێزەرە سپیەکەی سەری گۆری بە شەپقەیەکی رەش، سەرە بە مووس تاشراوەکەی هێشتەوە بۆ ئەوەی قژی سەری بێ و لەگەڵ هاورێکانیا بە شێوەیەکی کەی جیاواز دەرنەکەوێت. حەمەسەعی لە مەلاحەمەسەعیەوە بوو بە میرزاحەمەسەعی. هەموو بەم شێوەیە بانگیان ئەکرد، وەک رێزلێگرتنێک.

لەم کاتەدا مەسیحی یەکی تازە هاتبوو بۆ قوتابخانەکە، حەمەسەعی وەک مامۆستایەک دەرسی زمانی فارسی پێ ئەوتەوە، ئەویش بەرامبەر بەمە لە خوێندنی ئینگلیزی و پەرتووکی پیرۆزا یارمەتی ئەدا. حەمەسەعی ویستی بۆ

هێنانە دی ئەو داواکاریەی لە ئینجیلدا هاتووە و نووسراوە، لەئاو هەڵکێشرێت، بەڵام مەسیحی یەکان لەو کاتدا لە ترسی دروست بوونی گیروگرفت، بەرامبەر جێبەجێ کردنی ئەو کارە راوەستان.

ئەم ماوەیە زۆر کورت بوو، هەر لەو سەردەمەدا برای شا بوو بە پارێزەری هەمەدان، ئەمیش کابرایەکی خراپ و بەزەبروزەنگ بوو، بەناوبانگ بوو لە دڵ رەقیدا. لێرەدا

ترس کەوتە دڵی ئەرمەنیەکانەوە، ئەوان وا بیریان کردەوە کە بەهۆی تێکەڵاو بوونی حەمەسەعیەوە تووشی گیروگرفت بێن و ئەوە بکرێت بە هۆیەک و بەهانەیەک بۆ ئازار دانیان. لەبەر ئەوە هەموو بە گشتی داوایان لە بەرێوەبەری قوتابخانەکە کرد بۆ ئەمە بە کارێک هەڵسێت و شتێک بکات.

حەمەسەعی هەستا و سەری تاشی و جلی وەک جاری جاران لەبەر کرد، ئەمەش شتێکی راست بوو لەوەوە کە بە قسەی مەسیحی یەکان بکات چونکە ئەوان باش ئەیان زانی چی باشترە بۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو لەو ناوچەیە.

ئەو بۆ ئەوەی دەریخات کە ئەتوانێت لەگەڵ شێوەی ژیانیانا بڕوات و بیر لە ئیسلام ناکاتەوە، بە تەواوەتی تێکەڵاو بە هەموو ئەرمەنیەکان بوو، باوەڕدار و بێ باوەڕ. هەندێ ئەرمەنی بانگیان کرد بۆ مەی خواردنەوە، ئەویش رازی بوو و چوو لەگەڵیان، ئەوەندەی پێنەچوو فێری خواردنەوە بوو و ئەیخواردەوە بێ حساب کردن و بێ دانانی سنورێک بۆ

خۆی. هەر لەم کاتانەشا پەیوەندی لەگەڵ کەسانی موسوڵمان ئەکرد، لەگەڵ مەسیحی یەکان مەسیحی بوو و لەگەڵ موسوڵمانانیش موسوڵمان. باوەڕی لە هیچ کاتێکی ژیانیدا ساردی وەک ئەم ساردیەی ئێستای بەخۆیەوە نەدی بوو. شێوەی وەڵام دانەوەشی بۆ ئەو نامە و داخوازیانەی لە شاری سنەوە بۆی ئەهات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئیسلام و بۆ ماڵەکەی خۆی، ئازایەتی و باوەڕێکی وای تیانەبوو شایان بە باوەڕ و ڕێگای مەسیحی‌یەت بێ.

پرسیاری ئەوەی لەخۆی ئەکرد، ئایا ئەو بیرە ئیسلامیەی کە ئەڵێت عیسا مەزنتر بووە لەوەی خۆی تووشی ڕوورەشی لە خاچدان و ئازار بکات شتێکی گونجاو نیە؟ ئەو خواستی ئەوەبوو کە ئایەتەکانی ناو قورئان ئەوەی باسی لە خاچدانی عیسا ئەکەن ڕاست بن: نە کوشتیان، نە لەخاچیاندا بەڵکو وایان بۆ دەرکەوت. سورەتی ئافرەتان ئایەتی ١٥٦)

پایزی ساڵی ١٨٨٢ز سێ مەسیحی باوەڕدار هاتن بۆ ناو کۆمەڵەی باوەردارانی شاری هەمەدان. داوایان لە حەمەسەعی کرد دەرسی زمانی فارسیان پێ بڵێتەوە، بەرامبەر بەمە

یەکێک لەم سیانە کە دکتۆر بوو، خێزانەکەی هەستێ بە ئەرکی ووتنەوەی دەرسی ئینگلیزی بە حەمەسەعی.

لەگەڵ دەست پێکردنی بەهارا کەرەسە و بابەتی ئیشی دکتۆرەکە گەیشت و لەشاری هەمەدانا عیادەی خۆی کردەوە. لەولاشەوە حەمەسەعی پێشکەوتنێکی باشی لە زمانی

ئینگلیزیا کردبوو، کەواتە ئێستا ئەم زمانی کوردی، فارسی، سریانی، عەرەبی و کەمێک ئینگلیزی ئەزانێت، لەبەر ئەمە دکتۆرەکە لە عیادەکەی خۆیا وەک وەرگێڕ و یاریدەدەرێک دای نا.

ڕۆژێک لەو ڕۆژانەدا، حەمەسەعی بە ڕێکەوت هۆنراوەیەکی قەشەی باوەڕداری بەناوبانگ فەرەنسیس زافیەی کەوتە بەر دەست، ئەوەی کە تیایا ئەڵێت:

ئەی یەزدانم خۆشم ئەوێیت
نەک تەنها لەبەر ئەوەی لە ئاسمانا لای خۆتەوە دام ئەنێیت،
نەک چونکە مردن نادەی بەوانەی خۆشیان ئەوێیت،
ئەی یەزدانم، من بە ڕاستی خۆشم ئەوێیت.
تۆ عیسای منی، بۆ من لەسەر خاچ هەموو خۆشەویستی خۆت دەربڕی
لەبەر من بوو کە ڕازی بووی بە بزمار و ڕم و لێدان و دەردەسەری.
ئازار و ئەشکەنجە و تەنانەت مردنیش،
هەموو ئەم شتانەت بەسەر شانی خۆتا هانی
بۆ مرۆڤ، ئەوەی ئەیکرد لەگەڵتا دژایەتی و بەربەرەکانی.
کەواتە ئیتر بۆچی تۆم خۆش نەوێت؟
خۆشەویستیەکی وا، بۆ بردنەوەی ئاسمان نەبێت
خۆشەویستیەک، لە تاو ترسی دۆزەخ نەبێت
بە تەماعی وەرگرتنی خەڵات نەبێت
خۆشەویستیەک، وەکو خۆشەویستیەکەی تۆ وابێت.

ئەم ووشانە زۆر کاری تێکرد و ئاگری باوەڕی لە دڵیا خۆش کرد.

شتێکی کەش زۆر پاڵ پێوەنەر بوو بۆ ئەو، ئەویش سەردانی کاکەی برای بوو بۆ لای. لە پایزی ساڵی ۱۸۸۳ز کاکە هات بۆ هەمەدان، زۆر بە گەرمیەوە باوەشی کرد بە حەمەسەعی برایا، وا دیار بوو ئەو رقە کۆنەی لە دڵ نەمابێ و رازی بێت بەو باوەڕە تازەیەی کە براکەی هەیەتی.

ماوەیەکیان بە یەکەوە بەسەربرد، لە زۆر بابەت قسەیان کرد و دوان، پاش ماوەیەک کاتی رۆیشتنەوەی کاکە هات تا بەرەو شاری سنە بگەڕێتەوە، بەڵام ئەم جارە بە هەستێکی تازە و بە بیرێکی تازەوە بەرامبەر بە مەسیحی یەت.

کاکە ماوەی ساڵێکی پڕ لە نا ئاسوودەیی دەرونی لە ماڵەوە بەسەر برد و بڕیاری دا دیسان بڕواتەوە بۆ هەمەدان بۆ سەردانی حەمەسەعی برای.

کاتێ لە هەمەدان بوو ماڵە کۆنەکەی خۆیانی فرۆشت، بەڵام دوایی پیاوانی ئاینی شاری سنە بڕیار و فتوای ئەوەیاندا کە ئەم ماڵە ماڵی لە دینی ئیسلام وەرگەڕاوێکە و (مورتەد) ئەبێت دەستی بەسەرا بگیرێت بۆ سوودی مزگەوت.

ئیتر کاکە ناچار بوو پارەکەی گەڕانەوە بۆ کریاری خانووەکەیان و بەم جۆرە خانوو و ناوماڵیان هەموو لەدەست چوو.



دوکتۆر سەعی و کاکەی برای

هەرچەندە کاکە زۆر مەیلی هەبوو بەلای مەسیحی یەتا، بەڵام زۆر گران بوو بۆ ئەو، باوەڕ بکات کە پیاوێکی وەک باوکی بەو هەموو ڕێز و چاکیەوە ڕێگای هەڵەی گرتبێت.

زۆرجار حەمەسەعی نوێژی بۆ کاکەی برای ئەکرد تا یەزدان دڵی بە تەواوی بکاتەوە و ڕێگای ڕاستی پیشاندات. ئەو هەستی بە خۆشی و شادیەک کرد کە بە ووشە باس ناکرێت، کاتێک ڕۆژێک لە ڕۆژان گەڕایەوە ماڵەوە و سەیری کرد کاکەی برای وا خەریکی خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆزە.

لەدواییا کاکە لە قسەکرن و هەڵسەنگاننیدا وای دەرئەخست کە باوەڕ بە پیرۆزی و یەزدانیەتی مەسیح ئەکات، ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو پاش ماوەیەک باوەڕی مەسیحی خۆی ئاشکرا کرد.

دوای ماوەیەکی کورت، دوکتۆرەکەی حەمەسەعی کاری لا ئەکرد بە هۆی نەخۆشی ژنەکەیەوە چوو بۆ تاران، دوکتۆر داوای لە حەمەسەعی کرد لەگەڵیان بچێ بۆ تاران. کە حەمەسەعی گەیشتە تاران، بە شێوەیەک تووشی نەخۆشی دیزانتری بوو، مەترسی مردنی لێ ئەکرا. لەم کاتانەدا کە لە جێگادا کەوتبوو، بیری ئەو ساتانەی کردەوە کە زۆر جار لەگەڵ کەسانی موسوڵمانا ئەکەوتە قسەکردنەوە، جاری وا هەبوو باوەڕی خۆی دەرنەئەخست و جاری واش هەبوو ئەیشاردەوە، لێرەدا بڕیاری دا ئیتر لەمەودوا وانەکات.

دوای ماوەیەک کە لە نەخۆشیەکەی چاک بووەوە، ڕێکەوتی زۆری بۆ هاتە پێشەوە تاوەک پەیمانی خۆی بباتە سەر. پاش ماوەیەک کۆمەڵێک مەسیحی باوەڕدار بۆ بڵاو کردنەوەی ووشەی یەزدان چوون بۆ شاری کرماشان، حەمەسەعیش لەگەڵ قەشەیەکی ئاشوری کە ناوی شەمعون بوو، هەردووکیان بەیەکەوە ڕۆیشتن لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا. لەوێ

چاوی بە هەندێ کەسی خەڵکی شاری سنە کەوت لەوانەی هاتبوون بۆ کاری بازرگانێتی خۆیان، حەمەسەعی زۆر شادمان بوو بەوەی کە توانی قسەیان لەگەڵ بکات و باسی عیسا و باوەری خۆی بە عیسا بکات بۆیان.

لە کرماشان لە کۆبوونەوەیەکدا کچێکی عەرەب کە لەگەڵ مەزهەبی کاتۆلیکی رۆمیدا ئەرۆیشت، تانەی لە حەمەسەعی داو ووتی:

بە موسوڵمانی بمایتایەوە باشتر بوو لەوەی ببیتە مەسیحی ئینجیلی.

حەمەسەعی: بەڵام من ئینجیلی نیم.

کچەکە بە زەردەخەنەیەکەوە: کەواتە تۆ کاتۆلیکیت.

حەمەسەعی: نا؛ ئەوەش نیم:

کچەکە: باشە تۆ چییت؟

حەمەسەعی: لە پەرتووکی پیرۆزا شتێک نیە بڵێت کاتۆلیک یان ئینجیلی، من مەسیحیم. ئیتر کچە هیچ قسەیەکی بۆ نەمایەوە.

حەمەسەعی کاتێک لە هەمەدان بوو، لەو خەستەخانەیەی باوەڕدارانی مەسیحی کردبویانەوە کاری ئەکرد. هەندێک کەسانی خەڵکی شاری سنەی بینی، لەوانەی ئەهاتن بۆ

چارەسەر کردنی نەخۆشەکانیان. لەکاتی چاوەڕێ کردنیانا لە خەستەخانەکە، ئەچووە لایان قسەی لەگەڵ ئەکردن و لە پەرتووکی پیرۆزی بۆ ئەخوێندنەوە و هەندێ چاپەمەنی مەسیحی ئەدانێ. لەم کاتانەدا بۆی دەرکەوت کە کاری پزیشکی و یارمەتی بۆ چارەسەرکردن بابەتێکە باوەڕ بەیەکتری دروست ئەکا و رق و تووڕەیی کەم ئەکاتەوە. ئەوەتا ئەو کەسانەی بەهیچ جۆرێک گوێیان نەئەگرت و قسەیان لەگەڵ نەئەکرا، ئێستا قسەی لەگەڵ ئەکەن و ئامادەشن بۆ وەڵام و پرسیار لە بارەی عیسا و مەسیحی یەتەوە.

بەم شێوەیە حەمەسەعی بریاری دا پزیشکی بخوێنێت، ئەو دکتۆرەش کە کاری لا ئەکرد ئەم بریارەی بە دڵ بوو و بوو بە مامۆستا و پاڵ پشت بۆی.

پاش ماوەیەک گیروگرفتێکی کە هاتە پێشەوە. بە پێی ئەوەی حەمەسەعی مامۆستای فارسی مناڵەکانی قەشە شەمعون بوو، لەناو ئەم خێزانەدا زۆر بە رێزەوە پێشوازی لێ ئەکرا. پاش چەند مانگێک حەمەسەعی هەستی بەوەکرد رەفیقەی کچی قەشەی خۆش ئەوێت. رەفیقە کچێکی بە ئەخلاق و زیرەک بوو، بەڵام جێ پەنجەی ئەو ئاوڵەیەی بە مناڵی گرتبووی کەمێ بە دەم و چاویەوە مابوو. زیرەکی و رووخۆشی و باوەڕی ئەم کچە کاری کردبووە سەر دڵی حەمەسەعی. رەفیقە دەرچووی دانیشگای فیسک بوو لە لاهوتا.

لەو کاتەدا مامۆستا بوو لە قوتابخانەی نێرراوانی مەسیحی

لە شاری هەمەدان. حەمەسەعی بە هێنانی ئەم کچە نەک تەنها دڵشاد ئەبوو، بەڵکو نیشانەیەکی کەشی پیشان بە ناسیاوە موسوڵمانەکانی ئەدا کە چەندە بە راستیەوە ریگای باوەڕی مەسیحی گرتووە.

کاتێ خۆشەویستی نێوان حەمەسەعی و رەفیقە ئاشکرا بوو، گیروگرفت هاتە پێشەوە. باوکی رەفیقە رازی نەبوو، کابرایەکی لە ئیسلام وەرگەڕاو هەستێ کچێکی مەسیحی بخوازێت، ئەمە ئەبێتە ئاڵایەکی سوور بۆ ئیمامی جومعەی شار تا بە دەستیەوە بێ و رایشەکێنێ، ئەمە ترسێکی زۆری تیایە بۆ ئەو ژن و مێردە و دیسان بۆ دانیشتوانی مەسیحی لەوێ. قەشە لەترسی ئاڵۆزی ئەم شتە و لەبەر خێزانەکەی بڕیاری تەواوەتی داو ووتی:

نەخێر، نا، بەهیچ جۆرێک ئەمە نابێت.

دایکی کچەش دەنگی خستە پاڵ دەنگی مێردەکەیەوە و پێی ووت:

کێ ئەڵێت کوڕەکە ناگەڕێتەوە بۆ دینی ئیسلام، ئینجا ئەو کاتە لۆمەی ئێمە ئەکرێت و سوکیش بۆ کچەکەت ئەگەڕێتەوە.

کاتێک ئەرمەنیەکانی شار باس و هەواڵی ئەم خۆشەویستیەی نێوان حەمەسەعی و رەفیقەیان بیست، تووڕە بوون و ترس دایگرتن، ترسی ئەوەیان هەبوو نەک بەهۆی ئەم کارەوە ئەوانیش تووشی ناخۆشی ببن. ناڕەزایی

خۆیان بۆ قوتابخانە مەسیحی یەکەش دەربڕی چونکە ئەوان جۆرە پشت گیرییەکیان هەبوو بۆ کور و کچەکە. ئەرمەنیەکان لەوە ترسان گەر موسوڵمانەکان بەمە بزانن لەوانەیە هەستن بە کارێکی خراپ بەرامبەریان، بەتایبەتماڵی قەشە لە گەرەکێکە کە هەمووی موسوڵمانن.

لەراستیا ئەمانە ترسەکەیان بێ هۆ نەبوو، نەبیسرابوو موسوڵمانێکی مەلا لە دینی وەرگەڕابێت و سەرەڕای ئەمەش بە ئاشکرا کچێکی مەسیحی بهێنێت. ئینجا ئەوانیش هەستان شکاتی خۆیان برد بۆ قوتابخانە مەسیحی یەکە و داوای ئەوەیان کرد حەمەسەعی بنێرن بۆ شارێکی کە.

لێرەدا حەمەسەعی هەستی بەوەکرد کە مەسیحیەکانیش وەک موسوڵمانەکان دژی خواستی رائەوەستن.......... بەڵێ پاش ماوەیەک بڕیاری ئەوە درا کە بڕوات بۆ تاران.

مەسیحی یەکان لە تاران زۆر رێز و خۆشەویستیان پیشانی حەمەسەعی دا، بەڵام ئەوەندەی نەبرد نەخۆش کەوت و کەوتە ناو جێگا. هەرچەندە نەخۆشیەکە ئازاریدا بەڵام کاتێکیشی بۆ دروست کرد بۆ بیرکردنەوەی رۆحی و هەست کردن بە نزیک بوونەوەی لە یەزدان. هەر لەم کاتەدا هەستا بە هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەیەکی زۆر وورد لە ژیانی رابوردوی خۆی و لەدواییا پرسیاری لەخۆی کرد، بزانم شتێکم کردوە شایانی راستکردنەوە و پێویست بە دانەوە بکات؟

ئینجا بە بیری تیژی خۆی بیری کەوتەوە کە ساڵانێک لەمەوپێش لە سنە هەندێ سابون و کەمێ توتنی یەکێکی بە ناهەق بردوە و نرخەکەی نزیکەی پێنج تمەنێک ئەکات. بیری کردەوە لەو باسەی لە ئینجیلی لۆقادا نووسراوە، چۆن زەکی کابرای باجگر دوای باوەر هێنانی یەک بە چواری ماڵی ئەوکەسانەی دایەوە کە بەزۆرەملێ لێیانی سەندبوو، جا ئەمیش هەستا و هەشت ئەوەندەی نرخی سابون و توتنەکەی نارد بۆ سنە بۆ فەیزوڵای هاوڕێی تا بێگەرێنێتەوە بۆ ئەوکەسە و راستی باسەکەی تێبگەیەنێت.

لە بەهاری ساڵی ١٨٨٧ز ئەو دکتۆرەی حەمەسەعی کاری لاکردبوو گەڕایەوە بۆ ئێران و ویستی عیادەکەی بکاتەوە، حەزی کرد قوتابی و یاریدەدەری خۆی حەمەسەعی لە تارانەوە بهێنێتەوە بۆ لای خۆی. ئەرمەنیەکان ئەمەیان پێ ناخوش بوو، ئەویش لە ترسی دروست بوونی گیرو گرفت، بەتایبەتی دوا ئەوەی کە قەشە شەمعون بە نابەدڵیەوە بریاری دانی کچەکەی دابوو بە حەمەسەعی، بەمەرجێ بە ئاشکرا خۆی (تەعمید) بکات واتە خۆی لە ئاو هەڵکێشێ بە پێی داواکردنی ئینجیل، وەک نیشانە بۆ لە دایک بوونەوەی.

قەشە شەمعون وای ئەزانی ئەم مەرجە ترس ئەخاتە دڵی حەمەسەعیەوە، بەڵام ئەو بەمە زۆر شادمان بوو، چونکە خۆی ئەیویست ئەمە بکات بەڵام لە ترسی کەسانی موسڵمانی توندرە ئەم کارە دوا خرابوو. لە رۆژی ١٠ گوڵانی ساڵی ١٨٨٧ز لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا حەمەسەعی باوەڕی خۆی بەتەواوی ئاشکرا کرد و خۆی لە

ئاو هەڵکێشا. بەم شێوەیە چووە ریزی ئەوکەسانەی بە ئاشکرا ئەم داواکاریە جێبەجێ ئەکەن.

دوایی باوکی رەفیقە رەزامەندی خۆی دەربڕی بۆ شوکردنی کچەکەی، بەڵام کوسپێکی کە هاتە رێگا، ئەویش بەرێوەبەری قوتابخانەکە بوو ئەوەی حەمەسەعی تیا بوو، ئەو لەوە ئەترسا گەر هاتوو حەمەسەعی بکوژرێت، ئیتر قەشە شەمعون گوناهی ئەم کارە ئەخاتە سەر ئەو، بۆیە ئامادە نەبوو کاری تەرتیباتی ئەم ژن هێنانە بکات و بیخاتە سەر شانی خۆی.

دوای ئەوەی سالێک بەم شێوە تێپەری، قەشە یۆحانان هات و جارێکی کەش بوو بە فریشتەی رزگاری کەر بۆ حەمەسەعی. لە یەکێ لە سەردانەکانیا بۆ شاری هەمەدان ئامادە بوونی خۆی دەبڕی وەک قەشەیەک هەستێت بە تەرتیب کردنی لایەنی ئاینی و یاسایی ئەم ژن هێنانە. لە رۆژی چواری مانگی پوشپەری(یونۆ) ساڵی ١٨٨٨ز بە ئامادە بوونی هەندێ لە دۆست و هاورێیان ئاهەنگی ژن هێنانی حەمەسەعی سازکرا.

لە گەرمەی ئاهەنگەکەدا حەمەسەعی چووە خەیاڵەوە و بیری لە دوانزە ساڵ لەمەوبەر ئەکردەوە کاتێ باوکی لە سەرە مەرگا بوو، چۆن بە دڵ گەرمیەکی سادەی منالی خۆی دۆعای کرد (گەر باوکی هەرئەبێت بمرێت با لە مانگی رەمەزانی پیرۆزا بمرێت)

خۆ ئەوا ئێستا هەمان رۆژی مانگی رەمەزانە کە باوکی

تێـیـدا کۆچی دوایی کرد پێش دوانزە ساڵ، حەمـەسـەعی خەیاڵی بەمەوە رۆیشتبوو لە کاتێکا کە قەشە خەریکی جێبەجێکردنی مارەکردنەکە بوو.

لە وەڵامی ئەو پرسـیـارەدا کـە گـوایە ئێـسـتـا لێـرا پەیمان ئەدەیت مێـردیکی بەوەفا بیت بۆ ژنەکەت و خۆشەویستی بەیتێ؟ حەمەسـەعی چونکە لایەکی خەیاڵی رۆیشـتـبوو، خێرا وەڵامی پرسـیـارەکەی بۆ نەدرایەوە، رەفـیـقە خێـرا لە کەلەکەی وەشان و حەمەسەعیش کردیە گاڵتە و ووتی:

هەر لە ئێـسـتـاوە دەسـتی درێژ لە مـاڵەکـەدا دەسـتی ئەو ئەبێت................. هەرچەنـدە ئاهەنگەکــە بە ئاشـتی ئەرۆیشت و هیچ گـیـروگـرفـتـێکی تیـا نەبوو بەڵام هەڵبـژاردنی کـات و رۆژەکـە هەڵبـژاردنێکی باش نەبوو، رۆژەکە رۆژی ٢١ی رەمەزان بوو

لەو رۆژانەشدا مـوسـوڵمـانانی شـیـعـە یادی شـەهید بوونی خەلیـفـە عـەلی ئەکـەنەوە. ئەرمـەنیـەکـان ئەترسان شـتـێک رووبدات جا وایان بڵاو کردەوە کە رەفیقە کچێکی ئاشوریە و ئەرمەنی نیە، چونکە خەڵکەکە بەهەموو مەسیحیەکیان ئەوت ئەرمەنی.

کـاتێ بەم کارە زانرا بە مزگەوت و ناوبازارا نامە و قاقەز هەڵواسرا، تیایا داوا لە موسـوڵمـانی بە غیـرەت کرا هەقی ئەم کـــارە دڕنـدانـە بێ نموونـەیە بـکـەنەوە، چونـکـە موسوڵمانێک لە دین وەرگەڕاو هەستاوە بە هێنانی کچێکی غەیرە دینی خۆی.

خیرا کۆمەڵێ خەڵکی تورە کۆبونەوە و هەندێکی کە دوکانی داخـــست و بە دەنگە دەنگو هاوار کـــردنەوە رژانە ناو شەقامەکان. هەندێکیان گەیشتنە ئەوەی، سویندیان خوارد هیچ ئیسراحەت نەکەن تا حەمەسەعی نەکوژرێت.

خواستی یەزدان وابوو کە حاکمی شار و ئیمامی جومعە هەردووکـیـان لەناوشار بوون هەردووکـیـشـیـان خۆیان بە قەرزاری ئەو دوکتۆرە ئەزانی کە حەمەسەعی کاری لا ئەکرد چونکە دوکـــتـۆرەکـــە لە رێگەی چارەســـەرکـردن و تەندوروســـتـیـــەوە زۆر یارمـــەتی دابوون، هەروەها حەمەسەعیشیان ئەناسی و خۆشیان ئەویست. هەر ئەو دوکتۆرە خێرا پەیوەندی بە هەردووکیانەوە کردو داوای لێ کردن خەڵکەکە دابمرکێننەوە.

کاتێ غەڵبە غەڵب و دەنگە دەنگ نزیک بە نووسینگەی حاکم بوەوە، خێرا هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیانا بدوێت و قسەیان لەگەڵ کات. هەر کە خەڵکەکە کەمێک بێدەنگ بوون کـەوتە قـســە و وای دەرخـست کـە نامـەیەکی لە حەمەسەعیەوە پێگەیشتوە و شتەکە بەجۆرێکی کە باس ئەکات. کاتێ حاکم نامەی لە گیرفان دەرکرد، خەڵکەکە هەموو بێدەنگ بوون.

خۆی وا پیشاندا نامەی حەمەسەعی ئەخوێنێتەوە،

(......... کی گوێی لە شتی وا بووە کە موسوڵمان واز لە دینی خوی بێنێت و ببێت بە مەسیحی؟ ئەمە راست نیە و بوختانە بۆ منی ئەکەن........)

دیسان ووتی: وابزانم ئیمامی جومعەش هەمان شت نامەیەکی لەم جۆرەی لە حەمەسەی‌یەوە

پێگەیشتوە. حاکم بەم شێوەیە توانی خەڵکەکە دامرکێنێتەوە و بەرێیان بکات، بە باوەڕێکی زۆرەوە بەو پارچە هۆنراوەیەی سەعدی کە ئەڵێت:

چاکترە سیاسی شتێ بڵێت کە دروست کراوە

لەوەی راستیەک بڵێت و بیکاتە فەرتەنە و ئاژاوە

ئەم شانۆگەریە کۆتاییەکەی بە پێکەنین هات کاتێ برازای حاکم کە زۆر رێزی لە حەمەسەعی ئەگرت، گرەوی لەگەڵ مامی کرد بە پارە لەسەر ئەوەی گەر بێت و مامی ئێستا نامەکە ئەوەی لێرەدا خوێندیەوە بە دەست و خەتی حەمەسەعی لە گیرفانی دەرکات. دوایش هەر ئەم برازایەی حاکم هەواڵی ئەم رووداوەی بە حەمەسەعی گەیاند.

لە لایەکی کەشەوە ئیمامی جومعە بە هەمان شێوە ئەو خەڵکەی کە هاتبون بۆ مزگەوت تا فەتوایەک دەرهەقی ئەم کافرە مورتەدە بدرێت، دای مرکاننەوە و بڵاوەی پێ کردن.

لەم کاتەدا ئەرمەنیەکان لەترسا دەرگای ماڵەکانیان لەسەر خۆیان داخستبوو و خزابوونە ماڵەوە، بەڵام قەشە شەمعون لەبەر دەرگای ماڵەوە دانیشتبوو، نێرگەلەکەی خستبوە بەردەمی خۆی و لەسەرخۆ وورده وورده مژی لێ ئەدا، حەمەسەعیش دەرونی ئاسودەییەکی زۆری تیا بوو، بەهۆی

زەبوری ژمـــارە ٩١ ئەوەی بۆ ئاهەنگی ژن هێنانەکـەی خوێندیەوە و ناوی نا دیاری یەزدان بۆ ڕۆژی ژن هێنانم.

پاش ماوەیەک ڕەفیقەی ژنی حەمەسەعی ترسی تەواو چووە دڵیەوە، هەموو تاریکی و سێبەرێکی لێ ئەبوو بە مرۆڤ و خەڵک، بە هەمـوو دەنگێک لە خەو ڕائەچڵـەکا و خەبەری ئەبوەوە. زۆر جار کە حەمەسـەعی ئەهاتەوە، سەیری ئەکرد ڕەفـیقـە لە پشـتی دەرگـای مـاڵەوە ڕاوەسـتـاوە و چاوەڕێی ئەکات. ژنەکەی زۆر ئەترسا کاتێ حەمەسەعی لە لای ماڵی هاوڕێ مـوسـوڵـمـانەکـانی بۆ نان خواردن ئەمـایەوە، ئەترسا لەوەی شـتـێکی بۆ بکەنە ناو خـواردنەکـەیەوە، بەڵام ئەو دڵخـۆشی ئەدایەوە و ئەو پەیمانەی بیـر ئەخـسـتـەوە ئەوەی عیسا دای بە قوتابیەکانی (گەر شتێکی کوشتێنەریشیان خواردەوە زیانیان پێناگات) مرقس١٦

## بەشی پێنجەم
## گەڕانی ناو ئێران و دەرەوە

حەمەسەعی بەردەوام بوو لەسەر خوێندنی بابەتی پزیشکی بە بێ پشوودان، سەرەرای ئەمەش هەوڵی ئەدا تازەترین باسی پزیشکی لەگەڵ نووسینە فارسیەکانی هەردوو پزیشکی ناودار رازی و ئیبن سینا بخوێنێتەوە.

کاتێک شارەزایی زیاتری پەیدا کرد لەئیشەکەیدا، زیاتر کاری عیادەکەی پێدرا. حەمەسەعی بێجگە لە ئیشەکەی هەڵئەستا بە بڵاو کردنەوە و باسی ووشەی یەزدان، نەک هەر لە هەمەدان بەڵکو لە لادێکانی دەورووپشتیشی، کاتێک بەهۆی ئیشەکەیەوە بۆ شوێنێک بڕۆیشتایە. کاری پزیشکی و (تەبشیر) واتا بڵاوکردنەوەی ووشەی یەزدان، هەردووکیان لەگەڵ یەکا رێککەوتبوون، ئەمیش ئەوەی ئەویست.

لە ناوەراستی مانگی بەفران بارا لە یەکێ لە گەڕانەکانیا چوو بۆ شاری سوڵتان ئاباد ئەوەی ئێستا ئاراکی پێ ئەوترێ، لەگەڵ موبەشرێکی جولەکە کە ئەویش وەک حەمەسەعی بوو بوو بە مەسیحی. سوودی لە کاتەکە وەرگرت و دوو جار چوو بۆ سەردانی ئیمامی شار. لە جاری دووهەمدا ئیمام کۆمەڵێ قوتابی لای خۆی کۆکردبوەوە و رەخنەی لە پەرتووکی پیرۆز گرت و ووتی: شتێک هەیە لەتەوراتا بە پێچەوانەی ئەوەوەیە کە ئێمە باوەڕی پێ ئەکەین.

حەمەسەعی: کامەیە؟

ئیمام: نووسینەکە وا دەری ئەخات کە خوا هەموو شتێک نازانێ، کاتێ بە ئادەم ئەڵێت، ئادەم لەکوێیت؟ (تەورات پەرتووکی یەکەمی موسا بەشی٣ژمارەی٩). حەمەسەعی: گەر تۆ پەرتووکی پیرۆز لەبەر ئەمە بە راست نازانیت، ئەبێت قورئانیش بەو چاوە سەیر کەیت، چونکە تیایا نووسراوە، خوا بە موسا ئەڵێت: ئەوە چیە لەلای دەستی راستتەوە موسا؟ (سورەتی تەها ژمارەی ١٦).

ئیمام بەم وەڵامە تێک چوو و خێرا باسەکەی گۆڕی.

دوای چەند رۆژێک ئیمام نامەیەکی هەشت لاپەڕەیی نارد بۆ حەمەسەعی، باسەکە هەموو پارێزگاری بوو لە ئیسلام و پیشاندانی بوو لە هەڵوێستێکی بەهێزدا، لە کۆتاییا داوای ئەوەی کردبوو وەڵامی بداتەوە.

حەمەسەعیش تەمەڵی تیانەکرد و بە نامەیەک وەڵامی دایەوە، ئیمام ئەم جارە نامەکەی کرد بە بیست لاپەرە، نەیتوانی داواکاریەکانی حەمەسەعی جێبەجێ بکات بۆیە زیاتر بای دابوە سەر ئەوە، گوایە ئەو دوژمنی ئیسلامە چونکە دینەکەی بەجێ هێشتوە.

حەمەسەعی هەر لەورۆژانەدا نامەیەکی لە پزیشکێکەوە پێ گەیشت داوای لێئەکات بگەڕێتەوە بۆ شاری هەمەدان. ئینجا دوای گەڕانەوەی بەچەند رۆژێک نامەیەکی لە شاری سوڵتان ئابادەوە پێ گەیشت، هاوڕێیەکی خۆی نووسیبوی

ئەڵێت:

شانست هەبوو زوو گەڕایتەوە و لێرە نەبویت، دوای تۆ ئیمام خۆی و پانزە مەلا هاتبوون بۆئەوەی بتکوژن.

هەر لە هەمان ساڵدا حەمەسەعی لەگەڵ یەکێک لە موبەشیرەکاندا چوون بۆ سەردانی ئەفسەرێک، دوای یەکتری بینین و هەندێ قسەکردن چوونە سەر باسی دین و ماوەیەکی باش لەم بارەیەوە دوان. دوای ڕۆیشتنیان کابرای ئەفسەر سوێندی خوارد کە ئەبێت گولەیەک بنێت بە سەری ئەم کوردە بێ شەرمەوە. سەرەڕای ئەمە هەستا و مەلایەکی ناسیاوی ناردە لای حاکمی شار بۆ ئەوەی شکاتی لێ بکات.

ڕۆژی دوایی هەواڵدرا بە حەمەسەعی کە ئەبێت ئامادەبێت لای حاکم، کاتێ حەمەسەعی هات بێتە دیوەخانی حاکم، بە پێی داب و نەریت لە خواروی ژوورەکەوە نزیک بەدەرگاکە دانیشت. بەڵام حاکم داوای لێکرد بێتە سەرەوە و لە لایەوە دانیشێت، کاتێ دانیشت بەدەنگی بەرز بەجۆرێک هەموو دانیشتوان گوێیان لێیبێت ووتی:

ئەرێ نەخۆشی دیزانتری بەچی چار ئەکرێت....... ؟

لە دواییا بەگوێیدا چرپانی و ووتی: دوێنێ مەلایەک هاتە لام شکاتی لێکردیت، ئەیووت

گوایە تۆ هێرش ئەبەیتە سەر ئیسلام، منیش کەمێ هێواشم

کردەوە و ووتم، ئەو قوتابیانەی پزیشک سازی و دکتۆری ئەخوێنن زۆریان بێ دین و باوەڕن. ئێستا برۆ بەڵام ئیتر مەجال مەیە بەوان شکاتت لێبکەن.

ئەم ئەفسەرەش کە بوو بەهۆی ئەم شکات و پرسیار و وەڵامە، پاش ماوەیەک بوو بە هاوڕێی.

دوای ئەوەی حەمەسەعی لە ساڵی ١٨٩١ز ماوەی کاری لە عیادە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە نێرراوانەدا تەواو بوو، بڕیاریدا گەشتێک بکات بەرەو شاری ئورمێ. پێش خۆی رەفیقەی ژنی لەگەڵ کچە بچکولەکەیانا نارد و ئینجا خۆی بەدوایانا.

لەم گەشتەدا ماوەی ئەوەی بوو، نامەی عیسا بە زمانی کوردی لە هەندێ شارەکانی کوردوستان بانگەواز پێ بدات. ئینجا دوای ئەمە کەوتە رێ بۆ سەردانی هاوڕێی خۆشەویستی خۆی قەشە یۆحانان، قەشە بە رێز و شانازیەوە ناسانی بە خەڵکی شاری ئیبریشتە. ئەمیش دوایی زۆر بە شادیەوە ووتاری رۆحی بۆدان و باسی ووتەی یەزدانی بە زمانی خۆیان بە زمانی سریانی بۆ کردن.

لە ئورمێ کاتێ حەمەسەعی چاوی بە هەندێ کەسی موسوڵمان کەوت لەوانەی باوەڕیان بە عیسا و ووتەکانی پەرتووکی پیرۆز هێنا بوو وە بوو بوون بە مەسیحی‌یەکی باوەڕدار، کەوا بەهۆی دەور و دراوسێوە تووشی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بوو بوون. ئەم لێرەدا ئەوەی بیر خستنەوە کە یەکەم کۆمەڵی مەسیحی لە دەستپێکردنەوە چەند خۆراگر بوون بەرامبەر ئازار و ئەشکەنجە و ناخۆشی،

ئینجا ووتی:

هەمـوو كـاتێـك خـوێنی شـەهـیـدان تۆوی دروست بوونی باوەڕداران بووە، لە هیچ وولاتێكیش باوەڕداران كلێسەیان دروست نەبووە بێ گیان فیداكاری و شەهید دان. با خۆمان ئامادەكەین، كێ ئەزانێت ئەو كارە بەر كامان ئەكەوێت؟

ئەم قسـە و پێشـبـینی‌یەی ئەم ئەوەنەی نەبرد، هاتە دی. هێشتا دوو ساڵ تێنەپەڕیبوو بە سەر ئەم قسانەدا هەرلەوان باوەڕدارێك بە ناوی مـیـرزا برایم جـامی شـەهیـد بوونی نۆشی.

مـیـرزا برایم كـابرایەك بوو لە تاریكی بەندیخـانەشـدا نەیتـوانی باوەڕی خۆی بشـارێتـەوە، كـاتێـك لەگـەڵ دزو و جەردەكانا لـەیەك ژوورا بەندی ئەكـەن، بەندەكـان ئەوەندەی لێی ئەدەن و برینداری ئەكــەن تا بە برینداری و ئازارەوە سەرئەنێتەوە.

دوای گـەڕانـەوەی حـەمـەسـەعی بۆ شـاری هەمـەدان داوایان لێكرد دیسـان بگـەڕێتـەوە بۆ خـەسـتـەخـانەكـە و عیادەكـە بۆ ئەوەی لەوێ كاربكات، چونكە پزیشكی لێپرسراو كارەكەی تەواو بووە و ئەڕواتەوە، عـیـادەكەش بە بەتاڵی ئەمێنێتەوە، گـەر یەكـێـكی كـەمێ شـارەزا نەبێت ئەوا دەرگـاكـەی دائەخرێت.

ئەویش بڕیاریدا تا كـاتی گـەیشـتنی ئەو پزیشكە تازەیەی ئەڵێن لە ئەمـریكاوە دێت، عـیـادەكـە بكاتەوە، چونكە

نەخۆشەکان پێویستییەکی زۆریان بە یەکێک هەبوو ئاگاداریان بکات. بەم شێوەیە ئەرکی عیادەکە کەوتە سەرشانی ئەو.

دوکتۆر و دەرمانگرەوە و برینپێچ هەمووی هەر حەمەسەعی بوو. ئەم ئەرکە قورسە و بەردەوام بوونی لە خوێندنی دەرسی پزیشکیدا و خوێندنی ئاینیش بەشەو، بوونە قورساییەکی زۆر و هەڕەشەیان لە تەندروستی ئەو ئەکرد.

جگە لەمە لەم ماوەیەدا نەخۆشی کۆلێرا بڵاو بوەوە. ئەویش هەستا خیزانەکەی نارد بۆ دەرەوەی شار و ئینجا خۆی زۆر بەراستی و پاکیەوە هەستا بە یارمەتی و تیمار کردنی خەڵکەکە، زۆر جار وای لێ ئەهات خەریک بوو لە هیلاکیا ببورێتەوە و مێشکی راوەستێ.

لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٢ز هەندێ موسوڵمانانی شاری هەمەدان بڕیاری سەربڕینی جولەکەکانی ئەو شارەیاندا، لەو کاتەشدا حەمەسەعی لە گەرەکی جولەکەکان ماڵی گرتبوو چونکە نزیک بوو لە عیادەکەوە، تازەش لەو کاتەدا کوڕێکیان بوو بوو بە ناوی سامۆئیل. کۆمەڵەی نێرراوان داوایان لە حەمەسەعی و خیزانەکەی کرد بچنە ئەو ماڵانەی سەر بە عیادەکەن، بۆ پاراستنی ژیانیان، گواستنەوەکەشیان ئەبێ بە شەو بێت تا ئاشکرا نەبن، بەڵام ئەو قەتڵ و عامەی بڕیار بوو لە جولەکەکان بکرێت رووی نەدا هیچ نەبوو.

لە مانگی گوڵانی ساڵی داهاتوو، دوکتۆری تازەی عیادەکە

گەیشتە هەمەدان. پاش گەیشتنی دکتۆرەکە حەمەسەعی داوای ئەوەی کرد کۆتایی بە ئیشەکەی بهێنێت لەگەڵ ئەم کۆمەڵی نێرراوانەدا، بۆ ئەمەش داواکاریەکەی بەشێوەیەکی رەسمی نووسی.

دوای دوانزە ساڵ کار وەک ماMۆستای زمان، یاریدەدەری دوکتۆر، ئینجا کارکردن وەک دوکتۆرێک، سوودێکی باشی وەرگرت لەم ئیشانەی، زمانی ئینگلیزی بەباشی فیر بوو و لە لایەنی رۆحیەوە پەرەی سەندبوو، ئیتر هەستی بەوەئەکرد لەماوەی ئەم ساڵانی خزمەتەیا هەقی ئەم چاکیانەی بە زیاترەوە داوەتەوە، ئەوانیش دانیان بەمەدا نا و رازی بوون بە داواکاریەکەی.

حەمەسەعی حەزی بە کاری ئازاد کرد و ویستی خۆی کاری خۆی بە ئازادی بکات، رزگاریشی بێت لەو زمانانەی ئەیان ووت خۆی فرۆشتوە بۆ ئیش و مەعاش هەرچەندە مەعاشەکەشی زۆر کەم بوو. حەزی بەئازاد بوون ئەکرد و وەرگرتنی فرمان تەنها لە یەزدانەوە، لەبەر ئەمە بڕیاری دا خۆی رێگای خۆی ببڕێت.

دیارە ئەم بڕیار و گۆڕانکاریە شتێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ئەو داینا بە گۆڕینێکی گرنگ لە ژیانیا، کاتێ بیری لە ژیانی رابوردوی کردەوە، ئەم بڕیارەی وەک ئەو بڕیارە هاتە بەر چاو کاتێک بڕیاریدا لەگەڵ کاکەی برای نەگەڕێتەوە بەرەو ماڵەوە. دوای ئەم بڕیارە ئەڵێت؛

من هەموو رۆژ سوپاسی یەزدان ئەکەم بۆ ئەو بڕیارانەی

داومە لە ژیانمدا.

پاش ماوەیەک حەمەسەعی بریاری ئەوەیدا بچێت بۆ دەرەوەی ئێران. چوار خاڵ هەبوون پاڵیان پێوەنا بۆ ئەم کارە، یەکەم، باشترین ڕێگا بۆ گۆڕینی ژیانی تازەی ئەوەیە، دوور بکەوێتەوە لەو شوێنەی تیایەتی و لەو کەسانەی لەگەڵین. دووەم، هەستی بەوە ئەکرد کە پێویستی زۆر زیاتری هەیە بە خوێندن لە بارەی پزیشکی و چارەسەر کردن و

نەشتەرکاریەوە. ئەوەی لە ناو پەرتووک و ئیشی عیادە و خەستەخانە فێری بوو بوو، سنورێکی دیاری کراوی هەبوو، ئەیویست بڕوات بۆ ئینگلتەرا یا ئەمریکا تا لەوێ خوێندنی بەرز بخوێنێت. سێهەم، ئیشکردن و کارکردنی زۆر بەتەواوی هیلاکی کردبوو و تووشی کەم خەوی و نەخۆشی گەدە بوو بوو، سەرەڕای ئەمەش پێویستی بە گۆڕانکاری و پشودان هەبوو. چوارەم، خەوێکی هەبوو ئەیویست بیهێنێتە دی، ئەویش بەدەست هێنانی لایەنی ئاسودەیی دەرونی و رۆحی تەواوەتی بوو (الکمال الروحی).

لە هەمەدان مەسیحی یەکی باوەڕداری خەڵکی سویدی بینی، گوایە ئەم کەسە گەیشتوە بەو ئامانجە، جا گەر بێت و گەیشتن بەو ئامانجە هەبێت ئەوا ئەم شوێن نامێنێ نەگەڕێت تا ئەگاتە مەبەستی خۆی. کابرای سویدی بانگی کرد بۆ سەردان بۆ سوید و هیوای ئەوەی بۆ خواست سەرکەوتوبێت لە بەدەستهێنانی داواکاریەکانی دەرونیا.

حەمەسەعی پاش ماوەیەک بەو خواست و هیوای دەرونیەوە، کەوتە ڕێ لە ئیرانەوە بەرەو وولاتی سوید، ڕێگەیەکی هەرزان بەهای گرت بۆ گەیشتنی بۆ ئەوێ، لەگەڵ ئەمەشدا ئەبوایە کەمێ پارە بۆ ئەم گەشتەی قەرز بکات. لە ڕۆژی ٩ی جۆزەردانی ساڵی ١٨٩٣ز گەیشتە شاری ستۆکهۆڵم.

لە نووسینگای سەرەکی نێرراوانی مەسیحی لەوێ بینییان و پێیان ووت ئێمە ئەرکی خوێندنت لە ئینگلتەرا ئەخەینەسەر شانی خۆمان، بەمەرجێک کە خوێندنەکەت تەواو کرد بڕۆیت بۆ چین یاخود بۆ تورکومانستان، لەوێ کاری پزیشکی زۆرمان هەیە. ئەمیش بەم قسەیە تەنگەنەفەس بوو و دەریخست کە حەز بە کارکردن ئەکات تەنها لە وولاتی خۆیدا و قەت ئەوە بەبیریا نەهاتووە لەشوێنێکی کە کار بکات.

پاش چەند ڕۆژێک باوەڕدارێکی سویدی لە شارۆچکەی Boxholmی سویدیەوە تەلەفونی بۆکرد و داوای لێ کرد بێت بۆ لای، هەروەها داوای لێکرد جلە کوردیەکانی و خەنجەرەکەشی لەگەڵ خۆی بێنێت. ئەم کابرایە خۆی مزگێنیدەر بوو واتە مزگێنی

یەزدان و ووتەی یەزدانی بە خەڵکی ڕائەگەیاند. حەمەسەعی لەگەڵ ئەم کابرایەدا بۆ ماوەیەک بە شەمەندەفەر بە بەلەم هەروەها بە پێ زۆر شار و شارۆچکەکانی سوید گەڕان. بۆ هەرکوێ ئەڕۆیشت، بەهۆی جلە کوردیەکانەوە خێرا سەرنجی خەڵکەکەی ڕائەکێشا و زۆر بە ڕێزەوە

هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەکرد، قسەکانی لەسەر کوردوستان و ژیانی ئەویّ و خزمەتی ووشەی یەزدان لە ئێران جێی سەرسورمان و ڕێزی گوێگران بوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەستی بەو ئاسودەیی دەرونە نەئەکرد کە خۆی ئەی ویست بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو هەموو دەموچاوە نامۆیانە، ئەو هەموو گوێگرە تازانە، ئەو هەموو ووتار و قسەکردنە لەگەڵیانا، هیلاکی گەڕان و هاتوچۆکردن، لەش و مێشکی هیلاک کرد و گیروگرفتی گەدە و کەم خەویەکەی کە لە هەمەدان هەیبوو سەری هەڵدایەوە، بەڵام بە شێوەیەکی قورس و گرانتر.

حەمەسەعی هیچ نیشانەیەکی بۆدەرنەکەوت بۆ گەیشتنی بە ئامانجەکانی، هاتوچۆ و ژیانی بە یارمەتی هاوڕێیانی بوو، خویندنەکەشی سەری نەگرت، بۆ گەیشتن بە ئاسودەیی دەرونی و ڕۆحی تەواوەتی پێشکەوتنێکی وای بەدەست نەهێنا. زۆر جار کاتێ ئەیویست بچێتە سەر باسی لایەنی ڕۆحی و دەرونی، باسەکەیان ئەبردەوە سەر باسی جلی کوردی و باوەڕ و هەڵسوکەوتی ئیسلامی و بابەتی کە.

ئەوەنە مەتح و سەنایان کرد خەریک بوو لە دەرونەوە تووشی نەخۆشی خۆ بە گەورەزانین و لوت بەرزی ببێت. ئەو باوەڕە پارێزراو و بە سنورەی ئەو هەیبوو، جێی سەرسورمانی ئەوانە بوو کە باوەڕەکەیان جۆرە ئازادیەکی تیابوو. لەوەی ئەکرد ئەوانەی دەورو پشتی کە لێیان نزیک بۆتەوە بە هیوای گەیشتن بە ئاسودەیی دەرونی و ڕۆحی، سودێکی گەورەیان نەبێ بۆ ئەم. جیاوازی نێوان کۆمەڵە

مەسیحی یەکان، کاتۆلیک، لۆتەری، کلێسەی ئازاد و بیر کەرەوانی ئازاد، ئۆرسەدۆکس. دەرونی راوەشان و بیری

ناخۆش و خراپی ئەکردەوە، ئایا دوای هەموو ئەمانە تۆبلێیت مەسیحی یەت هیچی تیانەبێت، شایانی ئەو هەموو ئازار و تاقی کردنەوەی چەند ساڵە نەبێت؟

وا ئەزانیت، تۆی کوردی فەقیر، زیاتر لە هەموو ئەم تێگەیشتوو و زانایانە ئەزانیت؟

ئەم تاقیکردنەوانە و بیرکردنەوانە، هێز و توانای ئەوی بڕی، زۆر لاواز بوو و کەوتە ناو جێگەوە. رۆژ بە رۆژ لاوازتر ئەبوو، خەوی نەمابوو، کەمترین جوڵانەوە و بیرکردنەوە ئەبووە هۆی دڵە تەپێ بۆی، جار بەجار وای لێ ئەهات، ئاواتی بەوە ئەخواست کە یەزدان بیباتەوە بۆ لای خۆی.

دوای ماوەیەک کەمێک باش بوو و ئەیتوانی شەو بۆ ماوەی چەند کاژێرێک چاو لەیەک بنێت و بخەوێت، گەڕانی بەناو رێگای دارستانەکانا کەمیک ئاسودەیی پێدا و هێز هاتەوە گیانی. کاتێک باشتر بوو، رۆژێک لە لای جێی خەوتنەکەیەوە چۆکی دادا و دەستی کرد بە نوێژ کردن بۆ ئەو ئاسودەییە رۆحیەی زۆر سەرسورهێنەر دیارە. لە پڕ ووشەکانی یۆحەننای نێرراوی عیسای وەک بڵێسەیەکی رووناک هاتەوە بیر:

**(خۆشەویستان، ئێمە بەڕۆلەی یەزدان دائەنرێین. هەرچەندە ئێستا داهاتوو لە بەرچاو نیە بەڵام ئێمە سەرپشکین لەوەی**

کاتێ عیسا ئەگەڕێتەوە و دەرئەکەوێت ئێمەش وەک ئەومان لێدێت، چونکە خۆی چۆنە بە چاو ئەیبینین.....) ئینجیل (مـزگـێنی) نامـەی یەکی یۆحـەننا بەشی٣ ژمـارەی٢ ...........چەند ووشـەیەک بەڵام چ روناکـیـەکی مەزن...... (کاتێ ئەو دەرئەکەوێت، ئەوسا نەک ئێستا) ئینجا بیری کردەوە:

کەواتە کاتیک کە دەرکەوت، وەک ئەومان لێدێت، کەواتە شتێکی کەم بیریە گەر ئێستا چاوەڕێی ئەو شتە بکەین.

لێرەدا هەستی بە سوک بوونێک کرد لە دەرونیا، ئینجا بیـری گـەرمی خێـرای بۆ گـەیشتن بە ئاسـودەیی رۆحی تەواوەتی کـەمـێک لێ دورکـەوتەوە و بەخشندەیی یەزدان سەرکەوت بەسەر ئەو جەنگ و ململانیەدا کە لە دەرونیا بوو.

کاتێ گەڕایەوە بۆ ستۆکهۆڵم پزیشکێک ئامۆژگاری کرد، بۆ ئەوەی مـاوەیەکی باش پشوبدات و بچێـتـە سەر کـەناری دەریا. ئەویش جێگەیەکی نزیک دەریای دۆزیەوە، جار جار گەڕانێکی کورتی بۆئەکرد و زۆر کاتیش ئەبوایە لە جێگەدا بکەوتایە، هەندێ لە هاوڕێیان هەستان بە خزمەتی.

ماوەیەکی زۆری بەسەرا نەڕۆیشت لەپڕ پلەی گـەرمای هاتە خوارەوە و تووشی هەڵامەت و ئەنفلۆزایەکی زۆر خراپ هات و نزیک بووەوە لە مـردن، بەڵام پاش مـاوەیەک هێـزی پەیاکـردەوە و بەرەو چاک بوونەوە رۆیشت. بیـری یارمـەتی یەزدانی کـردەوە لە ساڵانی رابوردوی ژیانیا بۆ پیشاندانی

ڕێگە بۆ لای عیسا، بۆ ڕزگارکردنی لە کاتی زۆر ناخۆش و ترسناکا، بۆ ڕوناککردنەوەی ڕێگای بەر پێی لە ڕەشی تاریکیدا.

کۆتایی یەکەم مانگی پایز بوو بڕیاری ئەوەیدا بڕوات بۆ ئینگلتەرا، ئەمەش بە ڕاوێژی هەندێ پزیشکی سویدی بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی.

پێش چوونی بۆ ئینگلتەرا پرسیاری لە خۆی کرد:

باشە، لە سوید تووشی نائومێدی بووم، تۆ بڵێیت ئینگلتەرا باشتر بێت؟

یەکەمین سەرنجی ئەو بۆ ئینگلتەرا دڵ خۆشکەر نەبوو. ماڵەکەی نزیک بە ئێزگەی شەمەنەفەر بوو، چەند خەتێکی شەمەنەفەر بەلایا ئەڕۆیشت، دیواری ماڵەکان هەموو ڕەش و پیس بوو بوون و پەنجەرەکان بەشی زۆری شکابوون، بەکورتی گەڕەکەکە وەک کەلاوە وا بوو.

بەڵام کاتێک ڕۆیشت بۆ ناو شار و پیایدا گەڕا و پێشکەوتنی شارەکەی بە تەواوی بینی. تەلەفون، ئۆتومبێلی زۆر، خەستەخانەی گەورە، دانیشگا، مۆزەخانە و پەرتوکخانە، ئەمانە هەموو جێی سەرنج ڕاکێشان بوو بۆی. بەڵام ئایا ئەم پێشکەوتنە ئەتوانێت تینوێتی دەرونی ئەو بشکێنێت؟

لەم ماوەیەدا پەیوەندی بە کڵێسەوە کەم بوو، چەند جارێک

چوو بۆ کۆبونەوەی تەبشیری بۆ کڵێسەیەک نزیکی ماڵەکەی خۆی، بەڵام هەستی بەوە ئەکرد ئەو شێوەیەی هەڵسوکەوتی پێ ئەکەن بۆ هاندانی خەڵک بۆ گەڕان بەشوێن شێوەی دەرخستنی باوەڕا، شێوەیەکی بێ بەرهەم و سادەیە، ئەمەش ئەو کاتەی ئەخستەوە بیر کاتێ چوو بۆ لای کۆمەڵی نەقشبەندیەکان لە شاری سنە.

پاش ماوەیەک دوو نامەی بە دەست گەیشت لە کابرایەکەوە کە لە پاپۆڕەکەدا لە ڕێگەیدا بەرەو ئینگلتەرا یەکتریان ناسی، لە نامەکاندا داوای لێئەکات پەیوەندی بکات بەیەکێ لە قەشەکانەوە بەڵکو ئەو بتوانێت یارمەتی بدات. حەمەسەعی دوو جار رۆیشت بۆ لای ئەم قەشەیە، هەر دوو جارەکە بەنائومێدی گەڕایەوە و ڕێنەکەوت چاوی پێی بکەوێت.

شەوێک لە شەوان سەری لە کلێسەی کاتۆلیکەکان دا، شێوەی هەڵسوکەوتی رۆحیان شێوەی هەڵسوکەوتی رۆحی کاتۆلیکەکانی شاری سنەی ئەهێنایەوە یاد، ئەوەی کە ئەم بەهیچی وای نەئەزانی. چەند جۆرێک لە کلێسەکانی شار گەڕا و ئامادەی هەندێ کۆبونەوەی رۆحی بوو، بێ ئەوەی بگاتە مەبەستی رۆحی و دەرونی خۆی.

بەهەرحاڵ، خێزانێکی ئێرلەندی کە هەمانشت لە پاپۆڕەکەدا لە ڕێگەیانا بەرەو ئینگلتەرا یەکتریان ناسی بوو و حەمەسەعی یارمەتی دابوون کاتی نەخۆش کەوتنیان لە سەر پاپۆڕەکە، پەیمانی خۆیان بردەسەر بە یەکتری پێناسینکردنی حەمەسەعی لەگەڵ هاورێیەکیانا کە ناوی دوکتۆر وارن بوو.

دوکـــتـــۆر وارن پزیشـکـێـکی زیرەک و بەڕێز بوو، توانای یارمـەتی زانـیـاری و ڕۆحی هەبوو، دوایی دەرکـەوت ئەو باشـترین یارمـەتی دەر بوو بۆ حـەمـەسـەعی لە هەڵبژاردنی دانیشگا و بابەتی خوێندنەکەیدا. دوکتۆر وارن هەر ئەمەی نەکرد بەڵکو جێگای حەمەسەعی کردەوە لە ماڵی خۆی وەک ئەندامێک لە خێزانەکەی. ماوەی دووساڵ بەیەکەوە بوون و لە دواییدا بوون بە هاوڕێی سەرتاسەری یەکتری.

حـەمـەسـەعی بەهۆی ئەم خێـزانەوە زۆر کـەسی لە کۆمـەڵەی برایان ناسی، ئەمـیـش کـۆمـەڵێک مـەسـیـحی باوەڕدارن بەیەکـەوە کـۆئەبونەوە کـۆبونەوەکـەیان شـێـوەی ڕەسـمی و ڕەسمیاتی تیانەبوو. بانگیان کرد بۆ هەندێ کۆبونەوەیان و هەر لە یەکـەم جارەوە هەستی بە خۆشی کرد لە گەڵیـاندا، دوای کوبونەوەکە پێی ووتن:

چیە ئەڵێی ئێوە قەشەتان نیە؟ لەوە ئەچێ هەر یەکە لە ئێوە خۆی بە قەشە بزانێ.

لێرەدا خێـرا ئەم شـتـەی بۆ دەرکـەوت وەک جیـاوازیەک لە کۆمەڵەکانی کە. سەیری کرد ئەم کۆمەڵە کەسانێکی زۆری لە تێگەیشتوان و خوێندەوارانی تیایە، پزیشک، نووسەر و وەرزش زان و بێجگە لە خەڵکیکە لەوانەی زۆر شارەزاییان لە تێگەیشـتـنی پەرتووکی پیـرۆزدا پیـشـاندا. سـەرەڕای ڕەزامەندی حەمەسەعی بۆ ئەو شتانەی گوێی لێبوو وە بە چاو بینی لێیان، هێشتا هەر لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە نابێ پەلە بکات لە بڕیاردانا بۆ چوونە ناو هەچ لایەک بێت لەم لایەنانە، بەهۆی ئەو نائومێدیەی لە سوید تووشی‌بوو بوو.

ماوەی پانزە مانگ بەردەوام ئامادەی کۆبونەوەکانیان بوو، پێش ئەوەی بڕیار بدات بە تەواوی بچێتە ناویانەوە، ئەمەش دوای گەڕان و لێکدانەوە و نوێژکردنێکی زۆر.

حەمەسەعی سەیری کرد شێوەی هەڵسوکەوت و باوەڕی ئەم کۆمەڵی برایانە زۆر ئەگونجێت لەگەڵ باوەڕی ئەوا، پەرتووکی پیرۆز کە هەر لە یەکەم جاری باوەڕهێنانیەوە بناغە بووە بۆ باوەڕی ئەم، لای ئەمانیش بریتیە لە سەرچاوە و بناغەی باوەڕیان. سەرەڕای ئەمەش قورسایی کڵێسە و کۆمەڵەکە لەسەر شانی کەسێکی تەنهای وەک قەشەنیە بەڵکو باوەڕیان بەوەیە هەریەکە بەهۆی رۆحی رەوانەوە بەهرە و توانایەکی پێدراوە و هەموو بەیەکەوە ئەتوانن ئەرکی خزمەتی ووشەی یەزدان و کۆمەڵەکە بگرنە ئەستۆی خۆیان هەریەکە لەلای خۆیەوە، عیساش ئەو خاڵە ناوەندیەیە کە هەموو لە کاتی ئیش و ستایش و نوێژکردنا دڵیان لێی نزیک ئەبێتەوە و تیایا کۆئەبنەوە. ستایشکردن و نوێژ کردنیان ئاسان و سادە بوو، بەڵام گەرم و دەرونی بوو.

تێکەڵ بوونی حەمەسەعی لەگەڵ ئەم کۆمەڵە، بووە هۆی دڵخۆشی و رەزامەندی و ئاسودەیی ئەو، لەوەی ئەکرد ئەوەی بۆی ئەگەرا دۆزیبێتیەوە.

لە هەموو ئەم کاتانەدا بەردەوام بوو لە سەر خوێندنەکەی و هەستی بەوە ئەکرد پێویستی بە راهێنانە لە سەر تەشریح کردنی لەشی مرۆڤ و تایبەتمەندی کاری پارچەکانی لەش. ئەو هەندێک شت فێر بوو بە هۆی خوێندنەوەوە بەڵام

پێویستی بە کارکردن هەبوو لەسەر ئەو شتانە. لەوسەردەمەدا لەئێراندا قەدەغە بوو لەشی مرۆڤ تەشریح بکرێت.

تا ئەوکاتەی رەزا شا هات و دانیشگای تاران کرایەوە و لەگەڵیدا کۆلیجی پزیشکی. جا بۆ ئەم مەبەستە چووە دانیشگای کوک لە شاری لەندەن بۆ خوێندنی ئەم بابەتانە، هەندێ کاتیشی دانا بۆ خوێندنی بابەتی دەرمان و بەکتریۆلۆجی.

رۆژێک کاتێ حەمەسەعی خەریکی تەشریح کردنی ناوەوەی لاشەیەک بوو، دوکتۆر کوک چاوی لە کارەکەی بوو و سەیری دەستی ئەکرد، شێوەی پاکی ئیشەکەی و جیا کردنەوەی پارچەی ناوەوەی لاشەکەی زۆر بەدڵ بوو، هەر لەوێدا بە حەمەسەعی ووت:

ئیشەکەت زۆر باشە.

حەمەسەعی: سوپاس گەورەم.

دوکتۆر کوک دیسان زۆر بە سەرنجەوە سەیری ئیشەکەی حەمەسەعی کردو ووتی:

ئەبێ چەند پارە بدەیت بۆ ئەم ئیشە؟

حەمەسەعی: پێنج جنێه گەورەم.

دوکتۆر کوک: ئاها........ کەواتە ئێستا پێنج جنێهی کە زیاتر قەرزار بوویت.

حەمەسەعی: بەڵێ گەورەم.

دوکتۆر کوک: ئیشەکەت زۆر بە پاکی و جوانی کردوە، بۆ ئەوەی قەرزەکەت بدەیتەوە ئەمەویت چەند تەشریحاتێکم بۆ بکەیت تا لە پۆلدا بۆ پیشاندانی قوتابیەکانم بەکاری بهێنم. ئەویش رازی بوو چونکە پێویستی بە پارە بوو و سودی بۆ فێربوونی خۆی هەبوو.

سەر لە ئێوارە دوکتۆر کوک گەڕایەوە و سەیرێکی کەی ئیشەکەی حەمەسەعی کرد و ووتی:

بەراستی ئیشێکی پاک و جوانت کردووە.

ئینجا حەمەسەعی دەستی راکێشا بۆ ئەو دوو پارچە بەزەی بەسەر گورچیلەوەن، ئەوەی لێرا زور بە ووردی لە گورچیلەکانی کردبوەوە و ووتی

باشە سوودی ئەم دوو پارچەیە چیە بۆ گورچیلەکان؟

دوکتۆر کوک: سودێکی وای نیە.

حەمەسەعی ئازایانە ووتی:

لەلایەک خوێندومەتەوە، نەخۆشکەوتنی ئەم دوو پارچەیە

ئەبێتە هۆی دروست بوونی نەخۆشی سیل.

دوکتۆر کوک: وا ئەڵێن، بەڵام لە راستیا کارێکی دیاری کراو و سودێکی وایان نیە.

حەمەسەعی: بەڵام سەیرکە گەورەم سەیرکە هەر پارچەیەک لەمانە بە سێ خوێن هێنەری گەورە خوێنی بۆ دێت. ئەم بایەخەش کە لە یەزدانەوە پێی دراوە هەروا بە خۆڕاییی‌نیە.

پاش کەمێک راوەستان دوکتۆر کوک ووتی:

لەوە ئەکات تۆ لە وولاتی خۆتان وەک سەرچاوەیەکی پزیشکی بیت بۆ دوکتۆرەکان و بۆ خەڵکیش.

حەمەسەعی: گاڵتەم پێئەکەیت گەورەم؟

دوکتۆر کوک: نەخێر، زۆر بەراستمە، تا ئێستا کەس ئەم خاڵەی کە تۆ دەست نیشانت کرد وا نەیخستۆتە باسەوە، من سەرپشکم لەوەی تۆ راست ئەکەیت.

بۆ رۆژی دوایی دوکتۆر کوک چەند پەرتوکێکی لە نووسینی خۆی هێنا و بەخەتی خۆی لە بەرگەکانی نووسی و پێشکەشی کردن بە حەمەسەعی.

دوای ماوەیەکی کورت حەمەسەعی دەنگوباسی ئەوەی بیست کە دوکتۆر ئۆلیڤەر شێڤەر دۆزینەوەیەکی زۆر گرنگی کردوە لەبارەی ئەو دوو پارچە گۆشتینەی لەسەر گورچیلەیە

و هەروەها لەسەر ئەو بابەتە شلەی لێوەی ئەرژێت. ئینجا ئێستا بەتەواوی زانرا کاری ئەم دوو پارچە گۆشتینەی سەر گورچیلە چیە لە لەشا.

سەرەڕای ئەمانە حەمەسەعی کاتێکی زۆری دانا بۆ خوێندن لە بارەی پزیشکی چاوەوە. لە ماوەی ئیشکردنی لە ئێراندا، بەتەواوی بۆی دەرکەوتبوو کە ئاگاداری نەکردنی چاو وە پشت گوێخستنی نەخۆشیەکانی و تیمارنەکردنی لەکاتی خۆیدا، هۆی ئەوهەموو کوێر بوون و نەخۆشی چاوەیە کە لە ناوخەڵکی ئەوێدا هەیە.

لەبەر ئەمە هەستا بە دەرس خوێندن لە بارەی نەخۆشیەکانی چاو و نەشتەر کاری کردنیەوە لە خەستەخانەی گشتی شاری کرویدن و لە دوایدا لە خەستەخانەی گشتی تایبەتی نەخۆشی چاو. لە کاتی ئیشکردنیا یەکێ لە مامۆستاکان بە حەمەسەعی ئەڵێت:

بەختەوەرن ئەو نەخۆشانەی تۆ چارەسەریان ئەکەیت.

حەمەسەعی پرسیاری مانای قسەکەی ئەکات و دوکتۆرەکەش ئەڵێت:

چونکە دەست نیشانکردنت بۆ دەرەجەی چاو و نەخۆشیەکانیان زۆر راست و زۆر تەواوە.

پاش ماوەیەک دوکتۆر پاتریک مانسۆن بەرنامەیەکی دەرس و فێرکردنی لە بارەی نەخۆشیەکانی ناوچەی ئاسیاوە ئامادە

کرد ئەمیش لە خەستەخانەی قەدیس جۆرج بوو. ئەم دوکتۆرە بایەخێکی تایبەتی دابوو بەم نەخۆشیانەو ڕێگەی چارەسەرکردنی و پاشان هەر خۆی بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی پزیشکسازی ئاسیاوی.

ئەم جۆری خویندنە هێشتا لە ئینگلتەرادا بڵاو نەبوو بووەوە، حەمەسەعی سێهەم قوتابی بوو هاتە پۆلەکەوە بۆ دەرس خوێندن، گرنگی ئەم دەرس و خوێندنەشی کاتێک دەرکەوت کە گەڕایەوە بۆ ئێران.

هەموو ئەو مامۆستایانەی دەرسیان بە حەمەسەعی ووتەوە ڕێزیان لێگرت، دوکتۆر پاتریک وەک هاوڕێیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ئەکرد. بەم شێوەیە دوو ساڵی بەسەر برد. هەرچەند تەندروستی زۆر تەواو نەبوو بەڵام خۆشی ئەوەی لە داهاتویەکی نزیکدا ئەگەڕێتەوە و ئەتوانێ باشتر یارمەتی قەوم و گەلەکەی بدات، توانا و هێزی ئەدایە.

پاش ماوەیەک حەمەسەعی خویندنی تەواو کرد و پلەی دوکتۆری وەرگرت، کۆمەڵی برایان ئاهەنگێکی بچوکیان بە بۆنەی گەڕانەوە و بە ڕێکردنیەوە بۆ ئامادە کرد، پاشان دۆعا و نوێژیان بۆ کرد و لە یەزدان پاڕانەوە یارمەتی بدات و ئاگاداریبێت کاتێ ئەگەڕێتەوە بۆ وولاتی خۆی. لە کۆتایدا حەمەسەعی هەستا و ووتی:

کاتێ سەیری ئەو ڕێگایە ئەکەم ئەوەی یەزدان منی پێدا برد هەروەها چی لەگەڵ کردوم و چۆن دەرونی برسیمی تێرکردووە، خۆم زۆر زۆر بە قەرزاری ئەو ئەزانم. ئێمە باسی

ئەو گیروگرفت و شتە ترسناکانەمان کرد کە لەوانەیە بێتە ڕێگام، بەڵام پێتان ئەڵێم، من هیچ ترسم نیە، تەنها لەوە ئەترسم ئەو پشت ئەستوریەی ئێستا هەمە، دوایی بیگەڕێنمەوە بۆ خۆم و ئازایەتی خۆم و بیکەم بەماڵی خۆم ئینجا تووشی لوت بەرزی بم، دۆعام بۆ بکەن و بۆم بپارێنەوە شتی وا نەبێ. گیروگرفت شتێکە هەر دێتە ڕێم، بەڵام یەزدان یاریدەدەرە، با هەنگاو بنێین بۆ پێشەوە و پشتی پێببەستین و بە تەنها بیر لە توانا و یارمەتی ئەو بکەینەوە، نەک لە توانا و هێزی خۆمان..........

کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران دوکتۆر وەرن لەگەڵی هات تا سواری ئەو پاپۆرە بوو کە ئەیگەیاندە دەریای ڕەش و لەویشەوە بۆ ئێران. جانتایەکی پزیشکی پێشکەش کرد پڕ لە بابەتی پزیشکی ئەوەی ئیشی پێی ئەبێت، هاوڕێکانی کەش بابەتی نەشتەرکاری پێویستیان دابویە ئەوەی لەوێ پێویستە.

دوکتۆر حەمەسەعی لە ڕۆژی ٣٠ مانگی گەلا ڕێزان ساڵی ١٨٩٥ گەیشتە شاری هەمەدان.

## بەشی شەشەم
## کاری پزیشکی لە بار و دۆخێکی سەختدا

کاتێ حەمەسەعی وەک دوکتۆرێک بۆ خزمەت و ئیشی پزیشکی گەڕایەوە بۆ ئێران، لە ئێران خەڵکی زۆر داخ لەدڵ بوون بەرامبەر شا ناسرەدین و نا ئاسودەیی هەموو ئێرانی گرتبووەوە.

شا دەست بڵاوی کردبوو و قەرزێکی زۆری لە دەرەوەی ئێران وەرگرتبوو و هەروەها هەندێ کاری ئێرانی خستبووە دەستی وولاتانی کەوە. چاوەڕێی ئەوە ئەکرا خەڵکی بتەقنەوە و شۆڕشێک بەرپا بێت. نێوان شا و پیاوانی دینیش تەواو نەبوو و رقیان لە یاسا و رژێمەکە بوو.

هەندێ کەس مێزەری مەلاییان لێبەست و خۆیان کردە داد پەروەر و قازی وحاکم. خەڵکەکە زۆر ترسیان هەبوو لە ماڵ و سامانیان چونکە هەر کۆمەڵێک بە هێزو توانا بوایە ئەیتوانی دەست درێژی بکات. لەم رۆژانەدا خەڵکی هەموو لە نائاسودەی و ترسا ئەژیان، جا وەرە یەکێک کە لە دینەکەی وەرگەڕابێت ئەبێت ژیانی چۆن بێت.

پاش ماوەیەک دوکتۆر خۆی و خێزانەکەی لە کرێچێتی رزگاریان بوو و چوونە ماڵی خۆیان هاوڕیانی لە ئینگلتەرا سەرەڕای یاریدەدانی خۆی یارمەتی ژیانی ماڵ و منالیشان ئەدا، ئەمە بۆ کاتی خوێندنەکەی بوو، رەفیقەی ژنی بە سەلیقە و ژیری خۆی توانی هەندێ پارە کۆبکاتەوە و هەندێ پارەی کەشیان قەرزکرد و بەم شێوەیە توانیان خانوویەک

بکرن.

دوکتۆر لە لایەن هەندێ پیاوانی دینەوە ئاگادار کرایەوە کە ئەبێت وەک (ئەهلی زیمە) باج بدات، بۆ ئەمەش پەیوەندی کرد بە مەلایەکی هاوڕێیەوە، مەلاکەش پێی ووت:

شەریعەت داوا ئەکات باج بدەی، تۆش بیدە.

ئەمیش لە وەڵاما ووتی:

من لە دڵ فراوانیەوە رازیم بەم زەلیلی کردنە، چونکە من زۆر قەرزاری مەسیحی یەتم.

مەلا هەناسەیەکی هەڵکێشا و ووتی:

هەموو ئەوانەی تۆ ئەناسن، ئەزانن تۆ وا بیرئەکەیتەوە.

هەر ئەم مەلایە بە بەردەوامی ئەهات بۆ لای بۆ تیمارکردنی چاوی چونکە نەخۆشی تەراخومای هەبوو. دوای ئەوەی بە تەواوی چاک بووەوە، ئەموستیلەیەکی ئەڵماسی گرانبەهای هێنا تا پێشکەشی دوکتوری بکات، ئەمیش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک داوای لێبوردنی لێکرد کە نایەوێت وەری گرێت چونکە خۆشی سەرکەوتنی ئەو لەم شێوەی تیمارکردنەدا کە بۆ چاوی کردوە لە ئەڵماسەکە زۆر بە نرخترە.

حەمەسەعی هەر لە دەست پێکردنی کار و ئیشەکەیەوە بڕیاریدا لە پیاوانی دینی پارە وەرنەگرێت، زۆر جاریش لەو

کوردانەی ئەهاتنە لای بۆ چارە سەرکردن و تیمارکردن.

خەڵکەکە هیچ گوێیان نەئەدایە کاتی تایبەتی و دیاریکراوی عیادەکەی، وا بیریان ئەکردەوە کە دوکتۆر ئەبێت لەهەموو کاتێکدا ئامادە بێت بۆ سەیرکردنی نەخۆش، لەبەر ئەوە دوکتۆرحەمەسەعی زۆری کاتەکەی لەگەڵ نەخۆش و بیمارا لە عیادەکەیدا بەسەر ئەبرد، سەرەڕای ئەمەش جاری وا هەبوو لە نەخۆشی ئەپرسی:

پێم بڵێ چیتە؟

نەخۆشەکە لە وەڵامدا ئەی ووت:

ئەی تۆ دوکتۆر نیت؟ ئەبێ تۆ بزانیت من چیمە.

دوکتۆرحەمەسەعی ئەرکی سەیرکردنی نەخۆش و نەشتەرکاری و برین پێچی و دەرمان گرتنەوە هەمووی لە سەرشان خۆی بوو، خەڵکەکە پێویستییەکی زۆریان پێی بوو.

دەستکەوتی عیادەکە ئەوەندە بوو کە خێزانەکە زۆر بە باشی و تێری پێی ئەژیا. فەرش، مەر، گەنم و جۆ، کەرە و ڕۆن، ئەمانە کرێی چارەسەرکردن و دەرمانی عیادەکە بوون.

ڕەفیقەش ئەم شتانەی ئاڵوگۆڕ پێ ئەکرد وەک هەموو خەڵک کە لەو سەردەمەدا ئەیان کرد، یاخود شتەکەی ئەفرۆشت. هاوڕێکانیان لە ئینگلتەراوە تەباخێک و مەکینەیەکی

خـەیاتیـان بەدیاری بۆ ناردن، خـەڵک و دەور و دراوسێ بەسەرسورمانەوە ئەهاتن بۆ سەیری، بەتایبەتی مەکینەی حل ،روونەکە، ژنان زۆر ئەهاتن تا بیبینن.

هەر لەم کـاتەدا بار و دۆخی رامـیـاری بەرەو خـراپتـر ئەڕۆیشت. لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٨٩٦ز شا ناسرەدین کوژرا و کوڕەکەی هاتە سەر تەخت و حوکمرانی‌یەکی لاوازی هەبوو، ئاڵۆزی و نا ئاسودەیی دروست بوو و بڵێسەی شەر لە نێوان پارتە سیاسیەکان و دینیەکانا پەرەی سەند، خەڵکەکە بە گشتی نارازی بوون لەو بارودۆخە، ئەمانەش بوو بە هۆی دروست بوونی شۆڕش و دانانی حکومەتێکی دەستوری.

لەم کاتە ناخۆشەدا دوکتۆرحەمەسەعی بەردەوام بوو لەسەر ئیش و کاری خۆی و کەسانێکی زۆری لە کوردی نەخۆش تیمار و چارەسەر کرد، لەوانە هەندێ کورد لەو ناوچەیەوە ئەهاتن کە باوکی ئەمی تیا گەورە بوو بوو، نزیک بە سنوری تورکیا.

لە هەمـان کـاتا هاوڕێیەکی مـەسیـحی خۆی کـە لە ناوچەی کوردەواری ئەژیا نامەیەکی بۆ نووسی و ئاگاداری کردەوە کە ئاگای لەخۆی بێت، هەندێ لە کوردەکانی ئەو ناوە ئەیانەوێ ڕێگە دابنێن بۆ کوشتنی.

رۆژێـک یـەکێ لەوانە پەلامـاری کـاکـەی برای ئەدات وائەزانێت دوکـتـۆر حـەمـەسـەعیـە بەڵام کـاکـە ئەتوانێت بەرهەڵستی لە خۆی بکات تا خەڵکی کە دێن بۆ یارمەتی

دانی.

شا موزەفەر بایەخی نەئەدا بە مەسیحیەکان و ئەو ئازادیەیان نەبوو کە لە کاتی حوکمڕانی باوکیا هەستیان پێ ئەکرد، لە راستیا ئازادی باوەڕی دینی لە وڵاتەکەدا نەمابوو، بەرەڵایی و بایەخ نەدان بە هێزی پیاوانی دینی وای کرد دینیەکان توانا بەدەست بهێنن.

کەس نەی ئەتوانی بەرهەڵستیان بکات لە بڕیار و حوکمدانی دینی و مەدەنیشا، ئەمەش ترسی هەبوو بۆ ژیانی دوکتۆرحەمەسەعی و بڕوانامە دانی ئەو وەک مەسیحی یەک.

بەڵام ئەو لەگەڵ ئەمەشدا رانەئەوەستا لە روونکردنەوە و قسەکردن لە بارەی ووشەی یەزدانەوە، بەتایبەت لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی ئەهاتن بۆ لای. هەروەها هەموو رۆژانی پێنج شەممە و یەک شەممەیەک لەماڵەوە کۆبونەوەی هەبوو لەگەڵ هەندێ ئەرمەن و جولەکە و مەسحیدا بۆ خوێندنەوە و لێدوان لە پەرتووکی پیرۆزدا، جگە لەمانەش هەندێک موسوڵمان لەوانەی حەزیان لە رونکردنەوە و لێکۆڵینەوە هەبوو.

رۆژێک مەلایەکی ناودار لە هەمەدان داوای لێکرد بێت و سەری باوکی بدات چونکە زۆر نەخۆشە، باوکی مەلا بەهۆی زانین و خواناسیەوە ناسرا و ناودار بوو. کاتێ دوکتۆر هات سەیری کرد بۆی دەرکەوت شێرپەنجەی هەیە شێرپەنجەکەشی کۆنە و هیچ چارێکی نیە.

ئەمیش هەولیدا لە لایەنی رۆحیەوە یارمەتی بدات، لە کاتێکا هەموو چاوەڕێی قسە و بڕیاری دوکتۆر بوون، دوکتۆر رووی کردە مەلای نەخۆش و ووتی:

دوای ئەم هەموو سالانەی کە تیایا خزمەتی خوات کردوە، حەزناکەیت بڕۆیتە بەردەمی؟

مەلا سپی هەلگەڕا و نیشانەی ترسی تیا دەرکەوت و هیچ وەلامێکی نەدایەوە.

دوکتۆر: باشە، گەورەی خۆشەویستم، من لە توانامانیە هیچ شتێکت بۆ بکەم.

ئەمەی ووتو لای هاتە دەرەوە. کابرا رۆژی دوایی مرد.

کاتێ بەناوبانگترین پیاوی دینی لە هەمەدانا، ئەمەی بیست گوایە دوکتۆرحەمەسەعی لە سەرەمەرگا پرسیارێکی بەم شێوەیەی لە مەلا کردوە، هەستا و بانگی کرد بۆ لای خۆی. کاتێ دوکتۆر هاتە لای سەیری کرد مەلا دانیشتووە مژ لە نێرگەلەکەی ئەدات، بە زەردەخەنەیەکەوە بە دوکتۆری ووت:

پرسیت لە کابرای پیر، حەزناکەیت بڕۆیتە حزوری خواوە........؟ باشە تۆ خۆت ناترسی لەوە، لە چونە حزوری خوا...... ؟

دوکتۆر: نەخێر، بەهیچ شێوەیەک.

ئینجا بۆی رونکردەوە بۆچی وەک مەسیحی یەک ناترسێت لە بەرەو روبوونەوەی یەزدان.

ئەم شیوەی باوەڕە جێی سەرسورمانی کابرای مەلا و دوو کەسی کەش بوو کە لەوکاتەدا بە رێکەوت لەوێ بوون. ئیتر دوای ئەمە ماوەیەکی چاک کەوتنە قسەکردن بەیەکەوە، لە کاتی قسەکردنا مەلا قورئانی هێنا و بێ ئەوەی سەیری بکات لە لایەکەوە کردیەوە تا بزانێت خوا چ باسێکی ئەداتێ و چ وەڵامێکی داناوە بۆی، ئینجا لە دوکتۆری پرسی:

تۆش هەمان شت ئەکەیت؟

ئەم پرسیارە رێی بۆ دوکتۆرحەمەسەعی کردەوە تا هەستێت بە رونکردنەوەی ئەوەی کە مەسیحی یەکان گیروگرفتی خۆیان بە قسەکردن لە گەڵ یەزدانا دەرئەبڕن، بەو باوەڕەوە کە یەزدان رێگەی راستیان بۆ دەرئەخات و یارمەتیان ئەدات، بەڵام مەلا و دووانەکەی کە سور بوون لەسەر ئەوەی رێگەی ئەمان راسترە.

لە وەرزی هاوینی ساڵی ١٨٩٦ز ترسێکی گەورە کەوتە ناو خەڵکی شاری هەمەدانەوە. ئەمیش بەهۆی ئەو شەڕەی کەوتە نێوان دوو کۆمەڵی ئیسلامیەوە، ئەخوندینەکان لەگەڵ کۆمەڵی شێخان.

ئەخوندینەکان هەستان بە بردن و فەرهود کردنی ماڵە شێخەکان و هەندێکیان لێ کوشتن و هەندێکیشیان لێ

بریندار کردن، ئەوانیکەش هەندێک رایان کرد و هەندێک خۆیان شاردەوە. هەر لەو رۆژانەدا ئەخوندینەکان بۆچاو ترساندن یەکێکیان لە شێخەکان هێنایە سەر جادە و نەوتیان پیاکرد و بە زیندوویی سوتانیان.

شار وای لێهات کەس نەیئەوێرا بە شەو لە ماڵ بڕواتە دەرەوە. حکومەت ناچار بوو جەندرمە و سەرباز بنێرێت بۆ ئاسایی کردنەوەی شارەکە.

هەر لەم کاتەدا منالی سێهەمی حەمەسەعی لەدایک بوو، ئارامکردنەوە و بێدەنگ کردنی منالەکان شتێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بە شەو کە هەموویان لەبەر گەرمای هاوین لە حەوشەی مالەکەدا ئەخەوتن و تەقە و بریسکەی گولە بە سەریانا ئەهات و ئەڕۆیشت.

لەم ماوەیەدا دوکتۆرحەمەسەعی ئەگەڕا بەشوێن کەسانی بریندار لە کۆمەلی شێخاندا و رۆژانە دەرمان کاری برینەکانی ئەکردن و یارمەتی پزیشکی ئەدان.

ئەم کارە رقی کۆمەلی ئەخوندینەکانی هەستان و وای لێهات بەگوێی خۆی گوێی لەم قسانە ئەبوو:

ئەو هەموو شێخە کوژران و پەرژ و بلاو بوونەوە، باشە بۆ کافرێکی وا بژی؟

رۆژێک مەلای گەورەیان ئەوەی ئەم ئاگرەی نابوەوە دوکتۆرحەمەسەعی بانگکرد و ویستی بەرگری هەلوێستی

خۆی بکات بۆ ئەم کوشتن و کوشتارە و ووتی:

ئەم شێخانە رێزی گەورەکانمانیان نەگرتووە، باشە ئەگەر هاتوو جولەکەیەک خراپ بە عیسا بڵێت، تۆ چی لێ ئەکەیت؟

دوکتۆر: وەک مەسیحی‌یەک لەسەرمە بە نەرمی موعامەلەی لەگەڵ بکەم. عیسا دۆعای کرد بۆ ئەوانەی لە خاچیاندا، ئەو فرمانی پێداوین هەمان شت بکەین، کابراش ئیتر هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

دوای ئەمە بە ماوەیەکی کورت بە فرمانی شا لە تارانەوە هاتن و ئەم کابرایەیان بەدیلی برد بۆ ئەوێ، بەمە ئاژاوەکە دامرکایەوە.

لە ناو ئەو کوردانەی ئەهاتن بۆ لای دوکتۆرحەمەسەعی بازرگانێکی موسڵمانی دڵ گەرم هەبوو ناوی میرزا حسین بوو خەڵکی شاری مەهاباد. لەگەڵ دوکتۆرا کەوتە قسە و باسی دین، کاتێ دوکتۆر وەڵامی هەموو پرسیار و قسەکانی دایەوە کابرا تورە بوو و رۆیشت، ئەمیش وای بیرکردەوە ئیتر نایەتەوە و نایبینێتەوە، کەچی بۆ رۆژی دوایی هاتەوە و بە دوکتۆری ووت:

تکات لێ ئەکەم خراپەیەکم لەگەڵ بکە تا بەتەواوی رقم لێت هەڵسێت.

دوکتۆر پەرتووکی پیرۆزی بۆ کردەوە و لە نامەی رۆمادا

بەشی١٢ ژمارەی ٢٠ و ٢١ی بۆ خوێندەوە، تیایا نوسراوە:

گەر کەسێکی دوژمنت برسی بوو نانی بدەرێ و گەر تینوی بوو ئاوی بەرە دەست، چونکە تۆ بەم کارە ژیلەمۆی ئاگر لە سەر سەری ئەکەیتەوە، با خراپە سەرنەکەوێت بە سەرتا و بە چاکە سەرکەوە بەسەر خراپەدا.

دوای ئەمە دکتۆر بە میرزا ووت:

باشە چۆن ئەتوانم خراپەت لەگەڵ بکەم و من خۆم باوەڕم بە قسەی وا هەیە؟

ئینجا میرزا دوایی وای دەرخست گوایە ئەم نەرمونیانیەی دوکتۆر بەروبوومی ئەوەیە کە هەڵخەڵەتاوە و ووتی:

بە گیانی باوکم تۆ غەڵەتی و سەرت لێشێواوە، هەر بە هیچ و خۆڕایی عەزێتی خۆت ئەدەی. دە هەستە بڕۆ تۆزێ خۆت مەستکە، تۆزێ رابوێرە تا وەخت ماوە. سوێند ئەخۆم بەو خوایە، شوین و مەکانت جهەننەمە... جهەننەم. بزانە ئەگەر هەر یەکێکی کە ئاوها قسەی لەگەڵ بکردمایە، بە کوشتن ئەمکوشت.....

کاتێ میرزا ویستی بڕوات دوکتۆرحەمەسەعی زۆر ڕێزی لێ گرت و پێڵاوەکانی بۆ دانا و تا دەری دەرەوە لەگەڵیا ڕۆیشت. دوایی میرزا حسێن ئەمەی ئەگێڕایەوە بۆ هەندێ لە هاوڕێیانی، گوایە چۆن ئەم لە کاتێکا زۆر قسەی خراپ و رەقی بە دوکتۆر ووتوە و کەچی ئەو بەرامبەر بەمە ڕێزی

لێگرتووە.

ئەوەندەی نەبرد ڕۆژێک میرزا هاتەوە بۆ لای دوکتۆر و باسی دەرونی شلەژاوی خۆی بۆ کرد و ووتی:

بەڵکو خوا لەسەر ئەسپەکە بمخاتە خوارەوە و ملم بشکێنێت. زۆر پەشیمانم لەم سەفەرەی بۆ هەمەدان کردم. خۆزگە خوا ئەیکوشتم بە موسوڵمانی.

ئینجا دوکتۆر حەمەسەعی پێڵاو و گۆرەویەکانی داکەند و دوو شوێنە سوتاوەکەی سەر قاچی پیشاندا و باسی گەڕانی خۆی بەدوای راستیا بۆ گێڕایەوە، لەدواییدا ووتی:

سەرەڕای ئەم دوو برینە، ئاشتی و ئاسودەیی نەهاتە دڵمەوە تا خوا ئەم ڕێگایەی پیشاندام، داوا ئەکەم هەمان شتیش لەگەڵ تۆدا بکات.

یەکێک لە هاوڕێکانی میرزا حسێن ئەوەی دوکتۆرحەمەسەعی نەشتەرکاری کردبوو، ئەیویست بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد. دوکتۆرحەمەسەعی ویستی پێش ئەوەی بگەڕێتەوە برینەکەی پیشان بە دوکتۆرێکی هاوڕێی خۆی بدات بەڵام دوکتۆرەکە بۆ پشوودان ماوەیەک چووبوە دەرەوەی شار، ناچار هەستا نەخۆشەکە ببات بۆ دەرەوەی شار بۆ لای.

میرزا حسێنیش خۆی ڕێکخست و چوو لەگەڵیاندا، کاتێ گەیشتنە دەرەوەی شار میرزا لە دوکتۆری پرسی:

باشـە، تۆبەکی لە دین وەرگـەڕاوی مـورتەد چۆن ئەوێریت ئاوها لەگەڵمان بێتە دەرەوەی شار و چۆڵەوانی؟ دوای ئەم قسەیە میرزا سەیری هاوڕێکەی کرد و ئینجا ووتی:

هێشتا وەختی تۆڵەی خوا نەهاتووە. لێرەدا دوکتۆر وەڵامی دایەوە و ووتی:

لە لای منەوە پێـویست ناکـات چاوەڕێی وەخت و کـات بکەیت، کوشتنی مـورتەد هەمـوو وەختێ مـافێکی ڕەوا و شایانی تەقدیر کردن بووە.

مـیرزا: پێش ئەوەی بمناسیـتایە تۆم بدیایە یان هەر یەکەم جار کە هاتمە لات، ئەم ئیشـەم ئەکرد..... بەڵام ئێستا دەستم چۆن ئەتوانێ چاوم هەڵخەڵەتێنێ و کارێکی وام پێ بکات؟

مـیرزا بە درێژایی ڕێگەکـە لە قـسـە کـردن نەکـەوت و لە دواییدا بە دوکتۆری ووت:

لێت ئەپاڕێمـەوە هەر یەکـجـار، تەنهـا یەک جار شـایەتمان بێنە.

ووتنی ئەم ڕستـەیە و شایەتمان هێنان بۆ دوکتـۆر لە کاتی ترسا بۆ سەر ژیانی ڕزگاری بوون بوو لە مردن، بەڵام دوکتۆر هیچ کـاتێ ئەمەی نەکرد. شـەو داهاتبوو کـاتێ گـەڕانەوە بۆ ناو شار، ڕەفیقەی خێزانی ترسی لێ نیشتبوو، بەڵام هیچ شـتـێک ڕووی نەدا و دوکـتـۆر بێ گـیروگـرفت گـەڕایەوە

ماڵەوە. دوای چەند ڕۆژێ میرزا هات و ویستی ماڵ ئاوایی بکات، دوکتۆرحەمەسەعی هیوای ئەوەی خواست لە مەهاباد بیبینێتەوە، میرزاش پێی ووت:

ئاگات لە خۆتبێ نەیەیت بۆ کوردوستان... ئەتکوژن......... دوایی ووتی:

پێش ئەوەی بڕۆم ئەمەوێ دیاریەکی بچوکت بۆ بکرم، هەرچەندە کەمە بۆ تۆ بەڵام حەزئەکەم لێمی وەرگریت.

دیارییەکە کۆپانێکی نایاب بوو بۆ ئەسپەکەی دوکتۆر،چونکە میرزا زانی کۆپانی ئەسپەکەی دوکتۆر قەرز کراوە. دوکتۆر بە زەردەخەنەیەکەوە بە میرزای ووت:

من و ئەسپەکەم هەردووکمان سوپاسی لوتفت ئەکەین.

میرزا بە هەردوو دەستی بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ دوکتۆر کرد و پێی ووت:

خواحافیز ئەی دوکتۆری بەرێز. ئینجا هەناسەیەکی هەڵکێشا و ڕۆیشت.

کاتێ ساڵ وەرگەڕایەوە مێردی کچەکەی شا کە لێپرسراوی هەندێ ناوچەی خوارووی ڕۆژئاوای ئێران بوو، دوکتۆرحەمەسەعی بانگ کرد بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ژنەکەی، لەدوای ئەمەوە ئیتر دوکتۆر بۆماوەی ساڵێک بووبە پزیشکی تایبەتی شازادە و خێزانەکەی لەگەڵ دەور و

پشتیان کە نزیکەی پێنج هەزار کەسێک ئەبوون.

دوکتۆر زۆر سەرکەوتو بوو لە رزگار کردنی قاچی شازادەدا کە گولەی بەرکەوتبوو و ترسی بڕینەوەی لێ ئەکرا. هەروەها سەرکەوتو بوو لە چارەسەر کردنی ئەوانەی نەخۆش بوون یا نەخۆش ئەکەوتن لە ئەندامانی خیزانەکە.

شا ویستی داینێت بە دوکتۆری تایبەتی کۆشکی مەلەکی، بەڵام دوکتۆرحەمەسەعی حەزی بەوە نەکرد ئیشەکەی تەنها هەر بۆ کۆمەڵێکی کەم و دیاری کراو بێت، هەستی بەوە ئەکرد ژیان و ئیشەکەی و زانیاریەکەی ئەبێت لە پێناوی کەسانێکی زۆرا بێت و ئەوانەی زۆر پێوستیان بە یارمەتی ئەو هەیە، دەوڵەمەند بن یا هەژار.

لەبەر ئەو ئیشانەی دوکتۆر کردبووی، شا لەقەب و ناونیشانی (باوەڕ پێکەری سوڵتانی) لە دوکتور حەمەسەعی ناو دوو سەد تمەن مەعاشی ساڵانەی بۆ بڕیەوە، ئەمەش هەتا دوکتۆر لەژیانابێت. بەڵام ئەم نەیویست ئەو ناو و لەقەبە بەکار بهێنێت، لە کاتێکا کە زۆر کەس هەبوون بەکڕین ئەیانکڕی تا ناوی پێ دەرکەن. لای ئەم بە پێچەوانەوە بوو، ئەم ناونیشان و باسە تەنها هەندێ لە هاڕێیانی ئەیانزانی. مەعاشە ساڵانەکەشی بە بەردەوامی وەرنەئەگرت تا لە ماوەیەکا بەتەواوی راوەستا، وەک هەموو ئەو مەعاشانەی پێش حوکمڕانی رەزا شا بڕیاری لەسەر درابوو.

جارێکیان کاتێ پارەیەکی زۆر کەم ئەدەن بە دوکتۆر ئەمیش

بە گاڵتە کردنێکەوە ئەڵێت ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی دڵگەرمی و یارمەتیە کە لە حوکومەتی فارسەوە دەرئەچێت.

لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٠١ز دوکتۆرحەمەسەعی ویستی جارێکی کە بڕواتەوە بۆ شاری ئورمیە (ڕەزاییە). دوای ئەوەی کەوتە ڕێ، ڕەشەبا و هەوای ساردی زستان و بەفر زۆر جار گیروگرفتیان بۆ دوکتۆر و ئیشکەرەکەی دروست ئەکرد بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکەیان

دوکتۆر بە سواری ئەسپ و ئیشکەرەکەی ئێسترێکی پێبوو، بەهۆی خراپی ئاو و هەواکەوە سەفەرەکەیان شتێکی ئاسان نەبوو بەڵکو پڕبوو لە ناخۆشی و ترس. کاتێ بەفر زەوی بە تەواوی دائەپۆشی ئەمان ناچار ئەبوون ڕێگەی تەلی تەلەفۆن و داری تەلەفۆنەکان بگرن تا ڕێگاکە بەتەواوی وون نەکەن، بەفرەکە ئەوەندە زۆری کرد کە ئیتر نەیان ئەتوانی لە ڕۆژێکا زیاتر لە دە کیلۆمەتر بڕۆن، ئەو چایخانانەش کە لەسەر ڕێگادا هەبوون بۆ پشوودان، نێوانیان لەیەکتریەوە زۆر دوور بوو.

ڕۆژێکیان ڕێگەیان وونکرد و خۆیان لە یەکێ لە لادێکانی ئەوناوە دییەوە، یەکێ لە خەڵکی لادێکە بەخێرهاتنی کردن و میوانداری کردن.

هەرکە دانیشتن لە لای زۆپای ماڵەکەوە کابرا بە شانازیەوە ووتی من لە ئەسیادەکانم و سەیدم، دوکتۆرحەمەسەعیش ووتی:

منیش مەسیحیم.....

کابرا واقیوڕما و ترسا، نانی ئێوارەی لەگەڵ نەخواردن و بەیانی زوو پەلەی لێکردن کە زوو ماڵەکە بەجێبهێڵن، گوایە ئەمانە عەیبە و شوورەییان هێناوە بەسەر ماڵەکەیدا بەڵام لای کابرا هیچ عەیب و شوورەیی نەبوو کە چەقۆکەی دوکتۆر بدزێت.

هەر لەم ڕۆژی بەفر و سەرمایەدا دوای ئەوەی دنیا تاریک بوو گەیشتنە دێیەک و لەوێ گەنجێکیان دی ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ میوانداریێتی هەرچەندە زانی ئەمانە مەسیحین، بەڵام دوایی کاتێ دایکی کوڕە ئەمەی زانی دەستی کردە سنگ کوتان بۆ ئەوکارە عەیبەی کوڕەکەی کردویەتی و کاتێ پاڵتۆکەی دوکتۆری دی هەڵواسراوە بە کوڕەکەی ووت:

بۆ ئەم کابرایەت هێنایە ماڵەوە؟ بەیانی ئەبێت گەچی دیوارەکە هەمووی بشۆرڕێت.... ئینجا دیسان بە کوڕەکەی ووت:

بڕۆ بە میوانەکە بڵێ شایەتمان بێنێت. تا پاک بێتەوە.

بەیانی کاتێ دوکتۆر ماڵەکەی بەجێهێشت، چوارئەوەندەی هەقی خۆی پارەی بۆ دانان بەڵام ئەوان مشتومڕی ئەوەیان لەگەڵ کرد کە گوایە پارەکە کەمەو بەشی پاککردنەوەی شتەکان ناکات کە گڵاوی کردوە.

کەمێک پێش ئەوەی بگەنە شاری زنجان ئەوەی ئەکەوێتە

سەر ڕێگایان، سەرماو بەفرەکە بەتەواوەتی زیادی کرد. تا وای لێهات بەفرەکە لەسەر ریش و سمێڵ و برۆیان ئەبوو بە سەهۆڵ، ئیتر نەیانتوانی بەردەوام بن لە ڕۆیشتنا.

لە یەکەم میوانخانە کە پێی گەیشتن لایاندا، هەرچەندە جێگە و نوێنەکان ئەوەندە پاک دیارنەبوون، بەڵام دوکتۆر دەست بەجێ چووە ناو جێگاکەوە و چی لێفە لە ژوورەکەدا بوو هێنایی و خۆی پێ داپۆشی، لەگەڵ ئەمەشدا خەوی لێنەکەوت چونکە لە ڕێگا زۆر سەرمای بوو بوو.

ڕۆژی داهاتوو بە ڕێکەوت هاوڕێیەکی ئەرمەنی خۆی هاتەئەوێ و لەدوایدا بردی بۆ ماڵی خۆیان تا چەند ڕۆژێک پشوو بدات. هەر لەوێ بەو ماوەیە توانی زۆر ئامۆژگاری مەسیحی بدات بە هەندێ ئەرمەن و هەروەها دەری خست بۆ کابرایەکی بەهائی کە پەرتووکەکەیان هەڵەی تیاهەیە.

لەم سەفەرەدا بەرەو ئورمیە دوو شاری گەورە دێتە ڕێیان، زنجان و تەبرێز. کاتێ شاری زنجان بەجێ ئەهێڵن و بەرەو تەبرێز ئەڕۆن، ئەبێت بە دۆڵێکی زۆر شاخاویا بڕۆن ناوی دۆڵی کافلانکووە.

کاتێ گەیشتنە دۆڵەکە، دوکتۆر سەیری کرد ڕۆیشتنی ئەسپەکەی هێواش بوەوە و هەست بە ترسێک ئەکات، سەیری لای سەروی خۆی کرد بینی چوار گورگ بە سەریانەوەن، ئەمیش دەست بەجێ ڕووی ئەسپەکەی وەرگێڕا و ماوەیەک بە خێرایی ڕۆیشت و ڕاوەستا و خێرا بیری لەوەکردەوە کە هاوار و دەنگە دەنگی بەرز ئاژاڵی دڕندە

ئەترسێنێت، بۆیە ئەمیش کردیە هاوار و دەنگە دەنگێکی زۆر بەرز، ئەم کارە سەری گرت و گورگەکان رایان کرد. دوای ئەمە لە پڕ تیشکی خۆریان لێ دەرکەوت.

دوکتۆرحەمەسەعی دوای ئەو هەموو شەڕەشەق و ناخۆشیە، دوای هەڵامەتێکی زۆر قورس کە لە شاری تەبریز گرتی، خۆی و ئیشکەرەکەی ئەوەی یاریدەدەریشی بوو گەیشتە شاری ئورمیە.

دوکتۆرحەمەسەعی بە درێژایی سەفەرەکە، سەرەڕای ئەو هەموو هیلاکیەی خۆی سەیری نەخۆشی ئەکرد و تیماری ئەکردن، لە شار، لە لادێ، لە چاخانە و میوانخانەکاندا، لە هەر شوێنێک پێیدا بڕۆیشتایە و پشوی تیا بدایە، لەگەڵ باس و بڵاوکردنەوەی ناوی عیسا و ووشەکانی.

کاتێک دوکتۆر گەیشتە دەشتی ئورمیەی بە بەفر داپۆشراو و بۆ جارێکی‌کە بەنێوان لادێ پاکەکانی مەسیحی‌یەکاندا تێپەری، بەمە زۆر دڵشاد بوو. هەر لە سەردانی یەکەم جاریەوە پێش دەساڵ لەمەوبەر، جوانی ئەم ناوچەیە و دیسان ئەو پێخۆشحاڵیەی ئاشوریەکان دەریانبڕی بۆ هاتنی، کاری تێکرد بوو.

قەشە شەمعونی خەزوری دوکتۆر کەوتبوە تەمەنەوە و ئەیویست دوا رۆژانی ژیانی لەم شارە واتە شاری ئورمیە بباتەسەر. کاتێ دوکتۆر گەیشتە شار پێشوازیان لێکرد وەک چۆن پێشوازی لە پاشایەک بکرێت، بە هەموو دڵ و راستیەکەوە بانگیان لێ‌ئەکرد، میرزاحەمەسەعی خۆمان،

کوڕە کوردەکەی خۆمان. دوایی ئەمە دوکتۆر هاتە ماڵی خەزوری و لەوێ دابەزی.

دوکتۆر ئەمجارە بە پێچەوانەی سەفەرەکانی کەیەوە، لە باتی زۆر بایەخدان بە ووتار خوێندنەوە لە کەنیسەکاندا، هەستا بە سەردانی خەڵکی. سەرەڕای ئەمە خۆی پاراست لە پڕوپاگەندە و دەرخستنی ناوی خۆی، ئەو هەموو فرسەتێکی بەکار ئەهێنا بۆ پەیوەندی بە خەڵکیەوە، پیاو ژن، موسوڵمان جولەکە، دەوڵەمەند یا فەقیر.

یەکەم جار خەزوری و قەشەکان ئەم کارەیان ئەوەندە بە دڵ نەبوو، بەڵام لەدواییدا کە روانیانە هەوڵ و خۆ هیلاککردنی بۆ پەیوەندی کردن و یاریدەدانی خەڵکەکە، هەروەها روونکردنەوەی بۆ ووشەی پەرتووکی پیرۆز، ئینجا رایان گۆڕی و شادمان بوون بە ئیشەکەی. تا رۆژێک قەشە شەمعونی خەزوری لە بەر چاوی کۆمەڵێک خەڵک ووتی:

ئێمە خۆمان ناو ناوە پیاوی ئاینی و ئیشەکانی حەمەسەعی هەڵئەسەنگێنین و رەخنە لەو

ئەگرین کە گوایە ئەو بە شێوەی تەنها و سەربەست کارئەکات، بەڵام کێ لەئێمە ئازایەتی ئەوەی هەیە پێشبڕکێی لەگەڵا بکات؟ من خۆم بەش بە حاڵیخۆم، دان بەوەدا ئەنێم کە ئەو دڵ گەرمترە لە من بۆ خزمەتی یەزدان. دڵ گەرمی ئەم زاوایەم بە جۆرێکە کەوا وورەی منیشی بەرز کردۆتەوە بۆ زیاتر خزمەتکردن دەربارەی رێگەی یەزدان و ووشەکانی.

بەم شێوەیە قەشەی پیر، بوو بە هاوڕێیەکی دڵسۆزی دوکتۆرحەمەسەعی لە سەردانەکانیا بۆ لادێکانی دەشتی ئورمیە.

ڕۆژێکیان داوایان لە دوکتۆر کرد تا لە دانیشتنێکا لەگەڵ گەورە پیاوانی بەهائیەکانا بەشداربێت، سەرەڕای ئەوەش کە ئەیزانی قسەکردن لەگەڵیانا زۆر سوودی نی‌یە، بەشداری دانیشتنەکەی کردن. بەهائیەکان دووپاتی ئەوەیان ئەکردەوە کە گوایە ئاینەکەیان نزیکە لە ئاینی مەسیحی و ئاینی ئیسلامەوە بەڵام لە هەردووکیان بەرزترە.

ئەوان هیچیان نەئەزانی لە بارەی دوکتۆرحەمەسەعیەوە، دوکتۆریش بێ ووچان ماوەی پێنج کاژێر لەگەڵیانا دووا و وەڵامی قسەکانی ئەدانەوە ئەوانەی بەرامبەر پەرتووکی پیرۆز ئەیانکرد، هەمووشی بە خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز بە زمانی فارسی و خوێندنەوەی قورعان بە عەرەبی.

بەهائیەکان سەرسام بوو بوون بەرامبەر ئەم زانیاریە و شارەزاییەی دوکتۆر، ئینجا دوکتۆر لە کۆتاییدا بە دڵ و بە گەرمی داوای ئەوەی لێکردن باوەڕ بە عیسا بکەن وەک ڕزگارکەرێک. ئەم گەرمی و وەفاداریەی دوکتۆر کارێکی سەیری کردە سەر گوێگران، لە دواییدا هەستان و بە هەمان باوەڕی خۆیانەوە ئەوێیان بەجێهێشت، بەڵام بە بیرکردنەوەیەکی قوڵتر و زیاتر لە جاران.

دوای چوار مانگ بە بەردەوامی ئیشکردن، دوکتۆر بڕیاری ئەوەیدا بگەڕێتەوە بەرەو ماڵەوە، ئەمە لە لایەکەوە، لە

لایەکی کەشەوە نامە لەسەر نامە بۆی دێت و

نامەکان ئاگاداری ئەکەنەوە بەوەی شتێکی ترسناک لە هەمەدان چاوەڕوانی ئەکات. یەکێ لە مەلاکانی ئەوێ پەرتووکی (سەرچاوەی ئیسلام)ی لە نووسینی (تەسداڵ) بەردەست کەوتووە و ئەم پەرتووکەش بۆتە هۆی تووڕەیی هەندێککەس و نووسینەوەکەشی ئەگەڕێننەوە بۆ دوکتۆرحەمەسەعی، جا بۆیە پیاوانی دینی لەوێ بڕیاری کوشتنی ئەویان دەرکردوە. بەڵام دوکتۆر سەرەڕای ئەم هەواڵانەش سوور بوو لەسەر گەڕانەوەی بۆ هەمەدان.

دوکتۆرحەمەسەعی داوای لە باوەڕدارانی مەسیحی ئەکرد بچن بۆ کوردوستان چونکە خۆی نەیئەتوانی بڕوات بۆ ئەوێ، ئاوەڵ زاوای دوکتۆر کە ناوی دوکتۆر یۆنان بوو تازە لە ئەمریکا کۆلیجی پزیشکی تەواو کردبوو ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەم کارە.

دوکتۆرحەمەسەعی و دوکتۆریۆنان دوای بەڕێکردنێکی زۆر گەرم لە هاوڕێکانیانەوە، بەیەکەوە ئورمی‌یەیان بەجێهێشت و کەوتنە ڕێ.

لە ڕێگا لە یەکێ لەو ناوچانەی ئەوێ لایاندا تاوەک هەواڵی جۆرە نەخۆشی‌یەک بزانن کەوا زۆر و بڵاوە لە ناو خەڵکی ئەو ناوەدا. کاتێک لەوێ بوون کابرایەکی جەردەی ناسراو کە خەڵکی ئەوێ بوو بە چەکەوە هات و خەڵکەکە

بەگەرمیەوە بەخێرهاتنیان لێکرد و فەرموو فەرموویان لێکرد بێتە سەرەوەی ژوورەکە، بەڵام ئەو بە خۆی و تفەنگەکەیەوە نزیکی دەرگاکە چۆکی دادا و دانیشت. کاتێک زانی دوکتۆرحەمەسەعی چەند زمانێک ئەزانێت، داوای لە دوکتۆر کرد شتێکی بە چەند زمانێک بۆبنووسێت. ئەمیش هەستاو بە زمانی کوردی و فارسی و سریانی و ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی ژمارەی ١٦ی بەشی٣ی لە ئینجیلی یۆحەننا بۆ نووسی کە ئەڵێت (یەزدان جیهانی ئەوەندە خۆشویست کە تاقە رۆڵەی خۆی پێشکەشکرد، تا لە ناونەچن ئەوانەی باوەڕی پێ ئەکەن بەڵکو ژیانی جاوێدانی بەدەست ئەهێنن). لە خوارەوەش بە مۆرەکەی خۆی کە ناوی خۆی لەسەر نووسرابوو مۆریکرد. کابرای جەردە بە سەرسامییەکەوە ووتی:

چی، حەمەسەعی؟ ئەم ناوە کوردیە.

ئینجا ئەمیش بۆ کابرای گێڕایەوە کە ئەم کوردە و موسوڵمان بووە و ئێستا مەسیحی یە.

کابرا رەنگی دەموچاوی تێکچوو و زۆر بە داخەوە بوو کە میوانداریان لێ کردووە لە ناوچەکەیاندا، تازە ناتوانێت بیکوژێت. دوایی هەستا و دەستی دایە تفەنگەکەی و ئەوشوێنەی بەجێهێشت.

کاتێک هەردوو دوکتۆر گەیشتنە دێی شایانا بوون بە میوان لە ماڵی قەشە یۆحانان. رۆژی دوای ئەوە رۆژی یەک شەممە بوو، دوکتۆرحەمەسەعی رۆیشت بۆ سێ دێی ئاشوری

لەوناوە و هانی خەڵکەکەیدا بۆ بەهێزکردنی باوەڕیان. بۆ ڕۆژی دوایی ئەم دوو هاوڕێیە کەوتنەوە ڕێ بەرەو شاری مەهاباد کە لە سەر ڕێگایان بوو، ئەمەش دوا جار و دوا بە ڕێگەوە چوونی دوکتۆرحەمەسەعی بوو لەگەڵ ئەم هاوڕێ خۆشەویستەیا، کە یارمەتی دا بۆ لەدایک بوونەوەی سەرلەنوێ و بوونی بە مەسیحی‌یەکی باوەڕدار.

پێش ئەوەی ئەم دوو دوکتۆرە ئورمیە بەجێبهێڵن، خەڵکی ئاگاداریان کردنەوە کەوا بە شاری مەهابادا نەڕۆن. بەپێی ئەو نامانەی گەیشتووە پێیان، دوو کەس لە شاری سنەوە هاتوون بۆ مەهاباد بەنیازی کوشتنی دوکتۆرحەمەسەعی‌یەوە. ئەمانیش پێش ئەوەی بگەنە شاری مەهاباد، کەوتنە باسی ئەوەی چ ڕێگایەکی کە بگرن باشترە بۆ ئەوان، لەپڕ دوکتۆرحەمەسەعی ڕووی کردە هاوڕێکەی و ووتی:

باشە، ئێمە دوێنێ لەو لادێیانە خەڵکمان هاندا بۆ بەهێزکردنی باوەڕیان بە خوا... ئەوەتا ئێستا ئێمە دوو دڵین و ئەترسین لە ڕۆیشتنمان بۆ ئەوێ.. ئەمە لاوازی باوەڕ ناگەێنێت بە هێز و توانای یارمەتی خوا؟ ئیتر دەست بەجێ بڕیاری ئەوەیاندا بڕۆن بۆ شاری مەهاباد.

هێشتا نەگەیشتبوونە قەراغ شار، حاکمی ناوچەکە ئەوەی وەک دوایی دەرکەوت هاوڕێیەکی کۆنی دوکتۆرحەمەسەعی بوو، چەند کەسێکی نارد بۆ پێشوازیان و بانگ کردنیان کەوا بفەرموون میوانن لای ئەو، ئەوانیش سڵاو و ڕێزیان بۆ ناردەوە و داوای لێبوردنیان کرد چونکە جارێ ناتوانن بێن

بۆ لای. بۆ ئێواره پیاوانی حاکم هاتنەوه و خواردنێکی زۆر چاکیان بۆ هێنان، برێتیبوو لە گۆشتی بەرخ لەگەڵ خواردنی کەدا.

ئینجا پێیان ڕاگەیاندن کەوا بەیانی بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لای حاکم خۆی بانگکراون، ئەمانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو بانگکردنە.

ڕۆژی دوایی حاکم پێشوازی لە دوکتۆرحەمەسەعی کرد و وەک هاوڕێیەکی کۆنی دڵسۆز بە گەرمی باوەشی پیاکرد و ئەملاولای ماچ کرد. دوای نانخواردنی نیوەڕۆ حاکم لە دیوەخانی تایبەتی ئەم هاوڕێیەی خۆی ناسان بە گەورە پیاوانی ناوچەکە.

هەندێ لە گەورە مەلاکان بە پەرۆشەوە بوون بۆ بینینی دوکتۆرحەمەسەعی و گوێگرتن لەو هۆیانەی وای لێکرد دینی ئیسلام بەجێبهێڵێت، ئەمیش بەو بۆنەیەوە بڕیاریدا بۆ ڕۆژی داهاتوو کۆبونەوەیەک سازکا و بە ڕێک و ڕەوانی وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان بداتەوە. لە کۆبونەوەکەدا بۆ ماوەی کاژێرێک باسی خۆشەویستی یەزدانی بۆ کردن، ئەوەی بەهۆی عیساوە پیشانیدا بە مرۆڤ. هەندێ لە دانیشتوان هەستیان بە ترس و نا ئاسودەیی کرد، کاتێک دوو پیاوەکەی لە سنەوە هاتبوون و بڕیاری کوشتنی دوکتۆرحەمەسەعی یان دابوو لەپڕ هاتنە شوێنی کۆبونەوەکە.

دوای تەواوبوونی کوبونەوەکە دوو پیاوەکە بەرەو پێشەوە کشان بۆ نزیک بوونەوە لە دوکتۆر، لەم کاتەدا هەندێ کەس

لەو باوەڕەدا بوون کەوا ئێستا شتێکی ترسناک روو ئەدات، کاتێ دوو کەسەکە گەیشتنە لای دوکتۆرحەمەسەعی‌یەوە باوەشیان پیاکرد و کردیانە چاکوچۆنی لەگەڵیا، هەردووکیان هاوڕێی قوتابخانەی بوون. دوای ئەمە دوکتۆر باوەشی کرد بە کەسێکی کەدا، ئەمیش میرزاحسێن بوو کە لە هەمەدان بە نەخۆشی هاتەلای، دوکتۆرحەمەسەعی پێی ووت:

هاوڕێ، لە یادتە بیرت لە کوشتنم ئەکردەوە، لە یادتە ووتت نەیەیت بۆ مەهاباد؟ ئەوەتا من لێرەم.

میرزاحسێن ماوەیەک بێدەنگ بوو و ووتی:

حازرم ژیانم لە پێناوتا دانێم.

رۆژی دوایی بۆ بەڕێکردنی دوکتۆر و ئاوەڵ زاواکەی نزیکەی دووسەد کەس هاتبوون.

دوای چوار رۆژ هەردوو دوکتۆر گەیشتنە شاری بیجار، ئیتر لەوێوە یەکتریان بەجێهێشت و هەریەکە چوو بە رێگای خۆیدا. دوکتۆر یۆنان بەرەو شاری سنە و دوکتۆرحەمەسەعی بۆ شاری هەمەدان، بێ ئەوەی بزانێت دوژمنانی چی‌یان بۆ ئامادە کردووە. دوای دوو رۆژ دەوری نیوەڕۆ لەو کاتەدا کە خەڵکی خەریکی پشووی نیوەڕۆانن، گەیشتە هەمەدان. کاتەکەی کاتێکی باش بوو چونکە ویستی بە پێی توانا جارێ ئەوەندە خۆی دەرنەخات.

زۆر شادمان بوو بەوەی دوای نزیکەی شەش مانگ چاوی بە

ژن و منالەکانی کەوتەوە، هەروەها زیاتر شادمان بوو کاتێ بینی منالەکان دەستیان کرد بە یاری کردن بەو دیاری‌یانەی لە رەزاییەوە بۆی هێناون.

## بەشی حەوتەم
## بڕوانامەی مەسیحی‌یەت

سەرەڕای ئەو رق و کینەیەی بەرامبەر دوکتۆرحەمەسەعی دروست بوو بوو لەو ماوەیەدا کە خۆی لە هەمەدان نەبوو، دوو ساڵ تێپەڕی بەسەر گەڕانەوەیدا بێ ئەوەی کارێکی خراپ روو بدات. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی دوکتۆر بەهۆی چارەسەرکردنی نەخۆشی‌یەوە هەیبوو لەگەڵ هەندێ ماڵانی پیاوانی دینی گەورەی شار.

مەلا عەبدول مەجی گەورەی پیاوانی دینی هەمەدان، کابرایەکی کورد بوو، چەند ساڵێک لە قوتابخانە شیعە ناو دارەکانی شاری کەربەلا و نەجەفی عیراق خوێندبووی. ئەم کابرایە هەر بەهۆی زانینیەوە بەناوبانگ نەبوو، بەڵکو بەناوبانگیش بوو لە پارێزگاری توندیا بۆ شەریعەتی ئیسلام.

گەر یەکێ کارێکی بکردایە و هەقی سزای کوشتنی بووایە، ئەم بڕیاری کوشتنەکەی لەبەر چاوی خەڵکێکی زۆر ئەخوێندەوە و داوای لە یەکێک ئەکرد بێتە پێشەوە بۆ بەجێهێنانی بڕیارەکە، واتە کوشتنی کابرا. خۆ ئەگەر کەس نەبوایە ئەم کارەی جێبەجێ بکردایە، ئەوا هەرخۆی شمشێری لێ بەرز ئەکردەوە و سەری کابرای لە لەشی جیا ئەکردەوە.

رۆژگار ئەم کابرایەی تووشی نەخۆشییەکی زۆر قورس و گران کردبوو. هەرچەندە بڕیاری ئەو کوشتنانەی ئەم دەری

ئەکرد بە پێی یاسا و شەریعەتی ئیسلام بوو، بەڵام ئەم هەر ترسی لە ژیانی خۆی هەبوو.چونکە ئەو پشتی نەئەبەست بەو حەکیم و دەرمان دروست کەرانەی خەڵکی ئەوێ بوون. بۆیە لە دوایدا رازی بوو بە بانگکردنی دوکتۆرحەمەسەعی بۆ لای خۆی. کاتێک دوکتۆر باش روانیە نەخۆشیەکەی، سەیریکرد تووشی نەخۆشی شیرپەنجە بووە و برینەکەشی لە دواپلەی خراپیدایە.

دوکتۆرحەمەسەعی تەنها هەرئەوەی لە توانادابوو هەندێ دەرمانی بداتێ تاوەک کەمێک کۆکەکەی هێمن بکاتەوە ئەوەی لەگەڵ نەخۆشیەکەیدا هەیبوو. لە سەردانی داهاتووی دوکتۆرا کابرا هیلاکی و نەخۆشیەکەی زیاتر بوو بوو، دوکتۆرحەمەسەعی پێی ووت:

باشە بۆچی؟ دەرمانەکانت نەخواردوە؟

کابرا: راستی بڵێم....... خۆم نەمخوارد.

دوکتۆر: بۆ؟

کابرا: تۆ دوژمنت زۆرە، ئەترسم دوای مردنم حەکیمەکان لەرقا وا لە خەڵکی بگەیەنن کە تۆ بە حەبوو دەرمانی ئەجنەبی منت کوشتوە. مردنی من حەتمیە، بیرم لەوەکردەوە ژیانت رزگارکەم، بۆیە پێم ووتن دەرمانەکان لابەرن.

ئەم شێوەی بیرکردنەوەیە زۆر کاری کردە سەر دوکتۆرحەمەسەعی، ئینجا ووتی:

زۆر سوپاس بۆ ئەو بایەخەی بەمنت داوە، بەڵام ئەوانەی لە خوا ئەترسن، شتی راست ئەکەن و باقیەکەی ئەدەنە دەستی خوا خۆی.

دوای ئەم قسەیە کابرا داوای کرد دەرمانەکانی بۆبێنن و لە دەرمانەکانی خوارد.

پاش چەند هەفتەیەک کابرا مرد و تاوانی مردنەکەش لە لای هەندێکەوە خرایە سەر شانی دوکتۆرحەمەسەعی، بەڵام ئەو دۆستایەتیەی لە نێوان کوڕی کابرا و دوکتۆرا دروست بوو بوو هەر مـــایەوە و کـــوڕە بەردەوام بوو لە خـــوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆزا ئەوەی دوکـتۆر پێشکەشی کردبوو، بەمە زۆر لە مەسیحی‌یەت شارەزا بوو.

رۆژێک دوکتۆر سەردانی ماڵێکی هاوڕێی کرد، کاتێ چووە ماڵەکە سەیری کرد چوار کەسی لێیە دانیشتون باسی دین ئەکەن. یەکێ لەوانە کە دوکتۆری تاوان بار ئەکرد گوایە ئەو لە پێناوی ماڵ و پارەدا بووە بە مەسیحی ووتی:

لەپێشەوە وام بیرئەکردەوە، بەڵام ئەوە مـاوەیەکی زۆرە بە باشی سەرنجیم داوە، ئێـسـتـا من باوەڕم وایە کـە دوکـتـۆر شتێکی دۆزیوەتەوە، ئەوشتەش بۆتە مایەی ئیسراحەتی دڵی

بەجۆرێک گوێ ناداتە هیچ شتێکی کە، وا بزانم دوکتۆر کەم کەڕاوە و قوڵ بۆتەوە لە دینی ئیسلاما. ئینجا تەواو رووی کردە دوکتۆرحەمەسەعی و پێی ووت:

ئایا تۆ خۆت بە قولّی و بەدڵ جەهدی خودا ناسینت کردوە؟

دوکتۆر بێ خۆهەڵکێشان پێی ووت:

بەڵێ، هەر ئەو هۆیەش بوو وای لێکردم لەکاتی گەنجیما زۆر بگەڕێم. گیروگرفتم ئەوەبوو، چۆن خوا کابرایەکی گوناهباری وەک من وەرئەگرێ لای خۆی، بە بێ سزایەک و شتێک کە شیاوی گەورەیی و دادپەروەری ئەوبێت، شتێک کە دڵم قەناعەتی تەواوی پێ بکات. من وەڵامی ئەمەم لە مەسیحی‌یەتا دۆزیەوە، ئەگەر وانەبوایە، ئەوا بە موسوڵمانی ئەمامەوە و ئەم هەموو گیروگرفتانەش کە بەرامبەری ئەبمەوە، هیچی رووی نەئەدا.

دوکتۆرحەمەسەعی دوای گەڕانەوەی بۆ هەمەدان، چاوەڕێی گیروگرفتی زۆر گەورەی ئەکرد، بەڵام سەیری کرد زۆر رێگەی راستەوخۆ دروست بوو بۆ ئەوەی بڕوانامەی خۆی بدات لەبارەی باوەڕیەوە بە عیسا، نەک هەر بۆ خەڵکی بەڵکو لەبەر چاوی گەورە پیاوانی موسڵمانیش.

هەندێک لە هاوڕێیانی دوکتۆرحەمەسەعی بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، پێشنیاری ئەوەیان بۆ کرد کە خۆی و خێزانەکەی بچن بۆ ئینگلتەرا و لەوێ دابنیشن، بەڵام ئەم بیرێکی کەی ئەکردەوە.

گەر بڕوات بۆ دەرەوە، ئیتر ناتوانێت یارمەتی ئەوکەسانە بدات لە ناو گەلەکەیا کە بە راستی پێویستیان بە یارمەتی ئەو هەیە، لەبەر ئەمە داوای لێبوردنی کرد کە پێشنیارەکەیان

پەسەند ناکات.

لە بەهاری ساڵی ١٩٠٢ز دوکتۆر هەستا بە سەفەرێک بۆ ئینگلتەرا، ئەوەی پاڵی پێوەنا

بۆ ئەم سەفەرە دوو شت بوون، یەکەم دانانی سامۆیلی کوری کە تەمەنی گەیشتبووە نۆ ساڵ لە قوتابخانەیەکی ئەوێ، دووهەم زیاد کردنی زانستی پزیشکی خۆی هەروەها زیاد کردنی زانیاری لە پەرتووکی پیرۆزدا.

سامۆیل لە ماڵی دوکتۆر وەرنی هاورێی مایەوە و خۆشی دەستیکرد بە خوێندنی بەکتریۆلۆجیا لەگەڵ خویندنی باڵا لە نیشانە و رەمزەکانی پەرتووکی پیرۆزا، هەندێ کاتیشی دانا بۆ خوێندنی چارەسەرکردن و نەشتەرکاری کردنی چاو. لەکاتی ئیشکردنیا لە ئێران، بۆی دەرکەوتبوو کە پێویستی زیاتری بە چی هەیەو لە چ لایەنێکا زانیاریەکەی لاوازە.

سەرەرای ئەمانەش ئامادەی ئەو باسکردنانەی دوکتۆری نەرویجی دوکتۆرهانس ئەبوو کە تیایا باسی لە نەخۆشی گەڕ بوون ئەکرد، ئەمیش ئەوکەسە بوو ئەو بەکتریایەی دۆزیبووەوە کە ئەبێتە هۆی دوروست بوونی ئەو برین و نەخۆشیە. دواییش پاتریک مانسۆنی هاورێی کۆنی دوکتۆرحەمەسەعی، ئەوی لەگەڵ دوکتۆر هانسا ناساند بەیەکتر.

هەموو ئەم شارەزاییانەی دوکتۆرحەمەسەعی لە ماوەی ئەو ساڵەدا لەم خویندنە بەرزەدا فێری بوو، سوودی تەواوەتی

خۆی دەرخست لە چارەسەرکردن و نەشتەرکاری کردنەکانیا دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران. هەواڵی سەرکەوتنی ئەو لە هەندێ چارەسەرکردنا گەیشتە دەرەوەی ئێران، ئەم سەرکەوتنانەی دوکتۆرحەمەسەعی وای لە دوکتۆر و حەکیمەکانی ئەوێ کرد بەغیلی پێبەرن.

سەلاح سەڵتەنەی حاکمی هەمەدان کوری شا ناسرەدین و برای شای ئێران بوو، کورەکەی تووشی نەخۆشییەکی خراپ و ترسناک بوو بوو، دوکتۆر و حەکیمەکان هێچ هیوایان نەمابوو بە چاکبوونەوەی. حاکم ناردی بەشوێن دوکتۆرحەمەسەعیدا تا بێت بەڵکو کورەکەی چاکبکاتەوە. سەرکەوتنی دوکتۆرحەمەسەعی لێرەدا زۆر گرنگ بوو بۆ ناوبانگی و داهاتووی ئەو.

دوکتۆرحەمەسەعی توانی کوڕە لەو نەخۆشیەی رزگارکات و چاکی بکاتەوە. باوکی کوڕە دڵ پڕ لە سوپاس و ڕێز بوو بۆ ئەو کەسەی کە ئاوها کوڕەکەی لەو نەخۆشیە رزگارکرد. بەهۆی ئەو شەوە درێژانەوە کە ئەبوایە دوکتۆر بۆ بەردەوامی چارەسەرکردن لای منالە نەخۆشەکە بمێنێتەوە، ڕێگەی قسەوباسی ئاینی لە نێوان دوکتۆر و حاکما کرایەوە و حاکم زانیارییەکی زۆری لە سەر باوەری مەسیحی بەدەست هێنا.

لە هاوینی ساڵی ١٩٠٤ز لە ناوەراستی گەرمای هاوینا نەخۆشی کۆلێرا بڵاو بوەوە، ترس باڵی کێشا بەسەر شارا. خەڵکی بەسەدان ئەمردن، دەوڵەمەنەکان شاریان بەجێهێشت بەرەو شاخ یان بۆ شوێنی هاوینەیان لە دەرەوەی شار. دوکتۆرحەمەسەعی بانگ‌کرا بۆ یاریدەدانی ماڵی حاکم کە

چووبوون بۆ سەر شاخی ڤاند کە شەش هەزار پێ بەرزترە لە شاری هەمەدان.

هەرچەندە دوکتۆر زۆر دەستی گیرابوو، بەڵام ناو بە ناو خۆی ئەگەیاندە جێی هاوینی خۆی چونکە نزیکەی هەژدە سەرخێزانی ئەرمەنی و جولەکە چووبوونە ئەوێ و ڕەفیقەی ژنیشی لەوێبوو بۆ جێگا کردنەوە و یارمەتیان.

دێی شاڤارین کە نزیک هەمەدانە و ئەکەوێتە سەروی ڕۆژهەڵاتیەوە نەخۆشی کۆلێراکە زۆر بە خراپی گرتبوویەوە. ئەمیر ئەفخام گەورە و دەرەبەگی ئەو ناوچەیە بوو، لە کۆشکێکی گەورەی جوانا ئەژیا. سەرەڕای دەسەڵات و دەوڵەمەندی کابرا زۆر خەفەتبار بوو، چونکە ژنەکەی کۆلێرای گرتبوو و هەروەها کچەکەشی لە لایەکی کەوە لە جێگادا کەوتبوو و تووشی نەخۆشی دیزانتری بوو بوو.

کاتێ دوکتۆرحەمەسەعی لە ماڵی سەلاح سەڵتەنەی حاکم لە شاخ بوو، ئەفخام دوکتۆرێکی باشی کەی وەک ئەوی دەست نەئەکەوت بۆ ئەوەی بیهێنێت بۆ چارەسەرکردنی ژنەکەی و کچە بچکۆلەکەی، سەرەڕای خزمایەتی لەگەڵ حاکما نەی ئەویست داوای لێبکات بە

دوکتۆرحەمەسەعی بڵێت بێت بۆ لای بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی ئەمیش. ئەفخام زۆر ڕقی لە حاکم بوو چونکە ئەو نەیئەهێشت ئەفخام دەسەڵاتی لەوناوچەیەدا زیاتر بڵاوکاتەوە. بەڵام دوایی کە نەخۆشیەکەیان زۆر قورستر بوو ناچار بوو بنێرێ بەدوای دوکتۆرحەمەسەعیدا بۆ

تیمارکردنی ژن و کچەکەی.

دوای دوو هەفتە ئەفخام زەردەخەنە کەوتە رووی و زۆر دڵخۆش بوو بەوەی هەردوو نەخۆشەکەی بەرەو چاکبوونەوەی تەواوەتی ئەڕۆیشتن. کاتێ دوکتۆر گەڕایەوە بۆ ماڵی حاکم، قوتابییەکی خۆی لەوێ دانا بۆ ئەوەی ئاگاداری چاکبوونەوەی نەخۆشەکان بێت، سەرەڕای ئەمەش پەیمانیدا بگەڕێتەوە گەر پێویستیان بەو بوو. زۆر جار ئەفخام قوتابییەکەی دوکتۆری ئەهێنایە قسە و هەوڵی ئەدا بزانێت چی هەیە لە نێوان دوکتۆرحەمەسەعی و حاکم دا، لێی ئەپرسی:

چیە، حاکم خەریکە ببێتە مەسیحی؟

ئینجا پێئەکەنی و ئەیووت:

دیارە حاکم مان داوای شتی زیاتر ئەکات لە دوکتۆر تا رازیکات. لەوانەیە پێویستی بە رێگەیەکی توند و تیژ هەبێت، چونکە ئەو خۆی لەگەڵ ئێمە مانانی ساحێبی زەوی و زارا بە جۆرێکی توند و تیژ موعامەلە ئەکات. ئێمە لەو میوەجاتە نین کە بە ئاسانی ئەفلیقێنرێتەوە.. خۆ ئەگەر زەختیشی لێ بکرێ، ئەتەقێ و ئاوەکەی ئەچێتە ناو قوڵایی چاوەوە......... قوتابییەکەی دوکتۆر زانی چی ئەڵێت، ئەیزانی ئاغاکان رقیان لە حاکمە.

بە هاتنی سەرما، نەخۆش کۆلێراکە هەرووەک چۆن بە خێرایی بڵاو بووەوە، هەرواش بە خێرایی وون بوو و خەڵکەکە

گەڕانەوە بۆ ناو ماڵەکانیان. ئەم دەرد و نەخۆشیە نزیکەی لە سەدا دەی دانیشتوانی شاری هەمەدانی لەناوبرد.

دوکتۆر جارێکی کە دەستی کردەوە بە ئیشەکەی خۆی لە ناوشار. دوایی لە چەند لایەکەوە بەرگۆی کەوت کە پلانیک ریک ئەخرێت دژی ئەو، پاش ماوەیەک شتەکە بوو بە هەڕەشە و گوڕەشە کردن و هەندێ هەڕەشەی بۆ هات، هاوڕێیانی لە مەلا گەورەکان

پێیان راگەیاند کە ئەو دوژمنی زۆرە و ئەوانەش ئەچنە لای خەڵکی و ئەڵێن:

ئەو کابرا هیچ و پوچە واز ناهێنێت لە بانگکردنی خەڵکی بۆ ئەوەی بێنە سەر دینەکەی. دوکتۆرحەمەسەعی گوێ خۆی کەڕکرد لەم قسانە هەمووی، پاش ماوەیەک هەڕەشەکە بوو بەم قسانە:

شار بەجێبێڵە و خۆت رزگارکە تا کات ماوە... هەر لەو کاتەدا هاوڕێیەکی ئامۆژگاری کرد لە شار دەرچێت و بڕوات چونکە ئەو سەرپشکە لەوەی کە دوژمنەکانی بڕیاری تەواوەتیان داوە شتێکی لێبکەن. دوکتۆرحەمەسەعی بەمە تیک چوو و ناڕەحەت بوو بەڵام هیچی نەکرد و چاوەڕوانی رێپیشاندانی یەزدان بوو.

چەند هۆیەک هەبوون کە زەوی خۆشکەر بوون بۆ نانەوەی ئاژاوەیەک، یەکەم دروستکردنی ئاژاوەیەکی گەورە بۆ تێکدانی حوکمرانی سەلاح سەڵتەنە. دووهەم بەغیلی

هەندێ دوکتۆری جولەکە بە دوکتۆرحەمەسەعی، لەوانەی چووبونە سەر مەزهەبی بەهائی. ئینجا تۆڵەی ئیسلامیەکان بەهۆی پەرتووکی (سەرچاوەی دینی ئیسلام) ئەوەی هەندێ لە مەلا توندڕەوەکان نووسینەوەکەیان ئەگەڕانەوە بۆ دوکتۆرحەمەسەعی و خۆشی لە ڕاستیا نووسینەکە هی دوکتۆر تەسداڵە. ئەوان ئەیانووت:

باشە، لێرە کێ لەو زیاتر ئەم هەموو زمانانە ئەزانێت؟

ئەم قسەیەش سەلماندنێکی ڕون و تەواو بوو بۆ توندڕەوەکان.

بەم شێوەیە دوکتۆر لەو نێوانەدا بوو بە قوربانی باری ڕامیاری و هەستی ڕق و کینە و بەغیلی هەندێ کەس.

مەلاکانی شار لەگەڵ ئیمامی جومعە بەنهێنی لە مزگەوتی گەورەی شار کۆبوونەوە و نامەیەکیان نوسی تیایا بڕیاری لە سێدارەدانی دوکتۆرحەمەسەعی تیابوو، چونکە کفری کردوە و جنێوی بە پێغەمبەرەکەیانداوە، هەروەها ئەو هەوڵ ئەدا وا لە خەڵکی بکا واز لە باوەڕیان بێنن. گەر ئەم نامەیە بەم شێوەیە لە لایەن ئیمامی جومعەوە بۆ خەڵکی بخوێنرێتەوەوە، مانای نیشانەیەکە بۆ ئەوەی موسوڵمانان هەموو بە یەکەوە هەستن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.

ئەم بڕیارەش بەپێی قورئان شتێکی ڕاستە. ئەوکەسەش کە لێپرسراو بوو و ئەبوایە ئەم نامەیەی ئیمزا و مۆر بکردایە، کوڕی ئەو مەلا پیرە ناودارە بوو کە دوکتۆرحەمەسەعی لە

سەرەمەرگا لێی پرسی، ئایا دوای ئەم هەموو ساڵانەی کە تیایا خزمەتی خوات کردوە، حەزناکەیت بڕۆیتە بەردەمی؟

ئەم پرسیارەی دوکتۆر چەند ساڵێکی بەسەرا رۆیشتبوو، بەڵام ئەو نارەحەتی یەی لەوێدا لە مێشکی باوکەکەدا دروست بوو، هێشتا هەر لە مێشکی کورەکەیدا مابوو. دوکتۆریش ئەیزانی کە ئەم کابرایە دەورێکی باشی بینیبوو لە هاندانی خەڵکەکەدا دژی ئەو لەکاتێکا لە رەزاییە بوو.

بارودۆخی شارەکە زۆر خراپ بوو بۆ دوکتۆرحەمەسەعی، وابڵاو کرایەوە کە خەڵکەکە خەریکە بتەقێتەوە، حاکم دەستەوسان بوو لە ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە. لەم کاتەدا ئاغای ئەفخام توانی پیاوە دینیە گەورەکان راکێشێت بۆ لای خۆی، ئەویش بەهۆی مسۆگەر کردنی هەق و پێویستی و یارمەتی بۆیان.

خەڵکەکە رقیان لە حاکم هەستابوو بەهۆی پەیوەندیەوە بە دوکتۆری لە دین وەرگەڕاو. ئیتر نەیتوانی لە ماڵی خۆی رایگریت. نامەیەکی نارد بۆ سەرۆک شالیار و راستی باسەکەی بۆ نووسی.

ئاغای ئەفخام لەم کاتەدا هەستاو پەلێک چەکداری نارد بۆ ئەوەی دوکتۆرحەمەسەعی و خێزانەکەی بهێنن بۆ شاڤارین دێکەی خۆی، بەمە ئەو رەشەبایەی راگرت کە خەریک بوو بێت و ژیانی دوکتۆرحەمەسەعی هەژار لەناو بەرێت، ئەو دوکتۆرەی ژیانی ژنەکەی و کچەکەی لە مردن رزگار کرد. بەڵام رەفیقە نەیویست ماڵەکەی خۆی بەجێ هێڵێت و

ووتی:

هیچ کـەسێک نایەت دەست درێژکات بۆ پیرێژنێکی وەک من. ئیتر دوو کورەکەیان هەر

یەکە لە لایەک لای مـاڵە ناسیاو مـانەوە. دوکـتـۆر لەگەڵ چەکدارەکان بەشەو کەوتنە رێ و گەیاندیانە شاڤارین، دوای دوو رۆژ رەفـیـقـە و دوو کـورەکـەشی گـەیشـتنە لای.لەگەڵ ئەوەشدا فرمانی ئاگاداری کردنی شتی ناومـاڵی دوکتۆر درابوو بەڵام

لە گـــواســـتنەوەدا هەندێ شـــتـــیـــان دزرا و تەنانەت ئیشکەرەکانیش بەشداریان لە دزینی شتومەکی ناوماڵەکەدا کرد.

هەرچەندە ئەفـــخـــام زۆر هەوڵـیـــدا بۆ ئارام کـــردنەوەی خەڵکەکە، بەڵام لەوەی ئەکرد شتەکە لە دەست دەرچووبێت، کـاتێ بە شوێن و جێی دوکـتـۆریان زانی وەزعی ئەفخام تێکچوو. هەندێ لە قـوتابی قـوتابخـانەی قـورعـان لەگەڵ چەند بازرگـانێکی شـاری تەبرێز و چەند پیـاوکـوژێکی بەکـرێگیـراو، کـەوتنە رێ بەرەو شـاڤـارین بۆ کـوشـتنی مورتەدی لەدین وەرگەڕاو.

کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە ئاغای ئەفخام، خیرا دوو مەلای ریش سـپی نارد تاوەک بچنە رێی ئەو خـەڵکە و بەهەج شـێـوەیەک بێت بیـانگەڕێننەوە. ئەوانیش کـەوتنە سوێند خـواردن بە ئیـمـام و بە پێـغـەمـەر کـە دوکـتـۆر شاڤـارینی

بەجێهێشتوە و لەوێ‌نیە، دوو مەلاکە زۆر بە هەلاکەت چوون تا خەڵکەکەیان رازی کرد بۆ گەڕانەوە.

دوای ئەمە ئەفخام حەبلی سەبری پچڕا و بە میوانەکەی راگەیاند کە ئیتر ناتوانێت لەمە زیاتر لای خۆی گلی بداتەوە، چونکە لەشار وایان بڵاو کردۆتەوە، گوایە ئەفخام و کورەکانی ئاگاداری لە کابرایەکی (عەدو الدین) ئەکەن، ئینجا ووتی:

تەماسم گرتووە (پەیوەندیم کردووە) لەگەڵ سەرەک شالیار و ئەمەش جوابەکەیەتی.

نامەیەک بە شێوەی بروسکە کرابوو، دایە دەست دوکتۆر، نامەکە تیایا نووسرا بوو:

دەستبەجێ بینێرە بۆ تاران.

لێرەدا دوکتۆر ووتی:

لەو کاتەوە کە سەرەک شالیار بەڕێوە بوو بچێ بۆ شاری کەربەلا و ماڵەوەی نەخۆش کەوت وە منی بانگکرد بۆ دەرمان کردنی. دوای ئەوەش بە دوو ساڵ بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵیا رۆیشتم بەرەو باشور، هەر لەوکاتەوە پەیوەندی باشە لەگەڵما، سەرپشکم لەوەی ئەم بڕیارەی لە قانزاجی منایە.

کاتێ هاورێیانی دوکتۆر زانیان وا بەرەو تاران ئەڕوات،

هاتن بۆ بەڕێکردنی، وایان ئەزانی

ئیتر تا چەند ساڵێکی کە ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لایان. ڕەفیقەی خیزانی نەیویست بڕوات بۆ تاران و حەزی‌کرد لە هەمەدان لە ماڵەکەیدا بمێنێتەوە، بەڵام پەیمانیدا کە جارێ بۆ ماوەیەک لە ماڵی هاوڕێیانیان دابنیشێ.

لەوکەسانەی هاتبوون بۆ بەڕێکردنی دوکتۆر، مەلاسدیق بوو. کاتێ بەجێی‌هێشت ووتی:

باشە دوکتۆر، لەتارانیش خەریکی باسی عیسا ئەبیت یا دەرست وەرگرتووە؟

ئینجا دوکتۆر بۆی دووپات کردەوە کە هیچ کاتێک کەمتەرخەمی ناکات بۆ بڕوانامەدانی لە بارەی باوەڕیەوە هەتا ژیانی مابێ. لێرەدا مەلا بە پێکەنینەوە ووتی:

کەواتە سەرت سوڕنەمێنێ ئەگەر ڕاوچی بۆنی نێچیری کردو هات بۆ تاران.

ئنیجا خواحافیز بوونێکی گەرمی لە دوکتۆر کرد. هەروەها ژنێک لە مەکتەبی تەبشیری‌یەوە (مەکتەبی بڵاوکردنەوەی ئینجیل و ووشەی پەرتووکی پیرۆزە)وە هاتبوو، بە شێوەیەکی جیاواز قسەی لەگەڵ کرد و ووتی:

من باوەڕم بەوە هەیە خوا ئەیەوێت تۆ بڕۆیت بۆ تاران و لە تاران بڕوانامە بەیت. دوایی ڕۆژێک لە ڕۆژانیش لە

کوردوستان لەو شارەدا کە تیایا لە دایک بوویت، لە خوا داوائەکەم بمهێڵێت تا ئەو ڕۆژە ئەبینم..........

ئەوەی شایانی باسە، پێشبینی ئەم ژنە و داواخوازییەکەی لە دواییا هاتە دی و لە ژیانابوو کاتێ دوکتۆرحەمەسەعی گەڕایەوە بۆ کوردوستان.

ڕۆیشتنی حەمەسەعی بۆ تاران بە ڕێکەوت کەوتە یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەوە، کاتێ یەکەم لاپەرەی ڕۆژی یەکەمی ڕۆژنامەی ساڵی ١٩٠٥ز لێکردەوە، نووسینێکی پەرتووکی پیرۆزی تیابوو کە لەگەڵ نێرراوی یەزدان موسادا بەم شێوەیە قسە ئەکرێت:

یەزدان هیناویتیە شوێنێکی تازەوە، نانی تیائەخۆیت و پێویستت بەهیچ نابێت.....

دوکتۆر بە دڵێکی پڕ لە ئومێدەوە ژنەکەی و کوڕەکانی بە یەزدان سپارد و خواحافیزی لێ کردن. هەرچەندە ئەفخام ئەیویست کۆمەڵێ چەکداری لەگەڵ بنێرێت بۆ پارێزگاری بەڵام ئەم وای بەباش زانی بە بێدەنگی بڕوات بە شێوەیەک سەرنج ڕاکێش نەبێت. هەندێ جلی گەرم و چەند پێویستییەکی خۆی لە باولێکا پێچایەوە و لەگەڵ قوتابییەکی

ئەرمەنی خۆی و دوو ئیشکەر کەوتنە ڕێ، ئەم دوو ئیشکەرە هاوڕێ یەکی دوکتۆر ناردبوونی بۆ یارمەتیدانیان تا ئەگەنە ئەو شارۆچکەیەی بە شێوەیەکی بەردەوام

پلەی گەرما لە ژێر سفرەوە بوو و هەوا زۆر سارد بوو.

دوکتۆرحەمەسەعی لە ڕێگا زۆر ئاسودەیی دەرونی بۆ هات، کاتێ ووتەکانی ئینجیلی هاتە خەیاڵ ئەوەی عیسای پیرۆز لە بەشی ١٠ی مەرقۆسا کە ئەڵێت:

کەس نییە برا و خوشک، دایک و باوک، مناڵ و ماڵ و کێڵگەی بە جێ هێشتبێ لەپێناوی من و لەپێناوی ئینجیلدا، لەم زەمانەدا سەد ئەوەندە وەرنەگرێتەوە، هەروەها لە ڕۆژی دواییدا ژیانی جاویدانی.

لەکاتی ڕۆیشتنا قوتابییە ئەرمەنیەکە زوو زوو ئاوری ئەدایەوە بۆ دواوە تا بزانێت کەس دوایان نەکەوتوە، لەدوایدا بە دوکتۆری ووت:

ئەزانی دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە شاڤارین چی ڕوویدا؟

دوکتۆر: نازانم.

قوتابییەکە: گەنجێک ئەکەوێتە گیروگرفتەوە، بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت، شایەتمان ئەهێنێت و ئەبێتە موسوڵمان. ئیتر هەندی کەس ئەچن بۆ لای ئەفخام و باسەکەی تێئەگەیێنن و پێی ئەڵێن کەوا کورە لە ترسا بووە بە ئیسلام. جا گوێت لێبێت ئەفخام چی وەڵامداونەتەوە، پێی ووتوون:

باشه بۆچی وا شڵەژاون؟ لەبەر ئەوەی بێ عەقڵێک بووە بەئیسلام؟ حەمەسەعی کە بەقەدەر نیوەی موسوڵمانی شارەکەی بوو، هاتەسەر دینتان ئێمە هیچمان نەووت.

ئیتر زۆر توڕە ئەبێت و دەریان ئەکات.

کاتێک گەیشتنە عەرەبانەی پۆستەکە، دوکتۆر دوو ئیشکەرەکەی ناردەوە. عەرەبانەکە جگە لە دوکتۆر و قوتابیەکەی دوو کەسی کەی تیابوو. کوڕێکی گەنجی رووخۆش لەگەڵ کابرایەکی بازرگانی خەڵکی تەبریز، دیار بوو کە دوکتۆرحەمەسەعی یان نەئەناسی.

عەرەبانەی پۆستەکە لەم سەفەرەدا بە دوو شاری گەورەدا ئەڕۆیشت، شاری سوڵتان ئاباد وە شاری قوم . قوم شارێکی پیرۆزە چونکە گۆڕی فاتمەی خوشکی هەشتەم ئیمامی شیعەی تیایە.

لە کاتی راوەستانیانا لە سوڵتان ئاباد بۆ گەیاندنی پۆستی شار دوکتۆرحەمەسەعی چووە گۆڕستانێکی نزیک، لەپڕ چاوی بە کێلێک کەوت لەسەری نوسرابوو: خوا لێخۆشبوو ئیمامی جومعەی سوڵتان ئاباد. لە تەنیشتیەوە گۆڕێکی کەی لێبوو ناوی باغیری لەسەر نوسرابوو.

ئەم ئیمامە ئەو کەسەبوو کە پانزە ساڵ لەمەوبەر قوتابیانی قوتابخانەی قورعانی هاندا بۆ ئەوەی پەلاماری ماڵی دوکتۆرحەمەسەعی بەن و بیکوژن، باغیریش یەکێک بوو لەو قوتابیانەی لەگەڵیابوو، بەڵام وارێکەوت کە دوکتۆر

دوو کاژێر بەر لە هاتنیان شار بەجێبهێڵێت.

لەم کاتەدا دوکتۆر ووتەی یەزدانی بیرکەوتەوە کە بە ئەشعیای نێرراوی خۆی ئەڵێت: گەر دوژمن سوپای کوکردەوە بۆ کوشتنتان، ئەمەش لەمنەوە نەبوو ئەوا لەناویان ئەبەم و ئەتان پارێزم. (پەرتووکی پیرۆز، ئەشعیا بەشی٥٤ ژمارە١٥)

کاتێک خەریک بوو نزیک ئەکەوتنەوە لە شاری قوم، دوو کابراکەی لە عارەبانەکەدا بوون کەوتنە باسی شتی دینیەوە، هەرلەوباسەدا بوون لەپڕ کابرای بازرگان رووی کردە دوکتۆر و ووتی:

باشە، ئەوە دوکتۆرە لە دین وەرگەڕاوەکە ئەوەی باسی ئەکەن و ئەشڵێن کتێبێکی زۆر خراپی لەسەر ئیسلام نووسیوە، چی بەسەرهات؟

پرسیارەکە وەک بروسکەیەک وابوو کە لە پڕا لە ئاسمانەوە دێت. دوکتۆر نەیتوانی خۆی لادات لە وەڵامی پرسیارەکە، لەسەرێکی کەشەوە ووردە ووردە نزیک ئەبونەوە لە شاری قوم ئەوەی کە دانیشتوانی لە لایەنی ئاینیەوە بە توندڕەو ناسرابوون. لەوەڵامدا ووتی:

منم دوکتۆرە لە دین وەرگەڕاوەکە.

کابرای بازرگان و کوڕە گەنجەکە هەناسەیەکی قوڵیان هەڵکێشا و بە سەرسامیەکەوە روانیانە

دوکتۆرحەمەسەعی.

دوکتۆر: بەڵام ئەوکتێبەی باسی ئەکەن نووسینی من نیە و من دام نەناوە.

دوای ئەمە کەوتە گێڕانەوەی باسی خۆی و هەروەها چۆن بەغیلی پێبردنی دوکتۆرەکانی کە چ دەورێکی لەم هەراوهوریایەدا بینیوە. دوو کابراکە باوەڕیان بە قسەکانی کرد و بێ گیروگرفت شاری قومیان بەجێهێشت و پاش سێ رۆژ گەیشتنە تاران.

بۆ رۆژی دوایی کاتێ دەستی کرد بە نوێژکردن و خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز، ئەم ووتانەی هاتە بەرچاو، ئەوەی یەزدان بە پۆلسی نێرراوی خۆی ئەڵێت:

مەترسە، قسەبکە و بێدەنگ مەبە، من لەگەڵتام، کەس ناتوانێ ئازارت بدات، چونکە کەسانێکی زۆرم هەیە لەوشارە. (کرداری نێرراوانی یەزدان بەشی ١٨ ژمارەی ٩و١٠)

دوکتۆر لە زۆر لاوە بانگکرا بۆ میوانداری، بەڵام ئەو نەیئەویست ئەرک بخاتە سەر شانی خەڵکەکە. ئەو چاوەڕوانی هاتنی خێزانەکەی بوو لەبەر ئەوە چوو خانوویەکی بەکرێ گرت بۆ ماوەی دوو ساڵ. دوای خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز کە تیایا باسی پۆڵس نێرراوی یەزدان ئەکات و ئەڵێت:

پۆڵس خانوویەکی گرت و بۆ ماوەی دوو ساڵ تیایا مایەوە. پێشوازی لە هەموو ئەوکەسانە ئەکرد کە ئەهاتن بۆلای، مژدەی پادشاهێتی ئاسمانی پێ‌ئەدان و باسی یەزدانی عیسای مەسیحی بۆ ئەکردن، بێ ترس بە رێکورەوانی. (کرداری نێرراوانی یەزدان بەشی ٢٨ ژمارەی ٣٠و٣١) دوکتۆرحەمەسەعیش هەمان شتی‌کرد وەک پۆڵس.

دوای چەند رۆژێک لە گەیشتنی، چوو بۆ سەردانی سەرەک شالیار، ئەویش بە گەرمیەوە پێشوازی لێکرد و پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ گەیشتنی بە سەلامەتی. دوای هەواڵپرسینی تەندروستی یەکتری، سەرەک شالیار ووتی:

باسی خۆتم بۆبکە، ئەوەتا تەقریرێکیان لەسەر نووسیویت، تاوانباریان کردویت بە خواردنەوە و بە جنێودان بە ئیسلام، دیارە من ئەزانم کە تۆ بابەتی سەرخۆشی ناخۆیتەوە (بە زەردەخەنەوە) بەڵام لەوباوەڕەدام کفر بکەیت.

ئیتر دوکتۆر هەستا بە گێڕانەوەی باسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ حاکم و لەگەڵ ئەفخام بەگ، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ دوکتۆرەکانی کە، ئینجا چۆن ئەم ئاڵۆزیە دەستی پێکرد.

سەرەک شالیار زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و ووتی:

زانیوتە حاکمی هەمەدان ئیستقالەی نووسیوە و وازلە ئیشەکەی ئەهێنێت؟

دوکتۆر بە سەرسوڕمانەوە:

واز لە حاکمی ئەهێنێت؟

بەڵێ، ئێستاش لێرەیە لە تاران. هەر دوای ڕۆیشتنی تۆ ئیستیقالەکەی نوسیبوو، ئەمەش کارێکی ڕاست نەبوو کردی، ئەوەی ئەفخام بەگ ئەیویست ئەمە بوو. تۆ لەگەڵ حاکم هەردووکتان بوونە قوربانی ڕێگە و پلانی ئەفخام، مەلاکانیش بوونە هۆی سەرکەوتنی پلانەکەی ئەفخام. دوکتۆرەکان ئێجگار ئەوەنە دەورێکی گەورەیان نەبوو لە مەسەلەکەدا.

دوکتۆرحەمەسەعی زۆر سەرسام بوو و ووتی:

ئەتەوێت بڵێیت هۆی ئەم هەموو گیروگرفتانە ئەفخام بووە؟

بەڵێ، حاکم گوناهی نیە و لەکاتی خۆیدا هەواڵی هەموو شتێکی پێگەیانم. منیش بروسکەیەکم بەم شێوەیە بۆ ئەفخام کرد:

با دوکتۆر بۆ ماوەیەک شار بەجێبهێڵێت، ئاگاداری شتومەک و ناومالەکەی بن. ئەگەر یەک گسکی مالەکەی وونبێت بەتۆی ئەژمێرم.

کاتێک بارودۆخەکە خراپتر بوو، ئەوەبوو بردیتیە لای خۆی تاوەک بارەکە کەمێک هێمن بکاتەوە، بەڵام شتەکە لە دەست دەرچووبوو. هەرچەندە ئەو ئەیتوانی بێ خوێندنەوەی بڕیاری مەلاکان، لەبەرچاوی خەڵکەکە هەڵتواسێت و بتکوژێت. کاتێک وای لێ هات نەیئەزانی چیبکات،

بروسکەیەکی نارد و پرسیاری کرد چی بکات. منیش فرمانم پێدا کە بتنێرێت بۆ ئێرە.

لێرەدا دوکتۆر بەتەواوی بۆی دەرکەوت چۆن بووە بە قوربانی بارودۆخی سیاسی لەو نێوانەدا

گیروگرفتی داهاتوی دوکتۆر، هێنانی خیزانەکەی بوو بۆ لای خۆی. هەواڵی بۆ رەفیقەی خیزانی نارد کە ماڵەکەیان لە هەمەدان و ماڵە هاوینیەکەی دەرەوەی شاریش بفرۆشێت و بێت بۆ تاران. بەڵام رەفیقە رازی نەبوو بەم کارە و ماڵەکەی وەک خۆی هێشتەوە و کەوتەرێ بەرەو تاران. راستی دانایی ئەم بڕیارەش پاش چەند ساڵێک دەرکەوت کاتێک گەڕانەوە بۆ هەمەدان.

## بەشی هەشتەم
## لە نێو کۆچەراندا

هۆزی کاشغاز گەورەترین هۆزی کۆچەرین لە ئێراندا، لە ناوچەی سەروی ئێراندان لە ویلایەتی فارسدا کە شیراز پایتەختێتی. وا باس ئەکەن کە هۆلاکۆی کوڕەزای جەنگیزخان لە سەدەی سیازدەهەمینا ئەمانەی لە ناوچەی تورکوستانی چینەوە گواستۆتەوە بۆ ئێران. چونکە زمانی تورکی زمانی نەژادی خۆیان بوو، لەبەرئەمە هەر بە تورکی قسەیان ئەکرد لەگەڵ وەرگرتنی هەندێ لە خوو و خوورەوشتی هۆزەکانی دەوروپشتیان لە بەختەرانیەکان و لوڕیەکان.

کاتی هێرشکردنی نادرشا بۆ سەر هیندستان وە هێنانی تەختی تاوسی بەناوبانگ لە سەدەی هەژدەهەمینا، پیاوانی جەنگاوەری ئەم هۆزە بەشداربوون لەم جەنگەدا.

ناوی خێزانی سەرۆکی هۆزی کاشغاز خانی بوو، بە سەدان هەزار سەر مەڕ و بزن و ئاژاڵی هەبوو. ئەم هۆز و خێڵە کە بریتیبوون لە پێنج هەزارکەس زیاتر، بەهاران هەموو لەگەڵ ماڵ و ماڵاتیاندا ئەکەوتنە ڕێ بەرەو سەروو بەرەو ناوچەی ئەسفەهان. لە کۆتایی وەرزی پایزدا ئەگەڕانەوە بۆ لەوەڕگاکانی ناوچەی خوارو.

خانی سەرۆکی هەڵبژێرراوانی هۆزەکە بوو، لە باج دانداخەڵکەکە راستەوخۆ باجەکەیان ئەدایە دەستی خۆی و نەیان ئەدایە دەستی کەسی کە.

لە پایزی سـالّی ۱۹۰۸ز خـانی سـەرۆک هۆز دوکتـۆرحـەمـەسـەعی بانگکرد بۆ مـالّی هاوینی خۆی لە ئەسفەهان بۆ تیمارکردنی خێزانەکەی، بەلّام دوکتۆر لەبەر دووری ڕێگەکـە و زۆری نەخـۆشـەکـانی دوو شک بوو لە ڕۆیشتنیدا بە دەم ئەو بانگ کردنەوە، لە کۆتایدا

داوای کـرد چاوی بەو ئافـرەتە بکەوێت کـە لێپـرسراوە بەرامبەر ئامادەکرنی ڕێگەو سەفەری دوکتۆرحەمەسەعی بۆ ئەسـفـەهان. کـاتێ دوکـتـۆر چووە مـالّەکـەی وە لە ژووری مـیـوانی لەسـەر شـێـوەی ئەورووپی ڕازێنراوە دانیـشت، ئافـرەتێکی تەمـەن چل سـالّی هاتە ژورەوە و باسی خـێـزانەکـەی خـانی بۆکـرد و داوای بە دەمـەوە چوونی داواکاریەکەی خانی لێکرد.

دوکتۆر دوایئەوەی شتەکەی لەگەلّ ڕەفیقەی خێزانیا باس کرد، ڕەفـیـقە زۆری لێکرد کـە بڕوات بۆ ئەسفەهان، چونکە ئەیزانی بەوەی مێردەکـەی پێویسـتی بە ئاو و هەوا گـۆڕین هەیە. دوکـتـۆر بڕیاریدا بڕوات، لە چەند کـاژێرێکا کەلوپەلی سەفـەر ئامادەکـرا و هەروەها کـورێکی ئاشوریش کـە وەک یاریدەدەرێک لەگەلّ دوکتۆرابێت.

ئەوکەسانەی بۆ ئەم سەفەرە بە یەکەوە کەوتنە ڕێ، نۆ کەس بوون. ئەو ئافرەتەی لێپرسراوی سەفەرەکەیە و سەفەرەکەی ڕێک خست، لەگەلّ کچێکی و برازایەکی، دوو پیاو و دوو ژنی ئیشکەریان، دوکتۆر و یاریدەدەرەکەی.

سێ عەرەبانەیان پێبوو، عەرەبانەی یەکەم تازە و ڕیکوپێک

بوو، هەموویان لەم عەرەبانەیەدا بوون، عەرەبانەی دووهەم و سێهەم کۆن بوون، چی کەلوپەل و خواردنیان بوو لەو دوو عەرەبانەدا دایان نابوو. دوای رۆژ هەڵهاتن بە سێ کاژێر لە رۆژێکدا کە ئاو و هەوا زۆر خۆش بوو شاریان بەجێهێشت و کەوتنەرێ بەرەو شاری ئەسفەهان.

لە رێگا کاتێک دوکتۆرحەمەسەعی لە کەمەری ژنەی لێپرسراوی ئەم کاروانە دەمانچەی دی، بە سەرسورمانێکەوە سەیری کرد، ژنەش هاتە قسە و ووتی:

باشە دوکتۆر، یەعنی چی چەک هەڵناگریت؟

دوکتۆر لە وەڵاما ووتی:

جارێکیان لە تارانەوە بۆ هەمەدان ئەرۆیشتم، دەمانچەیەکم لەگەڵ خۆم هەڵگرت، بەڵام دوایی پەشیمان بوومەوە، چونکە سەیرم کرد پشتم بە دەمانچەکە زیاتر قایمترە لە پشت بەستن بە یارمەتی یەزدان. ئیتر لەوکاتەوە چەکم هەڵنەگرتووە.

ژنە ووتی:

بەڵام ئێمە هێشتا پێویستمان بە پارێزگاری خۆمان هەیە.

یەکەم پشووی گەورەیان لە شاری قوم بوو. ئەوماوەیەی بە رێگاوەبوون بەرەو قوم، خەڵکێکی زۆریان دی لەوانەی مردووەکانیان هێنابوو تا لە زەوی پیرۆزی ئەو شارەدا

بینێژن، بە هیوای بەدەست هێنانی خۆشی ژیانی جاوێدانی بۆیان. چاخانەکان و میوانخانەکانی سەرەڕێگا هەموو، تەنانەت سەربانەکانیش پڕ بوون لە خەڵک. کاتێک ئێوارە لە میوانخانەیەکی نزیک شار راوەستان، هیچ جێگایەک نەبوو بۆیان، ناچاریا لە باخچەیەکی نزیک میوانخانەکەدا شتەکانیان داگرت و لایاندا.

دوکتۆر سەکۆیەکی بۆخۆی دۆزیەوە و لێیی پاڵکەوت بۆ خەوتن، ژنەی سەرەک کاروانەکەش داوای لە هەموبان کرد کە جێگە دابخەن و بخەون، ئەمەش شتێکی ئاسان نەبوو بەهۆی ئەو هەموو مێشولەیەی لەوناوە بوون. دوای ئەوەی هەموو چوونە سەر جێگا، سەرەک کاروان خۆی تفەنگی گرت بە دەستەوە و بوو بە پاسەوانیان.

دوای سەفەرێکی دوور و درێژی کاروانەکە، شاری ئەسفەهانی مێژوویی دەرکەوت، یەکەم جار دوکتۆرحەمەسەعی پایتەختی شاعەباسی گەورەی بە کەمتر دانا لەوەی کە لە بارەی ئەم شارەوە بیستبووی، بەڵام دوایی کە گەیشتە گۆڕەپانی شار و ئەو هەموو مزگەوت و کۆشکە جوانانەی بینی ئەوەی نیشانەیەک بوو بۆ کۆنی و مەزنی شارەکە، زۆر سەرسام و دڵشاد بوو.

دوای ئەوەی زۆر لەو شوێنە گرنگانەی بینی، چوو بۆ جۆلفای گەرەکی ئەرمەنیەکان کە لە قەراغی شار بوو، بۆئەوەی هەندێ لە پەرتووکی پیرۆز و چاپەمەنی و نووسراوی رۆحی وەرگرێت.

دوای ئەم سەردانە دوکتۆر و یاریدەدەرەکەی بەتەنها بێئەوانیکە رۆژە رێگایەک بە رێوەبوون تا گەیشتنە ئەو سوارانەی خانی ناردبوونی بۆ پێشوازیکردن و هێنانی دوکتۆر. سوارەکان هەموو بەخۆ و باڵا بەرز و ناوشان پان و بەتوانا دیار بوون، سەرکردەکەیان

ئەسکەندەر خان، تەمەنی نزیکەی شەست ساڵێک ئەبوو، بەڵام لە توند و تۆڵی و تواناد ا لە کورێکی سی ساڵەی ئەکرد. پاش ماوەیەک دوکتۆر سواری ئەو ئەسپە کرا کە خانی بەتایبەتی بۆی ناردبوو. پاش رێکردنێکی شەو و رۆژی، رەشماڵەکانی کاشغازییان لێدەرکەوت، رەشماڵ بە هەموو لایەکا هەڵدرابوو، لە ناوەراستا چادرێکی سپی گەورە لێدرابوو ئەمەش جێ و رێی خانی سەرۆکیان بوو، خانی کابرایەکی باڵابەرزی قۆزی رووخۆش بوو، هەر کە دوکتور حەمەسەعی گەیشت بە گەرمیەوە پێشوازی کرد و ئەوەنەی نەبرد دوکتۆری برد بۆلای نەخۆشەکانی، بیبی خانمی ژنی و ناسری کوری کە تەمەنی سێ ساڵان بوو.

بیبی خانم و خوشکەکەی دووژنی رێکوپێکی جوان بوون. ژنانیان وەک هەموو ژنانی کۆچەر بێ پەچە و سەرپۆش بە سەربەستی و بێ ترس لەگەڵ پیاوانا بۆ جێبەجێکردنی کاری خۆیان هاتوچۆیان ئەکرد.

دوای ئەوەی دوکتۆر لە دەواری تایبەتی خۆیدا کەمێک پشویدا، هەستا و هەندێک دیاری نارد بۆ خانی و خیزانەکەی، لە ناو دیاریەکاندا ئینجیلێکی تیابوو، بەشی تازەی پەرتووکی پیرۆز، بەرگەکەی چەرم بوو، قەراغەکەی

رەنگی زەردی ئاڵتونی.

دوکتۆرحەمەسەعی هەر لە یەکەم جارەوە غەمی ئەوەی بوو کە بزانێت کەسانی ئەم خێڵە ئەزانن بخوێننەوە، لە دوایدا زۆر سەرسام بوو کە زانی هەندێک لە پیاوان و ژنانیان ئەتوانن بەباشی نووسینی فارسی بخوێننەوە.

لەناو ئەم خێڵەدا کورێکی سەیدی زۆر رێکوپێکیان لەگەڵابوو ناوی (بحرالعلوم) بوو پزیشکی تایبەتی خانی بوو، لە چاو ئەو زانیاریەی کە تەنها لە خوێندنەوە وەریگرتبوو، بە پزیشکێکی باش دائەنرا. دوکتۆرحەمەسەعی تا ئێستا کەسێکی کەی نەدی بوو ئاوا شارەزا لە قورعان و ئیسلامدا هەروەها لە باسی فەلسەفە و زانیاری ئەوەی لە دوای سروشتەوە هەیە، جگەلەمەش شارەزایی لە هۆنراوە و شیعری فارسی و عەرەبیدا هەبوو.

کابرا بە هاتنی دوکتۆرێکی کە بۆ ئەوێ کەمێک دڵگران بوو، دوای ئەوەی دوکتۆرحەمەسەعی سەردانی کرد و ئەویش لەدواییا هاتەوە بۆ سەردانی و سەیریکرد دوکتۆری تازە چۆن خەریکی سەیرکردن و چارەسەرکردنە، هەرئەمەش نا بەڵکو لەگەڵ ئیشکردنا هەڵئەستا بە باس و روونکردنەوەی نەخۆشی و دەرمانەکان بۆی، ئیتر لەو کاتەوە دوکتورحەمەسەعی بەجێ نەئەهێشت و هەموو رۆژێک لەگەڵی بوو. کابرا سەری سوڕمابوو لەوەی کە بۆچی ئەم دوکتۆرە ئاوا هەموو نهێنی و زانیاریەکی پزیشکی خۆی پیشانی ئەم ئەدات و بۆی روون ئەکاتەوە.

دوکتۆرحەمەسەعی لەدواییا بۆی رونکردەوە کە ئەم مەسیحی‌یە و بەمە لەسەر فێرکردن و داواکاریەکانی عیسا ئەڕوات ئەوەی ئەڵێت:

بە خۆڕایی وەرتانگرتووە، بە خۆڕایی بیدەنەوە (ئینجیلی مەتتادا بەشی ١٠)

شەوێک لە شەوان، بحرالعلوم نهێنی دڵی خۆی لای دوکتۆر هەڵڕشت و ووتی:

سەرەڕای هەموو ئەو کتێبانەی خوێندوومەتەوە، مێشک و بیری رەخنەگرم نایەڵێت ئاسودەیی دەروون بەدەست بهێنم. سەدان قوتابیم لە قوتابخانەی فقەی ئیسلامی و (علومی ئەو شتانەی لە دوای سروشتەوە هەن) لە شاری شیراز دەرس داوە، بێ‌ئەوەی لە ئیسلاما شتێک بدۆزمەوە کە ئاسودەیی دەرونم باتێ، مەزهەبی بەهائیش لام شتێکی بەتاڵە. من ئەزانم هەر یەک خوا هەیە و ئەمەوێت لای ئەو رزگاری و ژیانی جاوێدانی بەدەست بهێنم. تۆ لە مەسیحیەکی سەیر ئەکەیت، بەقوڵی شارەزای ئیسلامیت و قورعانیش باش ئەزانیت، ناتوانیت لەو بارەیەوە شتێک بڵێیت؟

ئینجا دوکتۆر باسی خۆی بۆ گێڕایەوە، چۆن باوەڕی مەسیحی وەرگرتوە و لەم ئاینەدا چەند رەزامەندی دەرونی بەدەست هێناوە..... کابرا زۆر بە دیقەتەوە گوێی بۆ قسەکانی دوکتۆر راگرت، لەدواییا پێی ووت، حەزئەکات پەرتووکی پیرۆز بخوێنێتەوە. ئەو چەند دانە پەرتووکەی لای دوکتۆر بوو هەمووی بەخشیبووەوە و تەواو بوو بۆیە

ناردی لە ئەسفەهانەوە دوو دانەی بۆ بێت، یەکێکیان بە زمانی عەرەبی بۆ خۆی ئەویکەش بە

زمانی فارسی بۆ خوشکەکەی، ئەمەش لەسەر داواکردنی بحرالعلوم خۆی. بەڵام زۆر بەداخەوە ئەم کابرایە لە بەر کاری خێزانی خۆی ئەبوایە بە خێرایی ئەوێی بەجێ بهێشتایە و بڕۆیشتایە بۆ شوێنێکی کە، دوکتۆریش بەگەرمی و بەدۆعا بەرێی کرد.

کاشغازیەکان شیعە بوون، بەڵام وەک زۆری خێڵە کۆچەریەکان ئەوەندە بایەخیان نەئەدا بە ئیسلام و تینوی ژیانی دینی نەبوون. لەگەڵ ئەمەشدا بە رێز و مەزنیەوە ئەیانڕوانیە ئیمامی عەلی و رقیان لە خەلیفەی دووهەم عومەر بوو، ئەوەی بەربەرەکانی ئیمامی عەلی کرد. ئەمان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر یاسای خێڵایەتی ئەڕۆیشتن، لەسەر یاسای کاری هەڵە و کاری راست. ئازایەتی بەرزترین نیشانەیان بوو و ترسنۆکی هەڵەیەکی گەورە و کوشتینەر بوو، دوژمنایەتیان لەگەڵ خێڵ و هۆزەکانی کەدا نەوە بە نەوە هەڵئەگرت و بۆیان ئەمایەوە.

خانی کابرایەک بوو ئەوەندە گوێی نەئەدا بە دین و باسی دین. شەوێک هاتە لای دوکتۆرحەمەسەعی بۆ ناو چادرەکەی، کاتێ پەرتووکی پیرۆزی لاوە دی ئەوەی هی دوکتۆر خۆی بوو، ووتی:

شتێکم خوێندەوە لەو کتێبەی داوتە بە ژنەکەم بەڵام لێی تێنەگەیشتم، روون نیە........ خانی بەدەم قسەوە سەیری

لاپەڕەکانی پەرتووکەکەی ئەکرد، لەپڕ چاوی بە باسی نێرراوی یەزدان ئەیوب کەوت هاواری کرد و ووتی:

ئا، ئەیوب، کانی ئەیوب لەم ناوچەیەیە، ئەوەی ئەڵێن گوایە خۆی تیا شتووە و ئیتر برینەکانی چاک بۆتەوە.

دوکتۆر هەستا بە گێڕانەوەی باسی ئەیوب بۆی، بەڵام خانی دەستی کرد بە گاڵتە پێکردن بە پێغەمەرەکان. ئەمیش قسەکەی پێبڕی و پێی ووت:

ئەوەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی، ژیانە بە ئاشتی لەگەڵ یەزدانا. گاڵتەکردن بە نێرراوانی یەزدان دەنگی دەرونت هیچ بێدەنگ ناکات؟ تۆ تەنها مرۆڤێکی و هیچی کە

لەوانەیە هەر ئەمشەو بمریت، ئامادەیت بۆ مردن؟ لێرەدا خانی دانی بەخۆیاگرت و پاش کەمێک ووتی:

تۆ هەتە ئەو ئاشتیەی باسی ئەکەیت؟

دوکتۆر وەڵامی دایەوە و ووتی:

سۆپاس بۆ یەزدان، من ئەو ئاشتیەم هەیە...... ئیتر خانی شەوباشی لێ کرد و ڕۆیشت. بۆ ڕۆژی دوایی خانی هاتەوە لای دوکتۆر و سوپاسی کرد چونکە ژنەکەی بەرەو چاک بوونەوە ئەڕۆیشت، هەروەها پێی ووت: گەر نەخۆشیەکە لە کۆڵ ژنەکەی بۆتەوە، ئەتوانێ سواری ئەسپ بێت.......
چونکە خانی ئەیویست بەرەو خوارو بڕۆن بۆ جێگەی

زستانیان لە لای شیراز لەدوایشا بەرەو کەنداوی فارسی.

کاتێ دوکتۆر دڵنیای کرد کە ژنەکەی لەنەخۆشیەکە رزگاری بووە و چاک بۆتەوە، خانی بە کەمێ ئاگاداریەوە لە قسەکانیا دڵی کردەوە بۆ دوکتۆر و باسی ئەوەی بۆکرد چەند ژنەکەی خۆش ئەوێت، نەک تەنیا لەبەر جوانی بەڵکو لەبەر ئەوەی ژنێکی زۆر چاکە.

بەڵێ ژنی خانی ژنێکی زۆر چاک و ئیشکەر بوو، خۆی هەڵئەستا بە سەرپەرشتی هەندێ لە ئیشی خێڵەکە، کاتی وا هەبوو سەرپەرشتی ئامادەکردنی خواردنی زیاتر لە پێنج سەد میوانی ئەکرد.

لە کاتی نەبوونی مێردەکەیا لەوێ هەڵئەستا بە سەرپەرشتی ئیش و کاری هۆز و خێڵەکە هەمووی. دیار بوو شارەزاییەکی باشی هەبوو لە دانان و لابردنی دەوارە گەورەکەی خۆیانا ئەوەی پێویستی بە دانانی سی و دوو پایە و کۆڵەکە هەبوو بۆ هەڵدانی و راوەستانی. ئەم چادرە گەورەیەش پڕی بوو لە فەرش و شتی جوان.

بۆ رۆژی دوایی هەر کە رۆژ بووەوە خێڵ کەوتە جموجوڵ، ژنان خەریکی لابردن و پێچانەوەی چادر و دەوارەکان بوون، لەهەمان کاتا هەڵگرتنی و خستنە سەر پشتی گوێ درێژ و ئێستر و گا و مانگاکانیان، منداڵانیش لەسەرو شەش ساڵەوە سەرئەکەوتنە سەر پشتی گوێدرێژ و ئێسترەکان، پیاوانیش لەبەردەمی خانیا بە ئەسپەکانیانەوە هەموو یەک رەنگ جل لەبەرا، دەمانچەی مۆزری ئەڵمانی بە قەدەوە

تفەنگ بە شانەوە،

ڕاوەستابوون و چاوەڕوانی فرمانی خانی بوون بۆ دەستکردن بە جوڵان و ڕۆیشتن. کاژێرێک دوای ڕۆژ هەڵهاتن بە هەزاران گا و مانگا و مەڕ و بزن لەگەڵ گوێدرێژ و ئەسپ و ئێستر و کەسانی هۆزەکە هەموو بەیەکەوە دەستیان کرد بە جوڵان و ڕۆیشتن، پاش ماوەیەکی کورت تەپوتۆز ئەوناوەی هەموو بە جارێک داپۆشی.

دوکتۆرحەمەسەعی باش لە دیمەنەکان وورد ئەبوەوە و لای سەیر و خۆش بوو. جاری واش هەبوو ئەسپسوارە شارەزاکان بەدەم ڕۆیشتنەوە تەقەیان ئەکرد و ڕاوی باڵندە و ئاسک و کەروێشکیان ئەکرد.

هەر لەم ڕۆیشتنەدا ڕۆژێکیان خانی و چەند پیاوێکی شارەزای خۆی چوون بۆ ڕاو، کاتێ گەڕانەوە چل و پێنج ئاسک و چەند بزنە کێوییەکیان ڕاو کردبوو.

ڕۆژێک خانی کابرایەکی نەخۆشی نارده لای دوکتۆر، کابراکە تەمەنی نزیکەی هەشتاساڵێک ئەبوو، چەند ژن و پیاوێکی خزمی خۆی لەگەڵا بوو. هەندێ لە ژنەکان پرسییان لە دوکتۆر، ئایا ڕاستە ئەڵێن مەسیحی بۆی نیە لەیەک ژن زیاتر بهێنێت؟ دوکتۆریش بۆی خوێندنەوە ئەوەی لە پەرتووکی پیرۆزا نوسراوە لەسەر ژن هێنان و شووکردن. ژنەکان سەرسام بوون بە خوێندنەوەکە، ئیتر یەکێ لە پیاوەکان ووتی:

یا ژنەکانمان ئەچنە خەیاڵەوە و بفڕن، دوایی لوتیان ئەکەنە ئاسمان ئینجا ئێمەش ناچار ئەبێ تێ‌یانسرەوێنین.

دوکتۆر دوایی لە نامەیەکی خۆیدا باسی ئەو ژنانە ئەکات و ئەڵێت:

ئەو ژنانە زۆر داماو و بە سزمان بوون، پیرێژن و پیاوەکانی لێدەرچێت، ژنەکانی کە چی ئیش هەبوو هەمووی بەسەر شانیانەوە بوو. دەوار دانان و هەڵگرتنی، دار کۆکردنەوە و ئاو هێنان، دەوار و فەرش چنین، خوری رستن و دروستکردنی جانتا و شوێنی خواردن و دانەوێڵە و جل، رەنگ کردنی قوماش و خوری و بابەتەکانی کە بە شێوەیەکی جوانی گونجاو، سەرەڕای ئەمانەش سک پڕ بوون بە رێگەوە لە کاتی سەرو و خوارو کردنی خێڵەکەدا. ژن لەوێدا هەموو شتێکە بۆ پیاوەکەی، پیاوەکەش یان خەریکە بە راوەوە یا

خەریکە بە کۆبونەوەوە لەگەڵ سەرەک خێڵ و لێپرسراوان، زۆر جاریش پیاوەکە داوا لە ژنەکەی ئەکات بڕوات ئەسپ و زینی ئەسپەکەی بۆ ئامادە بکات چونکە ئەچێت بۆ راو. خۆ ئەگەر پیاوەکە توڕە بوو، ئەوا لە ژنەکە ئەدات و دایئەپڵۆسێت. رۆژێکیان گوێم لە تەپە تەپێکەوە بوو، وامزانی کابرایەکە و بەدار فەرش ئەتەکێنێت، دوایی بۆم دەرکەوت نەخێر مەسەلە فەرش تەکاندن نیە بەڵکو کابرایەکە و لە ژنەکەی ئەدات.

بە ماوەی سێ رۆژ لە عوسەوە گەیشتنە شاری شیراز، ئیتر

دوکتۆرحەمەسەعی لێرەوە بەجێی هێشتن و بە عەرەبانەی پۆست کەوتە رێ بەرەو تاران. دوای دوو هەفتە گەیشتەوەماڵەوە.

پاش چەند ساڵێک لە کاتی حوکومڕانی رەزا شادا، خانی وەک دیلێکی سیاسی گیرا و خرایە بەندیخانەوە. دوای نەخۆش کەوتنی لەوێ، لەسەر داواکردنی خۆی دوکتۆرحەمەسەعی هەموو رۆژێک ئەچوو بۆ بەندیخانە بۆ لای بۆ تیمار کردنی. دوای مردنی خانی لە بەندیخانەدا وا بڵاو بووەوە کە خانی بە کوشتن کوژراوە.

پاش ماوەیەک کوڕە گەورەکەی خانی کە تەمەنی نزیکەی بیست ساڵ بوو، ئەوەی دوکتۆرحەمەسەعی لە تەمەنی سێ ساڵیدا هەستا بە تیمارکردنی، لە شوێنی باوکی بوو بە سەرەک هوز و سەرەک خێڵ.

## بەشی نۆیەم
## گەڕانەوە بۆ شاری سنە

دوکتۆرحەمەسەعی ماوەی حەوت ساڵ لە تاران بوو، لە ساڵی ١٩٠٥ز تا ساڵی ١٩١٢ز ئەم ساڵانە هەمووی خەریکی ئیش بوو، نەخۆشێکی زۆر زۆری سەیر کرد و چارەسەر کرد، فەقیر، دەوڵەمەند، گەورە پیاوانی دینی هەروەها گەورە پیاوانی میری، بازرگان و موچەخۆر.

هەر وەک چۆن لە شاری هەمەدان، لێرەش ئێواران لەماڵەوە کۆبونەوەی خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆزی ئەکرد، یەکەم جار ئەرمەنیەکان هاتن ئینجا ووردە ووردە جولەکە و موسوڵمان. بە شێوەیەکی گشتی ئەم ساڵانەی ژیانی دوکتۆر بریتی بوون لە ساڵانێکی پڕ لە ئاسودەیی.

حوکمی ئێران لەم ماوەیەدا گۆڕانێکی گەورەی بەسەرا هات، ئەویش گۆڕانی حوکم بوو لە مەلەکییەتی راستەوخۆ بۆ مەلەکییەتی دەستوری. حوکمی موزەفەر شا لاواز بوو بوو، زۆر دەست بڵاوی ئەکرد، بە ئارەزوی خۆی پارەی دەوڵەتی سەرف ئەکرد و قەرزێکی زۆری لە دەرەوەی ئێران وەرگرتبوو. ئەمانە هەمووی بوو بە هۆی زۆر بوونی ناڕەزایی خەڵکەکە و داواکردنی حوکمێکی یاسایی و دەستوری.

لە ساڵی ١٩٠٦ز شا ناچارکرا دەستور بۆ حوکمی وڵاتەکە دابنێت. دوای ساڵێک شا مرد و کوڕەکەی محەمەد عەلی هاتە جێگەی، ئەم هەوڵیدا حوکمی ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ جاری جاران، ئاژاوە دروست بوەوە و خەڵکەکە لێی هەستان

و ئەمەش بوو بە هۆی لابردنی و دورخستنەوەی.

کورەکەی کە تەمەنی دوانزە ساڵ بوو، دایان نا لە جێگەی بەڵام بەهۆی وەسی و یاریدەدەرەوە. شا لەسەر تەخت لابراو، دوای دوو ساڵ بە خۆی و کۆمەڵێ جەنگاوەرە لە دەریای قەزوینەوە هات بەرەو تاران بۆ وەرگرتنەوەی حوکم، براکەشی سەلاحی دەولە

لە رۆژئاواوە بە کۆمەڵێک جەنگاوەرەوە کە بەشی زۆری کورد بوون کشا بەرەو تاران. هەردوو براکە ئەیان ویست زوو بگەنە تاران بۆ بەدەستهێنانی تەختی حوکم، سەلاحی دەولە زور بەئاسانی دەستی بەسەر شاری سنە و ناوچەی سنەدا گرت، لە یەکەم مانگی هاوینی ساڵی ١٩١١ز گەیشتە ناوچەی هەمەدان و لەوێشەوە ئاغای ئەفخام و جەنگاوەرەکانی پشتگیریان لێ کرد.

لەو کاتەدا کورەکەی دوکتۆرحەمەسەعی لە ئینگلتەراوە گەڕایەوە بۆماڵەوە، کچەکەشی کە سێ ساڵ بوو شووی کردبوو بە دوکتۆرێکی ئەرمەنی، هاتبوو بۆسەردان بۆ ئەوەی وەرزی هاوین بەیەکەوە بڕۆن بۆ ماڵەهاوینیەکەیان کە لەدەرەوەی شاری هەمەدان بوو. دەنگوباسی هاتنەوەی دوکتۆر بۆ شاری هەمەدان گەیشت بە خەڵکەکە و بەوکەسانەش کە پێش چەند ساڵێک نیازی کوشتنی دوکتۆریان هەبوو، بەڵام کاتێکی زۆر بەسەر شتەکەدا رۆیشتبوو و ئەو بارە سیاسیە ئالۆزەی لای خەڵکەکە دروست بوو بوو، توند و تیژی لایەنی دینی کەمێک هێواش کردبووەوە.

رۆژێک چەندکەسێک لەلای ئاغای ئەفخامەوە هاتنە لای تاکو بێت بۆ ناوچەی شاڤارین بۆ چارەسەرکردنی چاوی کوڕەزاکەی کە بەهۆی تەقەوە بریندار بوو بوو. دوکتۆرحەمەسەعی بیری ئەو ناپاکیەی کەوتەوە کە ئەفخام لەگەڵیا کردبووی بۆیە دوو دڵ بوو لە چوونیا بە دەنگ بانگ کردنەکەیەوە، بەڵام لەدواییا چوو.

هەر لەو ڕۆژانەدا نامەیەکی لە سەلاحی دەولەوە بۆهات، داوای لێ ئەکات بێت و پەیوەندی بکات بە لەشکرەکەیەوە. هەرچەندە هاوڕیان ئامۆژگاری دوکتۆریان کرد بۆ ئەوەی بچێت بە دوای ئەو بانگکردنەدا، نەوەک لەدواییا تووشی گیروگرفت بێت، بەڵام دوکتۆر بانگکردنەکەی پشت گوێ خست.

لە کۆتایی هاوینی هەمان ساڵدا لەشکری هەردوو براکە تێکشکێنرا و هەردووکیان بە دەستبەسەری دوور خرانەوە، ئاغای ئەفخام یش رایکرد و هەڵهات، ماڵ و سەروەتەکەی هەمووی تاڵانکرا و برا، بەڵام دوایی بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ دەرکراو توانی بگەڕێتەوە بۆ کۆشکەکەی کە هیچی وای تیانەمابوو. دوای چەند ساڵانێک دوکتۆرحەمەسەعی بانگکرا بێتە لای لەکاتێکا لەسەر جێگای مردن بوو، لەبەر ئازاری گیانی و ئازاری دەروونی نرکە نرک و هاواری ئەکرد:

**خوا تۆڵەی خۆی ئەسێنێت..... خوا تۆڵەی خۆی ئەسێنێت......**

لەوانەی بە دیل گیرابوون و بردیانن بۆ تاران چەند کوردێکی ناوچەی سنەی تیابوو ئەوانەی سوێندیان خوارد بوو دوکتۆر بکوژن، هەروەها هەندێک کوردی ناوچەی هەورامان جێی لە دایک بوونی دایکی دوکتۆرحەمەسەعی و ئەو ناوچەیەی دایکی بە بووکی لێوەی هاتبوو بۆ شاری سنە. هەر کە دوکتۆر گەڕایەوە بۆ تاران راستەوخۆ چوو بۆ سەردانیان و تیمارکردنی ئەوانەی بریندار بوون و یارمەتی دانیان بە پارە و پێویستی کە. هەروەها بوو بە هۆی بەردان و ئازاد کردنی بەشێکیان.

کاتێک ئەمانە گەڕانەوە بۆ کوردوستان، تورەکەیان پڕ بوو لە قسە و چیرۆک لە بارەی دوکتۆری لە دین وەرگەڕاوەوە، یەکێک ئەیووت:

کورە بابە، کابرا دوکتۆرێکی عەجایەبە عەجایەب.

ئەویکە ئەیووت:

من یەکێک بووم لەوانەی سوێندم خوارد بوو بیکوژم، کەچی چاوی چاک کردمەوە و پارەی دامێ بوو بە واسیتە و بەرەڵای کردم.

پاشای هەورامان ئەوەی سەرۆکی هەموو ناوچەی هەورامان بوو و تەمەنی حەفتاو دوو ساڵ بوو وە ماوەی چوار ساڵێک ئەبوو چاوی کویر بوو بوو، دوای ئەوەی گوێی لەم هەواڵانە بوو، باش بۆی دەرکەوت کە دوکتۆرحەمەسەعی بە راستی دوکتۆرێکی باش و شارەزایە

ئیتر هیوای پەیدا کرد بەوەی دوکتۆر رۆژێک لە رۆژان بێت بۆ هەورامان و روناکی بخاتەوە چاوی. هەر لەبەر ئەمەش بە پارە و چەک یارمەتی سەلاحی دەولەی دا تاوەک دوکتۆرحەمەسەعی بۆ بنێرێت، بەڵام سەرنەکەوتنی ئەو لەجەنگدا هیوای پاشای هەورامانی کەم کردەوە و بەمە دڵتەنگی دایگرت.

لە هاوینی ساڵی ١٩١٢ز دوکتۆر بە تەواوەتی گەڕایەوە بۆ شاری هەمەدان. لەو کاتەدا یاریدەدەر و وەسی شای ئێران کابرایەکی سەقافەت ئەوروپی بوو بە ناوی مەلیک ناسر. ئەم کابرایە توانای چەسپاندنی نیزام و یاسای نەبوو، ئەمەش بوو بە هۆی بڵاو بوونەوەی خراپە و گێرەشێوێنی لە هەموو لایەک. سەفەرکردن لە شارێکەوە بۆ شارێکی کە، پڕ بوو لە مەترسی. سەفەری دوکتۆر لە تارانەوە بۆ شاری هەمەدان زۆر بە ناخۆشی و ترسەوە بوو، هەرچەند عەرەبانەکەیان لە رێگا گولە باران کرا بەڵام بێ زیانێکی وا کە شایانی باس بێت، گەیشتنە ناو شاری هەمەدان.

لە کۆتایی مانگی گەلاوێژی هەمان ساڵدا، دوکتۆر لە شاری خەسرەو ئابادەوە لە لایەن کابرایەکی ناودارەووە بە ناوی عەلادین بەگەوە بانگ‌کرا. دوکتۆر دوای رازی بوونی بە بانگ‌کردنەکە، خۆی و باغری ئیشکەری لەگەڵ شەش ئەسپسواری چەکدار و دوو ئیشکەر ئەوانەی کابرا ناردبوونی کەوتنە رێ بەرەو خەسرەو ئاباد.

عەلادین بەگ کابرایەکی زانا بوو، خەت و نووسینێکی جوان و نایابی هەبوو، بەهۆی برینێکەوە کە لە ناو دەماغ و

مێشکیا دروست بوو بوو، تووشی نەخۆشی لە بیرچوونەوە بوو بوو.

پاش ئەوەی دوکتۆر ماوەیەک بە چارەسەر کردنیەوە خەریک بوو، کابرا وورده وورده بەرەو چاک بوونەوە ئەچوو، چاک بوونەوەکەی وا دیار بوو کە کورەکانی بڵێن:

باوکمان ئێستا وا کتێب ئەخوێنێتەوە و شت ئەنووسێت هەر وەک چۆن بیست ساڵ لەمەوپێش کردوویەتی.

ئیتر عەلادین بەگ بەهۆی چاک بوونیەوە بە دەستی ئەو، زۆر حەزی بە نزیک بوونەوە و مانەوەی دوکتۆر ئەکرد. هەر کە ناوی رۆیشتنەوەی بهێنایە، عەلادین بەگ شتێکی وای دروست ئەکرد سەفەرەکەی دوا بخات. سەرەڕای ئەمەش لە هەموو دێکانی دەور و پشتیانەوە پەیتا پەیتا نەخۆش ئەهاتن بۆ لای دوکتۆر بۆ خۆپیشاندان و چارەسەرکردن، ئەویش لەم بارەیەوە کەم و کوڕی نەئەکرد.

لە ناوەراستی مانگی رەزبەردا نامەیەک لە کوردوستانەوە لە (سەی نەجمەدین) ە وە گەیشت بە دوکتۆر، تیایا داوای لێ ئەکات بێت بۆ کوردوستان. سەی نەجمەدین کابرایەکی دینی زۆر ناودار بوو لە ناوچەکەدا، سەرپەرشتی قوتابخانەیەکی ئاینی ناوداری ئەو ناوچەیەی ئەکرد و خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو. لە نامەکەدا داوا لە دوکتۆر ئەکات بێت بۆ تیمار کردنی خزمێکی.

دوکتۆرحەمەسەعی بیری کردەوە لەوەی، شتێکی راست نیە

گەر بێت و بڕوات بۆ ئەو ناوچەیە و لەوێ لەناو ئەو پیاوە ئاینیانەدا و کەسانی دینی توندڕەودا هاتوو چۆ بکات. هەندێ کەسیش لە لای عەلادین بەگ ئاگاداریان کردەوە کە نەڕوات، یەکێکیان ووتی:

قەت نەکەیت بیر لە شتی وا بکەیتەوە، ئەگەر بڕۆیت گەڕانەوەت نی یە.

دوکتۆر هەستا و نامەیەکی بۆ سەی نەجمەدین نووسی و تیایا داوای لێبووردنی کرد کە ناتوانێت بێت بۆ ئەوێ.

هەڵگری نامە کاتێک لە ڕێگا تووشی باو بارانێکی زۆر ئەبێت و هەموو جلەکانی و لەشی تەڕ ئەبێت، خۆی ئەکا بە ژێر ڕەشماڵی ماڵێکی کۆچەرا بۆ ئەوەی خۆی و جلەکانی ووشک بکاتەوە، لەو کاتەدا نامەکەی دوکتۆر ئەکەوێتە ناو ئاگرەکەوە و ئەسوتێت.

ماوەی هەفتەیەک بوو دوکتۆر زۆری ئەکرد بگەڕێتەوە بۆ هەمەدان، بەڵام ئەوە بوو عەلادین بەگ هەموو جارێک شتێکی بۆ ئەدۆزیەوە تا زیاتر بمێنێتەوە. لە کۆتایی هەفتەکەدا نامەیەکی کەی سەی نەجمەدین گەیشت، تیایا نووسرا بوو:

ئێمە نامەکەی تۆمان بەدەست نەگەیشت، چونکە هەڵگری نامە لەڕێگا نامەکەی لێکەوتۆتە ناو ئاگرەوە و سووتاوە، هیوادارم داواکاریەکەمان پشتگوێ نەخەیت. من کابرایەکم نامە ئەنێرم بۆ سوڵتانی تورکیا بۆ شای ئێران و داواکاریم

بۆ جێبەجێ ئەکەن، ئێستەش نامەیەکم لە پاشای هەورامانەوە بۆ هاتووە بە هیوای ئەوەیە بێت و تیماری چاوی بکەیت، بڕیاری هاتن بەو بکەوەرە ڕێ.

ئینجا دوکتۆر بەمەدا زانی هۆی ئەم بانگ کردنە چیە........ باشە، چی بکات؟

لە لایەکەوە دڵی ڕێی نادات داواکاری کابرایەکی پیر و سەرگەورەی هۆز و ئەو خێڵەی خۆی لێوەی هاتووە پشت گوێ بخات، چونکە هەرچۆنێک بێت ئەم لە دایکەوە خەڵکی هەورامانە، لە لایەکی تریشەوە ڕاست نیە خۆی فڕێباتە ناو بێشەی شێرەوە. کابرا ئەوا بۆ ماوەی چوارساڵێک ئەبێت چاوی کوێر بووە و هیچ نابینێت.......... هەر لەم کاتەشدا بیری لەوە ئەکردەوە، ئایا سوتاندنی نامەکەی ئەم، خواستی یەزدان بوو........... ؟

دوکتۆر نەیئەزانی چی بکات. کابرایەک کە دۆستی شێخ عەلادین بوو، پێی ووت داوای پارەیەکی یەجگار زۆر بکات تاوەک واز لە بیری هاتنی بێنن. ئەمیش نامەیەکی نارد و داوای پارەیەکی زۆری کرد بۆ کارەکەی. دوای ئەوەی ماوەیەک بەسەرچوو و هیچ وەڵامێک نەبوو، خۆی ئامادە کرد و کەوتە ڕێ بۆ گەڕانەوە بەرەو ماڵەوە.

پاش ماوەیەکی کورت لە ڕێگا لایدا بۆ دێ یەک تا سەردانی هاوڕێیەکی بکات کە ماوەیەک لەمەوبەر هاتبوو بۆ لای بۆ خەسرەوئاباد. هێشتا دوکتۆر لە نان خواردنی

نیوەڕۆ نەبوبوەوە، خەڵکی ئەوناوە دەستە دەستە هاتنە لای بۆ ئەوەی سەیری نەخۆشیەکانیان بکات.

پاشان پێش ئەوەی دوکتور دەست بە جوڵان بکات بۆ ڕۆیشتن، دەنگی پێی کۆمەڵێک ئەسپ سوار هات، ئەمیش سەی جەلالی کوڕی سەی نەجمەدین بوو بە خۆی و پۆلێک چەکدارەوە هاتنە دێکەوە. ئەو کابرایەی میوانداری دوکتۆرحەمەسەعی کرد بوو خێرا چوو بەپیریانەوە و زۆر بە گەرمیەوە بەخێر هاتنی لێ کردن.

خەڵکەکە کەمێک سەرسام بوون کاتێک دوکتۆرحەمەسەعی بە شێوەیەکی سروشتی و سادەوە سڵاوی لە سەی جەلال کرد. سەی جەلال نامەیەکی دایە دەستی دوکتۆر کە لە باوکیەوە نووسرا بوو، تیایا پەیمان بە دوکتۆر ئەدات بۆ ئەم ئیشە پارەی چەند بوێت و پارەی چەند تێچێت ئەو ئامادەیە بیدات. ئەوشەوە هەموو لەوێ مانەوە بۆ ئەوەی بەیانی بەیەکەوە بگەڕێنەوە بۆ خەسرەو ئاباد و لەوێوە بۆ هەورامان.

لە خەسرەوئاباد کاتێ دوکتۆر هاتەوە ماڵی شێخ عەلادین، شێخ پێی ووت:

ئەمڕۆ دە نامەم پێگەیشتوە لە شاری سنەوە، نامەکان هەموو داوای ئەوە ئەکەن خێرا بگەیتە شاری سنە بۆ بیمارکردنی حاکم چونکە زۆر زۆر نەخۆشە.........

نامەکان لەحاکم خۆیەوە و لە هەندێ پیاو ماقوڵانی شارەوە نووسرابوون. حاکم لە نامەکەیدا نووسی بووی:

من ئەزانم مەترسی هەیە بۆ دوکتۆر لە هاتنیا بۆ شاری سنە، با بێتە دێیەکی نزیک شارەوە و من خۆم یەم بۆ لای. هەرچەنە سیحەتم وا نیە سەفەر بکەم، بەڵام کارێکی وا ئەکەم بگەمە لای بۆ ئەوەی بمبینێت.

ئەم گۆڕان کاریە تازەیە ئیشەکەی دوکتۆری زۆر قورستر کرد. ئێستا ئەو لەیەک کاتا لە دوو لاوە بانگکراوە و داوای یارمەتی لێ ئەکرێت، یەکێکیان لە شاخەکانی کوردوستانەوەیە و لە کابرایەکی گەورە و بەڕێزەوە ئەویکەش لەو شارەوەیە کە تیایا لە دایک بووە، هەردوو لاکەش توندڕەوی زۆری تیایە و دوژمنایەتی یەکتر ئەکەن.

لێرەدا دوکتۆر کەوتە خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکەوە کە تائێستا تووشی نەبوو بوو. دوایی چووە ژوریکەوە خۆی بە تەنها تا نوێژ بکا و راوێژ وەرگرتنی یەزدانی بە دەست بهێنێ. لەوێدا بە دەرون هەستی بەوەکرد، شتێک پاڵی پێوە ئەنێت بڕوات بە دەم هەر دوو بانگەوازەکەوە. کاتێک لە ژوورەکە هاتە دەرەوە بە باغیری ئیشکەری ووت:

ها باغیر، ئەڵێی چی؟

باغیر لە وەڵاما ووتی:

ئەو خوایەی تۆ ئەیناسی، لە ئاگریشابیت نەجاتت ئەیات.

دوکتۆر رووی کردە کوڕانی عەلادین بەگ و ووتی:

من هاتم بۆ ئێرە لەبەر داواکردنی باوکتان، ئەگەر مەترسی تەواو هەیە، شتێک بکەن بەرانبەری پێش ئەوەی ماڵەکەتان بەجێ بهێڵم.

ئیتر کوڕانی عەلادین بەگ سەی جەلالیان بانگ کرد و پێیان ووت کە دوکتۆر بەهۆی باوکیانەوە هاتووە بۆ ئێرە و سەلامەتی دوکتۆر لەسەر شانی ئەمانە، ئێستاش پێویستە پەیمانێک بنووسێ کە ئاگای لە ژیانی دوکتۆر بێت و دوکتۆریان بە سەلامەتی بۆ بگەڕێنێتەوە بۆ خەسرەو ئاباد، ئەوەی ووتیان سەی جەلال وەک چەک بۆی نووسین.

دوکتۆر نامەیەکی نووسی بۆ حاکم، پێی ڕاگەیاند کە سەفەر کردن و جوڵان باش نیە بۆ ئەو نەخۆشیەی ئەو، ئەم خۆی دێ بۆ سنە.......... لە هەمان کاتیشا داوایان کرد چەکدار بنێرێت بۆ دێی ئەمڕولە بۆ ئەوەی لەوێوە بە یەکەوە بکەونە ڕێ بۆ سنە. دوکتۆر لەگەڵ سەی جەلال بە دڵێکی پڕ لە پرسیارەوە کەوتە ڕێ. کاتێک تێپەڕین بە ناو خەڵکەکەدا، هەندێک ڕایان کرد بە دوای ئەسپەکەی سەی جەلال دا تا دەست بدەن لە قاچی سەی جەلال و ماچی کەن.

پاش ڕۆیشتنێکی سێ ڕۆژی گەیشتنە دێی ئەمڕولە ئەوەی باوکی سەی جەلالی لێ بوو کە ناوی سەی نەجمەدین بوو، لەگەڵ ئەو قوتابخانە ئاینیە ناودارەی خۆی دایینابوو.

ئەم دێیەش ئەو دێیە بوو کە بڕیار وابوو پاشای هەورامان بهێنن بۆ سەیرکردن و ئەگەر بوو بۆ چارەسەرکردنی چاوی. هەروەها ئەو دێیەشە کە بڕیارە چەکدارەکانی حاکم بێن بۆ

ئەوەی لەگەڵ دوکتۆر بن تا ئەگاتە شاری سنە. کاتێ دوکتۆر گەیشتە ئەوێ، هێشتا هیچ لایەکیان نەگەیشتبوون.

ژوورێکیان بۆ دوکتۆرحەمەسەعی دانا تیایا بێت، بەلام چ ژوورێک، دیوارەکـــانـی بەهۆی دوکـــەڵەوە و دەست تێهەڵسونی ئەوانەوە کە بۆ زیارەت ئەهاتن بۆ ئەوێ رەش و پیس بوو بوو. دوکتۆر ئیشکەرەکەی نارد چەند مەترێک قوماشی بۆ بکڕێت تا دیواری ژوورەکە و هەندێ قوژبنی ژوورەکەی پێ داپۆشێت، ئەمیش لە ترسی پیسی ژوورەکە نەوەک ببێتە هۆی نەخۆش کەوتنی.

دەمەو بەیانی سوارەکانی هەورامان گەیشتن، سەی جەلال چوو بە پیریانەوە. ئینجا دوکتۆرحەمەسەعی لە سەی جەلالی پرسی:

کوا، پاشا هاتووە؟

سەی جەلال:

نەخێر، ئەو زۆر قەڵەوە و ناشبینێت لەبەرئەوە هاتن بۆی شتێکی نارەحەت بووە و داوات لێ ئەکات بچیت بۆ لای.

دوکتۆر سەری راوەشاند و ووتی:

بەڵام ئەمەیان نابێت..........

پاش کەمێک باغیر هاتە لای دوکتۆر و ووتی:

دوکتۆر، شێخ سادق ئازارێکی زۆر عەجایەبی هەیە، ئەبانەوێ بێت سەیری کەیت.

شێخ سادق لە پیاوەکانی هەورامان بوو کە تازە گەیشتبوونە ئەوێ. کاتێ دوکتۆر سەیری کابرای کرد، بۆی دەرکەوت ئازاری ریخۆڵە کوێرەیەتی، ئینجا لە دڵی خۆیدا ووتی:

چۆن دەست پێکردنێکە؟ نە ئالەتی عەمەلیاتم لایە نە بەنج. ئەگەر ئێستا ئەم کابرایە لەبەر دەستما بمرێت، نیشانەیەکی زۆر خراپە بۆم. دوکتۆر بەهۆی فراوانی زانیاری خۆیەوە دەرزیەکی لێدا و خواردنی لێ قەدەغەکرد و ساردی خستە سەر شوێنی ئازارەکەی، دوایی گەڕایەوە بۆ سەر جێگەکەی خۆی و لە یەزدان پاڕایەوە ئازاری ئەو کابرایە لابەرێت چونکە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت نەشتەرکاری بکا...... بەیانی کە رۆژ بوەوە، رۆیشت سەری کابرایدا و سەیری کرد نیشانەی نەخۆشیەکە لاچوەو و ئازارەکەی نەماوە.

دوکتۆرحەمەسەعی بەمە لە گیروگرفتێکی گەورە رزگاری بوو، لە هەمان کاتیشا کارمەندی و زیرەکی ئەو بۆ خەڵکەکە زیاتر دەرکەوت. ئینجا لە دڵەوە سوپاسی یەزدانی کرد و بە خۆی ووت:

ئەم بێچارەیە هاواری کرد، یەزدانیش گوێی لێگرت و رزگاری کرد. (زەبوری ژمارە٣٤)

دوای ماوەیەک دوکتۆر برا بۆ لای سەی نەجمەدینی باوکی سەی جەلال کە لەگەڵ پیاو ماقوڵان و پیاوە دینیەکانا لە

دیوەخـان بوو. کـاتێ دوکـتـۆر چووە ژورەوە وەک ئەوانیـکە هەڵنەستا بە دەست مـاچ کـردنی سـەی نەجـمـەدین، نەوەک خەڵکەکە ئەمەی بە پەشیـمـان بوونەوەی لە باوەڕەکـەی بۆ حساب بکەن. سەرەڕای ئەمەش سەی نەجـمـەدین هێنای و داینیشان لە تەنیشتی خۆیەوە.

پاشان باسی ڕێگە و شێوەی ڕۆیشـتنیـان بۆ هەورامـان بۆ کرد، زۆر داوایان لێکرد کە بچێت و چارەسەری چاوی پاشا بکات. ئینجا دوکتۆر ووتی:

بەڵام ئەو کەرەسـەیەم پێنیە کە ئەو نەشتەرکـاریە پێویستی پێـیـەتی، ئەبوایە بتـانهـێنایە بۆ ئێـرە، ئەگـەر هیـوای چارەسەرکـردنی هەبێت، لەگەڵ خـۆمـا ئەمبـرد بۆ هەمەدان و لەوێ نەشتەر کاریم بۆ ئەکرد.

ئەوانیش وەڵامیـان بۆ قـسـەکـانی ئەوەبوو: قـەیناکـە پارەی هیلاکیەکەت بۆ زیاتر ئەکەین.

لە کۆتاییا دوکتۆر پێی ووتن:

بەڕێزان، پەیمانم بە حـاکـمی شـاری سنە داوە بڕۆم بۆ تیـمـار کردنی. ئەمڕۆ پیاوەکانی ئەگەنە ئێرە، هەر کە گەڕامەوە دێم لەگەڵتانا بۆ هەورامان بە مەرجێک سەی جەلال خۆی بێت لەگەڵمانا و بشمگەڕێنێتەوە بۆ ئێرە.

سوارەکانی هەورامان ووتیان:

بەڵێ، دیارە سەی جەلال خۆی دێت لەگەڵمان.........
دوکتۆر خوا بکات حاکمی سنە بمرێت و کەس نەیەت بە شوێنتا.

دوکتۆر: باشە، حەزئەکەن ئەوانیش دۆعا لە پاشا بکەن بۆ ئەوەی بمرێت؟

ووتیان: نەخێر

دوکتۆر: کەواتە بۆ ئەبێت راست بێت ئەوەی ئێوە داوای ئەکەن؟

ئیتر هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە. پاش ماوەیەک پیاوەکانی حاکم گەیشتن، ئەمەش بوو بە هۆی ئاڵۆزی پیاوەکانی هەورامان، بەتایبەتی کاتێک دییان وا دوکتۆر خۆی ئامادە ئەکات بڕوات بەرەو سنە. خێرا کەوتنە قسەکردن لەگەڵ سەی جەلال و ناردیانە لای دوکتۆر.

سەی جەلال: پیاوانی هەورامان داوات لێئەکەن نەڕۆیت بۆ سنە.

دوکتۆر: پەیمانم داوە بڕۆم، ناتوانم پەیمانەکەم بشکێنم.

سەی جەلال: ئەمان ئەیانەوێ پارەیەکی زۆرت بۆ دانێن.

دوکتۆر: ئەو پەیمانەی داومە بە پارە ناکڕێت، تکایە زۆرم لێ مەکە. چۆن پەیمانم داوە بەوان ئاوهاش پەیمانتان

ئەدەمێ، هەر کە گەڕامەوە بەیەکەوە بڕۆین بۆ هەورامان.

ناکۆکی نێوان هەورامان و سنە، لەسەر هەندێ زەوی‌وزار دروست بوو بوو. پیاوانی هەورامان بیریان لەوە ئەکردەوە، هێرش بەرنە سەر پیاوانی حاکم و لەناویان بەرن و دوایی دوکتۆر بەرن بۆ هەورامان، بەڵام سەی جەلال ئاگاداری کردنەوە و ووتی:

ئەتانەوێ دوکتۆر لەگەڵتان بێت بۆ هەورامان بۆ تیمارکردنی چاوی پاشا؟ باشە، ئەم کارە چ دڵ خۆشکردنێکی تیایە بۆ دوکتۆر تاوەک لەگەڵتانا بێ بۆ ئەوێ؟ باشترە کە رازیبن بە قسەی دوکتۆر.

رۆژی دوایی بەیانیێکەی، دوکتۆرحەمەسەعی لەگەڵ پیاوەکانی حاکم کەوتنە رێ بەرەو شاری سنە. پیاوەکانی هەورامان بە نهێنی هەندێک پارەیان دا بە ئیشکەرەکەی دوکتۆر بۆئەوەی بیخاتە جانتاکەی دوکتۆرەوە، وەک بارمتەیەک تاکو دوکتۆر پەشیمان نەبێتەوە لە پەیمانەکەی و بگەڕێتەوە بۆ لایان.

دەمەو ئێوارە هێشتا دنیا هەر روناک بوو، لە دوورەوە شاری سنە دەرکەوت. دەست بەجێ

دوکتۆر لافاوی یادگاری و بیرەوەری کۆنی رژایە ناو دەرون و خەیاڵیەوە.

ئێستاش وا لەسەر هەمان گردۆڵکە راوەستاوە کە پێش

۳۰ساڵ لەمەوبەر کاتێ شاری بە جێهێشت، لەسەری ڕاوەستا و بۆ دوا جار سەیری ئەو شارەی کرد کە تیایا لەدایک بووە، ئەوشارەی ئەم باوەری نەئەکرد جارێکی کە چاوی پێی بکەوێتەوە.

ئەوەتا لە بەردەمیا ئەو دەشتەی جاران ئەم لەگەڵ هاوڕێکانیا بەیەکەوە بۆی ئەچوون بۆ سەیران، ئەوەتا ئەو شوێنەی لەگەڵ باوکیا بەیەکەوە ئەچوون و سەری نەخۆشەکانیان ئەدا، ئەوەتا ئەو گۆرستانەی باوکی تیا نێژراوە...... دەرونی جۆش و خرۆشێکی زۆری پەیدا کرد کاتێ سەیری ئەم شوێنانەی ئەکرد و ووردە ووردە ئەیناسینەوە.

هەر کە گەیشتە قەراغی شار، سەرۆکی پاسەوانان هات و ووتی گوایە فرمانی پێدراوە لە لایەکی لارێوە بڕۆن بۆ ماڵی حاکم. بەڵام دوکتۆرحەمەسەعی ئەمەی بە ترسنۆکی دانا لە دڵی خۆیدا نوێژی کرد و ئینجا ووتی:

با ڕێک بە ناوشارا بڕۆین.

کابرا ووتی:

ئەگەر شتێکت بەسەرابێت من تووش ئەبم.

دوکتۆر: هیچم تووش نابیت، ئەگەر شتێک بوو خەتا خەتای خۆمە.

بەم شێوەیە دوکتۆر بە ڕێگەی گشتیا و بەو شەقامەدا ڕۆی کە ئەگاتە ناوەڕاستی شار، ئەو شەقامەی بەناو ماڵ و بازاڕی شارا ئەڕوات، هەروەها بەلای ئەو قوتابخانە دینیەشدا ئەوەی دەرسی تیا خوێند بوو.

کاتێک دوکتۆرحەمەسەعی گەیشتە ناوشار و ناو بازار، خەلکەکە لەملا و ئەولای شەقامەکانەوە بە دەنگی بەرز پێشوازیان لێکرد. هەندێک لە خەڵکی هاواریان کرد و وتیان:

ئینشالا هاتنەوەت موبارەکە.

خەڵکی و دوکاندارەکان هەواڵی هاتنەوەی دوکتۆر یان بە هەموو لایەکی شارا بڵاو کردەوە.

دوای ئەوەی دوکتۆر گەیشتە لای حاکم و سەیری نەخۆشیەکەی کرد، زانی کە هەردوو گورچیلەی نەخۆشە. پاش ماوەیەک دەرمان پێدان و چارەسەرکردن لە لایەن دوکتۆرەوە بەرەو باش بوون ڕۆی.

هەر لەو ماوەیەدا هەواڵ بە دوکتۆر درا کە پۆلێک لە خەڵکی نەخۆش چاوەڕێ ئەکەن بێنەلای تا بیان بینێت. حاکم بیری لەوە کردەوە بیان گەڕێنێتەوە، ترسا لەوەی نەوەک یەکێ خۆی کردبێت بە نەخۆش و کاتێ هاتە لای دوکتۆر ئازاری بدات و شتێکی لێبکات، بەڵام دوکتۆر پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ بینینیان و تەماشای نەخۆشیەکانیان و چارەسەرکردنیان، ئیتر چی ڕوودەدات،

خستیە دەستی یەزدانەوە.

ئەو شوێنەی بۆ دوکتۆریان دانا بوو تیایا بژیت، باڵەخانەیەکی گەورە بوو لە لای رۆژهەڵاتی شارەوە، ئەیڕوانی بەسەر هەموو شارەکەدا. لە دورەوە ئەو چەمە دیار بوو کە رۆژی راکردنەکەی کاکەی برای لەبەر زۆری ئاوەکە ئەمی بەکۆڵ پەڕانەوە بۆ ئەوبەر.

دوکتۆر ئەم باڵەخانەیەی کرد بە عیادە و شوێنی بینینی نەخۆش و بیمارکردنیان. هەندێ جار نەخۆشەکان بە کۆمەڵ خۆیان ئەکرد بە ژوورا و ئەهاتنە لای، ئەویش هەڵئەستا بە سەیر کردنیان و تیمار کردنیان بێ ئەوەی پارە وەرگرێت. سەرۆکی پاسەوانان دوور بە دوور بێ ئەوەی دوکتۆر ئاگای لێبێت، بە چەکەوە ئامادە بوو بۆ پاراستنی دوکتۆر گەر شتێک رویدا، ئەمیش لەسەر فرمانی حاکم.

رۆژێکیان دوکتۆر باسی ئەوەی کرد کە حەزئەکات سەر لە هەندێ جێگا بدات. حاکم رای وا بوو، باشتر وایە لەو کاتەدا هەندێک لە دەستو دایەرەی خۆی لەگەڵدا بنێرێت. پاش چەند رۆژێ دوکتۆر چوو بۆ ماڵە کۆنەکەی خۆیان کە بوو بوو بە کەلاوە، دیسان سەری لەو کلێسەیە دا ئەوەی جاران مار شەمعونی هاوڕێی لێی بوو، دوایی لە رێگەیا بەرەو سەرقەبران رۆیشت بەلای ئەو مزگەوتەدا ئەوەی جاران خۆی بانگی تیا ئەدا. پاشان گەیشتە سەرقەبران و چووە سەر گۆری دایکی و ئینجا سەر گۆری باوکی.

لەویا شریتی ژیانی خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر کورت هێنایەوە

بەر چاوی خۆی، ئینجا بە دڵێکی غەمگین و بە دڵێکی شادەوە هاتەوە بۆ ناو شار، سوپاسی یەزدانی کرد بۆ ئەوەی دوای ۳۰ ساڵ دووری توانی جارێکی کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو شارەی تیـــایا لە دایک بووە. دوای چەند رۆژێک تەندروستی حاکم بەرەو چاک بوون رۆیشت و دوکتۆر کوڕە گەورەی حاکمی بانگ کرد و شێوەی دەرمان خواردن و تیمارکردنی باوکی تێگەیاند. ئەم کوڕەی حاکم ئەندامی پەرلەمان بوو لە تاران.

دوکتۆر لەم ماوە کەمەدا سەیری نەخۆشێکی یەجگار زۆری کرد و لەگەڵیا سەردانی گەورە پیاوانی شار. لەم کاتەدا نامەی هەندێ هاوڕیانی شاری هەمەدانی پێگەیی و ئەم چوونەی بۆ سنە بە شتێکی شێتانە دائەنێن، بەڵام رەفیقەی ژنی رازی بوو بەم سەردانە.

هاوڕێیانی دوکتۆر لە شاری سنە، لەگەڵیانا حاکم، زۆر لەگەڵیا خەریک بوون تا رازیکەن واز لە چوونی هەورامان بهێنێ. چەندین هیقایەت و چیرۆکیان بۆ گێڕایەوە لە بارەی خراپە کاری خەڵکی ئەو ناوچەیەوە، چۆن سوێند ئەخۆن بە قورعان و لە دوایشا لەدواوە خەنجەر ئەوەشێنن. شەوێک پێش ئەوەی سنە بەجێبهێڵێت هاورێیەکی هات بۆلای و ئەو شەوە لای مایەوە، بە درێژایی شەو خەریک بوو بۆ رازی کردنی دوکتۆر تا بەڵکو واز لە بیری چوونی هەورامان بهێنێت، بەیانی کاتێ خەبەریان بوەوە، یەکەم قسە کابرا لەگەڵ دوکتۆرا کردی ئەمە بوو: هیوادارم بڕیاری نەچوونی هەورامانت دابێت.

دوکتۆر: بڕیارم داوە بڕۆم بۆ ئەوێ.

کابرا: بەڵام ئەکوژرێیت.

دوکتۆر: ئەوسا ئەڵێن، کوژرا لە کاتێکا ئەیویست پەیمانی خۆی بباتە سەر.

کاتێک رۆژهەڵهات، ئەسپ ئامادە کرا و کوڕی گەورەی حاکم کە چەند ساڵێک بوو هاوڕێیەتیان هەبوو بەیەکەوە لەگەڵ دوکتۆرا، تا دەرگای دەرەوە هات و بە دەنگێکی پڕ لە هەستەوە پێی ووت:

باوەڕم بەوە هەیە خوا ئاگای لێتە......... بەم ووشانە دوکتۆر و پیاوەکان ئەوانەی لەگەڵی نێررابوون، بەڕێ کران و شاریان بەجێهێشت.

## بەشی دەیەم
## بەرەو هەورامان

بێجگە لەو سوارانەی لەگەڵ دوکتۆرحەمەسەعی هاتبوون تا بیگەیێننە ئەو دێیەی تیایا سوارەکانی هەورامان چاوەڕێی ئەکەن، کابرایەکی پیری ریش سپی مێزەر سەوزیان لەگەڵدا نێررا بوو، دیار بوو کابرایەکی دینی ناسراو بوو لە هەموو ئەو ناوچەیەدا. ئەمان زۆر لەوە ئەترسان دوکتۆر لەوێ شتێکی خراپی بەسەرا بێت، بەڵام دوکتۆر خۆی سور بوو لەسەر ئەو پەیمانەی دابووی بۆ رۆیشتنی بۆ هەورامان.

کاتێک سوارەکانی هەورامان لە دورەوە دوکتۆریان بەدی‌کرد، کردیانە دەنگە دەنگ و دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان بە هاتنەوەی دوکتۆر. یەکەم پرسیار لێیان کرد ئەمە بوو:

ها، ویستیان پەشیمانت کەنەوە لە وەعدەکەت؟

دوکتۆر: من پەشیمان کەنەوە لە وەعدی خۆم.....؟

پاش ماوەیەک بە پێکەنین و گۆرانیەوە خێرا سواری ئەسپەکانیان بوون و کەوتنە رێ بەرەو شاخە سەختەکانی هەورامان. سەی جەلال کە پەیمانی ئاگاداری ژیانی دوکتۆرحەمەسەعی دابوو لەو کاتەدا لەوێ نەبوو، ووتیان گوایە هەندێ کاری گومرگی هەیە، دوایی لە رێ پێیان ئەگات.

لە رۆیشتنیانا ووردە ووردە دیمەنەکان لای دوکتۆر ئاشکرا ئەبوون و ئەیناسینەوە، ئەو دیمەنانەی پێش نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر کە تەمەنی نۆ ساڵ بوو و لەگەڵ باوکیا پێیدا رۆیشت بوو، کاتێ رایان کرد لەو نەخۆشی و برسێتیەی لەو سەردەمەدا لە شاری سنە بلاو بوەوە.

پاش ماوەیەک رۆیشتن کاروانەکە راوەستا بۆ پشوودان و چاوەڕوان کردنی گەیشتنی سەی جەلال، کاتێ سەی جەلال گەیشتە لایان، زۆرخۆشحاڵ بوون و هەناسەی ئاسودەییان دا.

دوکتۆرحەمەسەعی دوو ساڵ دوای ئەم رووداوە ئینجا زانی هۆی دواکەوتنی سەی جەلال چی بوو. سەی جەلال نەچوو بوو بۆ مەسەلەی کاری گومرگ وەک بەمیان ووت، بەڵکو چوو بوو بۆ دێیەکانی ئەو ناوچەیە تا بە ناوی خۆی و باوکیەوە داوایان لێ بکات نەیەنە سەر رێی کاروان و سوارەکانی خەڵکی هەورامان بۆ تۆڵە سەندن، لەشکری هەورامان کاتی خۆی لەگەڵ سوپای سەلاحی دەوڵەت هێرشیان کردبووە سەر ئەم ناوچەیە و تاڵانیان کردبوون، خەڵکی ناوچەکە چاوەڕوانی هەلێک بوون بۆ تۆڵە سەندنەوە.

سەی جەلال کاتێک چووە لایان پێی ووتبوون:

من لێپرسراوم بەرامبەر ژیانی دوکتۆر، ئەگەر تاڵێک موو لەسەری ببێتەوە ئینگلیز هێرش ئەکات و ئەم ناوەش تاڵانی ئەکات، هەتا خۆڵەکەش ئەکەنە کیسەوە و ئەیبەن، گەر

مەسەلە تۆڵە سەندنەوەیە بیخەنە وەختێکی کە.

ئەم هەڕەشە و ترسەی سەی جەلال باسی کرد کاری خۆی کرد و سوارەکانی هەورامان لەگەڵ دوکتۆر بێ گیروگرفت بەرەو هەورامان کەوتنە ڕێ.

کاتێک گەیشتنە ناوچەی هەورامان و گەیشتنە شاخە بەرزەکان و دۆڵە قوڵەکانی، تەنها هەر وڵاخە شارەزاکانی ئەوێ ئەیانتوانی بەو ڕێگا باریکە سەختانەی کەنار ئەو شاخانەدا بڕۆن و هەر هەڵەیەکیش ئەبووە هۆی هەڵدێرین و ڕۆچون بۆ ناو دۆڵە قوڵەکان، واتە بریندار بوون و مردن. لە شوێنێکی زۆر سەختا دوکتۆرحەمەسەعی ترسا و نەیتوانی خۆی ڕابگرێت و لە وڵاخەکەی هاتە خوارەوە ڕێگەکەی بە گاگۆلکێ بڕی، لە دواییا کە گەیشتنە سەر ئەو شاخە، کێوی شاهۆ و لوتکەی شاخە بە بەفر داپۆشراوە جوانەکانی هەورامانیان لێ دەرکەوت.

دوایی بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لە دێیەک ڕاوەستان، لەو دێیە هەندێ شوێنەواری کۆنی تیابوو. دوکتۆر زانی کە پەرتوکێکی زۆر کۆن هەیە لە مزگەوتی لادێکە، داوای لێ کردن ڕێگەی بدەن تاوەک سەیری بکات، ئینجا پیاوانی ئەوێ پەرتووکێکی هەڵبەستی کۆنی بە دەست نووسراویان پێشکەش کرد نووسراوەکە ئەگەڕایەوە بۆ نزیکەی ٨٠ ساڵی پ. ز.

کاتێک خەڵکی دێیەکەی پاشا دێی (رازاب) کاروانەکەیان دی، پیاو ماقوڵانی دێ هاتنە دەرەوە بۆ پێشوازی لە

میوانەکان. دوای پێشوازی میوانەکان بەرەوماڵی پاشا ڕۆیشتن، ماڵەکە کەوتبووە ئەوبەری دێکەوە، خەڵکی دێ هەموو بە دوای میوانەکانا ڕۆیشتن. بە ماوەیەک پێش ماڵی پاشا ڕێگەکەیان بە قوماش ڕاخستبوو لە کۆتاییا بە فەرشێکی زۆر جوان کە پاشا لەسەری وەستابوو بۆ پێشوازی کردن لە میوانەکەی. دوکتۆرحەمەسەعی نەیویست بە سواری ئەسپەکەیەوە بەسەر جێ ڕاخراوەکەدا بڕوات چونکە خۆی بە شایانی ئەوە نەئەزانی و خۆی بە بچوکتر ئەزانی لەوەی بۆی کراوە، لەو باوەڕەدا بوو ئەم پێشوازیە بۆ گەورە پیاوانی کە ئەشێ.

لەبەر ئەمە لە ئەسپەکەی هاتە خوارەوە و زۆر بەڕێزەوە چوو بۆ لای پاشا و سڵاوی لە پاشا کرد، پاشا دەستی کردە ملی و ناوچەوانی ماچ کرد، وەک ڕێزیک بۆ ئەم سەفەرە پڕ لە مەترسیەی لەبەر خاتری ئەم کردویەتی.

ئینجا دوکتۆر و سەی جەلال زۆر بە ڕێزەوە برانە دیوەخان. کات دەمەو ئێوارە بوو، لە پاش پشوودانێکی کورت دوکتۆر دەستی کرد بە تێڕوانین و سەیرکردنی چاوی پاشا. ئەوەی لەم سەیرکردنەدا دەرکەوت، بوو بە هۆی دڵ تەنگی بۆ دوکتۆر.

هەردوو چاوەکە تووشی تەراخوما بوو بوون، لەمەش خراپتر چاوی چەپ پێش دوو ساڵ لەمەوبەر لە لایەن پزیشکێکی نەشارەزاوە نەشتەر کاری کرابوو و تووشی ئاوی ڕەش بوو بوو، ئێستا ئەمە بۆتە هۆی سەریەشانێکی زۆر بۆی. پلەی پاڵەپەستۆی خڕۆکەی چاوی ڕاستیشی زۆر بەرز بوو.

بۆ رۆژی دوایی سەر لە بەیانیەکەی دوکتۆر دیسانەوە هەستا بە سەیرکردنی نەخۆشەکە و هەردوو چاوی بە ووردی، سەیر کرد. پاشای حەفتاو دوو ساڵ هەندێ نەخۆشی کەی هەبوو، لەوانەش نەخۆشی شەکرە. بەکورتی هەموو نیشانەکان خراپ بوون بۆ هەستان بە نەشتەرکاری چاوەکانی پاشا.

کاتێ سەی جەلال گرژی دەم و چاوی دوکتۆری بینی لە لاوە پێی ووت:

دوکتۆر نەتیجەمان بەرێ.

دوکتۆر: هیچ چارێک نابینم.

دوایی شتەکەی بە تەواوی بۆ سەی جەلال رون کردەوە و داوای لێکرد ئەم هەواڵە بە پاشا بڵێت و رێگەی بدات بگەڕێتەوە. دوکتۆرحەمەسەعی زۆر دڵگران بوو بەوەی ناتوانێت یارمەتی ئەو کابرا پیرە بدات، دوای ئەو هەموو هیوا و چاوەڕوانییەی، ئێستاش لە هیچ رێگەیەکەوە ماوەی نەشتەرکاری چاوەکانی نیە.

پاشا کاتێک بەم هەواڵەی زانی، ووتی:

باش بوومە گاڵتەچی دوژمنان، ئێستا جەماعەتی سنە بەم هەواڵە زۆر دڵ خۆش ئەبن. چەند ساڵە چاوەڕوانی هاتنی حەمەسەعی یم، چی رێگە هەبوو گرتمانە بەر تا بێتە ئێرە بۆ لام، کەچی ئەوە جوابێتی بۆ من........ ئینجا بە سەی جەلالی ووت:

چیم هەیە بیەرێ، بەڵکو شتێک بۆ ئەو چاوەم بکات کە هێشتا عەمەلیات نەکراوە. من داوای شتێکی کە ناکەم.

سەی جەلال قسەکانی پاشای بە دوکتۆر راگەیاند، دوکتۆر دووبارە باسی گیروگرفتی ئەو نەشتەرکاریەی کرد و ووتی:

ئەترسم پاشا تووشی سەریەشانێکی زۆر زۆر لەوە قایم تر بێت کە ئێستا هەیەتی، نامەوێ ببمە هۆی ئازار دروست کردن بۆی و توانا و ناوی خۆشم بزڕێنم.

پاشا ناچار رازی بوو بە بڕیاری دوکتۆر و فرمانیدا ووڵاخ و کەرەسەی سەفەر ئامادەبکرێ تاوەک بەیانی دوکتۆر بگەڕێتەوە بۆ شاری سنە.

ئەو شەوە دوکتۆرحەمەسەعی خەریکی خوێندنەوەی پەرتووکی پیرۆز بوو لە ئینجیلی یۆحەننادا بەشی یانزەهەم، باسی چاک بوونەوە و زیندوبوونەوەی لەعازی خوێندەوە. هەموو ووشەیەک لە ووشەکان بریسکە و روناکییەکی تازەی تایبەتی هەبوو بۆی وەک ئەوەی یەزدان لەگەڵیا بدوێت:

..... باشە من خۆم رێگەی ئەم سەفەرەم پیشان نەدایت؟

.......... من خۆم هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵتا نەبووم؟

.... ئەم پاراستوی لە هەموو خراپەیەک هەتا گەیشتیتە لای ئەم کابرا کوێرەی وا

بۆ چەند سالێک ئەچێ داوای هاتنت ئەکات تاکو بێیت و چاوی چاک بکەیتەوە؟

........ ئەوەتا تۆ بەجێی ئەهێڵیت بێ ئەوەی هیچی بۆ بکەیت. لەم کارەدا باوەڕت بەو شتانەی خوێندوتە زیاترە لە باوەڕت بە من.......... بیرت چۆتەوە کە من یەزدانی زیندوکەرەوەم و هیچ شتێک نیە قورس بێت لام؟

دوای ئەمە دوکتۆر بە هەموو مل کەچیەکەوە ووتی:

تۆ یەزدانی مەزنی زیندوکەرەوەی، گوێ رایەڵیت ئەکەم و ئەنجامی ئەم کارە ئەخەمە دەستی تۆوە.

بەرواری ئەو شەوە کە ١٣ی سەرماوەرزی ساڵی١٩١٢ز بوو، لەسەر لاپەڕەی ئینجیلەکە بۆ یادگاری تۆماری کرد و نووسی.

بەیانی کە رۆژ بووەوە و سەی جەلال هات بۆ ئەوەی پێی بڵێت گوایە ووڵاخ ئامادەیە بۆ سەفەرەکەی، دوکتۆر هەواڵی ئەوەیدایە کە ناڕوات.

سەی جەلال سەرسام بوو و ووتی:

بۆچی؟

دوکتۆر: خوا نایەوێت بڕۆم، لێرە ئەمێنمەوە و نەشتەرکارێکە ئەکەم. بڕۆ ئەم هەواڵە بە پاشا بڵێ، با

پیاوێک بنێرێت بۆ شاری سنە و لەوێوە تەلەگراف بکەن بۆ هەمەدان بۆ ئەوەی هەندێ کەرەسەی پێویستی کەم بۆ بهێنن. حەزئەکەم بە پاشا بڵێیت من لەبەر تەماعی پارە نەماومەتەوە، من بە فەرمان و ئەمری خوا ماومەتەوە و باوەڕم بە یارمەتی ئەو هەیە. کاتێک ئەم هەواڵە بە پاشا گەیشت زۆر شاد و دڵ خۆش بوو، ئیتر خێرا یەکێکیان نارد بۆ کردنی بروسکەکە بۆ هەمەدان، دوکتۆریش ئەبوایە نزیکەی هەفتەیەک چاوەڕێی بکردایە تا کەرەسەکانی کەی پێ ئەگەیشت.

دوکتۆر زۆر باش ئەم ماوەیەی بەکار هینا بۆ پاک کردنەوەی چاوەکانی پاشا و خواردنی تایبەتی بۆ بڕیەوە تا تەندروستی گشتی کەمێک بەهێزکات. لەڕاستیا ئەم کارە سوودێکی زۆری هەبوو و گۆڕانێکی گشتی لە تەندروستی پاشادا بەدی ئەکرا. سەرەڕای ئەمەش

ژوورێک دیاری کرا بۆ ئەوەی نەشتەرکاریەکەی تیا بکرێت. ئەمە شتێکی ئاسان نەبوو چونکە لەو قوڕە ووشک بووەوەی زەوی و بنمیچی ژورەکانی پێکرا بوو، لەکاتی ڕۆیشتن و جوڵانەوەدا تۆزی لێ هەڵدەستا و ئەبوە هۆی تێک دانی کارەکە. دیوارەکان چونکە بە گەچ سواغ درابوون ترسی وای نەبوو. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە دوکتۆر هەستا بە ڕاخستنی سەر و خواری ژوورەکە هەمووی بە قوماشی تازە.

هەر لەم ماوەیەشدا کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکی نەخۆش ئەهاتن بۆ دێی ڕازاب بۆ لای دوکتۆر تا سەیریان بکات و دەرمانێکیان بداتێ. دوکتۆر هەر لە بەیانیەوە تا ئێوارە

خەریکی سەیرکردن و چارەسەرکردنی نەخۆش بوو و شەویش خەریکی دەرمان گرتنەوە و پاک کردنەوەی پێویستیەکانی بوو.

لەگەڵ ئەمانەشا زۆر لە خزمەکانی دوکتۆر هاتن بۆ ئەوێ سەری بدەن و بیبینن. یەکێک لەوانە کوڕێکی مامی بوو، لە کۆنا مامۆستای بوو لە قوتابخانەی دینی لە سنە. ئێستاش مەلایەکی بەتەمەنە و لەگەڵ چەند هاورێیەکیا هاتووە بۆ سەردانی، کاتێک دوکتۆری بینی زۆر پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی و داوای ئەوەی لێکرد بگەڕێتەوە سەر دینی ئیسلام ئەوەی لە گەنجێتیەوە بە هەڵە وازی لێ هێناوە. دوکتۆرحەمەسەعی پەستی ئەوە بوو کابرا خۆی وا دەرئەخست زۆر پارێزگاری لە ئیسلام ئەکات، ئەمیش پێی ووت:

ئامۆزا، ئێستا عومرت نزیکەی شەست ساڵێک ئەبێت، سەری مەککە و مەدینەت داوە و حەجت کردوە، دوای ئەم هەموو شتانە، باوەڕت بەوە هەیە کە تۆ وەرگیراوی و قبوڵ کراوی لە لای خواوە......... ؟ با بڵێین ئەمشەو تۆ مردیت، لێت روونە ئەچیتە بەهەشتەوە؟

مەلا: نا، بەڵام کێ ئەوەی لا دیارە و لای روونە؟

دوکتۆر: حاجی، ئەو دینەی زامن نیە بۆ رزگار کردنم بە فلسێ نایکرم.

ئەم وەڵام دانەوەیە رەق و چاو قایمانە بوو، مەلا و

هاوڕێکانی سەیری یەکتریان کرد و وەڵامی دوکتۆریان نەدایەوە.

دوای ئەوەی کەرەسەی نەشتەرکاریەکە لە هەمەدانەوە گەیشت، ڕۆژی نەشتەرکاری کردنی چاوی پاشا دیاری کرا. لە کاتی نەشتەرکاریەکەدا پەڵە هەورێکی ڕەش هات و ژوورەکەی تاریک کرد، خێرا ئاوێنە گەورەکەی پاشا هات بۆ ئەوەی بەهۆی ئاوێنەکەوە رووناکی دەرەوە ڕاکێشرێتە ناو ژوورەکەوە.

نەشتەرکاری ئەم چاوە شتێکی ئاسان نەبوو چونکە ماوەیەکی زۆری بەسەرا ڕۆیشتبوو و هەندێ لە دەمار و پارچەکان لە کار کەوتبوون. ئەبوایە زۆر زۆر بەووردی و بە دیقەت کاری تیا بکرایە، وەک دوکتۆرحەمەسەعی ئەڵێت، لەکاتی نەشتەر کاریەکەدا پەنام بردە بەر ئەو یەزدانەی مرۆڤ زیندو ئەکاتەوە، چونکە لەوە ئەچوو کە شارەزایم و کەرەسەکانم دۆش دامابن لە چارەسەرکردن و چاکردنەوەی چاوەکەدا.

لەپڕ هەورەکە لاچوو و ژوورەکە بەتەواوی ڕوناک بووەوە و دوکتۆر گەیشتە بڕیاردانێک بۆ لێکردنەوە و لابردنی دەمارێک لە دەمارەکان، بەمە دوکتۆر و پاشا هەردووکیان هەناسەی ئیسراحەتیان دا و پاش ماوەیەک پاشا توانی وەک تەمێک تۆزێ پەنجەکانی دوکتۆر ببینێت. ئینجا دوکتۆر هەستا بە پێچینی چاوی و فرمانی ئەوەی دا کە ئەبێت بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بە بەستراوی بمێنێتەوە. لە ئەنجامی ئەم کارە سەختەدا دوکتۆر تووشی سەریەشان بوو و

ژوورەکەی بەجێهێشت، بیری لە ئەنجامی نەشتەرکاریەکە نەکردەوە؟

لە ڕۆژی چوارەمی دوای نەشتەرکاریەکە، دوکتۆر بە تەنها خۆی چووە ژوورەکەی پاشا و هەستا بە کردنەوەی چاوی و لێی پرسی:

هیچ ئەبینیت؟

پاشا: بەڵێ، چاوم ئەبینێت.

لەم کاتەدا کچێکی پاشا بە هێواشی هاتە ژوورەوە. دوکتۆر دیسان پرسی:

باشە، ئەگەر بەتەواوی ئەبینیت ئەوە کێیە هاتە ژوورەوە؟

پاشا: ئەوە فەیرۆزەی کچمە.

فەیرۆزە: بابە گیان ئەمبینیت؟ چوارساڵی ڕێکە نەتبینیوم.... ڕاستە ئەتوانیت ببینیت؟

دوای ئەمە فەیرۆزە لە خۆشیا دەستی کرد بە گریان.

لەم کاتەدا تەنها پاشا و کچەکەی و دوکتۆر لە ژوورەکەدا بە یەکەوە بوون. دوکتۆر سەری دانەواند و چاوی داخست و بە دڵێکی پڕ لە سوپاسەوە بۆ یەزدان هونراوەیەکی ساڵی ١٧٥٠ز (جۆزیف هارت)ی باوەڕدار کە خوی وەریگێڕا

بوو، خوێندیەوە:

چەند چاکە ئەو یەزدانەی ئەیپەرستین،

لەگەڵمانا هاورێیەکی دڵسۆزە و دوورە لە گۆڕین.

خۆشەویستیەکەی مەزنە، هەروەک مەزنی هێزی،

نیەتی سنور و درێژی و پانی و بەرزی.

ئەو، عیسایە، خۆیەتی دەست پێکردن و کۆتایی،

ئەمانباتە ماڵی خۆمان، کە لەم دنیا کردمان ماڵ ئاوایی.

سوپاس کەرین بۆ ئەوکارەی بۆی‌کردین،

پشت ئەستورین لەو ڕێگایەی بۆی ئەچین.

ئەم ووشانە بە جۆرێک کاری کردە سەر پاشا، دوای ئەوەی یەکێ لە مەلا بەتەمەنە شارەزاکانی هاورێی هاتە ژورەوە، داوای لە دوکتۆر کرد جارێکی کەش هۆنراوەکە بۆ ئەم دۆستەی بخوێنێتەوە. دوای ئەوەی دوکتۆر هۆنراوەکەی دووبارە کردەوە، کاری کردە سەر دەرونی ئەویش، ئینجا مەلا ووتی:

دیارە لە هەموو قەوم و میللەتێکا خواناس هەن.........
ئەم کەلیماتانەش تەئسیریکی زۆری هەیە.

دوای ئەم قسانە مەلا داوای لە دوکتۆرحەمەسەعی کرد بۆ ئەوەی هەستێت بە نەشتەرکاری چاوی ژنەکەی کە ماوەیەکە هەردووکی بە تەواوی کوێر بووە.

دوکتۆر یەکەم جار هەستا بە نەشتەرکاری چاوێک لە چاوەکانی مەلا ژن، نەشتەرکاریەکەی زۆر سەرکەوتوو بوو و ژنە کاتێ سەیری کرد بە چاوێک ئەتوانێ باش ببینێ، بە دوکتۆری ووت:

ئێستا من بە چاوێک زۆر باش ئەبینم، بەسمە عەمەلیاتی ئەویکەم ناوێت.

پاش ماوەیەک کاتی گەڕانەوەی دوکتۆر هات، بۆ دواجار هەستا بە سەیرکردنێکی تەواوەتی چاوی پاشا و ژمارەی توانای بینینی چاوی لای خۆی نووسی و پەیمانی پێدا کاتێ گەیشتەوە شاری هەمەدان بێ دواخستن چاویلکەی تایبەتی بۆ بنێرێت. پاشا بۆ ئەرکی هاتنی دوکتۆر و بۆ ئیشەکەی نزیکەی دوو سەد لیرەی تورکی بە ئالتون دایەو جگە لەمەش سێسەد تمەنەکەی کە لەلاوە دابویان بە باغری ئیشکەری، هەروەها باری ئێسترێک باڵندە و ڕۆنی ساغ و تۆپێ قوماشی حەریر بۆ ڕەفیقەی خێزانی.

بۆ سەفەرەکەی دوکتۆر لە هەورامانەوە بۆ سنە، پەنجا سواری چەکداری چاک ئامادەکرا، سەی جەلال داوای لە دوکتۆر کرد ئەویش وەک ئەوان جامانە یا مشکی ببەستێت تاوەک لە دوورەوە بە ئاسانی نەناسرێتەوە گەر یەکێک ویستی لە دوورەوە تەقەی لێ بکات.

بەهەرحاڵ سوارەکان کەوتنە رێ و دوکتۆر لەگەڵیانا، زەوی بە بەفر داپۆشرا بوو و دنیا زۆر سارد بوو. لە رێگا لەهەر دێیەک لایان ئەدا بۆ پشوودان، سوارەکان خۆیان ئەچون کام مەر و بزن چاک بوایە ئەیانهێنا و لەبەر چاوی ساحێبەکەی سەریان ئەبڕی بۆ خواردن جگە لەمە راکە راکە بەدوای باڵندەدا و سەربڕینی.

سەرەرای ئەمەش لەهەندێ شوێن خاوەنماڵیان لە ماڵە گەرمەکانیان ئەکردە دەرەوە بۆ خەوتن و پشوی خۆیان. دوکتۆریش لەم کاتەدا بێ چارە لە لایەکەوە رائەوەستا و سەیری ئەم کردارەی ئەکرد و لە دوایییا ئەچوو بۆ لای هەندێکیان و هەقی زەرەرەکەی بۆ ئەکردنەوە.

هەر لەو رۆیشتنەیاندا بەرەو شاری سنە لەپڕ یەکێ لە پیاوەکانی پاشا گەیشتە لایان و لەگەڵ سەی جەلال دا کەوتنە قسە کردن. پاش ماوەیەک کاروانەکە لە رێگەی خۆی

لایدا و رێگەیەکی کەیان گرتەبەر. لەمەودوا سوارەکان لە رۆیشتنا زۆر زیاتر سەیری دەورو پشتیان ئەکرد و ئاگادار تر بوون لە جاران، دوکتۆر سەری سوڕمابوو و نەیئەزانی مەسەلە و باس چیە تا لە دوایییا سەی جەلال نزیک شاری سنە شتەکەی بۆ روون کردەوە و بۆی باس کرد.

کابرایەک بە ناوی شێخ عەلادین نزیک بە سنوری تورکیا ئەژیا و لەو ناوە نفوسی هەبوو، شێخ بە فێڵ و چەوسانەوەی خەڵکی ئەو لادێیانەی دەوروپشتی بەناو

بانگ بوو. هەندێ کەس لەباتی شێخ عەلادین شێخ بەڵای پێ ئەوت.

هەر لەو ماوەیەدا دوکتۆرحەمەسەعی بانگ کردبوو بۆ سەیرکردنی کچە نەخۆشەکەی، هەرچەندە ئەم یەکێکە لەو کەسانەی کە سوێندی خوارد بوو بۆ کوشتنی دوکتۆر، بەڵام دوکتۆر کاتێ ئەزانێ کچەکەی زۆر نەخۆشە، ئەچێت بە دەم بانگ کردنەکەیەوە. لەوێ هەواڵی ئەوەی ئەداتێ کەوا کچەکەی زۆر نەخۆشە و هیچ چارێکی نیە و تەنها دوو ساڵی ماوە بژی.

شێخ عەلادین پاش ماوەیەک داوای ئەوەی لێ ئەکات جارێکی کەش سەیری کچەکەی بکاتەوە نەوەک لە سەیرکردنی یەکەم جاریا هەڵەی کردبێ، دوکتۆر دیسانەوە داواکاریەکەی جێبەجێ ئەکات بەڵام ئەنجامی سەیرکردنەکەی وەک ئەنجامی سەیرکردنی یەکەمی ئەبێ.

دوای ئەمە بە ماوەیەک شێخ داوا لە دوکتۆر ئەکات کە بێت بۆلای و بەیەکەوە قسە بکەن، تا بەڵکو بتوانێت یارمەتی دوکتۆر بدات و ئەو شک و دوو دڵیەی هەیەتی لە ناوی بەرێ بۆی. دوکتۆر بە نامەیەک بۆی روون ئەکاتەوە کە ئەو، مانای شێخ خۆی قوربانی و نێچیری دوو دڵی و شکە، ئەم پشت ئەستورە لەو باوەر و رێگایەی پیایا ئەڕوات. ئەم نامەیە رقی شێخ وا هەڵئەسێنێ بنێرێ بە شوێن سەرەک جەردە و پیاو کوژێکی بە ناو بانگا بە ناوی مەحمو خان تا بڕواتە سەر رێگەی گەڕانەوەی دوکتۆر و پێش ئەوەی بگاتە سنە بیکوژێت.

کاتێک پاشای هەورامان بەم کارە ئەزانێ، بە پەلە خێراترین سواری خۆی ئەنێرێ بۆ لای

سەی جەلال تا پێی بلێ:

لە ڕێگەی ئەریزەوە مـــەڕۆن و ڕێگاکـــەتان بگۆڕن. لەم تەمەنەدا نامەوێ دەستم بە خوێن سوور بێ، سوێن ئەخۆم ئەگـەر یەک مـوو لەسـەری دوکـتـۆر بکرێتـەوە، چی دێی ئەوناوە هەیە هەمـووی ئەسـوتێنم و خـوێنێک ئەڕێژم، نەوە دوای نەوە بگێڕێتەوە.

بێ ئەوەی هیچ ڕوویدات دوکتۆرحەمەسەعی و سەی جەلال گەڕانەوە بۆ شاری سنە و دوکتۆر گەلێک پیرۆزبایی لی کرا بە بۆنەی گـەڕانەوەیەوە. لەو مـاوەیەدا کـە دوکـتـۆر لە هەورامـان بوو لە شـاری سنە هەواڵی سـەیر و ترسناک لە بارەی دوکـتـۆرەوە بڵـاو بوو بووەوە، هەروەها لەبارەی چاوی پاشـاوە گوایە بەتەواوی کوێر بووە و چاری نیـە. نامەکانی شاری هەمەدان ئەوانەی نێررابوون بۆ شاری سنە بۆ دوکتۆر، دەریان ئەخست کەوا خێزانەکەی و هاوڕیانی چەند لە ترس و مەراقا بوون بۆی.

ئەمیش هەستا و بە خێرایی بروسکەیەکی نارد بۆ هەمەدان و هەواڵی سـەلامـەتی خـۆی نـارد بۆیان. چەند ڕۆژێک لەشاری سنە وەک میـوانی حاکم مـایەوە و ڕۆژێکیش لای هاورێیەکی خوی کە خەڵکی سنە بوو، دوکتۆر باسی ئەوەی کـرد بۆی گـوایە مـاوەی چوار سـاڵـە هەوڵی ئەوە ئەدات پەرتووکێکی دەست خەت کە بەلایەوە مەبەستە بە دەستی

بهێنێ، بەڵام لە هەورامان زانی کە پەرتووکەکە وەک دیاری دراوە بە سەلاحی دەوڵەت.

کاتێ دوکتۆر لە قسەکانی تەواو بوو، زۆر سەرسام بوو بەوەی دەستخەتەکە ئێستا لای ئەم هاوڕێیەیەتی و ئەیداتێ بۆ خۆی بە دیاری.

رۆژی گەڕانەوەی دوکتۆر هات و سەی جەلال بەمە دڵ گران بوو، کاتێ زانی دوکتۆر بە تەنهایە، چوو بۆ لای. دوکتۆر لە دوورەوە هەستی پێکرد و ووتی:

وەرە، ئێستا بیرم لای تۆ بوو.

سەی جەلال: لای من؟ بۆچی؟

دوکتۆر: چونکە یەکتری بەجێنەهێڵین.

سەی جەلال کە قسە و راستی ووشەکانی لە چاویا دیار بوو، ووتی:

دوکتۆر، ئەو قسەیە لە دەمما بوو ویستم بیکەم. ئەوەتی بەیەکەوەین بیر لەو رۆژە ئەکەمەوە کە لەیەک جیا ئەبینەوە. ئێستاش کاتی ئەوەهاتووە و من پەستی ئەوەم.

سەی جەلال بەردەوام ئەبێت لە قسەکانیاو ئەڵێت:

تۆ وات لێکردم روناکی ببینم، لە خوا ئەپاڕێمەوە پیرۆزت

کات و موبارەکت کات.

دوای ئەم قسانە خوا حافیزیان لەیەکتری کرد و یەکتریان بەجێهێشت.

کاتێ دوکتۆرحەمەسەعی شاری سنەی بەجێهێشت بەرەو شاری هەمەدان، ناوەراستی مانگی دوانزە بوو، بەفر دەشت و دەری داپۆشیبوو، حاکم دوو ئەوەندەی پێویست سواری لەگەڵا ناردن تا دوکتۆر بگەیێننە شاری خەسرەوئاباد و ئینجا لەوێوە نیوەیان بگەڕێنەوە و ئەوانیکە دوکتۆر بگەیێننەوە ماڵی خۆی لە هەمەدان.

کاروانەکە بە بێ گیروگرفت رۆژێک پێش جەژنی لە دایک بوونی عیسا گەیشتە شاری هەمەدان. گەڕانەوەی دوکتۆر دوای نزیکەی سێ مانگ، خۆشییەکی گەورە بوو بۆ خێزانەکەی و منالەکانی و هاوڕیانی.

دوکتۆر دوای گەڕانەوەی هەموو سەفەرەکەی هێنایەوە بەر چاوی خۆی، چۆن یەزدان ئاگای لێ بووە و ژیانی لە مەترسی رزگار کردوە. بە گەرمی لە دەرونەوە کەوتە سوپاس و ستایشی یەزدان، هەروەها سوپاسی یەزدانی کرد بۆ ئەوەی توانی کەسانێکی زۆری نەخۆش چارەسەر بکات و سەرکەوتو بوو لە نەشتەرکاری و چارەسەرکردنەکانیا. دیسان بۆ ئەوەی توانی باسی باوەڕی خۆی بکات لای خەڵکی شارەکەی و کەسانی کەش.

## بەشی پانزەهەم
## کەسایەتی دوکتۆر و باسی خێزانەکەی

دوای جەنگی جیهانی یەکەم گۆڕانێکی خێرا بەسەر باروودۆخی ئێرانا هات. ئەفسەرێکی سوپا بە ناوی رەزا بوو بە وەزیری جەنگ و پاشان بوو بە سەرۆکی وەزیران و ئینجا لە ساڵی ۱۹۲٦ز بوو بە رەزا شا و تاجی پاشایەتی لەسەر خۆی دانا.

رەزا شا کابرایەکی بەتوانا بوو، گۆڕانێکی سەرەکی لەبارەی خوێندنا کرد و هێنایە ناو حکومەتەکەی. هەستا بە دروستکرنی رێگاوبان بە درێژای و پانی وڵاتەکە، بە هێڵی شەمەنەفەر دەریای قەزوینی لە سەرەوە گەیاند بە کەنداوی فارسی لە خوارەوە.

کۆشکی حکومی گەورە گەورەی لە پایتەخت دروست کرد. یاسای سەربازی و سوپای دانا، کارگە و شوێنی ئیش و قوتابخانەی تازە و هەروەها دانیشگای تارانی کردەوە. رۆژنامە و گۆڤار سەری دەرکرد و ئافرەت پاش سیانزە سەدە دەوری خۆی لە کۆمەڵدا وەرگرت. ئەم گۆڕانکاریە هەستێکی تازە و بەرز و نیشتمانی دا بە خەڵکەکە. لە دواییا ئاسودەیی و پێشکەوتن.

دوکتۆرحەمەسەعی لەگەڵ خێزانەکەی چوونە تاران و ژیانیان بە شێوەیەکی ئاسودەیی ئەڕۆیشت. دوکتۆر تا ساڵانی شەستی تەمەنی بە گەرمی بەردەوام بوو لە ئیشەکەی خۆیدا و لە ساڵانی حەفتای تەمەنیا وورده وورده کارەکەی کەم

کردەوە.

عیادەکەی وەک خەستەخانەیەکی بچووک وا بوو، لەگەڵ ماڵەکەیا بە تەنیشتی یەکەوە بوون، کەوتبوونە سەر شەقامێکی گشتی ناو شار، راست و چەپی بەداری بەرز رازێنرابوونەوە، لە سەر دەرگای عیادەکەی ئیش و ناوی خۆی بە شێوەیەکی سادە نووسیبوو. باخی عیادەکە و ماڵەکەی لەیەکیان ئەدا و بە گوڵ و حەوزی ئاو رازابوەوە.

دوکتۆرحەمەسەعی وا راهاتبوو بەیانیان زوو لەخەو هەڵسێت، بۆیە کاتێکی باشی هەبوو بۆ نوێژ کردن و خوێندنەوەی پەرتووکی پیروز. دوای نانی بەیانی کاژێری هەشت و نیوی رێک لە عیادەکەی ئەبوو، کاتێ دەستی بە ئیش ئەکرد، نەخۆش سەرەی گرتبوو بۆ چوونە ژوورەوە بۆ لای. تا نیوەرۆ خەریکی سەیر کردن و تیمار کردن ئەبوو، دوایی دیسان لە کاژێری دووەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ بەردەوام ئەبوو لە ئیشەکەیا. ژووری چاوەرێ کردنەکەی بەردەوام پڕ بوو، جاری واش هەبوو ئەوەنە نەخۆش ئەهاتنە لای ناچار ئەبوو شوێنی کەیان بۆ بدۆزێتەوە تاکو لێی دابنیشن.

دوکتۆر بەردەوام لە کاتی ئیشەکەیا کراسی سپی تایبەتی بە پزشکەوە لەبەر ئەکرد، ئالەتی گوێگرتنەکەی یا لە ملا بوو یا خود لە گیرفانی کراسە سپیەکەیدا. قسە کردنی و هەڵسوکەتی قورساییەکی تایبەتی تیا بوو، شێوەی دەنگی رێز و لەهەمان کاتا توانا‌داری و شارەزایی ئەوی لە ئیشەکەیا دەرئەخست و نەخۆشەکان باوەڕیان پێی هەبوو.

کاتی لەگەڵ نەخۆشەکانیا بە فیرۆ نەئەدا و هەموو کاتەکەی بەکار ئەهێنا بۆ دۆزینەوەی نەخۆشیەکەیان و چارەسەرکردنی. فایل و دەفتەری تایبەتی نەئەکرد بۆ نەخۆشەکانی چونکە بە زیرەکی خۆی هەموویانی ئەناسیەوە و ئەیزانی نەخۆشییەکانیان چیە و چۆنە.

زۆر جار بە تەواوی ئەگەیشتە ئەنجام بۆ دۆزینەوەی نەخۆشیەکە بێ تەحلیل و بێ موختەبەر، لەوەی ئەکرد زۆر زیرەک و زانابێت لە دەست نیشانکردنی نەخۆشیدا. ئەوەی دوکتۆری زۆر زویر ئەکرد، ئەوە بوو کە نەخۆشەکە راوێژی ئەم و دەرمانەکانی پشت گوێ بخستایە. لە سەیرکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیا داوای یارمەتی لە یەزدانی پزیشکی گەورە ئەکرد و بۆیان ئەپاڕایەوە و دۆعای بۆ ئەکردن.

دوکتۆر هەموو هەفتەیەک دوو جار لە ماڵەوە کۆبوونەوەی خویندنەوە و روون کردنەوەی پەرتوکی پیرۆزی ئەکرد، بێجگە لە قسە کردن بە تەنها لەگەڵ خەڵکیدا و لەگەڵ هەندێ لە نەخۆشەکانی. کۆبوونەوەی رۆژانی یەک شەممە بۆ مەسیحی‌یەکان بوو و پێنج شەممە بۆ موسوڵمان و کەسانی کە لەوانەی بایەخ ئەدەن بەو باس و رێگایە.

بۆ ئەو ئێوارانە بەشێک لە پەرتووکی پیرۆز هەڵئەبژێررا و ئەخوێنرایەوە و دوکتۆر بەهۆی زانیاری قوڵی چەند ساڵەیەوە لە ووشەی یەزدانا، هەڵئەستا بە باس و شیتەڵکردنەوەی بابەتەکە بۆ ئامادە بووان و بەیەکەوە باسیان ئەکرد و لێی ئەدوان. سەرەڕای ئەو هەموو ئیشەی

ئەی کرد، کاتی هەبوو بۆ خەڵکی، بەدەم داوای یارمەتی خەڵکیەوە ئەڕۆیشت. هەندێ جار دوای نیوەڕۆ چەند کیلۆمەترێکی ئەبڕی بۆ سەردان لە نەخۆشێک یاخود هەژارێک بۆ دڵ دانەوەی. پەرتووکە پیرۆزەکەی خۆی کە گشت کات پێی بوو، ئەیکردەوە و هەندێکی بۆ ئەخوێندەوە و دوایی هەر لەوێدا نوێژی ئەکرد و لەگەڵ یەزدانا ئەدوا و داواکاریەکانی بە یەزدان ئەگەیاند. زۆر جاریش داوای لەو کەسە ئەکرد یەکێ بنێرێت بۆلای تا دەرمان یاخود جل و بەرگ و پێویستی بۆ بنێرێت.

هەرچەندە دوکتۆر لەماڵەوە ئاهەنگی گەورەی نەئەگێڕا، بەڵام ماڵەکەی هەموو کاتێک کراوە بوو بۆ هەموو کەسێک بە میوانی بهاتایە، هەموو میوانێکیش کات و ناکات لەوێ خواردنی ئەخرایە بەردەم، ناسیاو و هاوڕیان کە بهاتنایە بۆ تاران جاری وا هەبوو بە چەند هەفتە لە ماڵی بە میوانی ئەمانەوە.

ڕەفیقەی خێزانی ژنێکی بەراستی ژن بوو، ئافرەتێکی زیرەک و لەسەرخۆ بوو. بە شارەزایی خۆی توانی لەو کەسانەی لە ماڵەوە ئیشیان بۆ ئەکرد کەسانێکی شارەزا و دەست ڕەنگین دروست کات. مەسرەف تا ڕادەیەک لە دەستی خۆیدا بوو. دوکتۆرحەمەسەعی شارەزاییەکی وای نەبوو لە پارە و سەرف کردنیا، ئەگەر زیرەکی ڕەفیقەی ژنی نەبوایە لەوانە بوو هەندێ کەس بەهۆی دڵ نەرمیەوە بەبێ ڕەحمانە پارەی لێ بکێشنەوە. ئەم کارەی ڕەفیقە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ژنێکی ڕەزیل و پیسکە بوو، ڕەفیقەش وەکو دوکتۆری مێردی دڵ نەرم و دڵ پڕ لە بەزەیی بوو،

بەتایبەتی بەرامبەر هەژاران و لێقەوماوان بەرامبەر کەسانی گەلەکەی لە ئاشوریەکان ئەوانەی لە تاران وەک پەناهەندە نەژیان، هەڵئەستا بە یارمەتیان و یارمەتی نامۆکان و خەڵکی دەربەدەر لەوانەی بێ یارمەتی بوون و کەس لێی نەئەپرسینەوە.

سەرەڕای ئەمانەش رەفیقەی ژنی دوکتۆر ئافرەتێکی روو خۆش و قسە خۆش بوو، زۆر جار بە قسەکانی خۆشی ئەخستە ناو خێزانەکەیەوە.

کچەکەیان سارا لەگەڵ مێردەکەیا لە هەمەدان ئەژیا. سامۆیلی کوریان دوای ئەوەی سەربازی تەواو کرد لە سوپای بریتانیادا، بوو بە ئەفسەر و لە شەرا بریندار بوو. پاشان هەر بە پلەی ئەفسەر هاتەوە بۆ ئێران و دوای جەنگ وەک ئەندازیار لە بانقی حکومەتا کاری کرد، کچێکی مەسیحی لە دەرچوانی دانیشگای وێلز هێنا و دوای نۆزدە ساڵ وازی لە ئیشەکەی هێنا و لە ساڵی ١٩٤٢ز چوو بۆ شاری نیو‌یۆرک بۆ ئەمریکا.

کوڕە بچوکەکەیان لۆیل، دوای جەنگی جیهانی یەکەم گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا و لەوێ لای یەکێ لە دەستگاکانی رۆژنامە و گۆڤار بڵاوکردنەوە کاری نەخشە کێشانی ئەکرد. دوایی تووشی نەخۆشیەکی قورسی ئێسقانی پشت بوو کەوتە خەستەخانە.

کاتێک باوکی بە قورسی نەخۆشیەکەی زانی، شتەکەی لە خێزانەکەی شاردەوە تاوەک تووشی خەفەتێکی گەورە نەبن،

هەر خـۆی بە تەنهـا ئەو هەواڵە دڵ تەزێنەی لای خـۆی هەڵگرت و بوو بە خەفەت و قورساییەکی زۆر بۆی.

لە دواییـا کـە زانی هیچ چارەسـەرێکی نیـە هەواڵەکـەی بە خێزانەکە گەیاند، ئەم کوڕەیان لەمـانگی ڕەشەمێی ساڵی ١٩٢٧ز لە تەمەنی سی و یەک ساڵیدا کۆچی کرد.

باس کردنی ئەم خێزانە تەواو نیە گەر بێت و باسی کاکەی برای دوکتۆری تیا نەکرێت. هیچ بڕوانامەیەک و نموونەیەک بۆ هێـز و توانای عـیـسـا و مـەسـیـحـی‌یەت لە ژیانی باوەڕداریێتی و کاری ڕۆحی دوکتۆر دا، ئەوەندە بەهێز نەبوو وەک نموونەی گۆڕان و بە مەسیحی بوونی کاکەی برای.

ئەم گـۆڕانـکاریەی کـاکـەی برای لەپڕ نەبوو، دوای هاتنی بۆ شـاری هەمـەدان چەند سـاڵێکی لە خـوێندن و گـەڕان و بەراورد کردن ویست لە لایەنی کاکەوە، پێش ئەوەی عیسا لەدەرونیا وەرگرێت و لە دڵ و دەرونەوە ببێتە مەسیحی‌یەکی باوەردار.

هەنگاونانی یەکـەمی لەم ڕێگایەدا ئەوە بوو، وازی لە مەلایەتی هێنا و بۆ پەیدا کردنی قوتی ژیانی بوو بە ئەسپ بەخێوکەر.

مـەلایەکی ناسراوی وەک کـاکـە کـە زۆر بەخـۆیدا ئەینازی، ببێتـە ئەسپ بەخێـوکـەر و ژێری ئەسپ پاک کـاتەوە، ئەمە ئەوە ئەخاتەوە بیری مرۆڤ کە چۆن عیسا هات و خۆی نزم کردەوە و شێوەی مرۆڤی وەرگرت.

پاش ماوەیەک کاکە بوو بە مال بەڕێوەبەری بەشی ناوخۆیی قوتابی کوڕانی قوتابخانەی نیرراوان و لەدوایدا بوو بە موبەشیر (مزگێنی دەر) و ووتەی پەرتووکی پیرۆزی بە خەڵکی ئەگەیاند. ساڵانێکی زۆری ژیانی بە بڵاوکردنەوەی ووشەی یەزدان و نامە و نامیلکەی مەسیحی‌یەوە بەسەر برد، لە سەر شەقامەکان لە ناوبازاری شاری هەمەدان، هەروەها لە شار و شارۆچکەکانی دەور و پشتی هەمەدان. پەرتووکی پیرۆزی بۆ هەموو کەسێک ئەخوێندەوە کە ئارەزوی بکردایە، لە چاخانەکان لە ماڵان و لە کۆڵانان. کارەکەی بە کارێکی پیرۆز ئەزانی و کاتێک خەڵکی لێی کۆببونایەوە زۆر دڵشاد ئەبوو پێیان. هەرچەندە تەمەنی نزیکی هەشتا ساڵ بوو وە کەمێ گوێی گران بوو بوو بەڵام هێشتا بەردەوام بوو لەسەر ئەم کارە.

لە یەکێ لە رۆژەکانی هاوینی ساڵی ١٩٣٥ز هەردوو براکە لە باخچەیەکی نزیک بە شاری هەمەدان بەیەکەوە دانیشتبوون، دوکتۆرحەمەسەعی تەمەنی گەیشتبووە حەفتا و دوو ساڵ و کاکەش نزیکی هەشتا ساڵ بوو بوەوە. سەیری دار گوێزە گەورەکانی دەوری باخەکەیان ئەکرد و بیرەوەری کۆنیان ئەهێنایەوە یادی خۆیان. بیریان لە شاری سنە کردەوە، ئەو شارەی تیایا لە دایک بوون.

دوکتۆر: کاکە...... من ئامادەم جارێکی کەش بچمەوە بۆ سنە.

کاکە، ئەی من....... ؟ من زیاتر لە چل ساڵە سنەم نەدیوە.

دوای ئەم قسە کردنە بە رۆژێک نامەیەک لە حاکمی شاری سنەوە هات و بە گەرمیەوە داوا لە دوکتۆر ئەکات بێت بۆ شاری سنە چونکە خێزانەکەی زۆر نەخۆشە. دوکتۆریش ویستی داوای لێبوردن بکات کە ناتوانێ بێت و هاتنی بە سەیر کردنی تەنها نەخۆشێک

تەواو نابێت. بەهاتنی، نەخۆشێکی زۆر زۆر کۆئەبێتەوە و ئەمیش ناتوانێ هەموویان سەیرکا و دەرمانیان کات. پاشان دوکتۆر رای خۆی گۆڕی و بەوە رازی بوو بڕوات بەڵام بەمەرجێک زاواکەی، مێردی سارای کچی کە ئەویش دوکتۆر بوو، لەگەڵیا بێت و لەوێ یارمەتی بدات. دوای ئەم رێکەوتنە دوکتور دەست بەجێ هەواڵی نارد بۆ کاکەی برای، هەوالەکەش بەم شێوەیە بوو:

کاکە خۆت ئامادەکە ئەڕۆین بەرەو کوردوستان. تۆ مەیلی خۆت دەرخست و باسی سەفەرێکی وات کرد، ئەوا ئێستە نەک هەر بە بانگ کردن بانگ کراوین، بەڵکو بە گەرمیەوە بە زۆر داوائەکەن بچین بۆ ئەوێ.

با بەیەکەوە بیر لە هەست و دەرونی کاکە بکەینەوە، کاتێک دوای زیاتر لە چل ساڵ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارەی تیایا لەدایک بووە، جوڵانی هەست و دەرونی لەو کاتەدا شتێکە بە نووسین نانووسرێ، سەرەڕای ئەمەش پێشوازییەکی لێ بکرێ، وەک چۆن پێشوازی گەورە پیاوان ئەکرێ.

لە سنە رۆژانە کاتێ دوکتۆرحەمەسەعی و زاواکەی سەرقاڵی سەیرکردن و چارەسەرکردنی نەخۆش بوون، کاکە لە زۆر لاوە

بانگ ئەکرا و بەردەوام لەسەر دەعوەت بوو. بەشارەکەدا هەمووی گەڕا و سەری لە گۆڕستانی شار و گۆڕی باوک و دایکی دا و هەروەها لە ماڵە رووخاوەکەی کەوەک کەلاوەی لێهاتبوو.

ئینجا سەری لە مزگەوتەکان دا ئەوانەی نوێژی لێ ئەکرد کاتێک موسوڵمان بوو. لە گەڕانەکانیا بەسەربەستی ئینجیل و ووتەی یەزدانی بڵاو ئەکردەوە. ئەم سەردانەیان ماوەی هەشت رۆژی خایان.

رۆژی نۆهەم گەورەپیاوانی شار لای حاکم کۆبونەوە بۆ خواحافیزی کردن لە میوانەکان. یەکێک لەوان ویستی تیرو توانج بگرێتە کاکە و بیهێنێتە قسە، بە کاکەی ووت:

باشە بۆ ئەگەڕێتەوە بۆ هەمەدان؟ لێرە بمێنەرەوە....... بگەڕێرەوە سەر دینی خۆت و ژنێکی چاکی صاڵحت بۆ ئەهێنین و پارەش چیت ئەوێ پێتی ئەدەین.

کاکە لەوەڵاما ووتی:

من ژیانی جاوێدانی هەتا هەتایم هەیە...... ئەتەوێ بیگۆڕمەوە بە پارە و ماڵی دنیا؟ گوی بگرە، ئەگەر ئەم قەسرەم هەموو بۆ پڕکەیت لە دیناری ئاڵتون، بە خەیاڵما نایەت ئەوەی ووتت.........!

کابرا: ئەی باشە بۆ ماڵ بە ماڵ و جادە بە جادە بە تفەنگەوە بە شوێن براکەتا ئەگەڕایت بیکوژیت؟

کـاکـه: له بەر نەزانین و نەشـارەزایی بوو، هەروەک ئەوەی ئێسـتـا تۆی تیـایت. تۆ ئاگـاداری ئەو ژیانە جاویدانی‌یە هەتاهەتاییـە نیت ئەوەی لەعـیـسـا دا هەیە. وا ئەزانیت ئەتوانـیت بە مـــاڵ و پارە دەمم چەور بـکـەیـت بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئیسلام؟

ئەم ووتـانە بڕوانامـە و شـەهادەتی کـاکـە بوو بۆ خـەڵکی شارەکەی، ئەمەش بۆ دوا جار بوو کاکە شاری سنە ببینێت. پاش نزیکەی سـاڵێک جـۆرێک لە شـەلەلی تووش بوو و کەوتە ناو جێگەوە، بەڵام پاش چەند مانگێک تەندروستی وا باش بووەوە کە باوەڕ نەئەکرا وا چاک ببێتەوە. نامەیەکی بۆ دوکتۆرحەمەسەعی برای نووسی بەم شێوەیە:

لەو کـاتەدا لە خـەسـتـەخـانە بووم، لە دڵەوە قـسـەم لەگـەڵ یەزدان کـرد و پێم ووت: گـەورەم من ئامـادە و چاوەڕوانی ئەوکـاتەم کـە دێم بۆ لات و لات ئەمـێنمـەوە، بەڵام ئەگـەر ئەتەوێ ماوەیەکی کە بژیم، ئەوا بفەرمـوو تا چاک ببمەوە و هەستم بەکاری رۆژانەم لە بڵاو کردنەوەی ووشەکانتا لەناو خـەڵکدا، هەتا ئەوکـاتەی خـۆت بانگم ئەکـەیت بەرەو لای خۆت........!

برام ئەوەتا ئێستا من وا چاک بوومەتەوە کە هەموو رۆژێک دوو سـەعـات ئەگـەڕێم بۆ بڵـاو کـردنەوەی ووشـەی خـالقی دروست کەرمان، بە نووسراو و نامیلکە. من زۆر دڵم خۆشە بەو کات و فرسەتەی پێم دراوەتەوە.

ئێسـتـا کـاکە، کـاکـەی سەربازی خاچ تەمـەنی لە هەشتا

سالیدایە و لەبەر گوێ گرانی ئەوەندە تاقەتی قسەکردنی نیە. بە جادە و شەقامەکانا ئەگەڕا بۆ بلاو کردنەوەی ئەو نووسین و نامیلکانەی باسی ژیان و ووتەی یەزدان ئەکات. پاش نزیکەی سێ سالێک زیاتر

لە ئیش کردن بەم شێوەیە. ڕۆژێک عەرەبانەیەک لێی ئەداو زۆر ئازاری پێ ئەگات، سارای برازای کچەکەی دوکتۆرحەمەسەعی بۆ ماوەی دەمانگێک خزمەتی ئەکات. کاکە لەتەمەنی هەشتا و چوار سالیدا بە باوەڕەوە کۆچی دوایی ئەکا لەم سەرزەمینە، هەر بەو باوەڕەوە کە لای خەلکی باسی ئەکرد و بلاوی ئەکردەوە.

ئێستەش دێینە سەر باسی هەندێک تایبەتمەندی و باسی کەسایەتی دوکتۆرحەمەسەعی. تایبەتمەندیەکانی ئەو زۆرن گرنگەکانی لە چوار خالا کۆئەکەینەوە.

یەکەم: دوکتۆر کابرایەکی ئازاد بوو لە بیر و ڕۆح و دەرونیا، ئازادییەکی تەواو. زۆر کەمن ئەو کەسانەی ئاوها وەک ئەم خۆیان سەرقال کەن بە گەڕان بە دوای راستیدا بەو ووردی و گەرمییەوە. ئەو هیچ کات ئامادە نەبوو بیرێک و فیکرەیەکی ئامادەکراو یاخود باوەڕێکی بە میراتی بەجێ ماوی باوک و باپیران وەرگرێت بێ ئەوەی بەتەواوی نەچێتە بنج و بناوانیەوە و باش شیتەلی نەکاتەوە بۆ خۆی.

کاتێ پەیوەندی ئەم لەگەل کەسانی مەسیحی دروست بوو، دەست بەجێ دەستی کرد بە دیراسەتێکی تەواو و خوێندنەوەیەکی قولی پەرتووکەکەیان و بەراوردی کرد لەگەل

قورعانا. خۆی فێری زمانی عیبرانی کرد تاکو تەورات و زەبور و نامەی نێرراوانی یەزدان و هەموو بەشی کۆنی پەرتووکی پیرۆز لەسەرەتاکەیەوە بخوێنێتەوە و بزانێ بەهۆی وەرگێڕانیەوە چ گۆڕانێکی تیا بووە. هەر بەهۆی ئەم قووڵ بوونەوەیە و ئەم بناغەیەوە بوو توانی لەو هەموو ساڵە نارەحەتیانەدا پارێزگاری لە باوەڕی مەسیحی خۆی بکات.

کاتێک ژنەکەی هەڵبژارد، گوێی نەدایە خوو و تەقالید. هەروەها نەیویست خوی بە ژێردەستی قوتابخانەی نێرراوانی مەسیحی بزانێت، بۆیە بریاری دا کارێکی ئازاد بکات. ئەوە بوو خوێندنی پزیشکی هەڵبژارد و هەر ئەم بیر و تایبەتمەندیەی بوو وای لێکرد، رازی نەبێ بە مەسیحی‌یەتی تەقلیدی و کڵێسەی تەقلیدی و بگەڕێت بۆ ئەو کۆمەڵە مەسیحییانەی کە هەریەکە خۆی بە قەشە و کاهینێک ئەزانێت و باوەڕی بە پەیوەندیەکی

یەکسەری خۆی هەیە بە یەزدانەوە، بێ ئەوەی پێویستی بە قەشە و کاهین و کڵێسە هەبێت بۆ ئەو پەیوەندیە یەکسەریە.

دوکتۆرحەمەسەعی تا کۆتایی ژیانی، بە سەربەخۆیی مایەوە و نەبووە ئەندامی هیچ کڵێسەیەکی تەقلیدی و یاسایی.

پەیوەندیەکی زۆر باشی هەبوو بەو مەسیحی‌یانەوە کە تەقلیدی نەبوون و هەوڵیان ئەدا بە پێی ووشەی یەزدان بڕۆن و بژین. ئامادە ئەبوو لە کۆبونەوەکانیانا و ووتار و لێکۆڵینەوەی رۆحی ئەخوێندەوە، کاتێک بانگیان بکردایە

بۆ ئەو کـاره یا داوایان لیّ بکردایە، بەسـەر نامـیلکە و پەرتووکەکانیانا بیّتەوە پێش بڵاو کردنەوەی.

ئەو بە راسـتی و بە قـوڵی لایەنی رۆحی گـرتبـوو، هەر بەهیوای قوڵ بوونەوەی رۆحیشەوە بوو کاتێک موسوڵمان بوو لە عـەقـیـدەی ئیـسـلامی مـوحـافـیزەوە چوو بۆ لای نەقشبەندیەکان. کاتێکیش بوو بە مەسیحی ئەمە هۆیەک بوو لەو هۆیانەی پاڵی پێوەنا سـەفـەر بکات بۆ سوید. لە سـاڵانی ئیشکردنیـشـا لایەنی رۆحی ئەو لایەنە بوو کـە هەموو ژیانی گرتبۆوە.

دووەم: هەر لەو کـاتەوە کـە لە شـاری سنە بە راسـتی و تەواوی دەسـتی کـرد بە دەرس و لێکۆڵینەوەی پەرتووکی پیـرۆز، هەتا دوا رۆژی ژیانی ووشـەی یەزدان هاوڕێی و سەرچاوەی بیرکردنەوەی بوو.

تەنها سەیر کردنێک بۆ پەرتووکەی ئەوەی بەرگێکی چەرمی تایبەتی بۆ کـردبوو، ئەوەی دەرئەخست ئەو زۆر خەریکە بە خویندنەوە و لێکۆڵێنەوەی پەرتووکەکەیەوە. هیچ بەیانییەک نەبوو تیایا نەخوێنێتـەوە، لە کـاتی پشووی نیوەڕوانیشا کەمێکی لیّ ئەخوێندەوە کـاتی ئێـوارەش هەندێکی کە و ووشەکان ئاشتی و ئاسودەییان پیّ ئەدا کاتێک ئەچووە سەر جێگای خەوتن.

لە هەمـوو سـەفـەرێکـیا پەرتووکـەکـەی لەگـەڵ بوو و رێگە نیـشـاندەری بوو، سـەرخـۆشی لێکەری بوو لە پەژارە و ناخـۆشیا. کـاتی ئیشـیش پێی بوو تا بیـخـوێنێـتـەوە بۆ

نەخۆشێک یا بۆ هاوڕێیەک، کاتێک کاتی خۆی بوایە.

دوکتۆر خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ووشەی یەزدانی بە نوێژ دەست پێ ئەکرد، نوێژیش بۆ ئەو شتێک بوو وەک ئەو هەوایەی وەرئەگیرێت بۆ ژیان. لە کاتی موسوڵمانیشیا رازی نەبوو بەوەی نوێژەکانی ووتنەوەی چەند عیبارەتێک و چەند ئایەتێکی دیاری کراو بێت و بووترێت و بووترێتەوە. بەزەیی بەو موسوڵمانە هەژارانەدا ئەهاتەوە کە نوێژ و ئایەتیان ئەخوێندەوە بێ ئەوەی مانا عەرەبیەکەی بزانن.

ئەو بە هەموو باوەڕیەوە نوێژی ئەکرد، لە لایەن یەزدانەوە ڕێگەی پیشان ئەدرا و لە دوایدا هەندێ بڕیاری خۆی ئەگۆڕی بە پێی ئەوەی یەزدان پیشانی ئەدا.

جارێک هەواڵی بۆ هات بۆ تاران کەوا کوڕی یەکێک لە منداڵەکانی لە هەمەدان دەردێکی خراپی گرتووە و زۆر نەخۆشە. ئەمیش لە دەرس و خوێندنەوەی ووشەی یەزدانا کە لە ناو ماڵەکەیا ئەی کرد و ئەیگێڕا، ئەو ڕۆژە باسەکەی کرد بە باسی نوێژ کردن بۆ یەزدان. هەواڵی تەندروستی ڕۆژانەی منداڵەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ئەبوو. شەوێکیان هەواڵی ئەوەیان پێگەیشت منداڵەکە وەزعی زۆر زۆر خراپە. دوکتۆریش هەستا و دەستی کرد بە نوێژ کردن لە پێناوی منداڵەکەدا:

**ئەی خوداوەند عیسای بە بەزەیی، بە ملکەچیەوە سوپاست ئەکەین چونکە تۆ گوێ بۆ نوێژ و داواکاریەکانمان ڕائەگریت، ئێستەش داوا و نوێژمان لە پێناوی ولیەمی**

خۆشەویستمانایە.

بۆ رۆژی داهاتو نامەیەکیان بە دەست گەیشت مژدەی هەواڵی بەرەو چاک بوونەوەی منالەکەی تیا بوو.

لە کاتی نوێژ کردنا باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە یەزدان حازرە و ئامادەیە لەوێدا، هەستی بەوە ئەکرد لە دەرونەوە پەیوەندی تەواوی هەیە لەگەڵ باوکی ئاسمانیا. بوونی عیسای مەسیح لە گەڵیا و لە دەرونیا راستییەکی تەواو بوو لای. دوای گەڕانەوەی لە سنە و هەورامان، چۆکی دادا و خۆی خستە بەر پێی عیسا و زۆر بە گەرمی و بە دەرون نوێژی کرد و سوپاس و ستایشی کرد بۆ ئەوەی یارمەتی داوە و پارێزگاری ژیانی کردوە و

سەری خستوە لە چارە سەرکردنی نەخۆشەکانیا و سەری خستوە لە نەشتەرکارییەکانیا. شتێکی سەیر نیە ئەم گۆرانیە رۆحیەی لای ئەو زۆر خۆش بووە:

من دیم، رووی عیسام دی

هیچی کەم بۆ مەگێڕەوە.

من بیستم، دەنگی ئەوم بیست

تێری و تەسەلی رژایە دڵمەوە.

**سێهەم: هەموو ئەوانەی دوکتۆریان باش ناسیووە، شایەتی**

دڵ گەرمی و ئازایەتی ئەو ئەدەن لە تەبشیر و بڵاو کردنەوەی ووتەی یەزدانا. ئەو باوەڕەی زۆر هەوڵی بۆ دا بە دەستی بهێنێت، دیاری و پاداشت نەبوو تەنها هەر بۆ خۆی بەڵکو شتێک بوو شایانی بەش کردن بوو لەگەڵ خەڵکی کەدا.

ئەو کەسانەی بە نهێنی باوەڕیان بە عیسا هێنا و سەر لەنوێ تازە لەدایک بوونەوە زۆر بوون، ئەوان ئامادە بوون لە بەر چاوی هەموو خەڵک دان بە راستی باوەڕی مەسیحی یەتا بنێن، دان بە عیسادا بنێن وەک رزگارکەر بەڵام لە ئەنجامەکەی ئەترسان.

دوکتۆرحەمەسەعی نەک هەر باوەڕی خۆی ئاشکرا ئەکرد بەڵکو هەموو فرسەتێکی بەکار ئەهێنا بۆ باس کردنی و رازی کردنی خەڵکی کە بەو باوەڕ و رێگەیە. ئەوە بوو دیمان چۆن لە شاری سنە کاتێک باوەڕی هێنا، لە پاش ماوەیەک ئیتر ئامادە نەبوو روناکی باوەڕی بخاتە ژێر تەشتەوە و بیشارێتەوە بەڵکو هەستی بە پێویستی ئەوە کرد ئەم باوەڕەی بە خەڵکی بڵێت، ئەمەش شادی لە دەرونیا بۆ دروست کرد و پاشان ووتی:

من ئێستا ئەزانم چەند کاتم لەکیس چووە، ئەبوایە زوتر ئەمەم بکردایە.

خەریک بوونی بە کاری پزیشکیەوە رێگەیەکی باش بوو بۆ بڵاو کردنەوەی مزگێنی و ووشەی یەزدان، ئەو تەنها هەر بایەخی نەئەدا بە چارەسەرکردنی لەشی نەخۆشەکانی

بەڵکو بایەخی ئەدا بە لایەنی رۆحی و دەروونیشیانەوە. کاتێک ئەچوو بۆ لای نەخۆش بۆ ماڵەوە، لەگەڵ نەخۆشەکە ئەدوا و لە پەرتووکی پیرۆزی بۆ ئەخوێندەوە و نوێژی بۆ ئەکرد. هەمان شتی ئەکرد لەو ماڵانەی شەو تیایا ئەمایەوە. کاتێک گیرا لای حکومەت باوەری خۆی نەشاردەوە، لای مەلا و گەورە پیاوانی ئیسلام و ئەفسەرانی سوپا و سەرەک هۆزەکان و بازرگانان، بڕوا نامەی خۆی دا و باسی عیسای کرد. ئینجیلی بە کوردی لە شێوەی هۆنراوەدا لە ماوەی سی و پێنج ساڵ نووسیەوە تا گەلەکەی بیبیسێت.

هەرچی دەردەسەریەک کە بەسەری هات بەهۆی بەردەوام بوونیەوە بوو بۆ باس کردنی باوەری، خۆ ئەگەر تەنها هەر بە کاری پزیشکیەوە خەریک ببوایە، گیروگرفتێکی زۆری بۆ کەم ئەبووەوە. حاکمی هەمەدان رۆژێک پێی ئەڵێ:

ئەوە بۆچی بەهەر لایەکا ئەرۆیت باسی دین ئەکەیت و رقی خەڵک بۆ خۆت زۆر ئەکەیت؟ کەمێ خۆت بێ دەنگ کە............

دوکتۆرحەمەسەعی یەکێک لەو کەسانەبوو کە هەستی بەوە ئەکرد، ئەوەی لە سەریەتی پێویستە لە خەڵکی کە زیاتر خزمەتی یەزدان بکات. ئەمەش لە کاری نێرراوانی کۆنی یەزدانی ئەکرد، ئەوانەی نەیان ئەتوانی بێدەنگ بن لەو شتە رۆحیانەی بە دەروون و رۆح ئەیبینن و ئەیبیسن.

خاڵی چوارەم: ئەو سیمایەی دوکتۆر بوو کە لێی جیا نەئەبووەوە، ئەویش هەڵسوکەوتی نەرمی بوو لەگەڵ ئەوانەدا

کە رقیان لێی ئەبووەوە. هەموو جارێک کە بۆی ڕێئەکەوت بچێ بۆ لایان بۆ تیمارکردنی یەکێک لەو کەسانەی کە لە کاتی خۆیدا هەوڵی ئازاردان و کوشتنیان داوە، بە هەڵسوکەوتی نەرمی خۆی کابرای پەشیمانی ئەکردەوە. هەندێ کەس ئەم رستەیەیان لە ئینجیل ئەزانی:

(خۆشت بوێت ئەو کەسەی دوژمنایەتیت لەگەڵ ئەکات، هەڵسوکەوتی باش بکە لەگەڵ ئەوەی رقی لێتە)

نموونە بۆ ئەوەی دوکتۆر لەسەر ئەم ووتەیە ڕۆیشتووە زۆرن، لێرەدا دووانیان باس ئەکەین ڕۆژێکی پێنج شەممە دوای نیوەڕۆ کاتێک دوکتۆر خەریکی بەڕێوە بردنی کۆبوونەوەیەکی

خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی پەرتووکی پیرۆز بوو. کابرایەک بە جلی ئەفسەرییەوە خۆی کرد بە ژووردا، لەوەی ئەکرد برینێک لە ملی هاتبێت و ئازاری بدات. دوکتۆر بەگەرمیەوە سڵاوی لێکرد و بەڕێزەوە داوای لێکرد کەمێک راوەستێت تاوەک لە کۆبونەوەکە تەواو ئەبێت، کابراکەش رازی بوو بەمە. کاتێ دوکتۆر تەواو بوو لە کۆبونەوەکە داوای لە کابرا کرد بێت لەگەڵیا بۆ ئەو ژوورەی برین پێچی لێ ئەکات، کاتێ کابرا خەریک بوو لەگەڵ دوکتۆرا بڕوات، ئاورێکی دایەوە بۆ ئەوانەی لەویا دانیشتبوون و ووتی:

بەڕێزان ئێوە من ناناسن، چەند ساڵێک لەمەوبەر ویستم ئەم دوکتۆرە بە کوشتن بکوژم، بەڵام ئەوەتا ئەو ئاوها موعامەلە لەگەڵ من و خزمانم ئەکات.

دوای ئەوەی لە لایەنی دوکتۆرەوە برین پێچی کرا دانیشت چایەکی لەگەڵا خواردنەوە و ڕۆیشت. ئینجا ئەوانەی لەوێ بوون سەیری دوکتۆر یان کرد تاوەک باسەکەیان بۆ بگێڕێتەوە. ئەویش ووتی:

ئەو پیاوەی ئێستا دیتان، ناوی مەحمو خانە، ڕێگر و جەردەیەکی کۆنە و لە کوردوستان ئەیناسن. کاتێک لە هەورامان ئەگەڕامەوە، شێخ عەلادین ئەم کابرایەی نارد بۆ ئەوەی بمکوژێ، بەڵام بە بەزەیی یەزدان لای پاشای هەورامانەوە ئاگادار کراینەوە و ڕێگایەکی کەمان گرتەبەر.

مەحمو خان خۆی و بیست و پێنج کەس لە خێزان و خزمی، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە تاران لە ماڵێک نیوە دەست بەسەر بوون. دوکتۆر خزمەتی تەندروستی هەموویانی ئەکرد بێ ئەوەی هیچیان لێ وەرگرێ.

لە مزگێنیدا (ئینجیل) نووسراوە ئەوەی زللەیەکی دا لە رومەتت لاکەی کەشی بۆ راگرە. ئیمامی جومعەی شاری هەمەدان نموونەیەکی کەیە بۆ ئەوەی دوکتۆر لەسەر ئەم ووتەیە ڕۆیشتووە. ئەم کابرایە بەهۆی دەسەڵات و دەست ڕۆیشتنیەوە لە ساڵی ١٩٠٤ز دوکتۆرحەمەسەعی زۆر تووشی ئازار و ناخۆشی کرد، بە جۆرێک وازی لە ئیش و ماڵەکەی هێنا و رایکرد بۆ تاران.

کاتێک دوکتۆرحەمەسەعی دوای حەوت ساڵ گەڕایەوە بۆ شاری هەمەدان، ئیمامی جومعە گەدەی زۆر نەخۆش بوو و بریندار بوو، دوکتۆری بانگ کرد بۆ ئەوەی چاری بکات.

دوکتۆر هەستا بە چارەسەر کردنی هەتا برینەکەی چاک بوەوە. ئیتر لەوکاتەوە هەرجارێک دوکتۆر لە هاوینانا بهاتایە بۆ هەمەدان لە لایەن ئیمامی جومعەوە دەعوەت ئەکرا و سەردانی یەکتریان ئەکرد. دوکتۆر هەر بە تەنها تیماری ئیمامی جومعەی ئەکرد بەڵکو بوو بە دوکتۆری هەموو خێزانەکەی و بە خۆرایی بێ ئەوەی هیچیان لێ وەرگرێت سەیری ئەکردن و چارەسەری ئەکردن. هەتا ئەوکاتەش کە ئیمام نەقڵی تاران بوو پەیوەندی دوکتۆر لەگەڵیا بەهەمان شێوە مایەوە.

کاتێ ئیمام هاتە تاران و ویستی بچێت بۆ لای دوکتورحەمەسەعی، مەلایەکی کەشی لەگەڵدا بوو، لەرێ بە مەلاکە ئەڵێت:

من زۆر شەرمەزاری دوکتۆرم، چونکە کاتی خۆی زۆر تووشی عەزێت و مەراقم کردوە، ئەویش هەتا ئێستا هەر بە ئیحتیرامەوە موعامەلەم لەگەڵ ئەکات، هەرئەوەشنا بەڵکو رۆژێک لە رۆژان لە مردن نەجاتی دام.

هەر ئەم ئیمامە جارێک لە شاری هەمەدان ئەچێتە لای دوکتۆرێکی مەسیحی و باسی سەردانی خۆی بۆ ئەکات کە چووە بۆ لای دوکتۆرحەمەسەعی و ئەڵێت:

زۆر سەیرە بەلامەوە، من بە هەموو نەوعێک خەریک بووم بۆ کوشتنی ئەو کابرایە، کەچی ئەو بە هەموو نەوعێک ئیحتیرامم ئەگرێت و باشە لەگەڵما.

دوكتۆرەكە ئەڵێت:

دوكتۆرحەمەسەعی ئینسانە و كابرایەكی كوردە، بەلام لەگەڵ ئینسانی كـەدا و لەگـەڵ كـوردی كـەدا فـەرقی هەیە، فەرقەكەش عیسا دروستی كردوە و هی قوەتی عیسایە.

راستە.... ئەوەی مەلاحەمەسەعی گۆڕی بۆ ئەم دوكتـۆر حەمەسەعی‌یەی ئێستا، توانا و هێز و ووشەی عـیسـا بوو......

# بەشی دوانزەهەم
## سالانی دوایی

دوکتۆرحەمەسەعی و خێزانەکەی لە هاوینی سالی ۱۹۳۷ز وەک هاوینی سالانی کە، چوون بۆ شاری هەمەدان بۆ پشوودان و دورکەوتنەوە لە ژیانی تاران ئەوەی پڕ بوو لە هاتووچۆ و کارکردن و هیلاکی. دوای نیوەرۆی رۆژێک خێزانەکە بەیەکەوە لە باخچەکەیانا کە لەدەرەوەی شار بوو بەیەکەوە دانیشتبوون، دارە گەورەکانی دەوروپشت ئەو ناوەیان کردبوو بە سێبەر، گوڵی باخەکە هەوای بۆن خۆشی ئەهێنا و خورەی ئاو و زیکەی سەماوەر تێکەلاو بوو بوو، هەموو خەریکی چا خواردنەوە بوون. لە باوەشی دوکتۆرا کچەزا بچوکەکەی دانیشتبوو قسەی بۆ ئەکرد، منالەکە لەپڕ ووتی:

بابە گەورە سەیرکە...... دەستی راکێشا بۆ دەرەوەی باخەکە، دوکتۆر سەیری کرد دوو پیاو بەرەو لایان دێن. دوکتۆر تەنانەت لەکاتی پشوودانیشا نەی ئەتوانی راکات لەو کەسانەی داوای یارمەتیان ئەکرد، لەوەخت و ناوەختا هاوڕیان و خەلکی کە ئەهاتن بۆ لای. کاتێ دوو پیاوەکە نزیک بوونەوە دی یەکێکیان جلی ئەفسەری لەبەردایە، ئەمیش بەخێرهاتنی کردن و داوای چای بۆ کردن. دوای چا خواردنەوە کابرای ئەفسەر ووتی:

مودیری پۆلیس زۆر سەلام ئەکات و نایەوێ ئیزعاجت کات بەلام نەخۆشێکی هەیە و داوائەکات بێیت بۆ لای. ئوتۆمبیلەکەی خۆشی ناردوە بە دواتا.

دوکتۆر: لە کەیەوە نەخۆشە..... پیاوە یان ژنە؟

ئەفسەرەکە: نەخۆشەکە پیاوە و دوو هەفتەیە نەخۆشە.

دوکتۆرحەمەسەعی دەستی دایە جانتاکەی ئەوەی بابەتی پزیشکی تیابوو و خێرا لەگەڵ دوو پیاوەکە ڕۆیشت، بێ ئەوەی بزانێت وا بەرەو بەندیخانە ئەڕوات کاتێ نەبێت کە لە ئوتۆمبیلەکەدا پۆلیسێکی لاوە دائەنێن. ئوتۆمبیلەکە دوور بوو بۆیە کەس لە خێزانەکە ڕاستی مەسەلەکەی نەزانی، تەنها کوڕێکی کاکەی برای نەبێ کە تازە ئەهات بۆ ئەوی و

نزیک بوو لە ئوتۆمبیلەکە و ڕاستی مەسەلەکەی زانی.

دوکتۆر بیری خستە کار تا بگەڕێ بزانێ هۆی ئەم گرتنەی چیە، بەڵام هیچی وای بیر نەکەوتەوە. کابرای ئەفسەریش ماوەیەک خۆی بێدەنگ کرد و پاش ماوەیەک دەستی خستە سەر ئەژنۆی دوکتۆر و ووتی:

لەوانەیە ئەم شتە بە غەڵەتەوە بێت و وانەبێت، ئەوەی لە تۆیان ئەوێ جوابی چەن سوئالێکە و هیچی‌کە.

دوکتۆر: ئەزانیت بۆچی داوا کراوم؟

ئەفسەرەکە: شتەکە ئەوەنە خەتەر نیە، ئەوەی من بزانم مەسەلە مەسەلەی قاقەزێکە ئەوەنە نابێ نووسیوتە.

بەمە دەست بەجی شتەکەی بۆ روون بوەوە. دوکتۆر ماوەی شەش رۆژێک لەمەوبەر نامەیەکی سەرخۆشی نووسیبوو بۆ کچی یەکێک لە سەرۆکە کوردەکان کە لە تاران لە تەمەنی هەشتا ساڵیا کۆچی دوایی کرد بوو. سیاسەتی شاهەنشای ئێران ئەوە بوو، سەرۆکە کوردەکان و گەورەی تیرە و هۆزە کوردەکان لە تاران وەک دیل و دەست بەسەر دابنێت بۆ ئاگاداری کردنیان و نەهێشتنی جموجۆڵیان.

ئەم کابرایەش یەکێک بوو لەوانە، سەربەستییەکی وای درابوویە بتوانێت لە سنوری تارانا تەنها هاتووچۆ بکات و نەئەبوایە تاران بەجێ بهێڵێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئاگادارییەکی تەواوی هەموو هاتوچۆیەکیان ئەکرد و بۆ هەرکوێ برۆیشتایە ئەبوایە بیانزانیایە.

دوکتۆرحەمەسەعی هەڵئەستا بە تیمار کردنی کاتێک نەخۆش بوو، بەمە و بەهۆی قسە کردنێکی زۆرەوە لە سەر بابەتی رۆحی و دەرونی هاورێیەتی و خۆشەویستییەکی زۆر دروست بوو بوو لە نێوانیاندا. دوکتۆر بیری لای شتێک نەبوو لە نامەکەیدا نووسیبێتی و بوبێتە هۆی گرتنی.

کاتێ گەیشتنە ئەوێ، ئەو ئەفسەرەی هەڵئەستا بە پرسیار و وەڵام دانەوەی ئەم باسە، بە کەشوفشێکەوە نامەیەکی دایە دەستی دوکتۆر و پرسیاری ئەوەی لێکرد، ئایا ئەم خەت و نووسینە ئەناسێتەوە؟

دوکتۆر لە وەڵامدا ووتی:

بەڵێ ئەمە خەت و نووسینی منە.

ئینجا کابرای ئەفسەر بە تووڕەییەوە پێی ووت:

کەواتە لەسەرتە بەعزە شتێکمان بۆ روون کەیتەوە...... تۆ بۆچی بۆ کچی ئەو کابرایەت نووسیوە و ئەڵێیت:

(.....لەگەڵ ئەوەشدا کە باوکت لە ژێر چاوەدێری حکومەتا بوو، بەڵام ئەبێت شادمان بیت چونکە مردنەکەی لە ماڵەوە بوو و لە کاتی مردنیا کەسوکار لە دەورو پشتی بوون، نەک وەکو خانی هۆزی کاشغاز و تەیموری وەزیر و ئەوانیکە، ئەوانەی بە دیلی بران و لە بەندیخانەدا مردن........)

کابرای ئەفسەر دوای خوێندنەوەکە، بە جوڵانەوەیەکی شانۆگەریەوە نامەکەی فرێدا و دیسان تووڕە بوو و ووتی:

تۆ کێیت تاکو بڵێیت خانی و تەیمور لە سجنا مردون؟

لێرەدا دوکتۆر بە بێدەنگی مایەوە و نەیویست باسی ئەوە بکات کەوا ئەم دوکتۆری تەیمور بووە و ئاگای لە ژیان و مردنەکەی هەیە ئەوەی جارێ خەڵکی هەموو نەیزانیوە.

ئەفسەرەکە دەستی کردەوە بە قسە کردن و ووتی:

لەوە ئەچێ علاقەیەکی باشت بەمانەوە هەبێت....... بەهەرحاڵ، چۆن زانیت ئەوانە مردون؟ دوکتۆر لە وەڵامدا:

سیاسەت و سیاسیەکان ئەوەنە بە خەیاڵما نایەن، لەش و رۆحیان نەبێت......... ئەگەر شتێکم ووتوە لە نەزانینەوە بە پێچەوانەی ئەوەی روویداوە، ئەوا داوای لێبوردن ئەکەم و خۆم بە قەرزار ئەزانم گەر بێتو بۆم روون بکەیتەوە.

ئەفسەرەکە بە ووشکیەکەوە:

ئینسانی عاقڵ تەنها بە ئیشی خۆیەوە خۆی خەریک ئەکات و هەقی شتی کەی نابێ. ئینجا زەنگی لێدا و پۆلیسێک هاتە ژوورەوە و پێی ووت:

وەرە ئەم کابرایە بەرە ژوورەوە.

ئەو ژوورەی دوکتۆری تێیدا بەند کرا، چەند هەنگاوێک دوور بوو لە ژووری لێپرسراوی پۆلیس خانەکەوە، زەویەکەی خۆڵ بوو، لە سوچێکیەوە لەتە حەسیرێکی تیا راخرابوو، جێگەیەکی خەوتنی شڕ و پیسی لەسەر راخرا بوو. کاتێک دوکتۆر لە پەنجەرەی ژوورەکەوە سەیری دەرەوەی کرد، شوینەواری (ئیبن سینای) لێوە دیار بوو، هەندێ یادگار هاتەوە بیری و زۆر دڵ گران بوو.

دوای ئەوەی بە تەنها مایەوە سەری دانەواند و دەستی کرد بە نوێژکردن، بە هیوای رێ پیشاندان لە لایەنی یەزدانەوە. دوایی لەسەر جێگە رەقەکە پاڵکەوت و بە پاڵتۆکەی کەمێ خۆی داپۆشی. دوکتۆر بەهۆی هاتوچۆی زۆرەوە فێری دان بە خۆدا گرتن بوو بوو، بەڵام ئەوەتا ئێستا تەمەنی گەیشتۆتە

حەفتا و چوار ساڵ و سەرەڕای ئەمەش تەندروستی تەواو نیە، مێشولەی ژوورەکەش نەیان ئەهێشت بخەوێ، بۆیە ئەو شەوە خەوی لێ نەکەوت ماوەیەکی کورت نەبێت.

لە رۆژی داهاتودا پۆلیس رێگەی دوکتۆرتەیفوسی زاوای دا، بێ بۆ لای و پێخەفی پاکی لە ماڵەوە بۆ بێنێت، هەروەها شەوانیش تا درەنگێک لای بمێنێتەوە. پۆلیسەکان بە نەرمی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دوکتۆر ئەکرد و رێی خێزانەکەی و هاورێکانیان دا بێنە سەردان بۆ لای بەڵام بەمەرجێک هەموو جارێک پۆلیسێک لایان بمێنێتەوە، لە دوایدا وازیان لەم بڕیارەش هێنا.

کاتەکە زۆر بە هێواشی ئەڕۆیشت بێ ئەوەی بڕیارێکی تیا بدرێت، رۆژانی بەند کردنەکە زۆر بوون و بوون بە چەند هەفتەیەک، دیاربوو پیاوانی حکومەت لە هەمەدان چاوەڕوانی هەواڵ بوون لە پایتەختەوە. خێزانی دوکتۆر و هاورێکانی لەم ماوەیەدا هەموو دۆعا و نوێژیان ئەکرد بۆ ئازاد کردن و گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە.

هەواڵی بەند کردنی دوکتۆر بەهۆی ناویەوە و خۆشەویستیەوە لە دڵی زۆر کەسا خێرا بە هەموو لایەکی ئێراندا بڵاو بوەوە و نامەیەکی زۆری بۆ هات تێیدا دڵ تەنگی خۆیان دەرئەبڕی بۆی.

ئەوەی جێی سەرنج بوو ئەو پشتگیریە بوو، کە خەڵکی کوردوستان دەریان بڕی بۆی و هەروەها ئەو کوردانەی هەولیاندا ئازاری پێ بگەیێن.

خەڵکی ئەمەیان بۆ دوکتۆر کرد، هەرچەندە باش ئەیانزانی نرخی بەزەیی و پشتگیری کردنی یەکێک لە لایەن حکومەتەوە تاوان بار کرابێ، چەندە و چییە. ئەوان دەریان خست بۆ دوکتۆر و بۆ هەموو کەس کەوا لەو کاتە ناخۆشەدا لەگەڵیدان و لەگەڵیدا راوەستن. هەندێ لە گەورە پیاوانی کوردوستان هەروەها گەورە پیاوانی دینی لەوانەی دەسەڵات و نفوسیان هەبوو نامەیان بۆ دوکتۆر نووسی، گرنگ ترین شت لە نامەکاندا ئەو رستانە بوون کە نزیکە لەم شێوەیەوە:

(....بەردەوام دۆعایەکی زۆرت بۆ ئەکەین، لەو باوەڕەداین ئەو یەزدانەی تۆ بە رۆح و بە راستی ئەیپەرستیت، زوو رزگار و ئازادت ئەکات........)

دوکتۆر لە دواییدا لە نووسینەکانیا ئەنووسێت:

(......بیر لەوەبکەرەوە، هەندێک لەمانە چەند ساڵ خەریکی ئەوە بوون ئازارم بەن و لە ناوم بەرن، کەچی ئەوەتا دۆعا بۆ سەلامەتیم ئەکەن..........)

دوکتۆر دوای دوو مانگ و نیو بە دیلی رەوانەی تاران کرا، زۆر لە هاورێکانی هەوڵیان ئەدا بۆ بەرەڵا کردنی. سامۆئیلی کوڕی بەهۆی ئیشی ئەندازیاری و خانوو دروست کردنەوە هەندێ کەسی دەست رۆیشتووی ئەناسی بۆیە توانی خۆی بگەیەنێتە لای گەورە پیاوانی حکومەت بەڵام نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک. ئینجا خۆی گەیاندە لای سەرەک وەزیران، ئەمیش بۆی دەرخست کەوا خۆی زۆر بە قەرزاری باوکی ئەزانێت، چونکە باوکی هەستابوو بە چاک

بەڵام بەمەرجێ کەسێکی ناسراو و زۆر دەوڵەمەند بێتو بیێتە کەفیلی ئەوەی هەرکاتێک حکومەت داوای کرد دوکتۆر ئەبێ دوای چوار کاژێرێک لە لای پۆلیس ئامادە بێ. گەر ئەمە نەبێت ئەوا کەفیلەکە زیندانی ئەکرێت و چی سەروەت و سامانی هەیە دەستی بەسەرا ئەگیرێت، ئەمەش ئەکرێت تا ئەم دوکتۆرە ناپاکە خائنە جارێکی کە گیروگرفتی ئاوها دروست نەکات.

کاتێکی زۆر شاد و خۆش بوو کاتێ دوکتۆر هاتەوە ماڵەوە بۆ لای خێزانەکەی و کەس و کاری، هاوڕیانیشی کاتێ ئەمەیان بیست زۆر پێخۆشحاڵ بوون. دوکتۆر ماوەی نەوەد و نۆ رۆژ لە بەندیخانەدا بوو، خۆی بە باشترین کاتی دائەنێ کەوا تیایا ئیسراحەتی کردوە ئیسراحەتێک نزیکەی پەنجا ساڵێک ئەبێ نەیبینیبوو.

پاش ماوەیەک نامەی سوپاسی بۆ سەرەک وەزیر و هەموو ئەوانە نووسی لەوانەی بایەخیان دابوو بە مەسەلەکەی. دواییش کاتێ وەڵامی نامەکانی هاتەوە، نامەکان پڕی بوو لە ڕێز و خۆشەویستی بۆی.

سەرەک وەزیر نامەکەی بەم رستەیە دەست پێکردبوو: (دوکتۆری بەڕێز و خۆشەویستم.................)

نامەی پیرۆز بایی و پێخۆشحاڵی دەربڕینی لە هەموو ناوچەکانی ئێران و دەرەوەی ئێران بەدەست گەیشت، لە ناو

ئەم نامانەدا نامەش لە کوردوستانەوە هاتبوو بۆی.

لە ساڵی ۱۹۳۸ز دوکتۆر لەگەڵ خێزانەکەی گواستیانەوە بۆ ئەو خانووەی سامۆیلی کوڕی بۆی دوروست کردبوون. ئەو نووسینەی ماوەی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ بە ماڵەکەیەوە بوو و ناوی خۆی و عیادەکەی لەسەر بوو لەم ماڵە تازەیەدا نەئەبینرا. لەوەی ئەکرد ئەو هیوایەی هەیەتی بۆ وەرگرتنی کات بۆ نووسینی هەندێ بابەت بێتە دی.

بەڵام نە گواستنەوە نە لابردنی ئەو پارچە نووسینە نە بە ساڵا چوونیا، نەی توانی رێگەی نەخۆش بگرێت بۆ دۆزینەوەی. خەڵکی هەموو شتێکی بەکار ئەهێنا بۆ دۆزینەوەی، ئەمیش دەرگای ماڵەکەی کراوە بوو بۆ خەڵکی. لە نووسینێکیا ئەڵێ:

خەڵکەکە دێن بە تکا و رجاوە، هەندێکیان لە شوێنی دورەوە، نەخۆش و پەککەوتە. من ناتوانم یارمەتیان نەدەم.

دوکتۆر سەرەڕای ئەمەش کاتی ئەدۆزیەوە بۆ خوێندن و نووسینی خۆی و دەستی بە کار کرد وەک شارەزایەک و زانایەک. ئەو دەستخەتانەی لەو ماوەیەدا نووسیەوە، جوانییەکی تایبەتی تیابوو هەروەها تیایا هەست بەوە نەئەکرا کەوا ئەم نووسەرە چووبێ بە ساڵا، بەڵام وورەی نووسینی لەگەڵ زیاد بوونی تەمەنیا کەم ئەبوو.

سامۆیلی کوڕی ئەندازیارێکی زۆر زیرەک بوو، خانووەکەی زۆر بە جوانی و رێک و پێکی بۆ باوک و دایکی دوروست

کردبوو. سامۆیل باوک و دایکی زۆر خۆش ئەویست، هەروەها ئەوانیش لە سامۆیل زۆر رازی بوون. ماڵەکە دوو قات بوو، ژێرخانیشی هەبوو. نەخشەی ژوورەکان وا کرابوو لە زستانا رۆژی تێ بکەوێ و لە هاوینیشا شەماڵ بیگرێتەوە.

دوکتۆر ژوورێکی تایبەتی خۆی هەبوو کردبوویە نووسینگە هەروەها ژوورێک بۆ سەیرکردنی نەخۆش. ژووری خەوتنەکەیان لە بەیانیەوە تا ئێوارە رۆژی تێئەکەوت، بەلای سەریەوە لە تەنیشتی شوێنی خەوتنەکەیەوە گلۆپێکی هەبوو ئەم گلۆپە زۆر شەو رزگاری ئەکرد کاتێ خەوی لێبزڕایە.

دوای ساڵێک پشوودان، رەفیقەی خێزانی نەخۆش کەوت و زۆر جار لە جێگەدا بوو. دوای ئەوەی هیوای چاک بوونەوەی کەم بوەوە، رەفیقە وەک دایک یەک هیوای هەبوو ئەویش بینینی سامۆیلی کوڕی بوو لەگەڵ منداڵەکانیا و ژنەکەی کە لەو کاتەدا چوو بوون بۆ ئەمریکا، هەروەها بەگەرمیەوە گوێی لە هەواڵی جەنگ ئەگرت، جەنگی جیهانی دووەم ئەوەی تازە خەریک بوو دەستی پێ ئەکرد.

لەم کاتەدا دوکتۆر کەوا رەفیقە ماوەی پەنجا ساڵە شەریکی ژیانێتی و نموونەی خۆشەویستی بوو بۆی، رۆژێک دوای ئەوە کاتێ بە تەواوی بۆی دەرکەوت وا خەریکە کۆچ ئەکات لای، دڵی زۆر ئازاری دا.

لە ١٨ی مانگی سەرماوەرزی ساڵی ١٩٣٩ز رەفیقە بە ئامادە بوونی دوکتۆر و منداڵەکانی و منداڵی منداڵەکانی ئەم

جیهانەی بەجێهێشت و لە کڵێسەی تاران بە خاکیان سپارد، سەدان کەس لە هەموو جۆرێکی کۆمەڵ و ئاینەکان ئامادەی بە خاک سپاردنەکەی بوون.

سارا دوای مردنی دایکی لە تاران مایەوە بۆ ئەوەی خزمەتی باوکی بکات، دوای چەند مانگێک ئیتر ئەبوایە بگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی لە هەمەدان، باوکی بەجێهێشت بەڵام کچە گەورەکەی کە ناوی نەکتار بوو داینا لەوێ بۆ بەردەستی و یارمەتی بابە گەورەی. نەکتار دوو منالی بچوکی هەبوو روناکی و خۆشیان خستبووە ماڵەکەوە.

هێشتا چوار مانگی تەواو بەسەر مردنی رەفیقەی ژنیا تێنەپەری بوو، هەواڵی کۆچکردنی

کاکەی برای پێگەیشت، هەروەها هەواڵی جەنگی جیهانی دووهەم وورده وورده سێبەری شومی خۆی هێنا بەسەر زەویدا.

سامۆیل بیری لەوەئەکردەوە لەگەڵ خێزان و منالەکانیا بڕوات بۆ ئەمریکا، دوکتۆر هەستی بە شتێکی ناخۆش ئەکرد کەوا خۆشەویستەکانی یەکە یەکە لای ئەڕۆن. گوێچکەکانی قورس بوو بوون و زۆر گیروگرفتی هەبوو لە بیستنی قسەدا، نەیئەتوانی زۆر بە جوانی و باشی تێبگات لە قسە نەستەق و خۆش و خێرا خێرا کانی دوو منالەکەی نەکتاری کچە زای.

شەوان، لەناو جێگەدا بیری خۆی ئەبرد بۆ ئاسمان و داوای

لەیەزدان ئەکرد گەر کاتی ئەوەی هاتووە، با بیبات بۆ لای خۆی. لە سالانی ژیانیا و لە خۆشەویستی یەزدانا فێری رازی بوون و قەناعەت بوو بوو، تا هێزی لەشی کەم ببوایە، هێزی دەرون و رۆحی زیاتر ئەبوو.

کاتێ جەنگی جیهانی دووەم رووی جیهانی گرتەوە، دوکتۆر زیاتر ئەو ووشەیەی ئینجیلی بۆ دەرئەکەوت کە ئەڵێ:

ئاشتی یەزدان بەرزترە لە هەموو ئاشتیەک و بیرکردنەوەیەک.

دوکتۆرحەمەسەعی لە کۆتایی ژیانیا هیچ ترس و دوو دڵییەکی نەبوو، روناکی ئاسمان لەبەر چاویا ئەدرەوشایەوە و هەرگیز خۆی بۆ ژیانی سەرزەوی دانەنا بوو.

رۆژی یەکەمی مانگی پوشپەڕی ساڵی ١٩٤٢ دوکتۆر تەمەنی بوو بە حەفتا و نۆ ساڵ ساموێلی کوری و سارای کچی و هەر چوار منالەکەی و دوو منالەکەی نەکتاری کچی یەکیان گرت و ئاهەنگی یادی لەدایک بوونی باوکیان گێڕا. سەرەڕای کۆبونەوەیان بۆ ئەم یاد کردنەوەیە، شتێکی کەش هەبوو ئەویش مالاوایی کردن بوو لە ساموێل چونکە دوای سێ رۆژی کە ئەبوایە سەفەری بکردایە بۆ لای خێزانەکەی بۆ ئەمریکا. دوکتۆریش بڕیاریدا

لە هەمان رۆژدا کە ساموێلی کوڕی سەفەری کرد، ئەمێش بڕوات بۆ هەمەدان و ماوەیەک لەوێبێ. دوای سێ رۆژ دوا پارچەی ناوماڵ و جانتا و شتی سەفەری ساموێل کۆکرایەوە

و ئەبوایە بکەوتایە ڕێ بەرەو کەنداوی فارسی تا خۆی و ناو ماڵەکەی بگەن بەو کەشتیەی سەفەری پێئەکات بۆ ئەمریکا. دوکتۆر زۆر دڵ گران بوو و بیری لای سامۆیلی کوڕی بوو کەوا چۆن لە کاتی ئەم جەنگ و ناخۆشیەدا ئەبێت سەفەر بکات، بە سامۆیلی ووت:

بەهەر حاڵ، دڵم بەوە خۆشە چونکە ئەچیت بۆ لای ماڵەکانت، بە نارەحەتی ئەمێنمەوە تا هەواڵی گەیشتننت پێم ئەگات. هەر کە گەیشتیت خێرا بروسکەم بۆ بکە.

کاتی ڕۆیشتنی سامۆیل هەندێ لە ناسیاو و هاوڕیان ئامادە بوون، لەبەر دەرگاش هەندێ هەژار لەوانەی لە کاتی وادا دێنە پێشەوە بۆ ئەوەی شتێکیان بدرێتێ وەک خێرێک بۆ سەلامەتی ئەو کەسانەی ئەچن بۆ ئەو سەفەرە. ئەو ئۆتۆمبێلەی سامۆیلی ئەبرد بۆ ئێزگەی شەمەندەفەر، هەمان ئۆتۆمبێل ئەهاتەوە تاکو باوکی ببات بۆ شاری هەمەدان. دوای ئەوەی سامۆیل خوا حافیزی و ماڵاوایی لە هەمووان کرد ئینجا ڕووی کردە باوکی و دوا خوا حافیزی لێکرد. لە دواییا باوکی هەر وەک هەموو خوا حافیز لێکردنەکانی کە، پەنجە توتەی دەستی ڕاستی خۆی بەرز کردەوە و سامۆیلیش پەنجە توتەی خۆی تێوە ئاڵاند بە خۆشەویستیەوە پەنجەی باوکی کەمێک بادا و دوایی سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو و ئەوێی بەجێهێشت.

دوکتۆرحەمەسەعی لە هەمەدان خۆی خەریک کرد بە ئیشی گوڵ و باخچەکەیەوە لەگەڵ ئیشی دەرس و نووسینەکانیەوە کە هەر تەواو نەئەبوون و ئەمیش لێیان بێ تاقەت نەئەبوو،

زۆری کاتەکەی لەماڵەوە بەو کارانەوە بەسەر ئەبرد و کەم ئەڕۆیشت بۆ ناو شار. هەندێ لە هاوڕیانی جار جار ئەهاتن بۆ ماڵەوە بۆ لای و سەریان لێ ئەدا. ڕۆحی لە خۆبوردن و خۆ بەختکردنی وای لێ ئەکرد گشت کات خەریک بێت بە کارەوە و دڵشاد بێ بەوەی ئەیکات.

هەندێ جار ئێواران ئەیپرسی و ئەیوت:

چی‌یە هەواڵی ساموێل نی‌یە، تۆبڵێیت ئێستا لەکوێبێ؟

ماوەی چل ڕۆژێک بەم شێوەیە ڕۆیشت، ڕۆژێک لە کاتێکا دوکتۆر خەریکی نووسینەوەکانی بوو، بروسکەیەکی بە دەست گەیشت کاتێ خوێندیەوە هەواڵی ساموێلی کوڕی تیابوو، دەموچاوی گەشایەوە و هاواری کرد:

ئەمە بروسکەی ساموێلە....... ئەڵێ بە سەلامەتی گەیشتومەتە لای منالەکانم........ پاش ئەوەی ئەم هەواڵە خۆشەی دا بە کچەکەی و کچە زاکانی، ووتی:

ئێستا دڵم بە تەواوی ئیسراحەتی کرد.......

دوای نزیکەی دوو هەفتەیەک، ڕۆژێک دەمەو ئێوارە لەسەر نان خواردن وا دەرکەوت دوکتۆر تەندروستی تەواو نەبێ، بۆیە سارای کچی لێی پرسی:

چیە بابە، لەوەئەچێ ئازارت هەبێت؟

دوکتۆر: شتێکی وا نیە، ئەم شەو خراپ خەوتووم. ئینجا پەرتووک و قاقەز و پێنووسەکەی خۆی هەڵگرت و چوو خەریکی خوێندنەوە و نووسینەکانی بێ. بەیانی کاتێ لە خەو هەستا، چوو بۆ پیاسەی بەیانیانی وەک هەموو رۆژێک بەڵام پاش نیو کاژێر بە ئازارێکی زۆرەوە هاتەوە بۆماڵەوە. کچەزاکەی بانگکرد و پێی ووت:

خێرا برۆ بۆ خەستەخانە ئەمریکیەکەی شار بابەتی گواستنەوەم بۆ بێنن و ببەن بۆ ئەوێ

کچە زاکەی تا توانی رایکرد و خۆی گەیاندە خەستەخانەکە کە ماوەی کیلۆمەتر و نیوێک لە ماڵەوە دوور بوو، کاتێک گەیشتە ئەوێ دوکتۆری خەستەخانەکە دوکتۆر باکارد لەوێ نەبوو، چوو بوو بۆ خەستەخانەیەکیکە ئەویش زیاتر لە کیلۆمەتر و نیوێکیکە دوور بوو لەم خەستەخانەیەوە هەرچۆنێ بێت خۆی گەیاندە ئەوێ. دوکتۆر باکارد خێرا گەڕایەوە بۆ خەستەخانەکەی خۆی بۆ ئامادە کردنی بابەتی نەشتەرکاریەکەی گەر پێویستی کرد، هەروەها ویستی ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بنێرێ بۆ ئەوەی خێرا دوکتۆرحەمەسەعی بێنن بۆ

خەستەخانە بۆ لای، بەڵام کچەزاکەی زانی کە ئازاری بابەگەورەی زۆرە و بەرگەی سەرکەوتن و دابەزین و هەڵبەز و دابەزی ئۆتۆمبێل ناگرێ، بۆیە بە ئۆتۆمبێل بابەتی هەڵگرتنیان بۆ برد و لەوێشەوە دوو ئیشکەری خۆیان هەڵیان گرت تا بیگەیێننە خەستەخانە. کات دووی پاش نیوەڕۆ بوو کاتێ گەیشتنە ئەوێ، توانا و هێزی دوکتۆر

ووردە ووردە کەم ئەبوو، خێرا دەرزیەکی ئازاریان بۆ کرد تا ئازارەکەی کەم بکەنەوە بەڵام لەوە ئەچوو هەستان بە نەشتەرکاری کردنی، ئەوەندە سەرکەوتوو نەبێ لەبەر زۆری تەمەنی، بەهەرحاڵ لە دوایدا بڕیاری نەشتەرکاریان دا.

کاتێک دوکتۆر باکارد خەریک بوو دەست بکات بە نەشتەرکاریەکە، دوکتۆر تایفزیش گەیشت و ویستی بێتە ژووری نەشتەرکاریەکە و خەزوری ببینێت بەڵام دوکتۆر باکارد هاتەدەرەوە و پێی ووت دڵی لە لێدان کەوتووە.

کاژێری پێنجی دوای نیوەڕۆ، رۆژی ٣٠ خەرمانان، ساڵی ١٩٤٢ز دوکتۆرحەمەسەعی لە تەمەنی حەفتا و نۆ ساڵیدا ژیانی سەر زەوی تەواو بوو.........

بۆ رۆژی دوایی سەر لە بەیانی، تەرمەکەی برایە کڵیسەی شار و لەوێ لە ژێر دار گوێزێکی گەورەدا لە لای گۆڕی هۆکاز و ژنەکەیەوە بە خاکیان سپارد، ئەم دووانەش یەکەم قوتابی خۆی بوون لەو موبەشیرانەی لای دوکتۆرحەمەسەعی فێری زمانی فارسی بوون و هاوڕێیەتییەکی بەهێزیان هەبوو بەیەکەوە. ئەم سێ کەسە نیشانە و بڕوانامە بوون بۆ ووشەی یەزدان، بە باوەڕیان بۆیان هاتە دی ووتەی ئەم هۆنراوەیە ئەوەی دوکتۆرحەمەسەعی زۆر بە دڵی بوو:

لە رووناکی بەرزو مەزنتا،

ئەبینم رووی پیرۆزت بۆ یەکەم جار.

ئەو ڕووناکیەش هەتا هەتایە،

ماڵ و جێگەمە و شوێنەوار.

ئەو ڕۆژە خەڵکێکی یەجگار زۆر هاتبوون بۆ کڵێسە، لە هەموو نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکانەوە. کڵیسەکە ناوەوە و باخەکەی و گۆڕستانەکەی پڕ بوو لە خەڵک. قەشە هـ.ک. جۆرن کە خۆی لە شاری ئەسفەهان بوو و بە سەردان هاتبوو بۆ هەمەدان، لەگەڵ هەندێ لە هاوڕیانی دوکتۆرحەمەسەعی کە تایبەتی بەو بۆنەیەوە هاتبوون، هەستان بە بەڕێوە بردنی مەراسیمی ناشتنەکە. ئامادەبووان لە کاتی ناشتنەکەیدا بەیەکەوە ئەم هۆنراوەیەی خوارەوەی دوکتۆریان بە دەنگ و ئاوازەوە ووت، ئەوەی دوکتۆر خۆی نووسیبوی و حەزی بە ووتنەوەی ئەکرد. ووشەکان و ڕستەکانی بڕوا نامەن بۆ باوەڕی دوکتۆر و مەزنی و پیرۆزی

## عیسا.

عیسا ژیانم، عیسا روناکیم،
عیسا مامۆستای شەوی تاریکیم.
هەر ئەو کاهینە، شەفیع و مەسیح،
مەسیح گەورەمە و کلیلی راستیم.
عیسا پێغەمبەر، قەشەیە و پاشام،
ڕێگەکەی ئەگرم بەهێز و توانام.
لە بەرزی ئاسمان، ئەوە گەنجینەم،
دڵ دەرەوەمە، کاتی تەنگانەم.
عیسا ئاشتیمە، نانە و خواردنم،
خۆشی دەرونمە، هەتا ئەمێنم.
لە نەبوونیما، زۆری بۆ کردم،
لە کۆتی گوناە رزگاری کردم.

خوێنەری بەرێز: ئەمە بوو باسی ژیانی پزیشکێکی کورد لە نووسینی جای م. رەسوڵی و کادی هـ. ئیلین




گۆڕی دوکتۆر سەعی لە هەمەدان

**بەرێزان** - ئەگەر خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە کاری تێ کردوون و ئەتانەوێ زیاتر شارەزایتان هەبێ، دەربارەی ئەو هێز و باوەڕەی کە بناغەی ژیانی دوکتۆر سەعی بوو، ئەوا ئەتوانن لەم بوارانەی خوارەوەدا خۆراکی رۆحی وەرگرن.

١ لە ئەوروپا هەفتەی جارێک ئەتوانن گوێ لە بەرنامەکانمان بگرن بە زمانی کوردی شێوەی سۆرانی، شەوانی پێنج شەممان کاژێری بیست و یەک و پانزە دەقیقە بە کاتی ئەوروپای ناوەراست، لەسەر شەپۆلی مام ناوەندی ١٣٩٥ کیلۆهێرتس. جا بەم ناونیشانەی خوارەوە دەربارەی بەرنامەکانمان ئەتوانن پەیوندیمان پێوە بکەن:

Mizgini - Kurdisch Sorani
Postfach 1125
35441 Biebertal
Germany

هەروەها لە کوردوستانی عێراق و ئێران ئەتوانن گوی لە بەرنامەکانمان بگرن، لە ئێسگەی Trans World Radio (TWR) وە گەر لەوێ ئەتانەوێ پەیوەندیمان پێوە بکەن ئەتوانن بەم ناونیشانەی خوارەوە **نامەمان بۆ بنێرن:**

**کوردوستان - شاری هەولێر - سنوقی بەریدی ژمارە ٤٣٦.**

**٢ یان بەهۆی ئینتەنەتەوە ئەتوانن گوێ لە بەرنامەکانمان** بگرن بەم ناونیشانەی خوارەوە http://www.erf.de

**٣ یاخود گەر ئەتانەوێ بەزمانی کوردی شێوەی سۆرانی داوای ئەم شتانەی خوارەوە بکەن - ١ ئینجیل ٢ سالنامە**

٣ ناميلکە،

٤ کاسێتی ڤدیۆ لەسەر ژیانی عیسا ٥ کاسێتی ستایشی یەزدان ٦ پەرتووک. ئەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

Orientdienst e.V.
Postfach 4546
D- 65035 Wiesbaden
Germany




ئەم پەرتووکە دەربارەی چیرۆکێکی راستەقینەی دوکتۆرێکی کوردە . لەلایەن گەلەکەیەوە بە مەلا و مامۆستا ناسراوە ، دەرکردنی لە ماڵەکەی لە شەوێکی زستانا و هەڵهاتنی لە شارەکەی ، چەوساندنەوەی بە هۆی باوەڕییەوە ، رازی نەبوونی بە دوکتۆری شاه ، تاوەك بتوانێ خزمەتی هەموو چینەکانی گەل بکات ، کارکردنی وەك پزیشکێك و مزگێنی دەرێك بۆ گەلی ئێران ، بۆ شاه و جوتیار، بۆ شازادە و کرێکار ، وە ژیانی بەپێی ووشەی یەزدان ،هەڵسوکەوتی وەك هاورێیەك لەگەڵ دوژمنەکانیا . ئەمانە هەمووی بە هۆی رێگەی راستی

ژیانییەوە بوو ، بۆیە دوای سی ساڵ کاتێ گەڕایەوە بۆ شارەکەی وەك پاشایەك پێشوازی لێ کرا . هەرچەندە دانیشتوانی شارەکەی چەند جارێك هەوڵی کوشتنیان دابوو . تەنانەت ئەو مرۆڤانەی کە جاران دوژمنی بوون هەوڵیان دا ژیانی بپارێزن بەهۆی راستی رێڕەوی ژیانییەوە .

بە تێکرای ئەمانە هەمووی وامان لێ ئەکات رامان بکێشێ بۆ خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە زیاتر لە داستانێکی سەرسوڕهێنەر . هەرچەندە چیرۆکێکی راستەقینەشە، چونکە بریتەیە لە بەسەرهاتی سەرکەوتنی باوەڕ بەسەر تاڵاوی چەوساندنەوەدا وە تا ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەراست بەسەرهاتی وا سەرسوڕهێنەری نەبیستووە .